# خەونە یاخییەکان

## کەشکۆڵی یەکەم

کۆمەڵە بابەتێکی هونەری و ئەدەبی وەرگێڕدراو

هەژێن

چاپی یەکەم، جێنیوەری ٢٠١٤

# خەونە یاخییەکان

## کەشکۆڵی یەکەم

کۆمەڵە بابەتێکی هونەریی و ئەدەبیی وەرگێڕدراو

**هەژێن**

چاپی یەکەم، جێنیوەری ٢٠١٤

| | |
|---|---|
| **Anton Chekhov** | ئانتۆن چێخۆڤ |
| Çêxov û Şano | چێخۆڤ و شانۆ |
| Namekan | نامەکان |
| Bertold Brecht | بێرتۆڵد برێشت |

بنووسن، کە من سەرودڵگیر بووم و بەنیازم پاش مردنیش هەروا بمێنمەوە

bnûsin, ke min serudlligîr bûm û benyazm paş mirdnîş herwa bmênmewe

| | |
|---|---|
| Bêrtolld Brêşt | بێرتۆڵد برێشت |
| Dîmane letek Regine Lutiz | دیمانە لەتەك ڕێگینە لوتس |
| Dîmane letek Ekkehard Schall | دیمانە لەتەك ئێکەهارد شاڵ |
| Bêrtolld Brêşt wek Derhêner | بێرتۆڵد برێشت وەك 'دەرهێنەر' |
| Brêşt û Stalîn | برێشت و ستالین |
| Dawerîy | داوەریی |
| Jim Alen | جیم ئالن |
| Nan û gull | نان و گوڵ |
| Alexander Bogdanov | ئەلیکساندەر بۆگدانۆڤ |
| Mezheb, Huner û Markisîzm | مەزهەب، هونەر و مارکسیزم |
| Terry Eagleton | تێری ئیگلتۆن |
| Edebîat û Aaydyolojîa | ئەدەبیات و ئایدیۆلۆژیا |
| Jyanname û Yadawerîy | ژیاننامە و یاداوەریی |
| Larissa Reisner | لاریسا ڕایزنەر |
| Ignazio Silone | ئیگنازیۆ سیلۆنە |

## Dîmane | دیمانە


| | |
|---|---|
| Klaus Bergmayr | کلاوس بێرگمایەر |
| Klaus der Geiger | کلاوس دێر گایگەر |


## Honrawe, Hellbest, Pexşan | هۆنراوە، هەڵبەست، پەخشان


| | |
|---|---|
| Tzar | تــزار |
| Srûdî Hawpiştî | سروودی هاوپشتی |
| Nazm bo mirdît | نازم بۆ مردی؟ |
| Nurcehan | ? نورجەهان |
| Mallawa Cwanê | ماڵئاوا جوانێ |
| Hestanewe | هەستانەوە |
| Bihêne pêşçaw | بهێنە پێشچاو |
| her derrom | من هەر دەڕۆم |
| Rêjenabestim | چیدی ڕێژەنابەستم |
| Srûdî Ceng | سروودی جەنگ |
| Dllopey Hoş | دڵۆپەی هۆش |
| min Xizmî her Mrovêkim | من خزمی هەر مرۆڤێکم |
| Rabûn | ڕابوون |
| Azadî | ئازادی |
| Vanzetti û  Sacco | هەڵبەستی "ساکۆ و ڤانزێتی |
| Hîç ledestnadeyn | هیچ لەدەستنادەین |

من وەك فێرکار(مامۆستا)ێك دەمێنمەوە و تۆش زیندانەوانێك

min wek Fêrkarêk demênmewe û toş wek Zîndanewan

## ئازادیخواز، یاخییە تا کاتێك کە بوونی هەیە، بوونی هەیە تا کاتیك کە یاخییە

بەپێچەوانەی تێگەییشتنی دەستەمۆگەرانەی سەروەرییەوە، "یاخیبوون" نیشانەی ئازادبوونی هۆش و دەروونی تاك و تێکۆشانییەتی بۆ ڕزگاربوون لە ژێردەستەیی سەروەری کەسانی دیکە . هەرچەندە "یاخیبوون" لە سایەی زاڵیی و جێکەوتەبوونی بیرکردنەوە و تێڕوانینی سەروەراندا، واتایەکی نیگەتیڤی پێبەخشراوە، بەڵام لە هەموو سەردەمەکاندا یا ئازادیخوازان بوونیان نەبووە یا ناچاربوون، لەوەی هەیە و سەروەرە یاخیبن و بانگەواز بۆ کۆمەڵگەیەکی ئازاد بکەن، دژی هەموو جۆرە ستەمەکان خەباتبکەن و هەوڵی تێشکاندنی کۆت و بەندەکان بدەن.

خوێنەری هێژا، ئەم کۆمەڵە بابەتەی بەردەستت، بریتییە لە وەرگێڕانی کۆمەڵە بابەتێکی جۆرا و جۆر، کە لە ماوەی پازدە ساڵی ڕابوردوودا، بەهیوای پڕکردنەوەی کەلێنێك لە پەرتووکخانەی کوردیدا، بۆ سەر زمانی کوردی وەرمگێڕاون. بۆ ئەم مەبەستە سوپاسگوزار و چاوەڕێی سەرنج و ڕاستکردنەوە و ڕەخنەی ئێوەی دڵسۆز و خۆشەویست دەکەم.

## Azadîxwaz, yaxîye ta katêk ke bûnî heye, bûnî heye ta katîk ke yaxîye

Bepêçewaney têgeyîştinî destemogeraney serwerîyewe, “yaxîbûn" nîşaney azadbûnî hoş û derûnî tak û têkoşanîyetî bo rizgarbûn le jêrdesteyî serwerî kesanî dîke . Herçende "yaxîbûn" le sayey zallîy û cêkewtebûnî bîrkirdnewe û têrrwanînî serweranda, watayekî nîgetîvî pêbexişrawe, bellam le hemû serdemekanda ya azadîxwazan bûnyan nebuwe ya naçarbûn, lewey heye û serwere yaxîbbin û bangewaz bo komellgeyekî azad bken, djî hemû core stemekan xebatbken û hewllî têşkandinî kot û bendekan bden.

Xwênerî hêja, em komelle babetey berdestit, brîtîye le wergêrranî komelle babetêkî cora û cor, ke le mawey pazde sallî raburdûda, behîway pirrkirdnewey kelênêk le pertûkxaney kurdîda, bo ser zmanî kurdî wermigêrawn. Bo em mebeste supasguzar û çawerrêy sernic û rastkirdnewe û rexney êwey dillsoz û xoşewîst dekem.




Anton Pavlovich Chekhov

ئانتۆن پاڤلۆڤیچ چێخۆڤ

# چێخۆڤ و شانۆ

نێمیرۆڤیچ دانچێنکۆ *

کاتێك 'چێخۆڤ'م ناسی، هەردووکمان تێکەڵی ژیانێکی کۆمەڵایەتی بووبووین؛ ئەو لە ئەدەبیات و نووسیندا، منیش لە بواری شانۆدا. هەردووکمان سەروکارمان بە جۆرە هونەرێکەوە هەبوو، کە پێکەوە گرێیدەداین. ئەوەی کە لە یەکی نزیکدەکردینەوە، دژوارییەك بوو، کە لە بارودۆخی ڕسوایی شانۆی ئەو کاتدا، لەتەکیدا ڕووبەڕووبووین ... دژوارییەك کە لەلای هەردوومان هەبوو، ناچاریدەکردین کە بەدوای ڕێگەچارەدا بگەڕێین. تا لە ئەنجامدا ئەم هەوڵ و لەدووی چارەسەرگەڕانە ' شانۆی هونەری مۆسکۆ 'ی وەك دەیانگوت شانۆی چێخۆڤ'ی لێ بەدیهات.

لەنێوان کەسایەتییە داستانییەکانی چێخۆڤ و پاڵەوانانی نووسەرانی دیکەی ئەو کاتدا، جیاوازییەکی بەرچاو و لەڕادەبەدەر هەبوو. ئەوەی شانۆنووسانی دیکە بۆ پاڵەوانەکانیان بەپێویستیان دەزانی و بەو جۆرە دەیانخستنەڕوو، بەهیچ شێوەیەك لە بەرهەمەکانی چێخۆڤ'دا بەرچاونەدەکەوتن. پاڵەوانانی چێخۆڤ کەسانی سادە و ئاسایی بوون و لە بارەی شتە ڕۆتینییەکانی ژیانی ڕۆژانەوە دەدوان. ژینگەیان وەك خۆیان سادە و بێ زەرق و بریق بوو. هیچ یەك لە کەسایەتییە داستانییەکانی ئەو لە شێوەی پاڵەوانێکی سەرکەوتوو و بەتواناتر لە کەسانی ئاسایی دەرنەدەکەوت، هەروەها لەلایەکی دیکەوە بیریان لە خەون و خەیاڵی بەرزەفڕانە نەدەکردەوە. بەپێچەوانەوە کەسانی ڕووتوڕەجاڵ بوون، کە نووسەر هەوڵیدابوو تەنانەت ڕەوشتە خراپەکانیان نیشانبدات؛ خۆپەرستییان ئاوەها کۆمیدییانە نیشاندرابوو، کە مرۆڤ لە هەندێك ڕووەوە نائاگا لەخۆوە لە بەرامبەریان هەستی بە سۆزداری دەکرد. بەم شێوازە چێخۆڤ پێشنیاری ژیانێکی باشتری دادەڕێژا.

بێجگە لەمە شتگەلی دیمەنەنەکان لە بەرهەمەکانی چێخۆڤ'دا هەروەك کەسایەتییەکانی بێئارایش و سادەبوون؛ 'شەوی مانگەشەو' ، ' باخی ژاکاو و لاکەوتە' ، ' بێدەنگی' ، ' دەنگی ویلنی لە دوور'، ' شیوەنی کووندەپەپوو لە شەودا ' و...تد. ئەوەی پێویستە بگوترێت، ئەوەیە کە هیچکام لەمانە بڕیار لەسەردراو و لەبەرچاوگیراو نیین، تا ئەو ڕادەی من ئاگاداربم، چێخۆڤ بەهیچ شێوەیەك ئاگای لەم جوانییانە نەبوو، کە چۆن لەوانەیە دڵپەسەندی بەرهەمەکانی

جوانتر و دڵگیرتر دەکات، هەرچەندە بەبێ دردۆنگی دەتوانرێت بگوترێت جوانی شانۆنامەکانی چێخۆڤ تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بەو سادە و ساکارییەوە هەیە. هێندێك پێیانوایە کە چێخۆڤ لە بەرهەمەکانیدا تێکۆشاوە، تا شێوەیەکی نوێ دابهێنێت یان نوێکاری دابڕێژێت، بێپەردە دەیڵێم، کە ئەمانە بەهەڵەداچوون. ئەویش وەك هەر شانۆنووسێکی دیکە تێدەکۆشا پاڵەوانانی چاك و دڵخوازی خۆیی و خەڵك بداتە دەرەوە، تاوەکو بەرهەمەکەی باش و دڵپەسەندبێت و بەهیچ شێوەیەك لەو باوەڕەدا نەبوو، کە شۆڕشێك لە شانۆدا بەرپێبخات و بەرهەمانێك بداتەدەرەوە، کە لەتەك نووسینی کەسانی دیکە جیاوازی گشتییان هەبێت، بەواتایەکی دیکە پێشی هاوکارەکانی دیکەی بداتەوە ...

ئارەزووی چێخۆڤ ئەوە بوو، کە ئەوەی شانۆی سەردەمەکەی دەیخوازێت، بەدەستیبهێنێت و لە بەرهەمەکانیدا وەڵامدەرەوەی ئەو داخوازییە بێت. لەم ڕووەوە خەڵکی بەو جۆرە کە خۆی لە ژیانی ڕۆژانەدا دەیدیت، نیشانبدات. بەهێنانی چرا، زۆپا، سەماوەر، دەنگی پیانۆ، سیگار، خوشك، برا، ناسیاو، خزم، ئاواز، شەرابخواردنەوە و هەزاران وردەکاریی دیکە لە بەرهەمەکانیدا، ژیانی کەتوارییان پێکدەهێنا و گەرموگوڕیان بە کارەکانی دەدا.

چێخۆڤ لە ڕوانگەی تایبەتی خۆیەوە بۆ کەسایەتییەکانی دەڕوانی و هیچ کات نەدەکەوتە ژێر کارایی کەسانی دیکە: بۆ دکتۆران، بەتایبەت ئەوانەی کە فەرمانبەری دەوڵەتی بوون تێڕوانینێکی ڕێزگیرانەی هەبوو. چونکە پێیوابوو کە دکتۆر خزمەتگەری خەڵکە. بەڵام جار جاریش دەبینین کە دیوی شاراوەی پرسەکەشی نیشاندەدا، واتە هەر ئەو دکتۆرە بەڕێزە واتە 'ئیڤانۆڤ'ی بەڕێز کاتێك دەوروبەری خۆی چۆڵ دەبینێت، دەڵێت " خاکم بەسەر، پارەی ڤیزێتەکەی خۆیشی نەدا، تەنیا سەرئێشەیە ! "

چێخۆڤ بەم وشەیە دەمامك لە ڕوخساری کەسایەتییەکی بەڕێز، کە خۆی خوڵقاندبووی ڕادەماڵێت و لە کۆتایی شانۆییەکەدا بینەر پەی بەوە دەبات، کە ئەم کەسایەتییە بەڕێز و خزمەتگەرەی کۆمەڵگە، چەندێك بێنرخ، نالەبار و خۆپەرست و بێهەست بووە. بەڵام لەتەك ئەوەشدا ئەم پزیشکە مرۆڤێکی بەڕێزە، بەو جۆرەی کە یەکێك لە کەسایەتییەکانی بەسەرهاتەکە لە دیمەنێکدا پێیدەڵێت "جەنابی ئیڤانۆڤ، ورگی ئێوە پڕە لە ڕێز و چاکە ! "

هەروەها کاتێك کە یەکێکی دیکە هاواردەکات "جەنابی ئیڤانۆف، لەبەرچاوی هەمووان پێتدەڵێم کە ڕسوا و بێڕێزیت ! ". تەنانەت بینەرێك نابینن، کە لەتەك ئەودا هاوبیر بێت.

لە شانۆییەکی ئاساییدا بەگومان لەم جۆرە دیمەنانەدا، کە ئەکتەر بەتوندی لە هەڵچووندایە، دەنگی چەپڵەلێدان بەرزدەبێتەوە. بەڵام لە نواندنی بەرهەمی چێخۆڤ'دا ڕێك بەپێچەوانەی ئەوەوە، ئەکتەر بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت سوود لەم جۆرە بزووانە وەربگرێت و سەرنجی بینەر بۆ خۆی ڕابکێشێت.

... بۆ ڕۆڵبینین لە شانۆییەکانی چێخۆڤ'دا پێویستە ئەکتەرەکان شتێکی دیکەیان تێداهەبێت، ئەوەی کە ئەکتەر دەبێت کەمێك نائاسایی بێت و هەستی هونەریشی شتێکی دیکە بێت.

لەو دەمەدا کە بۆ یەکەم جار شانۆییەکانی چێخۆڤ دەهاتنە سەر شانۆ، ئەکتەرەکان فرە ڕۆشنبیر و بەسەلیقە بوون، هەر ئەم ئەکتەرە چالاکانە بۆ یەکەم جار شانۆیی 'ئیڤانۆڤ'یان بردەسەر شانۆ و سەرکەوتنی بەدەستهێنا ... . بەڵام گەر ڕاستیت بوێت، ئەم سەرکەوتنە ڕیشەدار نەبوو و کارایی لەسەر بینەر دانەنا، لەبەرئەوەی ئەوەی کە ئەوان دەیاندایە بینەر، چێخۆڤ'ی نەبوو، وانە دەرکیان لە بەرهەمەکانی چێخۆڤ، کە تاڕادەیەکی زۆر لەتەك خەیاڵی خۆیان ئامێتە بوو، نیشانی خەڵك دەدا. لەم شانۆییانەدا بینەر هەر ئەو شتانەی کە لە شانۆ ئاساییەکانی ئەو کاتدا دەدیت، بەدیدەکرد؛ دیکۆری ئاسایی، قوماشی سەوز ڕەنگ، کە نیشانەی دارودرەخت بوو، ڕووناکی مانگەشەوی دەستکرد، ژووره چوارلاکان ... . بینەر دوێنێ هەموو ئەوانەی دیتبوو و سبەینێش لە شانۆییەکی دیکەدا دەیابینێتەوە ... . بینەر خۆشی لێیاندەهات، بەو جۆرەی کە نووسینەکانی چێخۆڤ ئەرزشێکی تایبەتیان هەبوو و چێژی لێوەردەگرت، بەڵام ئەوەی گرنگ بوو شانۆی چێخۆڤ بوو، واتە ڕاهێنانی بینەر لە هەمان ڕوانگەوە کە چێخۆڤ بۆ دونیا و وەرچەرخانی دەڕوانێت، بۆ جیهان بڕوانێت و دیمەن و وشە تەنیا ئامرازی نواندنی ئەو مەبەستەن.

دوو ساڵ پاش نووسینی شانۆیی ' ئیڤانۆف ' و نواندنی، چێخۆڤ 'جەنگەڵوان'ی نووسی و دایە تەماشاخانەیەك (شانۆیەك) کە بڕیار بوو لە مۆسکۆ بکرێتەوە. باش لەبیرم نییە، کە خەڵك چۆن پێشوازییان لەو شانۆییە کرد، تەنیا دەتوانم ئەوەندە بڵێم، کە سەرکەوتنێکی وەهای

بەدەستنەهێنا، لەبیرمە کارایییەك کە لەسەر من داینا، بوونی جیاوازییەکی فراوانی نێوان خودی شانۆکە و نواندنەکەی بوو، کە هەستمپێکرد. ئەکتەرەکان باش ڕۆڵیاندەگێڕا، بەڵام قسەکانیان، هەست و کرداریان وەها دەهاتنە بەرچاو، کە لە ژیانی کەتوارییەوە دوو بوون.

... زۆر کەسی چالاك و پەرتووکخوێنم دەناسین، کە لەتەك ئەوەی پەیوەندییان بە دونیای موزیك و ئەدەبەوە هەبوو، بەڵام لە چوونە تەماشاخانە بێزار بوون. هۆگران و بەڕێوەبەرانی شانۆکان ئەوانەیان بە کەسانی بێهەست و دڕندە و بێزەوق ناودەهێنا. لە ڕاستیدا ئەوانە هیچ تاوانێکیان نەبوو و بەگومان بێهەست و بێزەوقیش نەبوون، بەڵام شانۆی باو وەڵامدەرەوەی خواستەکانیان نەبوو و پێی مەستنەدەبوون. خەتاشیان نەبوو. گەر خەتایەکیش هەبووبێت، ئەوا لە ئەستۆی شانۆ بووە. بەم دەستنیشانکردنە کورتە مەسەلەیەك دێتە پێشەوە:

ئایا دەتوانرێت هونەر وەها بخرێتە ڕوو، کە بینەر خۆی تیا ببینێتەوە و خرۆشانی هونەری لە ژیانی کەتوارییدا بەدیبکات ؟ بەواتایەکی دیکە بەڕادەیەك شانۆ نزیك و هاوئاهەنگ بە ژیانی خۆی ببینێت، کە لەبیربکات ئەوە بەسەرهاتە لەسەر شانۆ.

بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتوویی لەو بوارەدا دەبوو چی بکرایە؟ چی ڕێگربوو، شوێنی شانۆ، یان شێوەی نواندن؟ ئەم پرسە گرنگە، ماوەیەك بوو تێڕوانینی زۆرێك لەو کەسانەی، کە لە تەماشاخانەکاندا کاریاندەکرد بەخۆوە خەریککردبوو، چێخۆڤ ئەوەی چارەسەری کرد ...

## Çêxov û Şano

Nemirovich-Danchenko *

Katêk 'çêxov'mi nasî, herdûkman têkellî jyanêkî komellayetî bûbûyn; ew le edebyat û nûsînda, mnîş le bwarî şanoda. Herdûkman serukarman be core hunerêkewe hebû, ke pêkewe grêydedayn. Ewey ke le yekî nzîkdekridînewe, dijwarîyek bû, ke le barudoxî riswayî şanoy ew katda, letekîda rûberrûbûyn ... dijwarîyek ke lelay herdûman hebû, naçarîdekridîn ke bedway rêgeçareda bgerrêyn. Ta le encamda em hewll û ledûy çaresergerrane ' şanoy hunerî mosko 'î wek deyangut 'şanoy çêxov 'î lê bedîhat .

Lenêwan kesayetîye dastanîyekanî çêxov û pallewananî nûseranî dîkey ew katda, cyawazîyekî berçaw û lerradebeder hebû. Ewey şanonûsanî dîke bo pallewanekanyan bepêwîstyan dezanî û bew core deyanxistnerrû, behîç şêweyek le berhemekanî 'çêxov'da berçawnedekewtin. Pallewananî çêxov kesanî sade û asayî bûn û le barey şte rotînîyekanî jyanî rojanewe dedwan. Jîngeyan wek xoyan sade û bê zerq û brîq bû. Hîç yek le kesayetîye dastanîyekanî ew le şêwey pallewanêkî serkewtû û betwanatir le kesanî asayî dernedekewt, herweha lelayekî dîkewe bîryan le xewn û xeyallî berzefrrane nedekirdewe. Bepêçewanewe kesanî rûturrecall bûn, ke nûser hewllîdabû tenanet rewişte xrapekanyan nîşanbdat; xopersitîyan aweha komîdîyane nîşandrabû, ke mrov le hendêk ruwewe naaga lexowe le beramberyan hestî be sozdarî dekrid. Bem şêwaze çêxov pêşnyarî jyanêkî baştirî daderrêja.

Bêcge leme şitgelî dîmenenekan le berhemekanî 'çêxov'da herwek kesayetîyekanî bêarayş û sadebûn; ' şewî mangeşew' , ' baxî jakaw û lakewte' , ' bêdengî' , ' dengî wîlnî le dûr', ' şîwenî kûndepepû le şewda ' û...tid. Ewey pêwîste bgutrêt, eweye ke

hîçkam lemane birryar leserdraw û leberçawgîraw nîyn, ta ew radey min agadarbim, çêxov behîç şêweyek agay lem cwanîyane nebû, ke çon lewaneye dillpesendî berhemekanî cwantir û dillgîrtir dekat, herçende bebê dirrdongî detwanrêt bgutrêt cwanî şanonamekanî çêxov ta radeyekî zor peywendî bew sade û sakarîyewe heye. Hêndêk pêyanwaye ke çêxov le berhemekanîda têkoşawe, ta şêweyekî nwê dabhênêt yan nwêkarî dabrrêjêt, bêperde deyllêm, ke emane behelledaçûn. Ewîş wek her şanonûsêkî dîke têdekoşa pallewananî çak û dllixwazî xoyî û xellk bdate derewe, taweku berhemekey baş û dillpesendibêt û behîç şêweyek lew bawerreda nebû, ke şorrşêk le şanoda berrêbxat û berhemanêk bdatederewe, ke letek nûsînî kesanî dîke cyawazî giştîyan hebêt, bewatayekî dîke pêşî hawkarekanî dîkey bdatewe...

Arezûy çêxov ewe bû, ke ewey şanoy serdemekey deyixwazêt, bedestîbhênêt û le berhemekanîda wellamderewey ew daxwazîye bêt. Lem ruwewe xellkî bew core ke xoy le jyanî rojaneda deydît, nîşanbdat. Behênanî çra, zopa, semawer, dengî pyano, sîgar, xuşk, bra, nasyaw, xzim, awaz, şerabixwardnewe û hezaran wirdekarîy dîke le berhemekanîda, jyanî ketwarîyan pêkdehêna û germugurryan be karekanî deda.

Çêxov le rwangey taybetî xoyewe bo kesayetîyekanî derrwanî û
Hîç kat nedekewte jêr karayî kesanî dîke: bo diktoran, betaybet ewaney ke fermanberî dewlletî bûn têrrwanînêkî rêzgîraney hebû. Çunke pêywabû ke diktor xizmetgerî xellke. Bellam car carîş debînîn ke dîwî şarawey pirsekeşî nîşandeda, wate her ew diktore berrêze wate ' îvanov 'î berêz katêk dewruberî xoy çoll debînêt, dellêt " xakim beser, parey vîzêtekey xoyşî neda, tenya serêşeye" !

Çêxov bem wşeye demamk le ruxsarî kesayetîyekî berrêz, ke xoy xullqandibûy rademallêt û le kotayî şanoyîyekeda bîner pey bewe debat, ke em kesayetîye berrêz û xizmetgerey komellge, çendêk bênrix, nalebar û xopersit û bêhest buwe. Bellam letek

eweşda em pzîşke mrovêkî berrêze, bew corey ke yekêk le kesayetîyekanî beserhateke le dîmenêkda pêydellêt "cenabî îvanov, wirgî êwe prre le rêz û çake" !

Herweha katêk ke yekêkî dîke hawardekat "cenabî îvanof, leberçawî hemuwan pêtdellêm ke riswa û bêrrêzît ! ". Tenanet bînerêk nabînin, ke letek ewda hawbîr bêt.
Le şanoyîyekî asayîda bêguman lem core dîmenaneda, ke ekter betundî le hellçûndaye, dengî çepllelêdan berizdebêtewe. Bellam le nwandinî berhemî 'çêxov'da rêk bepêçewaney ewewe, ekter behîç şêweyek natwanêt sûd lem core bzuwane werbigrêt û sernicî bîner bo xoy rabkêşêt.

...bo rollbînîn le şanoyîyekanî 'çêxov'da pêwîste ekterekan ştêkî dîkeyan têdahebêt, ewey ke ekter debêt kemêk naasayî bêt û hestî hunerîyşî ştêkî dîke bêt.

Lew demeda ke bo yekem car şanoyîyekanî çêxov dehatne ser şano, ekterekan fre roşnibîr û beselîqe bûn, her em ektere çalakane bo yekem car şanoyî 'îvanov'yan birdeser şano û serkewtinî bedestihêna ... . Bellam ger rastît bwêt, em serkewtne rîşedar nebû û karayî leser bîner danena, leberewey ewey ke ewan deyandaye bîner, 'çêxov'î nebû, wane derkyan le berhemekanî çêxov, ke tarradeyekî zor letek xeyallî xoyan amête bû, nîşanî xellk deda. Lem şanoyîyaneda bîner her ew ştaney ke le şano asayîyekanî ew katda dedît, bedîdekrid; dîkorî asayî, qumaşî sewz reng, ke nîşaney darudrext bû, rûnakî mangeşewî destkird, jûre çwarlakan ... . Bîner dwênê hemû ewaney dîtbû û sbeynêş le şanoyîyekî dîkeda deyabînêtewe ... . Bîner xoşî lêyandehat, bew corey ke nûsînekanî çêxov erizşêkî taybetyan hebû û çêjî lêwerdegrit, bellam ewey gring bû şanoy çêxov bû, wate rahênanî bîner le heman rwangewe ke çêxov bo dunya û werçerxanî derrwanêt, bo cîhan birrwanêt û dîmen û wşe tenya amrazî nwandinî ew mebesten.

Dû sall paş nûsînî şanoyî ' îvanof ' û nwandinî, çêxov 'cengellwan'î nûsî û daye temaşaxaneyek (şanoyek) ke birryar bû le mosko bikrêtewe. Baş lebîrm nîye, ke xellk çon pêşwazîyan lew şanoyîye kird, tenya detwanim ewende bllêm, ke serkewtinêkî wehay bedestnehêna, lebîrme karayîyek ke leser min dayna, bûnî cyawazîyekî frawanî nêwan xudî şanoke û nwandnekey bû, ke hestimpêkrid. Ekterekan baş rollyandegêrra, bellam qsekanyan, hest û kirdaryan weha dehatne berçaw, ke le jyanî ketwarîyewe dû bûn.

...zor kesî çalak û pertûkxiwênim denasîn, ke letek ewey peywendîyan be dunyay muzîk û edebewe hebû, bellam le çûne temaşaxane bêzar bûn. Hogran û berrêweberanî şanokan ewaneyan be kesanî bêhest û drrinde û bêzewq nawdehêna. Le rastîda ewane hîç tawanêkyan nebû û bêguman bêhest û bêzewqîş nebûn, bellam şanoy baw wellamderewey xwastekanyan nebû û pêy mestnedebûn. Xetaşyan nebû. Ger xetayekîş hebûbêt, ewa le estoy şano buwe. Bem destinîşankirdne kurte meseleyek dête pêşewe:

Aya detwanrêt huner weha bixrête rû, ke bîner xoy tya bbînêtewe û xroşanî hunerî le jyanî ketwarîyda bedîbkat ? Bewatayekî dîke berradeyek şano nzîk û hawaheng be jyanî xoy bbînêt, ke lebîrbkat ewe beserhate leser şano.

Bo bedestihênanî serkewtûîy lew bwareda debû çî bikraye? Çî rêgribû, şwênî şano, yan şêwey nwandin? Em pirse gringe, maweyek bû têrrwanînî zorêk lew kesaney, ke le temaşaxanekanda karyandekrid bexowe xerîkkirdbû, çêxov ewey çareserî kird...

**************

*nêmîrruvîç dançinko [berrêweberî şanoy hunerî mosko[

Wergêrranî le rusyewe : şahîn sirkîsyan

Wergîraw le: فصل تئاتر. ساڵی دووەم. پاییز و زستانی ٩٨- ١٩٩٩

# نامەکان

# Namekan

۱۲ئایاری ۱۸۹۸

هاوەڵی خۆشەویستم ئانتۆن پاڤلۆڤیچ،

چەند سات لەمەوبەر نامەیەکم بۆت نارد و هەر ئێستا نامەی تۆم بەدەست گەبشت. بۆم دەرکەوت، کە مۆڵەتی نواندنی ' چایکا 'مان پێنادەی ؟ ئەم شانۆییە لە شارەکان و گشت جێیەك دەرهێنراوە، بۆچی لە مۆسکۆ مۆڵەت نادەیت؟ ئەوەش چاك دەزانم، کە ' چایکا ' لایەنگری فرەی هەیە. لە ڕۆژنامەکانی 'خارکۆڤ' و 'ئۆدێسا' لەبارەیەوە زۆریان نووسیوە. تۆ لە چی پەرێشانی ؟ ئایا تەنیا لە مۆسکۆ مۆڵەت نادەیت؟ بەجۆرێك کە لە زۆربەی شارەکان تەنانەت بەبێ مۆڵەت نواندوویانە. ئەگەر تۆ گرنگی پێنادەی، تێبینییەکم بۆ بنووسە و باسی بکە، کە کارت نییە بەسەر نواندنییەوە. بەڵام ڕاستیت دەوێت، تێناگەم بۆچی پێتوایە لە مۆسکۆ ناتوانرێت دەربهێنرێت ؟ بەکورتی بەڵگەکانی تۆ من ڕازیناکەن. مەگەر تۆ لە من دڵنیانیت ؟ تو خوا زوو لە بڕیاردانی خۆت ئاگادارم بکە، یان باشتر بڵێم، ڕازیبوونی خۆت لە وەڵامی ئەم نامەیەدا بۆ من بنووسە. دەبێت بیر لە داڕشتن بکەمەوە و دیکۆرەکانی پەردەی یەکەم و بدەمە دروستکردن. باری دەروونیت چۆنە؟ سڵاوم بە هەمووان بگەیێنە.

**هاوەڵت**
**نێمیرۆڤیچ دانچێنکۆ**

**12ayarî 1898**

Hawellî xoşewîstim Antwan Pavlovîç ,

Çend sat lemewber nameyekim bot nard û her êsta namey tom bedest gebşit. Bom derkewt, ke molletî nwandinî ' çayka 'man pênadey ? Em şanoyîye le şarekan û gişt cêyek derhênrawe, boçî le mosko mollet nadeyt? Eweş çak dezanim, ke ' çayka ' layengirî frey heye. Le rojnamekanî 'xarkov' û 'odêsa' lebareyewe zoryan nûsîwe. To le çî perêşanî ? Aya tenya le mosko mollet nadeyt? Becorêk ke le zorbey şarekan tenanet bebê mollet nwandûyane. Eger to gringî pênadey, têbînîyekim bo bnûse û basî bke, ke kart nîye beser nwandinîyewe. Bellam rastît dewêt, tênagem boçî pêtwaye le mosko natwanrêt derbihênrêt ? Bekurtî bellgekanî to min razînaken. Meger to le min dillnyanît ? Tu xwa zû le birryardanî xot agadarm bke, yan baştir bllêm, razîbûnî xot le wellamî em nameyeda bo min bnûse. Debêt bîr le darrişttin bkemewe û dîkorekanî perdey yekem û bdeme drustkirdin. Barî derûnît çone? Sllawm be hemuwan bgeyêne.

**Hawellt**
**Nêmîrruvîç Dançênko**

**٣١ ئایاری ١٨٩٨**

هاوەڵی خۆشەویستم ئانتۆن پاڤلۆڤیچ،

دواجار نامەی تۆ گەیشت. ئاوا تێگەیشتم کە ' چایکا ' دەردەهێنین ماوەیەکی دیکە دێمە لات. دامنابوو پانزەمەمی جولای بەرەو مۆسکۆ بکەومەرێ. ( پرۆڤەکان زووتر لەوەی کە بڕیاربوو، بەبێ من دەستیانپێکردووە.)، بەڵام ئێستا کە تۆ داواتکردووە، زووتر دەکەومەرێ. تاوەکو دەمەمی جولای دەگەمە لات، چاوەڕێم بە. لە ڕێگەوبانە خراپەکان ناترسم، هەر چۆن بووە، خۆم دەگەیێنمە ئەوێندەرێ. بەردەوام ' چایکا ' دەخوێنمەوە و بەدوای شێوازی نوێدا دەگەڕێم تا بەدوورکەوتنەوە لە ڕێسا شانۆییە کۆنەکان، بتوانم ئەوەی لە شانۆییەکەدا ڕەنگیداوەتەوە، بگەیێنمە بینەران، بەجۆرێك کە جێی ڕەزامەندی ئەوان بێت و بەدڵیانبێت.

خەڵك هێشتاکە نازانن ( لەوانەشە هیچ کات نەزانن)، کە هەمیشە دەکەوێتە ژێرکارایی بارودۆخێك، کە نواندنەکە دروستیدەکات. دەبێت ئەم بارودۆخە پێکبهێنرێت. دەبێت لەم ڕێگەیەدا تێبکۆشین.

**خوات لەتەك**
**نێمیرۆڤیچ دانچێنکۆ**

**31 ayarî 1898**

Hawellî xoşewîstim Antwan Pavlovîç,

Dwacar namey to geyişt. Awa têgeyiştim ke ' çayka ' derdehênîn maweyekî dîke dême lat. Damnabû panzehemî culay berew mosko bkewmerrê. ( Provekan zûtir lewey ke birryarbû, bebê min destyanpêkirduwe.), bellam êsta ke to dawatkirduwe, zûtir dekewmerrê. Taweku dehemî culay degeme lat, çawerrêm be. Le rêgewbane xrapekan natrism, her çon buwe, xom degeyênme ewênderê. Berdewam ' çayka ' dexwênmewe û bedway şêwazî nwêda degerrêm ta bedûrkewtnewe le rêsa şanoyîye konekan, bitwanim ewey le şanoyîyekeda rengîdawetewe, bgeyênme bîneran, becorêk ke cêy rezamendî ewan bêt û bedillyanbêt.

Xellk hêştake nazanin ( lewaneşe hîç kat nezanin), ke hemîşe dekewête jêrkarayî barudoxêk, ke nwandneke drustîdekat. Debêt em barudoxe pêkbihênrêt. Debêt lem rêgeyeda têbkoşîn.

**Xwat letek**
**Nêmîrruvîç Dançênko**

**٥ی نۆڤەمبەری ١٨٩٨**

ئانتۆن پاڤلۆڤیچ هاوەڵی خۆشەویست،

زۆر سوپاس بۆ نامەکەت. کارەکەمان باشە، ڕاستیت دەوێت چاك بەڕێکەوتووە، ڕۆژنامەکان هەراوەموریایان بەڕێخستووە و هێرش دەکەنە سەرمان. بەڵام دەتوانی چی بکەیت... جار جار خەڵك زۆر لەڕادەبەدەر بێشەرمییان دەخەنەڕوو ... شانۆیی ' تزار فیئۆدۆر ' سەرکەوتنێکی سەرسووڕهێنەری بەدەستهێناوە. هەمووان بە نائارامییەوە چاوەڕوانی 'چایکا' دەکەن. ئەم پێشوازییە هەم دڵخۆشمدەکات و هەم دەمترسێنێت. بەڵام تا شانۆییەکە بەبێ کەموکوڕی ئامادەی نواندن نەکەین، نایهێنینە سەرشانۆ. ڕۆڵی ' تری گورین ' ستانیسلاڤسکی دەیگێڕێت و ئەکتەری ڕۆڵی ' ماشا 'م گۆڕی. هێشتاکە نازانم چ کەسانێك ڕۆڵی 'دورن' و 'سورین' بگێڕن. لە ڕۆژنامەدا خوێندمەوە، کە نەخۆشکەوتوویت، زۆر ترسام، خۆشبەختانە نامەت هات. شانۆیی 'ئەنتی گن' بەزوویی بۆت ڕەوانەدەکەم. بەوردی بۆم بنووسە، کە چی دەکەیت و ئایا نیازت هەیە هەر لە 'کریمە' بمێنیتەوە یان بەم زووانە دەگەڕێیتەوە ؟ هەموو ئەمانەم بۆ بنووسە.

**نێمیروڤیچ دانچێنکۆ**

**5î novemberî 1898**

Antwan Pavlovîç hawellî xoşewîst ,

Zor supas bo nameket. Karekeman başe, rastît dewêt çak berrêkewtuwe, rojnamekan herawhuryayan berrêxistuwe û hêrş dekene serman. Bellam detwanî çî bkeyt... car car xellk zor lerradebeder bêşermîyan dexenerŗwu ... şanoyî ' tzar fîodor ' serkewtinêkî sersûrrhênerî bedestihênawe. Hemuwan be naaramîyewe çawerrwanî ' çayka ' deken. Em pêşwazîye hem dillxoşimdekat û hem demtirsênêt. Bellam ta şanoyîyeke bebê kemukurrî amadey nwandin nekeyn, nayhênîne serşano. Rolĵ ' trî gurîn ' stanîslavsikî deygêrrêt û ekterî rollî ' maşa 'mi gorrî. Hêştake nazanim çi kesanêk rollî ' durn ' û ' surîn ' bgêrrn. Le rojnameda xwêndmewe, ke nexoşkewtûyt, zor tirsam, xoşbextane namet hat. Şanoyî ' entî gin ' bezûîy bot rewanedekem. Bewridî bom bnûse, ke çî dekeyt û aya nyazt heye her le ' krême ' bmênîtewe yan bem zuwane degerrêytewe ? Hemû emanem bo bnûse.

**Nêmîruvîç Dançênko**

## شەوی یەکەمی نواندنی ' چایکا ' لەسەر شانۆی هونەریی مۆسکۆ

دواجار هەژدەهەمی دێسەمبەری ١٨٩٨ هاتە بەرۆ. لە هۆڵەکەدا خەڵکێکی وا بەرچاوناکەون. شانۆییکەی چێخۆڤ هۆڵەکەی پڕنەکردووە. ' میزانسن - Mise-en-scène / placing on stage 'ی پەردەی یەکەم زۆر نوێکاری تێدا بوو. بەپێی نووسینەکەی نووسەر ڕێگەیەك بەناوەڕاستی تەختی شانۆدا تێدەپەڕی، سەکۆیەك لە کۆتایی تەختەکەدا کۆتایی بە ڕێگەکە دەهێنا، لەبەرامبەر سەکوکەدا پەردەیەك هەڵواسرابوو. ئەمە دیمەنێکە کە ' کۆنستانتین 'ی تێدا دەردەکەوێت. کاتێك کە ئەم پەردەیە لادەدرێت، دەریاچە و مانگەشەو بەرچاودەکەون. لە هەر شانۆیەکی باودا دەبوو کورسی دابنرێن، تاوەکو ئەکتەرەکان لەسەریان دانیشن، بەڵام ئێمە قەنەفەیەکی گەورە و درێژمان لە پێشەوەی شانۆکەدا دانابوو. لەلای چەپی شانۆوە بنەدارێك کە دەبوو 'ماشا' لەسەری دانیشێت، دانرابوو و کەمێك ئەولاتر کورسییەکی دیکە. لەسەر کورسییەکەی پێشەوەی شانۆکە، ئەو ئەکتەرانەی، کە دەبوو نواندنی شانۆکە سەیربکەن، پشت لە جەماوەر دادەنیشتن.

لەبەرئەوەی مانگەشەو لە پشت پەردەی سەکۆکەیە، سەر شانۆ تاریکە. هەم تاریکی و هەم کەسانێك کە لەسەر شانۆ دانیشتبوون، بێزارییەکی فرەی بەرێخست. گاڵتەیان پێدەکردین و بە توانج و لۆمە بە گەمژەیان دادەنایین، بەڵام لەولاوە کەسانێك کە شانۆییەکەیان وەك کەتوارێك کە لەژیانی ئاساییدا ڕوودەدات دەبینی، لەم ڕاستییە چێژیان وەردەگرت، ئەوەی ئێمە دەمانویست بەدەستیانهێنا. ئەم شێوازەی ڕۆڵبینین ساکاریی و سادەیی بەرهەمدەهێنا. ئەمە هەمان شت بوو، کە ئێمە دەمانویست. پاشان مانگەشەو شانۆی ڕۆشنکردەوە. ئەمە کەشێکی تایبەتی شەوێکی هاوینەی دەبەخشی، ئەکتەرەکان زۆر هێواش دەچوونە ڕێوە و لە کاتی قسەکردنیشدا بەهیچ جۆرێ زۆریان لە خۆیان نەدەکرد. لەسەرخۆ دەدوان، لەبەرئەوەی شانۆ ژیانی تێدا ئارام بوو. دەربڕینی شتەکان هێواش و هاوکاتی بێدەنگی بوو. ئەم بێدەنگییانە دەوروبەرێکی ئاساییان بەدیدەهێنا و ڕستە ناتەواوەکان درێژەیان پێدەدرا و تێدا تەواودەکران. بەو واتایەی هەستی کەسایەتییەکان کە بەدەربڕینی ناتەواو دەهاتنە سەرزمان لە بێدەنگیدا کۆتاییان دەهات و بەو جۆرەی کە ئەکتەر هەستیپێدەکرد، بۆ بینەران دەگوێزرایەوە.

سەرشانۆ بەرە بەرە چڕییەکی تایبەتی بەخۆوە دەگرت. خاڵێك کە دەبێت پەنجەی بۆ ڕابکێشم،

ئەوەیە کە شتە لاوەکییەکان لە شانۆدا گرنگییەکی زۆریان هەیە. بۆ نموونە 'ماشا' دەرمانی هەڵدەمژی (انفیە)، پۆشاکی ڕەشی پۆشیوە، وشە دووبارە دەکاتەوە، قسەکانی سادە، بەڵام پڕواتان و ... گشت ئەمانە وا لە بینەر دەکەن، کە بە وریایی گوێ ڕادێرێت و بەم شێوە بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت، دەکەوێتە ژێرکاریی دیمەنەکە. وردە وردە ئەوەی کە لە هۆڵی شانۆدایە لەبیردەکرێت. ئاوا دێتە بەرچاو کە شەنگی شەوی هاوین و قسەی ناتەواو و بێدەنگی، جادوویان لێکردووە. کاتێك کە لە دەربڕینی کەسایەتییەکاندا، هەست بەدەردێکی شاراوە دەکرێت و قسەکان کۆتاییان پێدێت، بینەر واقووڕماو چاوی بڕیوەتە تەختی شانۆ.

لەسەر تەختی شانۆی ئێمە شتێك ڕوویدا، کە ماوەیەك بوو هۆگرانی شانۆ ئارەزوویان دەکرد: ژیانێکی کەتواریی نەك شانۆیی. بە بۆچوونی ئێمە ترسناکترین بەش، ڕۆڵگێڕانی ' نینا ' بوو لە پەردەی یەکەمدا. ئەو دەبوو لەسەر سەکۆکە ڕۆڵبگێڕێت : لەسەر سەکۆکە دانیشتووە، لەبەر ڕۆشنایی مانگەشەودا ڕۆچووە و قسەکانی بەم جۆرەن :
- ... مرۆڤەکان ... هەڵۆکان ... گیانلەبەران ... کاراییان هەیە ؟
کاتێك کە ئەم شانۆییە لە پترسبۆرگ چووە سەر شانۆ، ئەم بەشە بینەرانی خستە پێکەنین. بەڵام من گومانم نەبوو لەوەی کە ئەم بەشە هۆنەرانە و جوانە، بە شێوازێك کە لە نیشاندانیدا بەکارمان هێنابوو، بەو جۆرەی کە دەبێت ببێت، دەچێتە پێشەوە؛ هیچ کارایییەکی گاڵتەجاڕی یان وەڕسیی لە بینەردا دروستناکات.

پاشان دیالۆگی نێوان دایك و کوڕەکە کە زۆر توندوتیژە لە بینەردا کاراپی دادەنێت و دەیوروژێنێت، کۆمەکی ئەم شێوازە بەیارمەتی بێدەنگی جار بە جار لە قوڵایی گیانی کەسانێك کە لە هۆڵەکەدا کۆبووبوونەوە، کنەی دەکرد و ئەوان نزیکییەکی زۆرتریان لەنێوان خۆیان و دیمەنەکەدا هەستپێدەکرد. وەها بوو، کە بینەر پەرێشانی و ناڕەزایەتییەکانی لەخۆیدا بەدیدەکرد.

کاتێك کە 'ماشا' لە کۆتایی شانۆکەدا بە ڕاز و ژانەوە بە دکتۆر 'دورن'ی گوت :
" یارمەتیم بدە، ئەگینا کارێك دەکەم کە پەتی ژیانم بپچڕێت " و بەدەم گریانەوە لە نزیك کورسییەکە، بەردەبێتە سەر زەوی، شەپۆلێك هەڵچوون هۆڵەکەی داگرت.

پەردە دادرایەوە - ڕووداوێك ڕوویدابوو، کە هەر دە ساڵ یەك جار لە دونیای شانۆدا ڕوودەدات.

پاشان لە پەردەی سێیەمەوە وەها شەیدایی و هەڵچوونێك بەسەر هۆڵەکەدا زاڵبوو، کە چەندین جار ئەکتەرەکان هاتنە سەرشانۆ. پاش کۆتایی پەردەی سێیەم، هیچ یەك لە بینەران لە هۆڵەکە نەچوونە دەرەوە، هەموو وەستابوون و هورایان دەکێشا ... تەواو گیرمخواردووە، ئەم نامەیە کە بەیانی هەینی دەستمپێکردووە، ئێستاکە کە دووشەمەیە توانیم تەواوی بکەم. چوار ڕۆژ مۆڵەتم وەرگرت، بۆ ئەوەی بتوانم بخەوم.

گشت ئەکتەرەکان باش ڕۆڵیاندەگێڕا، تەنیا 'نینا' بارەکەی دڵگیرنەبوو، ئەوەش خەتای ستانیسلاڤسکی بوو، چونکە بەڕاستی گێژی کردبوو. سەرەتا پێیگوت وەك کیژێکی لادێی ڕۆڵبگێڕێ ... من تورەبووم و گوتم بارێکی هۆنەرانەی ساکار بەخۆوە بگرێت باشترە ... لەبەر ئەم هۆیە گێژ بووبوو ...

'دورن'یش هێشتاکە نەچووەتە کەوڵی کەسایەتی بەسەرهاتەکە. ئەم کەسە مرۆڤێکی بەرز و خوێندەوارە و چالاکە... لەم ڕووەوە ڕۆڵگێڕانی کەسایەتی ئەو کارێکی ئاسان نییە. (ماکیاژ) زۆر باشبوو. کۆتایی شانۆییەکە زۆر باش دەرهاتبوو.

بینەران بەڕادەیەك بێدەنگ بوون، دەتگوت کەس لە هۆڵەکەدا نییە. دەنگدانەوەی ئەم شانۆییە سەراپای مۆسکۆی داگرتووە. خاوەنی شانۆکانی دیکە تینووی خوێنمن، لە ڕاستیدا بەرهەمەکەت وەها دەرهاتووە، گەر خۆت ببینی واقتوڕدەمێنێت... من لەڕادەبەدەر دڵخۆشم، لە دوورەوە لە ئامێزت دەگرم.
کەی ' لالە وانیا ' دەنێریت.

**نێمیروڤیچ دانچێنکۆ**

## Şewî yekemî nwandinî ' çayka ' leser şanoy hunerîy mosko

Dwacar hejdehemî dêsemberî 1898 hate bero. Le hollekeda xellkêkî wa berçawnakewn. Şanoyîkey çêxov hollekey pirrnekirduwe. ' mîzansin - placing on stage / Mise-en-sicène 'î perdey yekem zor nwêkarî têda bû. Bepêy nûsînekey nûser rêgeyek benawerrastî textî şanoda têdeperrî, sekoyek le kotayî textekeda kotayî be rêgeke dehêna, leberamber sekukeda perdeyek hellwasrabû. Eme dîmenêke ke ' konistantîn 'î têda derdekewêt. Katêk ke em perdeye ladedrêt, deryaçe û mangeşew berçawdekewn. Le her şanoyekî bawda debû kursî dabnirên, taweku ekterekan leseryan danîşn, bellam ême qenefeyekî gewre û drêjman le pêşewey şanokeda danabû. Lelay çepî şanowe bnedarêk ke debû ' maşa ' leserî danîşêt, danrabû û kemêk ewlatir kursîyekî dîke. Leser kursîyekey pêşewey şanoke, ew ekteraney, ke debû nwandinî şanoke seyirbken, pişt le cemawer dadenîştin.

Leberewey mangeşew le pişt perdey sekokeye, ser şano tarîke. Hem tarîkî û hem kesanêk ke leser şano danîştibûn, bêzarîyekî frey berrêxsit. Gallteyan pêdekridîn û be twanc û lome be gemjeyan dadenayn, bellam lewlawe kesanêk ke şanoyîyekeyan wek ketwarêk ke lejyanî asayîda rûdedat debînî, lem rastîye çêjyan werdegrit, ewey ême demanuyist bedestyanhêna. Em şêwazey rollbînîn sakarîy û sadeyî berhemdehêna. Eme heman şit bû, ke ême demanuyist. Paşan mangeşew şanoy roşinkirdewe. Eme keşêkî taybetî şewêkî hawîney debexşî, ekterekan zor hêwaş deçûne rêwe û le katî qsekirdnîşda behîç corê zoryan le xoyan nedekrid. Leserxo dedwan, leberewey şano jyanî têda aram bû. Derbrrînî ştekan hêwaş û hawkatî bêdengî bû. Em bêdengîyane dewruberêkî asayîyan bedîdehêna û riste natewawekan drêjeyan pêdedra û têda tewawdekran. Bew watayey hestî kesayetîyekan ke bederbrrînî natewaw dehatne serizman le bêdengîda kotayîyan dehat û bew corey ke ekter hestîpêdekrid, bo bîneran degwêzrayewe.

Serşano bere bere çrrîyekî taybetî bexowe degrit. Xallêk ke Debêt pencey bo rabkêşm, eweye ke şte lawekîyekan le şanoda gringîyekî zoryan heye. Bo nmûne ' maşa ' dermanî helldemjî (anifye), poşakî reşî poşîwe, wşe dûbare dekatewe, qsekanî sade, bellam pirrwatan û ... gişt emane wa le bîner deken, ke be wiryayî gwê radêrêt û bem şêwe bebê ewey bexoy bzanêt, dekewête jêrkarayî dîmeneke. Wirde wirde ewey ke le hollî şanodaye lebîrdekrêt. Awa dête berçaw ke şengî şewî hawîn û qsey natewaw û bêdengî, cadûyan lêkirduwe. Katêk ke le derbrrînî kesayetîyekanda, hest bederdêkî şarawe dekrêt û qsekan kotayîyan pêdêt, bîner waqûrrmaw çawî brrîwete textî şano.

Leser textî şanoy ême ştêk rûyda, ke maweyek bû hogranî şano arezûyan dekrid: jyanêkî ketwarîy nek şanoyî. Be boçûnî ême trisnaktirîn beş, rollgêrranî ' nîna ' bû le perdey yekemda. Ew debû leser sekoke rollbigêrrêt : leser sekoke danîştuwe, leber roşnayî mangeşewda roçuwe û qsekanî bem coren :

- ... mrovekan ... hellokan ... gyanleberan ... karayîyan heye ?

Katêk ke em şanoyye le pitrisborg çuwe ser şano, em beşe bîneranî xiste pêkenîn. Bellam min gumanim nebû lewey ke em beşe honerane û cwane, be şêwazêk ke le nîşandanîda bekarman hênabû, bew corey ke debêt bbêt, deçête pêşewe; hîç karayîyekî galltecarrî yan werrsîy le bînerda drustnakat.

Paşan giftugoy nêwan dayk û kurreke ke zor tundutîje le bînerda karayî dadenêt û deyurujênêt, komekî em şêwaze beyarmetî bêdengî car be car le qullayî gyanî kesanêk ke le hollekeda kobûbûnewe, kney dekrid û ewan nzîkîyekî zortiryan lenêwan xoyan û dîmenekeda hestipêdekrid. Weha bû, ke bîner perêşanî û narrezayetîyekanî lexoyda bedîdekrid.

Katêk ke ' maşa ' le kotayî şanokeda be raz û janewe be diktor 'durn 'î gut :

" yarmetîm bde, egîna karêk dekem ke petî jyanim bipçrêt " û bedem giryanewe le nzîk kursîyeke, berdebête ser zewî, şepolêk hellçûn hollekey dagrit.
Perde dadrayewe - rûdawêk rûydabû, ke her de sall yek car le dunyay şanoda rûdedat.

Paşan le perdey sêyemewe weha şeydayî û hellçûnêk beser hollekeda zallbû, ke çendîn car ekterekan hatne serşano. Paş kotayî perdey sêyem, hîç yek le bîneran le holleke neçûne derewe, hemû westabûn û hurayan dekêşa ... tewaw gîrmixwarduwe, em nameye ke beyanî heynî destimpêkirduwe, êstake ke dûşemeye twanîm tewawî bkem. Çwar roj molletim wergirt, bo ewey bitwanim bxewm.

Giştekterekan baş rollyandegêrra, tenya ' nîna ' barekey dillgîrnebû, eweş xetay stanîslavsikî bû, çunke berrastî gêjî kirdbû. Sereta pêygut wek kîjêkî ladêy rollbigêrrê ... min turrhibûm û gutim barêkî honeraney sakar bexowe bigrêt baştre ... leber em hoye gî◌̋ji bûbû ...

' durn 'îş hêştake neçuwete kewllî kesayetî beserhateke. Em kese mrovêkî berz û xwêndeware û çalake... lem ruwewe rollgêrranî kesayetî ew karêkî asan nîye. (Makyaj) zor başbû. Kotayî şanoyîyeke zor baş derhatbû.

Bîneran berradeyek bêdeng bûn, detgut kes le hollekeda nîye. Dengdanewey em şanoyîye serapay moskoy dagirtuwe. Xawenî şanokanî dîke tînûy xwênmin, le rastîda berhemeket weha derhatuwe, ger xot bîbînî waqturrdemênêt... min lerradebeder dillxoşm, le dûrewe le amêzt degrim.

Key ' lale Wanya ' denêrît.

Nêmîruvîç Dançênko

## ' باخی ئاڵوباڵو' لەسەر شانۆی هونەری مۆسکۆ

ئێستاکە هەوڵدەدەم مێژووچەی هێنانەسەرشانۆی 'باخی ئاڵوباڵو' لە 'شانۆی هونەری مۆسکۆ'تان بۆ بگێڕمەوە. ساڵی ١٩٠٣ شانۆی ئێمە لەڕادەبەدەر پێویستی بە شانۆیی نوێ بوو. بەهار بوو هێشتاکە بۆ وەرزی نواندنی داهاتوو هیچ بەرنامەیەکمان دانەڕشتبوو. تەنیا شتێك کە لەبیرمە لە کۆتایی مارچی ئەو ساڵەدا بڕیارماندا ' ژول سزار ' دابنێین. هەڵبەتە بۆ هێنانەسەرشانۆی وەها شانۆییەك، ماوە بۆ پرۆڤە زۆر کەم بوو. لەتەك ئەوەشدا کارەکەمان دەستپێکرد.

چێخۆڤ بەڵێنی دابوو شانۆییەکی نوێ بنووسێت. شانۆنووسی تازەی چێخۆڤ بۆخۆی بابەتێکی سەرنجڕاکێش بوو. کارکردن لەسەر " ژول سزار " نەدەچووە پێش. شانۆیی نوێ بۆ هەر شانۆییەك پێویستە. چونکە بەگومان بینەرانێکی فرە ڕاکێشدەکات و خەڵك فرەتر پێیانخۆشدەبێت. کارکردن لەسەر شانۆییەکی کلاسیك فرە دژوارە و دەبێت بە وریایی و کاتی تەواوەوە بچێتە پێش و بەڕادەی پێویست بینەری نییە. پێویستە ددان بەوەدابنێم، کە بۆ خەڵکی شانۆیی پلەدوو و سێ سەرنجڕاکێشترە تاوەکو بەرهەمێکی کۆن و کلاسیك.
لەم ڕووەوە ئێمە هیوامان بە " ژول سزار " نەبەستبوو، بەڵکو پێش گشت شتێك لە بارەی بەرهەمێکەوە کە چێخۆڤ بەڵێنی دابوو، بیرمان دەکردەوە. چێخۆڤ هاوینی لە یەکێ لە کوێستانەکانی نزیك مۆسکۆ دەبردەسەر و لە بیری شانۆییەکەی خۆیدا بوو. هەواڵی جۆراوجۆرمان پێدەگەیشت. چێخۆڤ خۆی لەم بارەوە هیچی نەدەگووت ... جار جارە لەم لا و لەو لاوە هێندێك شتمان بەرگوێ دەکەوت.

دەمەوێت لێرەدا کەمێك لە بارەی بارودۆخی ئەو کات و باری ئەدەبی و شانۆیی ئەو سەردەمە و چۆنیەتی هەستی چێخۆڤ بدوێم. دەمەوێت ڕوونیبکەمەوە کە چۆن چێخۆڤ لە بەرامبەر ئەو بارودۆخەدا کاردانەوەی نیشاندەدا و لە ڕوانگەی ئەوەوە ژیانی شانۆیی چۆن بوو، دواجار، ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی نووسینی 'باخی ئاڵوباڵو '، چی بوون.

هەڵبەتە بۆی هەیە بەهەڵەدابچم، بەڵام گومانم نییە، چونکە چێخۆڤ باش دەناسم، ئێمە هەمیشە پێکەوە و بەڕادەیەکیش لەیەك دەوروبەردا بووین.

خراپ نییە لێرەدا وەبیربێنمەوە، کە چێخۆڤ ژیانی شارۆچکەکانی لە ژیانی شارەکان پێباشتر بوو، بێجگە لەمە نیشانی ئەم جۆرە ژیانانە کە سادەترن لە شانۆدا سەرنجڕاکێشترە و بۆ بینەران فرەتر ئارامە. چونکە ئەگەر چی ئەوان لەتەك ژیانی کەتواری ڕۆژانە ڕووبەڕوون، بەڵام ئاسایی و ڕۆژانەیی نایێتەپێشچاو و تازەیە بۆیان.

لە کاتی نووسینی ' باخی ئاڵوباڵو 'دا، چێخۆڤ لەو باوەڕەدابوو کە لە شانۆگەی مندا دەربهێنرێت، بەڵام لەتەك ئەوەشدا هیچ کات ئەندێشەی بنەڕەتی خۆی لە بارەی بابەتەکەوە لەبیرنەدەکرد و نەیدەکردە قوربانی ڕۆڵگێڕی ئەکتەران. لە شانۆییەکانی چێخۆڤ'دا قسە لەسەر خەمە، بەڵام شێوەی نیشاندانی ئەم خەمە لەتەك شانۆییەکانی دیکەدا فرە جیاوازە ...

لە بیرمە کە لە یەکێ لە شارۆچکەکاندا شانۆیی 'سێ خوشکان' دەنوێندرا، من چووم بۆ تەماشای. یەکەمین وشە کە ئەکتەرەکە لەسەر شانۆ دەریبڕی وەها خەماوەربوو، کە بینەری بێزار دەکرد ... ماوەیەك پاش ئەوە ئێمە هەمان شانۆییمان هێنایە سەر شانۆی هونەری مۆسکۆ، بینەران بەردەوام پێدەکەنین و پەیان بەبوونی ڕۆڵی خەماوەری شاراوەی پشت پێکەنینەکان دەبرد. هونەری چێخۆڤ لەمەدایە و 'سێبەر و ڕۆشنایی' بەرهەمی ئەو، تایبەتمەندی خۆیەتی. بەدانانی دیمەنێکی پڕخەم لەپاڵ نوکتەیەکی خەندەئاوەردا، تراژیدییەکی خەماوی بەرهەمدەهێنێت. بینەر لە بەرامبەر دیمەنێکی شانۆیی چێخۆڤ'دا، کە بەجوانی ڕۆڵگێڕیی بکرێت، خۆی لەبیردەچێتەوە و ئەوەی لە دیمەنەکەدا بینوویەتی لەتەك بار و دەروونی خۆی دەیگونجێنێت ... کارایی نواندنەکە لەسەر بینەر دەمێنێتەوە. نەمری بەرهەمەکانی چێخۆڤ لەمەدایە، چونکە زۆرکەم خوێنەرێك یان بینەرێك بەرهەمی چێخۆڤ'ی دیتبێت و لەبیری چووبێتەوە.

نابەجێ نییە گەر بڵێم، کە چێخۆڤ لە کاتی نووسینی 'باخی ئاڵوباڵو'دا فرە سەرنجی ڕۆژنامەکانی دەدا و بەهیچ شێوەیەك نەیدەویست ڕێوشوێنێکی بەرجەستە، کە بەدەستیهێنابوو، لەدەستیبدات. لەم ڕووەوە تێدەکۆشا بەرهەمەکەی گچکەترین کەموکوڕی تیدا نەبێت. ئەم وریاییە لەڕادەبەدەرە بووە هۆی ئەوەی کە 'باخی ئاڵوباڵو' ببێتە شاکاری چێخۆڤ لە شێوازی داڕشتنی تایبەتی خۆیدا.

زستان داهاتبوو. شانۆیی 'ژول سزار'م بردبووه سەرشانۆ و بە نائارامی چاوەڕێی شانۆییە تازەکەی چێخۆڤ بووین.

دواجار شانۆییەکەی نارد. ڕۆژێك خاتوو 'کێنیپەر' [ هاوسەری چێخۆڤ، ئەکتەری شانۆی هونەری مۆسکۆ] منی بانگکردە ژوورە چۆڵەکەی خۆیی و لەوێدا لەتەك یەك، بەبێ ئەوەی کەسێك لێمانتێکبدات، شانۆییە تازەکەمان تا کۆتایی خوێندەوە.

ئەوەندەی لەبیرمبێت شانۆییەکە کارایییەکی ئاوای لەسەر دانەنایین. لەم بەرهەمەدا چێخۆڤ لە شێوازی خۆیدا گەیشتبووە لووتکە، شێوەی کەسایەتییەکانی بەسەرهاتەکە تەنیا بەچەند هێڵ وێنە کێشرابوون. بەڵام پێکەوە شتێکی وەمامان بەدەستنەهێنا...

کاتێك کە بۆ یەکەمین جار شانۆیی ' چایکا 'مان پێکەوە خوێندەوە، بارمان لەمە باشتر نەبوو، چێخۆڤ کە لە بەرهەمەکانیدا بە ڕوسی کەسایەتییەکانی خستبووە پێشچاو، فرە دژوار بوو بەژن و باڵای داتاشراوی ئەوانە بەدەستبهێنیت، چونکە بەیەك دوو وشە پەیکەرەی ئەوانی خستبووەڕوو. ئەگەر لەخۆیشیت بپرسیایە دەیگوت :- من هەموو شتێکم نووسیوە !

جارجارە هەندێ ڕستەی دەگوتن، کە بەکەڵکمان دەهاتن، بەڵام دەرککردنی ئەوانیش بەگرفت نەبوون. بۆ نموونە کاتێك کە دەمانویست ' لالە وانیا ' بەرینە سەرشانۆ ' ستانیسلاڤسکی لەبارەی ڕۆڵی دکتۆر ' ئێستروڤ 'وە خوازیاری ڕوونکردەوە بوو، چێخۆڤ لە وەڵامدا گوتی :- ئەو فیکە لێدەدات .

هیچی دیکەی نەگوت. چ کاتێك و لە کوێدا فیکە لێدەدات؟ پاش ماوەیەك ستانیسلاڤسکی تێگەیشت کە مەبەستی چێخۆڤ چییە. [تێبنییەکانی ستانیسلاڤسکی ]

پێمانوابوو کە تیپی شانۆی ئێمە بەباشی دەرکی ناوەڕۆك و باری دەربڕین و ئەندێشەکانی چێخۆڤ'مان کردووە و دەتوانین تێگەیشتنێکی ڕاستمان لە بەرهەمەکانی ئەو هەبێت. بەڵام لە 'باخی ئاڵوباڵو'دا بۆماندەرکەوت، کە لەتەك گیروگرفتی تازە ڕووبەڕووین. پەیوەندییەکی نوێ لەنێوان پاڵەوانەکاندا دەبینرا، شوێنگەی بەرهەمەکە تەواو جیاواز بوو، دەبوو ئەوە بزانین، کە چێخۆڤ لەم بەرهەمەدا چ دەڵێت و مەبەستی چییە.

له یەکەمین خوێندنەوەدا 'باخی ئاڵوباڵو' سەسوورمێنەر دێتەبەرچاو. هیچکام له دیمەنەکان بەهێزنین و هیچکامیان له کۆتایی پەردەدا شتێك دەرنابڕێت. تەنانەت کۆتایی شانۆییەکه سەرسووڕهێنەره : خزمەتکاره پیرەکه که لەبیریان کردووە، بەتەنیا له ماڵەوه دەمێنێتەوه ...

چێخۆڤ هاته مۆسکۆ، دکتۆرەکان مۆڵەتیان پێدابوو، که زستان له مۆسکۆ بەرێتەسەر. ئەو زۆر حەزیدەکرد خۆی چاودێری پرۆڤەکان بێت. پێش هاتنی ئەو له ڕێگەی نامەوه وتووێژمان دەکرد و له بارەی هەندێك له ڕۆڵەکانەوه جیاوازیمان هەبوو. بۆ نموونه ئەو نەیدەویست ڕۆڵی 'ڕانیڤسکایا' خاتوو 'کێنیپەر'ی هاوسەری بیگێڕێت. له کاتێکدا ئەم ڕۆڵه ڕپڕەپێستی ئەو خاتوونه بوو. چەند شتێکی دیکەش هەبوون، که شانۆ شانی نەدەدایه ژێریان.

کاتێ که چێخۆڤ هاته مۆسکۆ و له پرۆڤەکاندا ئامادەبوو، ئەم ناکۆکییانه فره بەهێزتربوون. هەندێك جار ژمارەیەك له ئەکتەرەکانی بەباش نەدەزانی و پێیخۆشنەبوون و جارجارەش له بارەی میزانسن'ەوه ناڕەزایەتی دەردەبڕی. هەندێ کاتیش پێیوابوو، که دەقی شانۆییەکەمان گۆڕیوه ... دواجار تکامانلێکرد، که نەیێته پڕۆەکانەوه.

ئێستاکه ئەوه دەزانم، که خەتای هەردوولامان بووه. چونکه له لایەکەوه چێخۆڤ بەپێی پێویست له کار و هونەری شانۆ شارەزایی نەبوو. بیری لێنەکردبووەوه چ گیروگرفتێك لەسەر ڕێی گەیشتن به ئامانجدایه. کەتوارەکەی بەڕۆشنی نەدەدیت.

ئەو نەیدەویست تێبگات، که ئەم شانۆیه هەر بەم شێوازه توانیوەتی شانۆییەکانی ئەو ( چایکا ، لاله وانیا ، سێ خوشکان) ئاوەها که خۆی دیتبوونی بهێنێته سەرشانۆ. ئەو ئەوەی دەرکنەدەکرد، که ئەوانیش به هەزار پێچاوپێچدا تێپەڕبوون و سەختیمان لەتەکیاندا کێشاوه، تاوەکو بەو شێوەیه دەرهاتوون.
ئەندێشەی چێخۆڤ و هەست و سۆزێك که ئەو خوڵقاندبووی، دەبوو پاش ئەوەی که ئەکتەرەکان بەباشی دەرکیانکردن، هەوڵدەن تا چوارچێوه بۆ بەرجەستکردنیان بەدەستبهێنن، تاوەکو لەسەر شانۆ مرۆڤی کەتواریی و زیندووبن. [ بەوجۆرەی که خود چێخۆڤ له نواندندا دیتبووی] بەڕاستی کاری شانۆییەکانی چێخۆڤ لەتەك زۆربەی بەرهەمه شانۆییەکانی دیکه فره جیاوازه.

لەلایەکی دیکەوە ئێمەش هەڵەماندەکرد: لە دابەشکردنی ڕۆڵەکان لەنێوان ئەکتەرەکاندا و شتێك کە لە گشتی گرنگتربوو و بووبووە هۆی ونبوونی چێخۆڤ باری 'میزانسن' بوو. 'میزانسن'ەکانی ئێمە دوو لایەنیان هەبوو، یەکێ دەرەکی بوو، کە ڕەنگرێژی تێر و تۆخیان تێدا دەبینرا و دەبووە هۆی سەنجڕاکێشانی بینەر، ئەویدیکە دیوی ناوەوەی بوو، کە هەوڵدەدرا هەستی تایبەتی کەسایەتییەکانی چێخۆڤ بگوێزێتەوە بۆ بینەر، ئەم ڕووەی کارەکە پەیوەندی بە دەروونناسییەوە هەبوو. تاوەکو کاتێك کە ئەم دوو لایەنەی میزانسن جیا لە یەکدی دەردەکەوتن، شتێکی بەرجەستەی تیا بەدینەدەکرا، بەڵام ئەوەی کە لەتەك یەك دەبوونە ئاوەڵدووانە، باشترین نواندنی شانۆی هونەری مۆسکۆ دەردەهات.

کاتێك کە دەمانویست شانۆیی ' نەفرەت ' بهێنینە سەرشانۆ، چەند جار خەریکبوو لەتەك نووسەرەکەی 'لیۆنید ئاندریێڤ' کە لە پرۆڤەکاندا ئامادەدەبوو، کار بکێشێتە پێکدادان. دەتۆرا و دەیگوت "ئیدی نایێتە ئەم شانۆیە"، بەڵام بۆ ڕۆژی دواتر دەهاتەوە ... ئاشت دەبووینەوە و لەوە دڵنیابووین، کە لە ڕۆژی نواندندا هاوەڵییەکی فرە پتەومان دەبێت. ئەم ڕووداوە بۆ ئێمە تازە نەبوو، لەتەك چیریکۆڤ'یش ئەم مشتومڕەمان هەبوو، ئەو هاواریدەکرد و دەرگەکەی توند پێوەدەدا و دەڕۆیشت، بەڵام دووبارە لەتەکمان ئاشتدەبووەوە و دۆستێکی دڵسۆزی شانۆگەی ئێمە بوو.

ئەو شتانە، تەنیا ئەوانەی لەتەك شانۆدا سەروکاریان هەیە، تێیاندەگەن.

... قسەوباس لە نووسەر و دەرهێنەر لەم ڕۆژانەدا فرە بایەخی پەیداکردووە. دەڵێن شانۆ دەبێت ئەوەی نووسەر نووسیویەتی موو بە موو بیهێنێتەسەر تەختە ... بەڵام ئایا ڕاستە شانۆ بکەینە گوێزەرەوەیەك ؟ شانۆ خۆی داهێنەرە. شانۆیەك کە بیەوێت بیرەوەری لەخۆی بەجێبێڵێت، شانۆیەك کە شێوازی هەیە و بیەوێت شانۆییەکان بەشێوازی خۆی دەربهێنێت، نابێت هیچ شتێك کوێرانە وەربگرێت.
بەڵام لەبارەی چێخۆڤ'وە شانۆی ئێمە تاوانبار بوو، چونکە وەها کە پێویستبوو، جوانی بەرهەمەکانی چێخۆڤ'مان بەدەستنەهێنابوو. 'ڕیالیزم'ی چێخۆڤ بەڕادەیەك بەهێزە، کە دەتوانرێت بە نموونەی جوانی و خاراوی دابنرێت، ئێمە دەرکماننەکردبوو و بە دەستە زبرەکانمان دەستمانتێوەردابوو.

بۆ نموونە لە پەردەی یەکەمی 'باخی ئالۆبالۆ'دا ، ئەو دەنگە ناسراوەی کە لە بێدەنگی بیاباندا دەبیسترێت، بەو جۆرەی کە پێویستبوو، نەمانتوانیبوو دەرکیبکەین. دەنگی بەردێك کە دەکەوێتە چاڵاوێکەوە ... چێخۆڤ خۆی بۆ ئەم مەبەستە چەند جار چووە پشتی شانۆوە و تاقیکردەوە ... گوێیڕاگرت و دواجاریش هەر ناڕازی بوو... جارجار چێخۆڤ بەرامبەر داهێنانی ئەکتەرەکان ناڕازی بوو و بەهیچ شێوەیەك لەتەك ئەوان هاوڕانەبوو. بۆ نموونە لەبارەی میزانسن 'ی بەناوبانگی ستانیسلاڤسکی کە بە دەستماڵ دەموچاوی لە مێشوولە دەپاراست، بەتوندی دژی بوو و دەیگوت " لە شانۆییەکەمدا دەنووسم ڕووداوەکە لە شوێنێك ڕوویداوە، کە لەبنەڕەتدا مێشوولەی نییە ... پێویستە ئەوە بڵێم، کە چێخۆڤ زۆر پەرۆشی چارەنووسی ئەم شانۆییە بوو و دەتوانم بڵێم دەترسا.

هەروا کە لە پێشەوە باسمانکرد، چێخۆڤ لەبارەی کارەوە زۆر توند بوو و هەمیشە ناڕزایەتی دەنواند و ترسی لەوە هەبوو، کە بەرهەمەکەی سەرکەوتوونەبێت، تەنانەت لە خۆشی دڵنیانەبوو، تەنیا دڵخۆشی ئەو، متمانەی بوو بە هەوڵ و کۆششی ئێمە. کاتێك کە لەسەر پرۆڤەکان ئامادەنەدەبوو، ئێمە لەتەك گشت ئەکتەرەکان دەچووینە ماڵی ئەو، چونکە حەزیدەکرد دەوروبەری قەرەباڵخ بێت، هەرچەندە هەر بەخۆی دەدوا.

دواجار ڕۆژی حەڤدەهەمی جێنیوەری، واتە یەکەم ڕۆژی نواندنی شانۆیی 'باخی ئالۆبالۆ' هاتەپێشەوە. بار و دەروونی چێخۆڤ باش نەبوو، بۆی هەبوو بۆ ماوەیەکی زۆر مۆسکۆ بەجێبهێڵێت و ماوەیەك نەیبینم. بەم بۆنەوە بڕیارماندا ئەو شەوە جەژنێکی تایبەت ڕێکبخەین. چێخۆڤ خۆی حەزینەدەکرد، شەوی یەکەم بێتە شانۆ، بەڵام دواجار لەسەر داوای ئێمە هات.

لەبارەی ئەو شەوە بەناوبانگەوە زۆر شت نووسران [ یاداشتەکانی ستانیسلاڤسکی ]، لەتەك ئەوەشدا دەبێت بڵێم، کە ئەو شەوە بەڕاستی شەوێکی تایبەت بوو.

لەو شەوە شکۆدارەدا گشت هونەرمەندانی شانۆ بەرامبەر چێخۆڤ سۆز و خۆشەویستییان دەردەبڕی ... بەڵام خاڵی سەرنجڕاکێش بۆ من ئەوەیە، کە ئایا لە دەرهێنانی شانۆییەکەدا سەرکەوتوو بووین یان نا. کۆمەڵێك دەڵێن کە ئەم شانۆییە لە شەوی یەکەمەوە تاوەکو ئێستاکە سەرکەوتوو بووە، بەڵام ڕاستییەکەی ئاوانییە. سەرکەوتوو خودی چێخۆڤ بوو، شانۆییەکە بەو جۆرەی کە دەبوو ببێت، سەرنجڕاکێش نەبوو. لە شەوی یەکەمەوە تا کۆتایی

بەهار، کە ئەم شانۆییە لەسەر شانۆ بوو، لەتەك ئەوەی کە باشترین وەرزی **شانۆ بوو، تیکتفرۆشتنی ئێمە بەڕادەی لە سەدا پەنجای باری ئاسایی هاتبووە خوارەوە.**

بەڵام چەند ساڵ دواتر 'باخی ئاڵوباڵو' باشترین نواندنی نێو بەرنامەی 'شانۆی هونەریی مۆسکۆ ' بوو. بۆ هەر جێیەکی دونیا دەڕۆیشتین، دەبوو 'باخی ئاڵوباڵو' بنوێنین. [ پاریس- ڤییەنا- بێرلین- نیۆیۆرك] هەمووان خوازیاری بوون .

'چایکا' پێگە و ڕێوشوێنی شانۆی ئێمەی پێکهێنابوو و ' باخی ئاڵوباڵو' باشترین و سەرکەوتووترین کاری ئێمە بوو، کە شێوەی چێخۆڤ'ی لە شانۆی ئێمەدا خستەڕوو، بەبێ دوودڵی دەتوانم بڵێم، کە باشترین و سەرکەوتووترین ڕۆڵگێڕانی 'باخی ئاڵوباڵو' لە شانۆی ئێمەدا بوو.

دەبێت ددان بەوەشدا بنێم، کە لە سەرەتای کارکردن لەسەر ئەم شاکارە هونەرییە، بەهیچ شێوەیەك دەرکنەکرابوو. هەروەك چۆن لە سەرەتای کاری شانۆدا ناتوانرێت زۆر شت بزانرێت...

**نێمیروڤیچ دانچێنکۆ**

***************************************************

* نێمیڕوڤیچ دانچنکۆ [بەڕێوەبەری شانۆی هونەری مۆسکۆ]
وەرگێڕانی لە ڕوسیەوە : شاهین سرکیسیان
وەرگیراو لە: فصل تئاتر. ساڵی دووەم. پاییز و زستانی ٩٨- ١٩٩٩

## ' Baxî Alluballu' leser Şanoy hunerîy Mosko

Êstake hewilldedem mêjûçey hênaneserşanoy 'baxî alluballu' le 'şanoy hunerî mosko'tan bo bgêrrmewe. Sallî 1903 şanoy ême lerradebeder pêwîstî be şanoyî nwê bû. Behar bû hêştake bo 'werzî nwandin'î dahatû hîç bernameyekman danerriştbû. Tenya ştêk ke lebîrme le kotayî marçî ew salleda biryarmanda ' jul szar ' dabnên. Hellbete bo hênaneserşanoy weha şanoyyek, mawe bo prove zor kem bû. Letek eweşda karekeman destipêkrid.

Çêxov bellênî dabû şanoyîyekî nwê bnûsêt. Şanonûsîy tazey çêxov boxoy babetêkî sernicrrakêş bû. Karkirdin leser " jul szar " nedeçuwe pêş. Şanoyî nwê bo her şanoyîyek pêwîste. Çunke bêguman bîneranêkî fre rakêşdekat û xellk fretir pêyanxoşdebêt. Karkirdin leser şanoyîyekî klasîk fre dijware û debêt be wiryayî û katî tewawewe bçête pêş û berradey pêwîst bînerî nîye. Pêwîste ddan bewedabnêm, ke bo xellkî şanoyî pledû û sê sernicrrakêştre taweku berhemêkî kon û klasîk.
Lem ruwewe ême hîwaman be " jul szar " nebestibû, bellku pêş gişt ştêk le barey berhemêkewe ke çêxov bellênî dabû, bîrman dekirdewe. Çêxov hawînî le yekê le kwêstanekanî nzîk mosko debirdeser û le bîrî şanoyîyekey xoyda bû. Hewallî corawcorman pêdegeyişt. Çêxov xoy lem barewe hîçî nedegût ... car care lem la û lew lawe hêndêk şitman bergiwê dekewt.

Demewêt lêreda kemêk le barey barudoxî ew kat û barî edebî û şanoyî ew serdeme û çonyetî hestî çêxov bidwêm. Demewêt rûnîbkemewe ke çon çêxov le beramber ew barudoxeda kardanewey nîşandeda û le rwangey ewewe jyanî şanoyî çon bû, dwacar, ew hokaraney bûne hoy nûsînî 'baxî alluballu ', çî bûn.

Hellbete boy heye behelledabçim, bellam gumanim nîye, çunke çêxov baş denasm, ême hemîşe pêkewe û berradeyekîş leyek dewruberda bûyn.

Xrap nîye lêreda webîrbênmewe, ke çêxov jyanî şaroçkekanî le jyanî şarekan pêbaştir bû, bêcge leme nîşanî em core jyanane ke sadetrin le şanoda sernicrrakêştre û bo bîneran fretir arame. Çunke eger çî ewan letek jyanî ketwarî rojane rûberrûn, bellam asayî û rojaneyî nayêtepêşçaw û tazeye boyan.

Le katî nûsînî ' baxî alluballu 'da, çêxov lew bawerredabû ke le şanogey minda derbihênrêt, bellam letek eweşda hîç kat endêşey bnerretî xoy le barey babetekewe lebîrnedekrid û neydekirde qurbanî rollgêrrî ekteran. Le şanoyîyekanî ' çêxov'da qse leser xeme, bellam şêwey nîşandanî em xeme letek şanoyîyekanî dîkeda fre cyawaze ...

Le bîrme ke le yekê le şaroçkekanda şanoyî ' sê xuşkan ' denwêndra, min çûm bo temaşay. Yekemîn wşe ke ektereke leser şano derîbrrî weha xemawerbû, ke bînerî bêzar dekrid ... maweyek paş ewe ême heman şanoyîman hênaye ser şanoy hunerî mosko, bîneran berdewam pêdekenîn û peyan bebûnî rollî xemawerî şarawey pişt pêkenînekan debrid. Hunerî çêxov lemedaye û 'sêber û roşnayî' berhemî ew, taybetmendî xoyetî. Bedananî dîmenêkî pirrxem lepall nukteyekî xendeawerda, trajîdîyekî xemawî berhemdehênêt. Bîner le beramber dîmenêkî şanoyî 'çêxov'da, ke becwanî rollgêrrîy bikrêt, xoy lebîrdeçêtewe û ewey le dîmenekeda bînûyetî letek bar û derûnî xoy deyguncênêt ... karayî nwandneke leser bîner demênêtewe. Nemrî berhemekanî çêxov lemedaye, çunke zorkem xwênerêk yan bînerêk berhemî 'çêxov'î dîtbêt û lebîrî çûbêtewe.

Nabecê nîye ger bllêm, ke çêxov le katî nûsînî ' baxî alluballu'da fre sernicî rojnamekanî deda û behîç şêweyek neydewîst rêwşiwênêkî berceste, ke bedestîhênabû, ledestîbdat. Lem ruwewe têdekoşa berhemekey giçketrîn kemukurrî tîda nebêt. Em wiryayîye lerradebedere buwe hoy ewey ke ' baxî alluballu ' bbête şakarî çêxov le şêwazî darriştnî taybetî xoyda.

Zistan dahatbû. Şanoyî ' jul szar 'mi birdbuwe serşano û be naaramî çawerrêy şanoyîye tazekey çêxov bûyn.

Dwacar şanoyîyekey nard. Rojêk xatû ' kênîper ' [ hawserî çêxov, ekterî şanoy hunerî mosko] mnî bangkirde jûre çollekey xoyî û lewêda letek yek, bebê ewey kesêk lêmantêkbdat, şanoyîye tazekeman ta kotayî xwêndewe.

Ewendey lebîrmibêt şanoyîyeke karayîyekî away leser danenayn. Lem berhemeda çêxov le şêwazî xoyda geyiştbuwe lûtke, şêwey kesayetîyekanî beserhateke tenya beçend hêll wêne kêşrabûn. Bellam pêkewe ştêkî wehaman bedestnehêna...

Katêk ke bo yekemîn car şanoyî ' çayka 'man pêkewe xwêndewe, barman leme baştir nebû, çêxov ke le berhemekanîda be rusî kesayetîyekanî xistbuwe pêşçaw, fre dijwar bû bejn û ballay dataşrawî ewane bedestibhênît, çunke beyek dû wşe peykerey ewanî xistbuwerrû. Eger lexoyşît bpirsyaye deygut :- min hemû ştêkim nûsîwe !

Carcare hendê ristey degutin, ke bekellkman dehatin, bellam derkkirdnî ewanîş bêgrift nebûn. Bo nmûne katêk ke demanuyist ' lale wanya ' berîne serşano ' stanîslavsikî lebarey rollî diktor ' êstruv 'we xwazyarî rûnkirdewe bû, çêxov le wellamda gutî : - ew fîke lêdedat .

Hîçî dîkey negut. Çi katêk û le kwêda fîke lêdedat? Paş maweyek stanîslavsikî têgeyişt ke mebestî çêxov çîye. [Têbnîyekanî stanîslavsikî ]

Pêmanwabû ke tîpî şanoy ême bebaşî derkî nawerrok û barî derbrrîn û endêşekanî 'çêxov'man kirduwe û detwanîn têgeyiştnêkî rastman le berhemekanî ew hebêt. Bellam le 'baxî alluballu'da bomanderkewt, ke letek gîrugriftî taze rûberrûyn. Peywendîyekî nwê lenêwan pallewanekanda debînra, şwêngey berhemeke tewaw cyawaz bû, debû ewe bzanînin, ke çêxov lem berhemeda çi dellêt û mebestî çîye.

Le yekemîn xwêndneweda 'baxî alluballu' sesûrhêner dêteberçaw. Hîçkam le dîmenekan behêznîn û hîçkamyan le kotayî perdeda ştêk dernabrrêt. Tenanet kotayî şanoyîyeke sersûrrhênere : xizmetkare pîreke ke lebîryan kirduwe, betenya le mallewe demênêtewe ...

Çêxov hate mosko, diktorekan molletyan pêdabû, ke zistan le mosko berêteser. Ew zor hezîdekrid xoy çawdêrî provekan bêt. Pêş hatnî ew le rêgey namewe wtuwêjman dekrid û le barey hendêk le rollekanewe cyawazîman hebû. Bo nmûne ew neydewîst rollî 'ranîviskaya' xatû 'kênîper'î hawserî bîgêrrêt. Le katêkda em rolle pirrbepêstî ew xatûne bû. Çend ştêkî dîkeş hebûn, ke şano şanî nededaye jêryan.

Katê ke çêxov hate mosko û le provekanda amadebû, em nakokîyane fre behêztirbûn. Hendêk car jmareyek le ekterekanî bebaş nedezanî û pêyxoşnebûn û carcareş le barey ' mîzansin'ewe narrezayetî derdebrrî. Hendê katîş pêywabû, ke deqî şanoyîyekeman gorrîwe ... dwacar tkamanlêkrid, ke neyête prroekanewe.

Êstake ewe dezanim, ke xetay herdûlaman buwe. Çunke le layekewe çêxov bepêy pêwîst le kar û hunerî şano şarezayî nebû. Bîrî lênekirdbuwewe çi gîrugriftêk leser rêy geyiştin be amancdaye. Ketwarekey berroşnî nededît.
Ew neydewîst têbgat, ke em şanoye her bem şêwaze twanîwyetî şanoyîyekanî ew (çayka , lale wanya , sê xuşkan) aweha ke xoy dîtbûnî bhênête serşano. Ew ewey derknedekrid, ke ewanîş be hezar pêçawpêçda têperrbûn û sextîman letekyanda kêşawe, taweku bew şêweye derhatûn.

Endêşey çêxov û hest û sozêk ke ew xullqandibûy, debû paş ewey ke ekterekan bebaşî derkyankirdin, hewillden ta çwarçêwe bo bercestkirdinyan bedestibhênin, taweku leser şano mrovî ketwarîy û zîndûbin. [ Bewcorey ke xud çêxov le nwandinda

dîtbûy] berrastî karî şanoyîyekanî çêxov letek zorbey berheme şanoyîyekanî dîke fre cyawaze.

Lelayekî dîkewe êmeş hellemandekrid: le dabeşkirdnî rollekan lenêwan ekterekanda û ştêk ke le giştî gringtirbû û bûbuwe hoy winbûnî çêxov barî 'mîzansin' bû. 'mîzansin'ekanî ême dû layenyan hebû, yekê derekî bû, ke rengrrêjî têr û toxyan têda debînra û debuwe hoy sencirrakêşanî bîner, ewîdîke dîwî nawewey bû, ke hewilldedra hestî taybetî kesayetîyekanî çêxov bigwêzêtewe bo bîner, em ruwey kareke peywendî be derûnnasîyewe hebû. Taweku katêk ke em dû layeney 'mîzansin' cya le yekdî derdekewtin, ştêkî bercestey tya bedînedekra, bellam ewey ke letek yek debûne awellduwane, baştirîn nwandinî şanoy hunerî mosko derdehat.

Katêk ke demanuyist şanoyî ' nefret ' bhênîne serşano, çend car xerîkbû letek nûserekey ' lyonîd andirêv ' ke le provekanda amadedebû, kar bkêşête pêkdadan. Detora û deygut "îdî nayête em şanoye", bellam bo rojî dwatir dehatewe ... aşt debûynewe û lewe dillnyabûyn, ke le rojî nwandinda hawellîyekî fre ptewman debêt. Em rûdawe bo ême taze nebû, letek 'çîrêkof'îş em miştumrreman hebû, ew hawarîdekrid û dergekey tund pêwededa û derroyişt, bellam dûbare letekman aştdebuwewe û dostêkî dillsozî şanogey ême bû.
Ew ştane, tenya ewaney letek şanoda serukaryan heye, têyandegen.

... qsewbas le nûser û derhêner lem rojaneda fre bayexî peydakirduwe. Dellên şano debêt ewey nûser nûsîwyetî mû be mû bîhênêteser texte ... bellam aya raste şano bkeyne gwêzereweyek ? Şano xoy dahênere. Şanoyek ke byewêt bîrewerî lexoy becêbêllêt, şanoyek ke şêwazî heye û byewêt şanoyîyekan beşêwazî xoy derbihênêt, nabêt hîç ştêk kwêrane werbigrêt.

Bellam lebarey 'çêxov 'we şanoy ême tawanbar bû, çunke weha ke pêwîstibû, cwanî berhemekanî 'çêxov'man bedestnehênabû. 'ryalîzm'î çêxov berradeyek behêze, ke

detwanrêt be nmûney cwanî û xarawî dabnirêt, ême derkmannekirdbû û be deste zibrekanman destmantêwerdabû.

Bo nmûne le perdey yekemî ' baxî alluballu 'da , ew denge nasrawey ke le bêdengî byabanda debîstirêt, bew corey ke pêwîstibû, nemantwanîbû derkîbkeyn. Dengî berdêk ke dekewête çallawêkewe ... çêxov xoy bo em mebeste çend car çuwe piştî şanowe û taqîkirdewe ... gwêyrragrit û dwacarîş her narrazî bû... carcar çêxov beramber dahênanî ekterekan narrazî bû û behîç şêweyek letek ewan hawrranebû. Bo nmûne lebarey 'mîzansin 'î benawbangî stanîslavsikî ke be destmall demuçawî le mêşûle deparast, betundî djî bû û deygut " le şanoyîyekemda denûsim rûdaweke le şwênêk rûydawe, ke lebnerretda mêşûley nîye ... pêwîste ewe bllêm, ke çêxov zor peroşî çarenûsî em şanoyîye bû û detwanim bllêm detirsa.

Herwa ke le pêşewe basmankird, çêxov lebarey karewe zor tund bû û hemîşe narrzayetî denwand û tirsî lewe hebû, ke berhemekey serkewtûnebêt, tenanet le xoşî dillnyanebû, tenya dillxoşî ew, mitmaney bû be hewll û koşşî ême. Katêk ke leser provekan amadenedebû, ême letek gişt ekterekan deçûyne mallî ew, çunke hezîdekrid dewruberî qereballx bêt, herçende her bexoy dedwa.

Dwacar rojî hevdehemî cênîwerî, wate yekem rojî nwandinî şanoyî ' baxî alluballu ' hatepêşewe. Bar û derûnî çêxov baş nebû, boy hebû bo maweyekî zor mosko becêbhêllêt û maweyek neybînim. Bem bonewe birryarmanda ew şewe cejnêkî taybet rêkbxeyn. Çêxov xoy hezînedekrid, şewî yekem bête şano, bellam dwacar leser daway ême hat.

Lebarey ew şewe benawbangewe zor şit nûsran [ yadaştekanî stanîslavsikî ], letek eweşda debêt bllêm, ke ew şewe berrastî şewêkî taybet bû.

Lew şewe şkodareda gişt hunermendanî şano beramber çêxov soz û xoşewîstîyan derdebrrî ... bellam xallî sernicrrakbşi bo min eweye, ke aya le derhênanî şanoyîyekeda serkewtû bûyn yan na. Komellêk dellên ke em şanoyîye le şewî yekemewe taweku êstake serkewtû buwe, bellam rastîyekey awanîye. Serkewtû xudî çêxov bû, şanoyîyeke bew corey ke debû bbêt, sernicrrakêş nebû. Le şewî yekemewe ta kotayî behar, ke em şanoyîye leser şano bû, letek ewey ke baştirîn werzî şano bû, tîktifroştinî ême berradey le seda pencay barî asayî hatbuwe xwarewe.

Bellam çend sall dwatir 'baxî alluballu' baştirîn nwandinî nêw bernamey 'şanoy hunerîy mosko ' bû. Bo her cêyekî dunya derroyiştîn, debû ' baxî alluballu ' binwênîn. [ Parîs- vîyena- bêrlîn- nyoyork] hemuwan xwazyarî bûn .

' çayka ' pêge û rêwşiwênî şanoy êmey pêkhênabû û ' baxî alluballu ' baştirîn û serkewtûtrîn karî ême bû, ke şêwey 'çêxov'î le şanoy êmeda xisterrû, bebê dûdllî detwanim bllêm, ke baştirîn û serkewtûtrîn rollgêrranî 'baxî alluballu' le şanoy êmeda bû.

Debêt ddan beweşda bnêm, ke le seretay karkirdin leser em şakare hunerîye, behîç şêweyek derknekrabû. Herwek çon le seretay karî şanoda natwanrêt zor şit bzanrêt...

Nêmîruvîç dançênko

*******************************************************

* Nêmîrruvîç Dançinko [ Berrêweberî şanoy hunerîy Mosko]

Wergêrranî le rusyewe : Şahîn Sirkîsyan

Wergîraw le:فصل تئاتر. ساڵی دووەم. پاییز و زستانی ٩٨- ١٩٩٩




Bertold Brecht

بێرتۆڵد برێشت

## "بنووسن، کە من سەرودڵگیر بووم و بەنیازم پاش مردنیش هەروا بمێنمەوە"

**بێرتۆلد برێشت* ١٠١ ساڵ لەمەوبەر واتە لە ١٠ی فێبریوەری ١٨٩٨دا لەدایکبووە، بەم بۆنەوە بەباشمزانی دەقی نووسینێك کە 'ک . روزدار' ئامادەیکردووە و لە گوڤاری 'آرش'دا بڵاوکراوەتەوە، لە یادی ساڵرۆژی لەدایکبوونی ئەم داهێنەرە هونەرییەدا وەربگێرمە سەرزمانی کوردی.**

١٠ی فێبریوەری ١٩٩٨، سەدەمین ساڵرۆژی لەدایکبوونی بێرتۆلد برێشت، یەکێك لە گەورەترین نووسەرانی سەدەی بیستەمە. بەم بۆنەوە ئێستا لە ئاڵمانیا، ئەو بووەتە یەکێ لە بابەتە گرنگەکانی رۆژ، گشت چاپکراوە بەناوبانگەکان، رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە فەرهەنگی و رامیارییەکانی ئاڵمانیا، وتاری زۆر لەبارەی ئەو و بەرهەمەکانییەوە بڵاودەکەنەوە. ناوەندی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی (سورکامپ – Surkamp)، کۆمەڵێکی نوێی (٣٠)ی بەرگی لە بەرهەمەکانی چاپکردووە، کە رۆونکردنەوەی دووروودرێژی لەخۆگرتووە : کاناڵی تەلەفزیۆنی (3sat) کە بەرنامەکانی بە هاریکاری تۆرە تەلەفزیۆنییەکانی ئاڵمانیا، نەمسا و سویسرا بەهاوبەشی ئامادەدەکرێت، لە زنجیرەیەکی (٦٠) بەشیدا، دەچێتە سەر ناساندنی ئەو و شانۆنامەکانی. شارەزایانێك کە برێشت و بەرهەمەکانی بە باشی دەناسن، لەبارەی ژیان و کارە هونەرییەکانی و کارایی ئەو، وتار دەنووسن و دەربارەی کارە هونەرییەکانی، لە زۆر رووەوە دەکەونە قسەوباس هەر چەندە خاوەنی روانگە و جیهانبینی جیاوازن. بەڵام لەیەك بابەتدا بۆچوونی هاوبەشیان هەیە. برێشت لە ئەدەبیاتی ئاڵمانیا و جیهاندا رۆڵی گرنگی گێراوە. بۆ رێزلێنانی کۆڕ و کۆبوونەوە رێکدەخرێن. تەنانەت سەرۆککۆماری ئاڵمانیا (رۆمان هێرتسۆك) بەشداری خۆی لە مەراسیمی سەدەمین ساڵرۆژی لەدایکبوونی برێشت'دا، کە لە ئەکادێمی هونەری بەرلین بەرپادەکرێت رادەگەیەنێت. بەڵام لە دەهەکانی (٥٠ و ٦٠) دەزگەکانی راگەیاندن و رامیارانی سێ وڵاتی ئاڵمانزمانی ئەوروپایی؛ ئاڵمانیای خۆراوا، نەمسا و سویسرا لەتەك ئەو بەشێوەیەکی دیکە رەفتاریاندەکرد. برێشت کە ئاڵمانیای نازی، رەگەزنامەی لێسەندبووەوە، توانی (٥) ساڵ دوای جەنگی جیهانی دووەم، واتە ١٢ی ئەپریلی ١٩٥٠ رەگەزنامەی نەمساوی بۆ خۆی بەدەستبهێنیت. رامیارانی ئەو کاتی ئەم سێ وڵاتە ئاڵمانزمانە بە ئاشکرا بانگەوازیان بۆ بایکۆتکردنی شانۆنامەکانی ئەو دەرکرد و ئەو بانگەوازە کاتێك بەهێزتر بوو، کە دواجار برێشت لە ئاڵمانیای خۆرهەلاتی نیشتەجێبوو، وڵاتێك کە پێشنیاری لەتواناداېوونی شانۆیەکی بۆ

کارەکانی ئەو پێشنیارکردبوو، ساڵێك پاش مردنی برێشت، لە ٤ی ئەپریلی ١٩٥٧دا پارلەمانی ئاڵمانیای خۆراوایی لەبارەی پشتیوانینەکردنی دارایی دەوڵەت لەو تیپانەی کە شانۆنامەکانی ئەو لە دەرەوەی ئاڵمانیا دەهێننە سەرشانۆ، کەوتە بەر قسەوباس لەم قسەوباسەدا شالیاری دەرەوەی پێشووی ئاڵمانیا هاینریش فۆن برێنتانۆ (Heinrich von Brentano) هۆنراوەکانی برێشت'ی لەتەك هەڵبەستەکانی هۆنەری نازیست هۆرست – ڤێسڵ - لید (*Horst-Wessel-Lied*) بەراورددەکات. لەتەك ئەوەشدا، تیپە شانۆییە هاوپەیمانە چالاکەکانی شانۆ بچووکەکان، دەستیاندایە نواندنی هەندێك لە شانۆنامەکانی برێشت.

ئێستا کە شەڕی سارد کوتایی هاتووە و ڕژێمی سۆشیالیستی ڕوخاوە، چاپەمەنییەکان و ڕاگەیاندنەکانی ئاڵمانیا هەڵێکی تازەی لەباریان بەدەستهێناوە، تاوەکو برێشت و بەرهەمەکانی جارێکی دیکە بێبەهابکەن. بێرتۆڵد برێشت لە جیهاندا وەك درامانووسێکی سەرکەوتوو و بەناوبانگ ناسراوە، ئاڵمانیا ئەوی لەخۆی کردەدەرەوە، بەشێوەیەکی لەنێوبەر و تێکدەرانە ڕەخنەی لەو گرت. ئێستا ئاڵمانەکان بەبۆنەی یادی سەدەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونییەوە، لەبارەی کاروبارەکانی و بەستنی پەیمانیکار لەتەك هاوکارانی و پەیوەندییە ئەڤیندارییەکانی ئەو، دەکەونە قسەوباس هەفتەنامەی (دێر شپیگل der Spiegel) ژمارە ١ی ١٩٨٨، برێشت بەوە تاوانباردەکات، کە بەشێکی گەورە لە هەندێ لە شانۆنامەکانی لەلایەن خۆیەوە نەنووسراون، بەڵکو لە کەتواردا لەلایەن هاوکارانییەوە نووسراون، کە لەتەك ئەو هاریکاری و سەروکاریان هەبووە و ئەو ئەم نووسینانەی وەك بەرهەمی خۆی ناساندووە. نێوەڕۆکی ئاشکرای ئەم هەراوهوریایە لەوەدایە، کە ئەم تۆمەتبارکردنانە لەلایەن ژنانێکەوە نییە، کە ساڵەهایە مردوون و هیچ کات لە ژیانیاندا شتێکی ئاوایان نەخستوەتەڕوو، بەڵکو لەلایەن میراتبەرەکانیانەوەیەوە، کە بەهیوای وەرگرتنی بەشێك لە داهاتی بەرهەمەکانی، ئەم تۆمەتانە دەدەنە پاڵ برێشت. بەڵام بەڵگە و پەروەرندە هەن، کە برێشت ناوی کەسانێك دەهێنێت، کە لە نووسینی بەرهەمێکدا هاریکاریانکردووە، ئەوان لە دەرامەتێك کە بەهۆی ئەو بەرهەمانەوە بەدەستدێت، هاوبەشدەکات. کاری بەکۆمەڵ لە تایبەتمەندییەکانی بیرکردنەوەی دیالەتیکی و شێوەی کاری برێشت بوو. بەم جۆرە ئەوەی کە ئەو دەینووسی، لەتەك دۆستانی خۆی لەبەرامبەر بیروڕای گشتیدا دەیخستنە بەر باس، تا لەو ڕێیەوە لە بۆچوونی نەیارانی ئاگاداربێت و کەموکوڕی نووسینەکانی پڕکردووەتەوە یان ئەوەتا کە بەتەواوی شانوگەرییەکەی گۆڕیوە.

خاتوو 'ئەلیزابێت هاتیمان' یەکێك لە هاوکارە نزیکەکانی، چەند ساڵ لەمەوبەر، لەبارەی شێوەکاری برێشت'ەوە وتی "برێشت شێوەیەکی هەرەوەزییانەی کاری نووسینی هەبوو، ئەو دەیزانی کە ئەمڕۆ شانوگەرییەك تەنیا کاتێك دەتوانرێت بنووسرێت، کە مروڤ زانیاری زۆر و فراوان و بازرگانی فراوان و کەرەستە و بابەتی زۆریشی بۆ ئەو کارە لەبەردەستدابێت و تەواوی ئەوانە یەك کەس ناتوانێت لێیان بەهرەمەندبێت"، ئەمە باوەڕی ئەو بوو. ئەمڕۆ کەس لەم بارەوە گومانی نییە، کە برێشت یەکێکە لە گەورەترین درامانووسان و هۆنەرەرانێك، کە زۆرترین کارایيان لەسەر نووسەرەوانی پاش خۆی داناوە. شانونامەکانی ئەو وەك شانۆنامەکانی شکسپیر، لە وڵاتانی ئاڵمانیزمان زیاتر لە بەرهەمی درامانووسانی دیکە چووەنەتە سەرشانۆ. بەرهەمەکانی برێشت لە هۆنراوەوە بگرە تا شانۆنامەکانی و نووسینی تیئۆرێك لەبارەی شانۆ و ئەدەبیات و ڕامیاری بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان وەرگێردراون. برێشت لە سەردەمە پڕ هەوراز و نشێوییەکانی ژیانیدا، کۆمەڵە بەرهەمێکی ئافراند، کە هەندێکیان لە لوتکەی شاکارەکانی ئەدەبیاتی جیهاندا قەراریانگرتووە. مەندێك لە بەرهەمەکانی ئەو (دایە دلاوەر و مناڵەکانی)، (پیاو هەر پیاوە / پیاو یەکسانە بە پیاو)، (ئۆپەرێتی سێ فلسی)، (مرۆڤی باش سزێچوان)، (پێشکەوتنی ئارتورۆ ئوی)، (ئاوازە و بنەما)، کۆمەڵێك هۆنراوەی جۆراوجۆر، وتارگەلی وەك (پێنج دژواریی لە نووسینی ڕاستیدا) و (دیالێکتیك لە شانۆدا) دەتوانین ناو بێنین. بەداخێکی زۆرەوە بێرتۆڵد برێشت لە ڕۆژی ١٤ی ئۆگستی ١٩٥٦دا بەجێیهێشتین.

******************************************************************************

* مەخابن ناوە فامیلییەکەی بە هەڵە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و بەزۆری " برێشت " دەنووسن، کە لە ڕاستیدا "برێشت " دروستە، تەواوی ناوەکەی بەم جۆرەیە Eugen Berthold Friedrich Brecht. لەم لینکەدا دەتوانن ژیاننامە و لیستی بەرهەمەکانی بە ئینگلیزی یا زمانەکانی دیکە بخوێننەوە:

http://en.wikipedia.org/wiki/Bertolt_Brecht#Works

**" bnûsin, ke min serudlligîr bûm û benyazm paş mirdnîş herwa bmênmewe"**

**Bertold Brecht* 101 sall lemewber wate le 10î fêbrîwerî 1898da ledaykbuwe, bem bonewe bebaşimzanî deqî nûsînêk ke ' k. . Ruzdar' amadeykirduwe û le guvarî 'Îriş'da bllawkrawetewe, le yadî sallrrojî ledaykbûnî em dahênere hunerîyeda werbigêrme ser zmanî kurdî.**

10î fêbrîwerî 1998, sedemîn sallrrojî ledaykbûnî bêrtolld brêşt, yekêk le gewretrîn nûseranî sedey bîsteme. Bem bonewe êsta le allmanya, ew buwete yekê le babete gringekanî roj, gişt çapkrawe benawbangekan, rojname û govar û bllawkrawe ferhengî û ramyarîyekanî allmanya, wtarî zor lebarey ew û berhemekanîyewe bllawdekenewe. Nawendî bllawkirdnewey berhemekanî (surkamp – Surkamp), komellêkî nwêy (30)î bergî le berhemekanî çapkirduwe, ke rûnkirdnewey dûrudrîjî lexogirtuwe : kanallî telefzyonî (3sat) ke bernamekanî be harîkarî torre telefzyonîyekanî allmanya, nemsa û suyisra behawbeşî amadedekrêt, le zincîreyekî (60) beşîyda, deçête ser nasandinî ew û şanonamekanî. Şarezayanêk ke brêşt û berhemekanî be başî denasn, lebarey jyan û kare hunerîyekanî û karayî ew, wtar denûsin û derbarey kare hunerîyekanî, le zor ruwewe dekewne qsewbas her çende xawenî rwange û cîhanbînî cyawazn. Bellam leyek babetda boçûnî hawbeşyan heye. Brêşt le edebyatî allmanya û cîhanda rollî gringî gîrawe. Bo rêzlênanî korr û kobûnewe rêkdexrên. Tenanet serokkomarî allmanya (roman hêrtsok) beşdarî xoy le merasîmî sedemîn sallrrojî ledaykbûnî 'brêşt'da, ke le ekadêmî hunerî berlîn berpadekrêt radegeyenêt. Bellam le dehekanî (50 û 60) dezgekanî rageyandin û ramyaranî sê wllatî allmanizmanî ewrupayî; allmanyay xorawa, nemsa û suyisra letek ew beşêweyekî dîke reftaryandekrid. Brêşt ke allmanyay nazî, regeznamey lyêsendbuwewe, twanî (5) sall dway cengî cîhanî duwem, wate 12î eprîlî 1950 regeznamey nemsawî bo xoy bedestibhînît. Ramyaranî ew katî em sê wllate allmanizmane be aşkra bangewazyan bo baykotkirdnî şanonamekanî ew derkird û

ew bangewaze katêk behêztir bû, ke dwacar brêşt le allmanyay xorhelatî nîştecêbû, wllatêk ke pêşnyarî letwanadabûnî şanoyekî bo karekanî ew pêşnyarkirdbû, sallêk paş mirdnî brêşt, le 4î eprîlî 1957da parlemanî allmanyay xorawayî lebarey piştîwanînekirdnî darayî dewllet lew tîpaney ke şanonamekanî ew le derewey allmanya dehênne serşano, kewte ber qsewbas lem qsewbaseda şalyarî derewey pêşûy allmanya hayinrîş fon brêntano (Heinrich von Brentano) honrawekanî 'brêşt'î letek hellbestekanî honerî nazîyist horsit – vêsll - lîd (Horsit-Wessel-Lied) berawirddekat. Letek eweşda, tîpe şanoyye hawpeymane çalakekanî şano bçûkekan, destyandaye nwandinî hendêk le şanonamekanî brêşt.

Êsta ke şerrî sard kutayî hatuwe û rjêmî soşyalîstî ruxawe, çapemenîyekan û rageyandnekanî allmanya hellêkî tazey lebaryan bedestihênawe, taweku brêşt û berhemekanî carrêkî dîke bêbehabken. Bêrtolld brêşt le cîhanda wek dramanûsêkî serkewtû û benawbang nasrawe, allmanya ewî lexoy kirdederewe, beşêweyekî lenêwber û têkderane rexney lew girt. Êsta allmanekan bebwoney yadî sedemîn sallrrojî ledaykbûnîyewe, lebarey karubarekanî û bestinî peymanîkar letek hawkaranî û peywendîye evîndarîyekanî ew, dekewne qsewbas heftenamey (dêr şpîgil der Spiegel) jmare 1î 1988, brêşt bewe tawanbardekat, ke beşêkî gewre le hendê le şanonamekanî lelayen xoyewe nenûsrawn, bellku le ketwarda lelayen hawkaranîyewe nûsrawn, ke letek ew harîkarî û serukaryan hebuwe û ew em nûsînaney wek berhemî xoy nasanduwe. Nêwerrokî aşkray em herawhuryaye lewedaye, ke em tometbarkirdnane lelayen jnanêkewe nîye, ke sallehaye mirdûn û hîç kat le jyanyanda ştêkî awayan nexistweterrû, bellku lelayen mîratberekanyaneweyewe, ke behîway wergirtnî beşêk le dahatî berhemekanî, em tometane dedene pall brêşt. Bellam bellge û perwerinde hen, ke brêşt nawî kesanêk dehênêt, ke le nûsînî berhemêkda harîkaryankirduwe, ewan le derametêk ke behoy ew berhemanewe bedestidêt, hawbeşdekat. Karî bekomell le taybetmendîyekanî

bîrkirdnewey dyaletîkî û şêwey karî brêşt bû. Bem core ewey ke ew deynûsî, letek dostanî xoy leberamber bîrurray giştîda deyixistne ber bas, ta lew rêyewe le boçûnî neyaranî agadarbêt û kemukurrî nûsînekanî pirkirduwetewe yan eweta ke betewawî şanugerîyekey gorrîwe. Xatû 'elîzabêt hatîman' yekêk le hawkare nzîkekanî, çend sall lemewber, lebarey şêwekarî 'brêşt'ewe wtî "brêşt şêweyekî herewezîyaney karî nûsînî hebû, ew deyzanî ke emrro şanugerîyek tenya katêk detwanrêt bnûsrêt, ke mruv zanyarî zor û frawan û bazirganî frawan û kereste û babetî zorîşî bo ew kare leberdestdabêt û tewawî ewane yek kes natwanêt lêyan behremendibêt, eme bawerrî ew bû. Emrro kes lem barewe gumanî nîye, ke brêşt yekêke le gewretrîn dramanûsan û honereranêk, ke zortirîn karayyan leser nûserewanî paş xoy danawe. Şanunamekanî ew wek şanonamekanî şkispîr, le wllatanî allmanîzman zyatir le berhemî dramanûsanî dîke çuwenete serşano. Berhemekanî brêşt le honrawewe bigre ta şanonamekanî û nûsînî tîorêk lebarey şano û edebyat û ramyarî bo zorbey zmanekanî cîhan wergêrdrawn. Brêşt le serdeme pirr hewraz û nşêwîyekanî jyanîda, komelle berhemêkî afrand, ke hendêkyan le lutkey şakarekanî edebyatî cîhanda qeraryangirtuwe. Hendêk le berhemekanî ew (daye dlawer û mnallekanî), (pyaw her pyawe / pyaw yeksane be pyaw), (operêtî sê filsî), (mrovî baş szêçwan), (pêşkewtinî arturo uy), (nawaze û bnema), komellêk honrawey corawcor, wtargelî wek (pênc dijwarîy le nûsînî rastîda) û (dyalêktîk le şanoda) detwanîn naw bênîn. Bedaxêkî zorewe 'bêrtolld brêşt' le rojî 14î ogsitî 1956da becêyhêştîn.

***************************************************************************

* **mexabin nawe famîlîyekey be helle wergêrrdrawete ser zmanî kurdî û bezorî " brêxt " denûsin, ke le rastîda "brêşt " druste, tewawî nawekey bem coreye "Eugen Berthold Friedrich Brechit". Lem lînkeda detwanin jyanname û lîstî berhemekanî be îngilîzî ya zmanekanî dîke bixwênnewe:**

http://en.wikipedia.org/wiki/Bertolt_Brecht#Works

# بێرتۆڵد برێشت

Genevieve Serreau ژنیڤیڤ سێرِو

ئەم بابەتە کورتکراوەی کۆمەڵە بابەتێکی نووسەرانی دەرکەوتەی شانۆیە، کە لەلایەن نێوەندی بڵاوکردنەوەی ' L Arche ' لە پاریس بڵاوکراوەتەوە. ئەم پەرتووکە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٥٤دا بڵاوکرایەوە. لە پێشەکییەکدا کە ژێنێڤیف سێرِو ساڵی ١٩٦٠ بۆ پەرتووکەکەی نووسیوە، ئاوا هاتووە " پاش نواندنەکانی تیپی (بێرلینەر ئێنزێمبل Berliner Ensemble) ساڵەکانی ٥٤، ٥٥ و ١٩٥٧ لە پاریس، فەرەنسە زۆر درەنگ پەی بە یەکێك لە گەورەترین نووسەرانی شانۆی سەردەمی خۆی کە بێرتۆڵد برێشت'ە، برد. شانۆنامەکانی برێشت هەر ئێستاکە لە تەواوی دونیادا دەردەهێنرێن، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە نەك تەنیا پەیرەوان و شاگردانی گوێرایەڵ، بەڵکو هەر بەو جۆرەش دوژمن و ڕەخنەگرانیش پەیدا بکات. ژێنێڤیف سێرِو و (ژان مارێ Jean- Marie) یەکەمین کەسانێك بوون، کە برێشت'یان ناساند. ئەم لێکۆڵینەوەیە کە لەساڵی ١٩٥٤دا نووسراوە، هەوڵی ناساندن و توێژینەوەی سەرهەڵدان و گەیشتنە لوتکەی بەرهەمەکانی برێشت، شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی چەمکی هونەریی و جوانیناسیی بەرهەمەکانی، ناساندنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی هونەری نوێ، کە هێشتا بەتەواوی نەناسراون دەدات.

کورتەیەك لە ژیانی بێرتۆڵد برێشت:
" من، بێرتۆڵد برێشت، لە جەنگەڵە ڕەشەکانەوە دێم
دایکم، کاتێك کە من لە زکیا بووم،
هاتە شار: سەرمای جەنگەڵە ڕەشەکان
تا سەرەمەرگ هەر تێمدا دەمێنێ."

بێرتۆڵد برێشت ساڵی ١٨٩٨ لە ئاوگزبورگ ( Augsburg) لە دایکێکی خەڵکی جەنگەڵە ڕەشەکان و باوکێکی باوەڕیایی هاتە دونیاوە. باوکی خاوەنی کارخانەی کاخەزدروستکردن و سەرمایەدارێکی پرۆتستانت بوو. ئەو فێرکردن و پەروەردەکردنێکی دروست و تەواوی بۆ کوڕەکەی دابینکرد. ناردیە فێرگەی سەرەتایی و دواتر ئامادەیی تا دیپلۆمی وەرگرت و لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا چووە زانکۆی میونیخ تاوەکو لە بواری پزیشکیدا بخوێنێت. لە ساڵی ١٩١٨دا،

دوو ساڵ دواتر برێشت وەك برینپێچ لە نەخۆشخانەی پشت بەرەی جەنگ خرایە خزمەت سەربازی. یەکەمین گۆرانییەکانی یاخیبوونی ئەو بۆ برینداره‌کانی جەنگ بوون. کە خۆی بە گیتار دەیگوتن.

پاش جەنگ ئەو گەڕایەوە میونیخ، شوێنێك کە هاوەڵەکانی ( بێشەر Becher)ی هۆنەر، (کاسپێر نێهەرCasper Neher)ی نیگارکێش و کەسانی دیکەی... تێدا ناسین. یەکەمین هۆنراوەی لەوانە 'ئەفسانەی سەربازی مردوو' کە هاتوماوارێکی لە مەیخانەی شاری 'میونیخ'دا بەرپخست، لەم شارەدا هۆنییەوە. لە بیست ساڵییدا یەکەمین شانۆیی (بەعل Baal )ی نووسی. ساڵی ١٩٢٢ بۆ شانۆیی ' تەپڵەکان لە دڵی شەودا ' کە سێیەمین شانۆیی ئەو بوو، خەڵاتی (کلایست Kleist)ی وەرگرت. دووساڵ دواتر، شانۆیی ' ژیانی ئێدواردی دووەم' کە بەسوودوەرگرتن لە نووسراوەی 'مارلۆ' لە (کامێرشپیل Kammmerspiel)ی مونیخ هێنایەسەر شانۆ. ئەم شانۆنامەیە یەکەمین دەرهێنانی ئەوە. پاش ئەوە شاری 'مونیخ'ی بەجێهێشت و لە بێرلین نیشتەجێبوو. لەم سەردەمەدا بوو ڕێباز و شێوەکاری ئەنارکیستی و (سینیك Cynique ١)ی کە جووڵانەوەیەکی باوی پاش جەنگ بوو، وازلێهێنا و ڕووی لە مارکسیزم نا.

شانۆیی 'مرۆڤ مرۆڤە'ی نووسی. (بەعل Baal )ی هێنایەسەر شانۆ و لەتەك (ڕاینهارد Reinhardt) و پیسکاتور هاوکارییکرد. تاوەکو ساڵی ١٩٣٣ [ ئەو ساڵەی کە بڕیاری کۆچکردنی تێدا دا] چواردە شانۆیی نووسین، کە زۆربەیان خۆی لە شانۆ جیاوازەکانی ئاڵمانیا دەریهێنان. چەند دانەیەکیان لە ئاڵمانیا دەنگدانەوەیەکی فرەیان پەیداکرد؛ لەبەرئەوەی ناوی لەنێو لیستە ڕەشەکەی نازییەکاندا بوو، ناچار ڕەویکرد و پەنایبردە سویسرا، پاشان چووە پاریس و کۆپنهاگن و سوێد و لەندەن و فینلاند. ساڵی ١٩٣٧ لە پاریس شانۆیی ' چەند دیمەنی لە ژیانی نازییەکان ' و ' تفەنگەکانی خاتوو کاراڕ'ی بە زمانی ئاڵمانی بردنە سەرشانۆ. ساڵی ١٩٤١ پاش مانەوەیەکی کورت لە مۆسکۆ، چووە ئەمریکا و لە هەرێمی کالیفۆرنیا نیشتەجێبوو و لەوێندەرێ زۆرێك لە ڕۆشنبیرە ئاڵمانییەکانی دیتنەوە. هێندێکیان ڕەگەزنامەی ئەمریکاییان وەرگرتبوو و بەشێوەیەکی یەکجارەکی لەوێندەرێ نیشتەجێبووبوون. برێشت بەمەڵەداوان حەوت ساڵی بردەسەر تاوەکو بگەڕێتەوە وڵاتەکەی. لەو ماوەدا ئەو، ساڵانە نزیکەی دوو شانۆیی دەنووسین. شانۆییەکانی کەمتر لەسەر شانۆ پیشەییەکان دەنوێندران و زۆر سەرکەوتوو نەبوون. تەنانەت شانۆیی ' ژیانی گالیلە 'ش کە لەلایەن 'چالز لاڤتۆن'ەوە سوودی لێوەرگیرابوو

و ڕۆڵی تێدابینی بوو. تەنیا بە هەوڵ و کۆششی ئێریك (بێنتلی Eric Bentley)، کە چەندین شانۆیی ئەو وەرگێڕدرابوون و لە شانۆی زانکۆکاندا دەریهێنابوون، برێشت هۆگرانی لەنێو ڕۆشنبیرە لاوەکانی ئەمەریکادا پەیدادەکات. ساڵی ١٩٤٧ لە واشنتۆن لەلایەن کۆمیتەی 'چالاکییە دژە ئەمریکییەکان'ەوە لیپرسینەوەی لەتەکدا دەکرێت. لە دێسەمبەری هەمان ساڵدا ئەمەریکا بەجێدێڵێ و چەند مانگ لە چاوەڕوانی بەدەستهێنانی مۆڵەتی چوونەوە ئاڵمانیا لەلایەن هێزە داگیرکەرە خۆرئاواییەکانەوە لە زوریخ بەسەر دەبات. دواتر لە ڕێگەی 'پراگ'وە دەچێتە بێرلین و لە بێرلینی خۆرهەلآتی نیشتەجێدەبێت.، جێیەك کە لەساڵی ١٩٤٩دا پێکەوە لەتەك هاوسەرە ئەکتەرەکەی (هێلینە ڤایگلHelene Weigel) تیپی شانۆی ' بێرلینەر ئێنزێمبڵ' دادەمەزرێنن. تیپەکە سەرەتا لە (شانۆی ئاڵمانی Deutsches Teater ) دادەمەزرێن و دواتر ساڵی ١٩٥٤ لە (Schiffbauerdamm ) نیشتەجێدەبن.

برێشت خۆی شانۆییەکانی دەباتە سەرشانۆ 'داپیرە دلاوەر' ، (پونتێلا Puntila )، 'دایك' ١٩٤٩، " (لوکولوس Lukullus) ١٩٥١، 'تفەنگەکانی خاتوو کاڕاڕ ' ١٩٥٢، 'بازنەی گەچینی قەفقازی' ١٩٥٤. لەتەك کۆمەڵێکی هەڵبژێردراو لە کەسایەتییە هونەریی و موزیکزان و دیکۆرسازان، هەوڵی پەروەردەکردنی ئەکتەران و دەرهێنەرانی لاوی دەدا، کە نواندنی هێندێك لە شانۆییەکانی بە ئەوان دەسپارد. ناوبانگدەرکردنی برێشت لە ئاڵمانیا و سەرتاسەری دونیادا پەرەیدەسەند. لەتاو فرەکاریی، بڕیاری پشوودان و وازهێنان لە برێك لە کارەکانی لەوانە دەرهێنانی شانۆیی دەدا، تاوەکو بتوانێت کاتی خۆی بۆ نووسین تەرخانبکات. ١٠ی ئۆگوستی ١٩٥٦ بۆ دوایین جار لەتەك تیپی 'بێرلینەر ئێنزێمبڵ' پرۆڤەی ' ژیانی گالیلە ' دەکەن. چەند ڕۆژ دواتر، لە شەوی ١٤ی ئۆگوستی ١٩٥٦دا برێشت دەمرێت.

جیهانێك شیاوی ئاڵوگۆڕ و هەڵگێڕانەوە دروستکەین
" یەکێ لەخۆشییەکانی سەردەمی ئێمە هەموو شتێ تێگەیشتنە
بەجۆرێ کە مۆڵەتی بەشداریکردنمان پێدەدا. "

چەندین ساڵ لەمەوپێش، شۆڕشی گواتیمالا بووە هۆی بلآوبوونەوەی وێنەك لە گۆڤاری پاریس مارچ (Paris Martch)دا کە یەکێك لە سەرنجڕاکێشترین بەڵگەنامەکانی ئەم ڕووداوە سەرسوورهێنەرە ڕامیارییە بوو. ئەم بەڵگەنامەیە گەواهیدانێکی بێوێنەیە لەسەر دونیای ئێمە.

ئایا ئەم وێنەیە ئەنجامی بێتواناییەکی ڕێکەوتانەیە یان شارەزایی دۆزەخینی وێنەگرێك ... ؟ هیچ گەرموگوڕییەك لەم وێنەدا نییە: لە پێش دیوارێکی بڵند ڕیزێك شۆڕشگێڕ - گولەبارانکراو لەو ساتەدا کە بەلادادەکەون - لە وێنەکەدا سەربازێك دوا گولە بە جەستەی گولە بارانکراوێکەوە، کە هێشتاکە بەرمەڵستیدەکات، دەنێت. لە پێشەوەی ئەم دیمەنەدا کەسانی دیکە خەریکی کارکردنن یان بەبێ دەربایسی ( کاریان تەواوبووە) : سەربازان، برینپێچێکی خاچی سوور، وێنەگرێك و لە پێشیانەوە کەشیشێك کە زۆر پەلەیەتی و سەرنجی لەسەر پەرتووکی وێردخوێندنەکەیەتی ( بەگومان لە شوێنی دیکە بۆ ئەم کارانە چاوەڕێیدەکەن ) لەسەر دیوارەکە شەپۆلێکی پڕپێکدادان کێشراوە، نائارام سەرنجدەرانە سەرتاسەری دیوارەکەیان داپۆشیوە؛ بینەران و بەجێماوان.

ئەم وێنەیە بۆخۆی خەماوی (Tragique ) نییە. وێنەیەکی بێپەردەیە و پێویستی بە دەربڕن نییە. ئەم وێنەیە ئەوکات خەماوییە، کە منی - هاوچەرخ - سەیریدەکەم. کاتێك کە پەیوەندی من و وێنەکە سەرهەڵدەدات. کاتێك کە دەستبەجێ و بەهێزی تەکاندەرانەی سادەیی و ڕوونی، لە مندا هێزی کەسێتی داوەری و داریکردن و دەربڕینی ئازادیخوازانە و بێدرۆنگی سەرهەڵدەدات.

(ئانا فیبرلینگ Anna Fierling ) برێشت، قاوەچی سوپاییەکانی 'داپیرە دلاوەر و ڕۆڵەکانی' و گشت ئەو کەسانەی کە ئەویان دەورەداوە، سات بە سات فرەتر و فرەتر لە گێژەڵۆکەی جەنگی گەوجانەی سی (٣٠) ساڵەدا ڕۆدەچن؛ ئەوانیش پاڵەوانانی پەژارەگرتوو (Tragique ) نین. واتە لە ناکۆکییەك، کە لە ناخیاندایە ئاگادار نین؛ بەڵکو لەتەکیدا دەژێن. ئەمە کاری منی [بینەر]ە، کە ئەم ناکۆکییە لەواندا بدۆزمەوە و لە ئازادی و سەربەستی و بێبەندومەرجی خۆدا لە بەرامبەر ئەواندا، پەی بە کەتواری ڕەنجەڕۆیی و پەژارەی شاراوەی ئەوان ببەم.

بەراوردی لەڕادەبەدەری نێوان وێنەیەکی گرتراو، کە تایبەتمەندی پەیوەندبوونی بۆ ڕێکەوت دەگەڕێتەوە لەتەك نواندنێکی زیندوو، کە ڕێکخراوە [ کە کارێکی هونەرییە ] ڕاست نییە. کارێك کە لە سەرەتاوە تا کۆتایی لە داهێنانی شانۆییەکەوە بگرە تا داهێنانی نواندنانەی خۆی پاپەندی ئەوە دەبینێت، کە بینەران لە بەرامبەر کارێکی شانۆیی لە ڕێوشوێنێکی ئازادانە و سەربەستدا [ کە لێوەی دواین ] دابنێت.

ئێمە لە بەشەکانی دواتری لە ڕوودانی ئەم ئاڵوگۆڕەی هێزی داهێنان و چۆنیەتی کارکردی

لایەنی هونەری، کە دواتر لەلایەن خودی 'برێشت'ەوە داڕێژرا، دەکۆڵینەوە.

بەڵام ئێستاکە با ئەم تەقینەوە بەرچاو و ئاشکرایەی وێنەی ڕووداوەکانی گواتیمالا و هەروەها دەرهێنانی 'داپیرە دلاوەر ' لەلایەن تیپی 'بێرلینەر ئێنزێمبڵ'مان لەبیربێت، کە لە بەرامبەریدا بینەران بەرەو داوەری سەربەستانە و بێبەندومەرج هاندراون. لە کاتی دەرهێنانی 'داپیرە دلاوەر'دا زۆربەی ڕەخنەگرانی فەڕەنسی، لەتەك ئەوەی کە سەبارەت بە داهێنانی نوێ لە دونیای شانۆدا ڕانەهاتبوون، نەیانتوانی لە بەکارهێنانی شێوە باوەکانی لێکۆڵەرانەی ڕەخنە و ڕەخنەگری واوەتر بڕۆن. دەبێت بەجۆرێکی بنەڕەتیتر بۆ پرسەکە بڕوانرێت، بەو جۆرەی کە ڕۆڵاند (بارتس Roland Barthes) لە وتارێکدا بەناوی 'شانۆی بنچینەیی' لە (فرانس ئۆبزێرڤاتۆیرFrance- observateur )دا لە ڕۆژی ٨ی جولای ١٩٥٤ بەڕۆشنی پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە " دوو لایەنی ڕێکەوت و چارەنووس لەم شانۆییەدا و سەربەستی بینەر لایەنی شۆڕشگێڕانە بە شانۆی برێشت دەدات ."

وا دەردەکەوێت کە تەنانەت لە خۆرهەڵاتیش ( مەبەست لە ئاڵمانیای خۆرهەڵاتی پێشووە.وەرگێڕ) ڕەخنەگرانی ئاڵمانی [ لەبەر هەندێ هۆ کە ڕۆشنن ] لە بەرامبەر بەرهەمەکانی برێشت'دا هەست بە جۆرێ نائاسوودەیی دەکەن. لەبەرئەوەی ئەوان بینەرانی ئەوڕۆکەی ئاڵمانیا بەچاکی نازدەکەن؛ خەڵکانێك کە ساڵانێکی دوورودرێژ ڕێڕەوی ڕیزە سەربازی و پشکنینە سوپایی و خۆدەرخستنە سەربازییەکانی هیتلەریی سوکایەتی پێکردوون؛ کەسانێك کە تەنیا ئارەزوومەندی سەرگەرمی و هەڵهاتن لە کەتوار بوون و لەبەرئەوە هۆگرییان بۆ ئازادی لاوازبووە. ئاڵمانی کۆڵان و بازار بوونەوەیکی سەرلێشێواوە و خۆونکردووە، پارچە پارچەبوونی بیرەوەرییەکانی، کە هێندێکیان جێی شانازین و هێندێکیان جێی شەرمەزاری. ئەو ناخۆشییەکی دیتووە و هێشتاکە بەباشی نازانێت، کە چۆن بەسەری هاتووە، بۆیە ئەو دەچێتە شانۆ کە تێبگات؛ یان ڕاستر بڵێین، تاوەکو پێیبڵێن کە چۆن بیر لە بەسەرهات و ڕازەکانی بکاتەوە، بەسەرهاتی دوێنێ و ڕازی سبەینێ. ئەو نارواتە شانۆ کە سەربەستانە گیان و دەروونی و ئەندێشەی ڕەخنەگرانەی سەبارەت بەو بەسەرهات و ڕازانە پەروەردەبکات. ڕەخنەگرێك لە (Taegliche Rundschau )دا نووسێت " لە ڕوانگەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانەوە، بەرهەمەکانی برێشت کەمێك داشکێنەرانە (انحطاطانە) دێنەپێشچاو. داشکان لەوێوە دەستپێدەکات، کە لەسەر دۆشدامان و بێتوانایی مروڤ لە بەرامبەر مێژووەکەی، پێدادەگیرێت. لەبەرئەوەی، لە

شانۆیی 'داپیرە دلاوەر'دا، برێشت لە نیشاندانی جەنگ بەهەموو سەرئەنجامە ترسێنەرەکانییەوە سەرکەوتوو دەبێت ...، بەڵام ئەو کەسانەی کە سووتەمەنی جەنگەکەن، بێجگە لە کاردانەوەی سروشتی و خۆبەخۆ، کاردانەوەیەکی دیکەیان نییە. هیچکات لە ڕووی بنۆس و بەڵگەوە بە کارێك هەڵناستن تاوەکو کاردانەوەیان لایەنی پۆزێتیف بەخۆوە بگرێت."

هەروەها لە ڕۆژنامەی نوێ (Neue Zeitung )دا ئەمە هاتووە کە "برێشت تەنیا بەدبینانە بینەری کارەسات و نەهامەتییەکانی جەنگە و هانمان دەدات، ئاوا بۆی بڕوانین. "

(ڤۆڵف Wolff )ی ڕەخنەگریش لە دیالۆگێکی ئاوەڵادا لەتەك برێشت داخگرانی دەربڕی، کە 'داپیرە دلاوەر' تا کۆتایی شانۆییەکە، هیچ جۆرە گۆڕانی بەسەردا نایێت. ئەو دەیویست 'داپیرە دلاوەر' لە ئەنجامی ئەو سەختییانەی کە تووشی بووبوون، هوشیار و وریابووایەتەوە، پەی بە توانایی جیاکردنەوەی کۆتایی هۆ و هۆکاری جنگ ببردایە و بەشێوەیەکی لێبڕاوانە لە بەرامبەر جەنگدا هەڵوێستی وەربگرتایە و خۆی لە کۆیلەتی جەنگ ڕزگار بکردایە. ئەگەر داپیرە دلاوەر پەروەندەی خۆی و جەنگی لەسەر شانۆ پێشنیار بکردایە، پێش هەموو شتێك بە واتای وازهێنالن دەبوو لە پەیبردن و هەڵبژاردنی بینەر؛ وازهێنان لە تواناییەك، کە برێشت نابوویەبەردەم بینەر [ کە لە بەرامبەر ڕووداوە دڵتەزینەکانیدا] هەڵبژاردنی سەربەستانەی خۆی بکات.

ڤۆڵف دەڵێت " پاش دەرهێنانی 'داپیرە دلاوەر' بینەرانی ئاڵمانی دەگەڕێنەوە ماڵەوە و بەیەکتر دەڵێن " بەڵێ ڕاستە جەنگ کاری چارەنووس و لەپێش دیاریکراوە .. خۆ دورگرتن لێی لەتوانادا نییە ... ناتوانرێت بەری پێبگیرێت" ... و دووبارە پەنا دەباتەوە بەر ناچاری و خۆشباوەڕی بە چارەنووسی خۆی."

بینەرێك کە هوشیاری لەسەر بەدبەختی و نەهامەتییەکانی لە نائومێدی بەولاوەتر نییە؛ بینەرێك کە چاوەڕێی دەستوور و فەرمانە؛ لە کاتێکدا کە ئەو بە هەڵبژاردن و سەربەستی ئارەزوومەند دەکەن؛ ئاوەهایە بینەری ئاڵمانی، کە برێشت پاپەند بە ڕێکخستنی دیالۆگێکی زۆر دژوارە لەتەك ئەودا.

'شانۆیی برێشتی' لە پێکهاتەی گشتیدا لە شێوە و چوارچێوەی باوی شانۆی کلاسیك

دادەبڕێت، بەهەمان شێوە کە لە دەرهاتن لە شێوەی شانۆی پڕوپاگەندەیی و دروشمدەرانە خۆی دووردەگرێت. 'شانۆیی برێشتی' ئامرازێکە بۆ خەبات کە هەرگیز باوەڕی ڕاستەقینەی خۆی بە لێدان و زۆری دروشم ناباتە مێشکی بینەر. ئامرازی دەربڕینی یەکسەرە و دڵنیایی و هوشیارانە، ئامرازێکی هونەرییە، لە چوارچێوەی دونیایەکی هەستپێکراو و کەتواریدا، واتا و چەمکی هەیە. دونیایەك کە دەبێت بگۆڕدرێت. ئەم گۆڕان و هەڵگێڕانەوەیە پێویست و ناچارییە. دونیایەك کە تەنیا لەم ئاڵوگۆڕەدا دەکرێت هەستپێبکرێت. بەڵام چۆن چۆنی شتێك کە نابینین، شتێك کە پێمانەوە نووساو و چەسپێندراوە، شتێك کە باشە و بەرژەوەندی ئەو هەروەك شتێکی سروشتی و خێزانیی یان شتێکی ددانپیانراو و لە چارەنووسراو پێماندەناسرێت، دەبێت بگۆڕین ؟

" هەرگیز لە بەرامبەر ڕووداوی ڕۆژانەدا نەڵێن : سروشتییە ... بۆئەوەی هیچ شتێك وەك جێگیر و نەگۆڕ هەژمارنەکرێت"، ئاوەهایە تێڕوانیی ڕێنوێن ' ناوازە و بنەما '. هەر ئاواشە لە شانۆیی برێشت'دا، بەخۆگریی و ددانبەخۆداگری و هەوڵوکۆششی هەمیشەیی لێوارەکانی 'ئاسایی و باوی' ڕووپۆشی کەتوار هەڵدەدرێنەوە و لەبەرچاوی واقووڕماو و بەشداریی و هەڵبژاردنی سەربەستانەی ئێمە دادەنرێن. واژەی ( نامۆبوون Verfremdung)، کە ئێمە لە فەرەنسە بەشێوەی جۆراوجۆر وەرمانگێڕاوە و بەردەوام برێشت لەبارەیەوە دەدوێت، بەهیچ شێوەیەك لە دەرهێنان و دیمەنرازانەوە لە بەرامبەر ڕێسای باو و کۆنەی شانۆی ئاڵمانی نییە، بەڵکو شتێکە دەبێت لە داهێنانی شانۆیی برێشتیدا بۆ ڕەگوڕیشەی بگەڕێیت.

کۆمەڵگەیەك کە تەنانەت لە بزووتن و شوێنگۆڕکێی خۆیشیدا، بریتییە لە کۆمەڵێك ناکۆکی و لە ئەنجامی لەیەکدابڕانی بەردەوام لەتەك خۆیدا، هەروەك زنجیرەیەك لە ئەزموونی ناسێنراو پێمان، کە لە دژی ئەزموونی خۆیشی مۆڵەت و بواری بەشداریکردن دەدات. دەبێت جێی ئەم کایەیە لە دەرهێناندا لەبەرچاوبگیردرێت. بەو واتایەی کە دەبێت لەتەك نواندندا "دووری" بگیردرێت، ئەگەر خواست و نیازی ئێمە لەبەرچاوگرتنی ئەم ناکۆکییە بێت و ئەم پرسە نەك تەنیا لە دەرهێناندا، بەڵکو دەبێت لە نووسینەکەشدا لەبەرچاوبگیرێت. ماوەی نێوان نووسەر و بەسەرهاتێك کە دەگێڕدرێتەوە، دووری یان کایەی ( هەروەك برغو و سەمونەی دەزگەیەك، کە بواری کایەیان هەیە) نێوان بەسەرهات و ئەکتەرێك کە بەبزووتن و دوان گێڕەڕەوەی ئەو بەسەرهاتەیە، دووری نێوان دەرهێنان و بینەرێك کە وەریدەگرێت. دواجار لەگشت ئەمانە

گرنگتر، شێوازێك كە بینەر ڕووداوەكانی بەسەرهاتەكە لە نواندنی شانۆییدا بەشێوەیەكی زیندوو و چالاك وەردەگرێت، ڕووداوی بەسەرهاتێك كە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەتەك بینەراندا هەیە، لەبەرئەوەی كە قسە لەسەر پەیوەندی مرۆیی و پەیوەندی نێوان مرۆڤەكانە.

برێشت نە بۆ خۆشی و چێژی كەسی خۆی دەنووسێت، نە بۆئەوەی پەیامێك بەدونیا بگەیێنێت و نە نیازی ئەوەی هەیە، كە كۆمەڵێك لە نزیكانی لە بەرهەمەكانی ئەو جۆرە "پەرتووكێكی پیرۆز" چێبكەن. ئەو بۆ بینەرێك دەنووسێت، كە لە پەیوەندێكی توندوتۆڵدایە لەتەك ئەو و پرسی كاری ئەودایە، تاوەكو ئەو بگاتە پاپەندی هەڵبژاردن و سەربەستی، كە تەنیا مسۆگەركەری ئەم ئاڵوگۆڕ و هەڵگێڕانەوە ئەگەرییەی دونیادایە.

*************************************************************************

(١) فیلۆسۆفی سەردەمی كۆن، بریتییە لە گەڕانەوە بۆ سروشت و پشتگردنە بڕیارنامە كۆمەڵایەتی و بیرۆكە گشتییەكان و بنچینە ڕەوشتییە زاڵەكانی نێو كومەڵگە.

وەرگێڕ لە فەرەنسییەوە: صدرالدین زاهد

وەرگیراو لە: گۆڤاری (فصل تئاتر) ژمارە ٦ی هاوینی ١٩٩٨ .

* ئەم دیمانەیە لە پەڕتووكی 'بیركردنەوە لەبەر ئەوە' چاپكراوە، كە لەلایەن نێوەندی بڵاوكردنەوەی (مارو)وە لە ساڵی (١٩٩٨)دا بەبۆنەی سەدەمین ساڵرۆژی لەدایكبوونی برێشت'ەوە بڵاوكراوەتەوە. لێرەدا وەرگێڕانی هێندێك لەو دیمانەیە پێشكەش دەكەین.

# Bêrtolld Brêşt

Jnîvîv sêru Genevieve Serreau

em babete kurtikrawey komelle babetêkî nûseranî derkewtey şanoye, ke lelayen nêwendî bllawkirdnewey ' Li Arche ' le parîs bllawkrawetewe. Em pertûke bo yekemîn car le sallî 1954da bllawkrayewe. Le pêşekîyekda ke jênêvîv sêru sallî 1960 bo pertûkekey nûsîwe, awa hatuwe " paş nwandnekanî tîpî (bêrlîner ênzêmbil Berliner Ensemble) sallekanî 54, 55 û 1957 le parîs, ferense zor dreng pey be yekêk le gewretrîn nûseranî şanoy serdemî xoy ke ' bêrtolld brêşt'e, bird. Şanonamekanî brêşt her êstake le tewawî dunyada derdehênrên, her emeş buwe hoy ewey ke nek tenya peyrewan û şagirdanî gwêrayell, bellku her bew coreş dujmin û rexnegranîş peyda bkat. Jênêvîv sêru û (jan maryê Jean- Marie) yekemîn kesanêk bûn, ke 'brêşt'yan nasand. Em lêkollîneweye ke lesallî 1954da nûsrawe, hewllî nasandin û twêjînewey serhelldan û geyiştne lutkey berhemekanî brêşt, şîkirdnewe û lêkollînewey çemkî hunerîy û cwanînasîy berhemekanî, nasandinî layene corawcorekanî hunerî nwê, ke hêşta betewawî nenasrawn dedat.

Kurteyek le jyanî bêrtolld brêşt:
" min, bêrtolld brêşt, le cengelle reşekanewe dêm
Daykim, katêk ke min le zikya bûm,
Hate şar: sermay cengelle reşekan
Ta seremerg her têmda demênê."

Bêrtolld brêşt sallî 1898 le awgizburg ( Augisburg) le daykêkî xellkî cengelle reşekan û bawkêkî baweryayî hate dunyawe. Bawkî xawenî karxaney kaxezdrustkirdin û sermayedarêkî protistant bû. Ew fêrkirdin û perwerdekirdnêkî drust û tewawî bo kurrekey dabînkird. Nardye fêrgey seretayî û dwatir amadeyî ta dîplomî wergirt û le temenî hejde sallîda çuwe zankoy mîwnîx taweku le bwarî pzîşkîda bixwênêt. Le sallî

1918da, dû sall dwatir brêşt wek brînpêç le nexoşxaney pişt berey ceng xraye xizmet serbazî. Yekemîn goranîyekanî yaxîbûnî ew bo brîndarekanî ceng bûn. Ke xoy be gîtar deygutin.

Paş ceng ew gerrayewe mîwnîx, şwênêk ke hawellekanî ( bêşer Becher)î honer, (kaspêr nêherCasper Neher)î nîgarkêş û kesanî dîkey... têda nasîn. Yekemîn honrawey lewane 'efsaney serbazî mirdû' ke hatuhawarêkî le meyxaney şarî 'mîwnîx'da berrêxsit, lem şareda honîyewe. Le bîst sallîyda yekemîn şanoyî (be'li Baal )î nûsî. Sallî 1922 bo şanoyî ' tepllekan le dllî şewda ' ke sêyemîn şanoyî ew bû, xellatî (klayist Kleist)î wergirt. Dûsall dwatir, şanoyî ' jyanî êdwardî duwem' ke besûdwergirtin le nûsrawey ' marlo' le (kamêrşipîl Kamimmerispiel)î munîx hênayeser şano. Em şanonameye yekemîn derhênanî ewe. Paş ewe şarî 'munîx'î becêhêşt û le bêrlîn nîştecêbû. Lem serdemeda bû rêbaz û şêwekarî enarkîstî û (sînîk Ciynique 1)î ke cûllaneweyekî bawî paş ceng bû, wazlêhêna û rûy le markisîzm na.

Şanoyî ' mrov mrove 'î nûsî. (Be'li Baal )î hênayeser şano û letek (rayinhard Reinhardit) û pîskatur hawkarîykird. Taweku sallî 1933 [ ew salley ke birryarî koçkirdnî têda da] çwarde şanoyî nûsîn, ke zorbeyan xoy le şano cyawazekanî allmanya derîhênan. Çend daneyekyan le allmanya dengdaneweyekî freyan peydakrid; leberewey nawî lenêw lîste reşekey nazîyekanda bû, naçar rewîkrid û penaybirde suyisra, paşan çuwe parîs û kopinhagin û swêd û lenden û fînland. Sallî 1937 le parîs şanoyî ' çend dîmenî le jyanî nazîyekan ' û ' tfengekanî dapîre karrirxan'î be zmanî allmanî birdne serşano. Sallî 1941 paş maneweyekî kurt le mosko, çuwe emrîka û le herêmî kalîfornya nîştecêbû û lewênderê zorêk le roşnibîre allmanîyekanî dîtnewe. Hêndêkyan regeznamey emrîkayîyan wergirtbû û beşêweyekî yekcarekî lewênderê nîştecêbûbûn. Brêşt behelledawan hewt sallî birdeser taweku bgerrêtewe wllatekey. Lew maweda ew, sallane nzîkey dû şanoyî denûsîn. Şanoyîyekanî kemtir leser şano pîşeyîyekan denwêndran û zor serkewtû nebûn. Tenanet şanoyî ' jyanî

galîle 'şi ke lelayen 'çalz lavton'ewe sûdî lêwergîrabû û rollî têdabînî bû. Tenya be hewll û koşşî êrîk (bêntilî Eric Bentley), ke çendîn şanoyî ew wergêrrdrabûn û le şanoy zankokanda derîhênabûn, brêşt hogranî lenêw roşnibîre lawekanî emerîkada peydadekat. Sallî 1947 le waşinton lelayen komîtey ' çalakîye dje emrîkîyekan 'ewe lîprisînewey letekda dekrêt. Le dêsemberî heman sallda emerîka becêdêllê û çend mang le çawerrwanî bedestihênanî molletî çûnewe allmanya lelayen hêze dagîrkere xorawayîyekanewe le zurîx beser debat. Dwatir le rêgey 'prag'we deçête bêrlîn û le bêrlînî xorhellatî nîştecêdebêt., cêyek ke lesallî 1949da pêkewe letek hawsere ekterekey (hêlîne vaygilHelene Weigel) tîpî şanoy ' bêrlîner ênzêmbill' dademezrênin. Tîpeke sereta le (şanoy allmanî Deutisches Teater ) dademezrên û dwatir sallî 1954 le (Sichififbauerdamim ) nîştecêdebin.

Brêşt xoy şanoyîyekanî debate serşano ' dapîre dlawer ' , (puntêla Puntila ) , ' dayk ' 1949, " )lukulus Lukullus) 1951, ' tfengekanî xatû karrarr ' 1952, ' bazney geçînî qefqazî ' 1954. Letek komellêkî hellbijêrdraw le kesayetîye hunerîy û muzîkzan û dîkorsazan, hewllî perwerdekirdnî ekteran û derhêneranî lawî deda, ke nwandinî hêndêk le şanoyîyekanî be ewan despard. Nawbangderkirdnî brêşt le allmanya û sertaserî dunyada pereydesend. Letaw frekarîy, birryarî pşûdan û wazhênan le brrêk le karekanî lewane derhênanî şanoyî deda, taweku bitwanêt katî xoy bo nûsîn terxanbkat. 10î ogustî 1956 bo dwayîn car letek tîpî 'bêrlîner ênzêmbill' provey ' jyanî galîle ' deken. Çend roj dwatir, le şewî 14î ogustî 1956da brêşt demrêt.

Cîhanêk şyawî allugorr û hellgêrranewe drustkeyn
" yekê lexoşîyekanî serdemî ême hemû ştê têgeyiştne
Becorê ke molletî beşdarîkirdinman pêdeda. "

Çendîn sall lemewpêş, şorrşî gwatîmala buwe hoy bllawbûnewey wênek le govarî parîs març (Paris Martich)da ke yekêk le sernicrrakêştirîn bellgenamekanî em rûdawe

sersûrhênere ramyarîye bû. Em bellgenameye gewahîdanêkî bêwêneye leser dunyay ême. Aya em wêneye encamî bêtwanayîyekî rêkewtaneye yan şarezayî dozexînî wênegrêk ... ? Hîç germugurrîyek lem wêneda nîye: le pêş dîwarêkî bllind rîzêk şorrşigêrr - gulebarankraw lew sateda ke beladadekewn - le wênekeda serbazêk dwa gule be cestey gule barankrawêkewe, ke hêştake berhellsitîdekat, denêt. Le pêşewey em dîmeneda kesanî dîke xerîkî karkirdnin yan bebê derbaysî ( karyan tewawbuwe) : serbazan, brînpêçêkî xaçî sûr, wênegrêk û le pêşyanewe keşîşêk ke zor peleyetî û sernicî leser pertûkî wêrdixwêndnekeyetî ( bêguman le şwênî dîke bo em karane çawerrêydeken ) leser dîwareke şepolêkî pirrpêkdadan kêşrawe, naaram serincderane sertaserî dîwarekeyan dapoşîwe; bîneran û becêmawan.

Em wêneye boxoy xemawî (Tragique ) nîye. Wêneyekî bêperdeye û pêwîstî be derbirrin nîye. Em wêneye ewkat xemawîye, ke mnî - hawçerx - seyrîdekem. Katêk ke peywendî min û wêneke serhelldedat. Katêk ke destbecê û behêzî tekanderaney sadeyî û rûnî, le minda hêzî kesêtî dawerî û dyarîkirdin û derbrrînî azadîxwazane û bêdirrdongî serhelldedat.

(ana fîyirlîng Anna Fierling ) brêşt, qaweçî supayîyekanî 'dapîre dlawer û rollekanî ' û gişt ew kesaney ke ewyan dewredawe, sat be sat fretir û fretir le gêjellokey cengî gewcaney sî (30) salleda rodeçin; ewanîş pallewananî pejaregritû (Tragique ) nîn. Wate le nakokîyek, ke le naxyandaye agadar nîn; bellku letekîda dejên. Eme karî mnî [bîner]e, ke em nakokîye lewanda bdozmewe û le azadî û serbestî û bêbendumercî xoda le beramber ewanda, pey be ketwarî rencerroyî û pejarey şarawey ewan bbem.

Berawridî lerradebederî nêwan wêneyekî girtraw, ke taybetmendî peywendibûnî bo rêkewt degerrêtewe letek nwandinêkî zîndû, ke rêkixrawe [ ke karêkî hunerîye ] rast nîye. Karêk ke le seretawe ta kotayî le dahênanî şanoyîyekewe bigre ta dahênanî

nwandnaney xoy papendî ewe debînêt, ke bîneran le beramber karêkî şanoyî le rêwşiwênêkî azadane û serbestda [ ke lêwey dwayn ] dabnêt.

Ême le beşekanî dwatrî le rûdanî em allugorrey hêzî dahênan û çonyetî karkirdî layenî hunerî, ke dwatir lelayen xudî 'brêşt'ewe darrêjra, dekollînewe.

Bellam êstake ba em teqînewe berçaw û aşkrayey wêney rûdawekanî gwatîmala û herweha derhênanî 'dapîre dlawer ' lelayen tîpî ' bêrlîner ênzêmbill 'man lebîrbêt, ke le beramberîda bîneran berew dawerî serbestane û bêbendumerc handrawn. Le katî derhênanî ' dapîre dlawer 'da zorbey rexnegranî ferrensî, letek ewey ke sebaret be dahênanî nwê le dunyay şanoda ranehatbûn, neyantwanî le bekarhênanî şêwe bawekanî lêkolleraney rexne û rexnegrî wawetir brron. Debêt becorêkî bnerretîtir bo pirseke birrwanrêt, bew corey ke rolland (bartis Roland Barthes) le wtarêkda benawî ' şanoy binçîneyî ' le (franis obzêrvatoyirFrance- observateur )da le rojî 8î culaî 1954 berroşnî pencey bo rakêşawe " dû layenî rêkewt û çarenûs lem şanoyîyeda û serbestî bîner layenî şorrşigêrrane be şanoy brêşt dedat ."

Wa derdekewêt ke tenanet le xorhellatîş ( mebest le allmanyay xorhellatî pêşuwe.wergêrr) rexnegranî allmanî [ leber hendê ho ke roşnin ] le beramber berhemekanî 'brêşt 'da hest be corê naasûdeyî deken. Leberewey ewan bîneranî ewrrokey allmanya beçakî nazdeken; xellkanêk ke sallanêkî dûrudrêj rêrrewî rîze serbazî û pişknîne supayî û xoderxistne serbazîyîkanî hîtlerîy sukayetî pêkridûn; kesanêk ke tenya arezûmendî sergermî û hellhatin le ketwar bûn û leberewe hogrîyan bo azadî lawazbuwe. Allmanî kollan û bazar bûneweêkî serlêşêwawe û xowinkirduwe, parçe parçebûnî bîrewerîyekanî, ke hêndêkyan cêy şanazîn û hêndêkyan cêy şermezarî. Ew naxoşîyekî dîtuwe û hêştake bebaşî nazanêt, ke çon beserî hatuwe, boye ew deçête şano ke têbgat; yan rastir bllêyn, taweku pêybllên ke çon bîr le beserhat û razekanî bkatewe, beserhatî dwênêy û razî sbeynêy. Ew

narrwate şano ke serbestane gyan û derûnî û endêşey rexnegraney sebaret bew beserhat û razane perwerdebkat. Rexnegrêk le (Taegliche Rundischau )da nûsêt " le rwangey ryalîzmî şorrşigêrranewe, berhemekanî brêşt kemêk daşkênerane (anhgagane) dênepêşçaw. Daşkan lewêwe destipêdekat, ke leser doşdaman û bêtwanayî mruv le beramber mêjuwekey, pêdadegîrêt. Leberewey, le şanoyî ' dapîre dlawer 'da, brêşt le nîşandanî ceng behemû serencame tirsênerekanîyewe serkewtû debêt ..., bellam ew kesaney ke sûtemenî cengeken, bêcge le kardanewey sruştî û xobexo, kardaneweyekî dîkeyan nîye. Hîçkat le rûy bnos û bellgewe be karêk hellnastin taweku kardaneweyan layenî pozêtîv bexoe bigrêt."

Herweha le rojnamey nwê (Neue Zeitung )da eme hatuwe ke "brêşt tenya bedbînane bînerî karesat û nehametîyekanî cenge û hanman dedat, awa boy birrwanîn. "

(Vollf Wolfif )î rexnegrîş le giftugoyekî awellada letek brêşt daxgranî derbrrî, ke ' dapîre dlawer ' ta kotayî şanoyîyeke, hîç core gorranî beserda nayêt. Ew deyuyist 'dapîre dlawer' le encamî ew sextîyaney ke tûşî bûbûn, huşyar û wiryabuwayetewe, pey be twanayî cyakirdnewey kotayî ho û hokarî cing bbirdaye û beşêweyekî lêbrrawane le beramber cengda hellwêstî werbgirtaye û xoy le koyletî ceng rizgar bkirdaye. Eger dapîre dlawer perwendey xoy û cengî leser şano pêşnyar bkirdaye, pêş hemû ştêk be watay wazhênaln debû le peybirdin û hellbjardinî bîner; wazhênan le twanayîyek, ke brêşt nabûyeberdem bîner [ ke le beramber rûdawe dilltezînekanîda] hellbjardinî serbestaney xoy bkat.

Vollf dellêt " paş derhênanî ' dapîre dlawer ' bîneranî allmanî degerrênewe mallewe û beyektir dellên " bellê raste ceng karî çarenûs û lepêş dyarîkrawe .. Xo durgirtin lêy letwanada nîye ... natwanrêt berî pêbgîrêt" ... û dûbare pena debatewe ber naçarî û xoşbawerrî be çarenûsî xoy."

Bînerêk ke huşyarî leser bedbextî û nehametîyekanî le naumêdî bewlawetir nîye; bînerêk ke çawerrêy destûr û fermane; le katêkda ke ew be hellbjardin û serbestî arezûmend deken; awehaye bînerî allmanî, ke brêşt papend be rêkxistinî giftugoyekî zor dijware letek ewda.

Şanoy 'brêşt'î le pêkhatey giştîda le şêwe û çwarçêwey bawî şanoy klasîk dadebrrêt, beheman şêwe ke le derhatin le şêwey şanoy prrupagendeyî û druşimderane xoy dûrdegrêt. Şanoy 'brêşt'î amrazêke bo xebat ke hergîz bawerrî rasteqîney xoy be lêdan û zorî druşm nabate mêşkî bîner. Amrazî derbrrînî yeksere û dillnyayî û huşyarane, amrazêkî hunerîye, le çwarçêwey dunyayekî hestipêkraw û ketwarîda, wata û çemkî heye. Dunyayek ke debêt bgorrdirêt. Em gorran û hellgêrraneweye pêwîst û naçarîye. Dunyayek ke tenya lem allugorreda dekrêt hestîpêbkirêt. Bellam çon çonî ştêk ke naybînîn, ştêk ke pêmanewe nûsaw û çespêndrawe, ştêk ke başe û berjewendî ew herwek ştêkî sruştî û xêzanîy yan ştêkî ddanpyanraw û le çarenûsraw pêmandenasrêt, debêt bgorîn ?

" hergîz le beramber rûdawî rojaneda nellên : sruştîye ... boewey hîç ştêk wek cêgîr û negorr hejmarnekrêt", awehaye têrrwanîy rênwên ' nawaze û bnema '. Her awaşe le şanoy 'brêşt 'da, bexogrîy û ddanbexodagrî û hewllukoşşî hemîşeyî lêwarekanî ' asayî û bawî ' rûpoşî ketwar helldedrênewe û leberçawî waqûrrmaw û beşdarîy û hellbjardinî serbestaney ême dadenrên. Wajey ( namobûn Verifremdung), ke ême le ferrense beşêwey corawcor wermangêrrawe û berdewam 'brêşt' lebareyewe dedwêt, behîç şêweyek le derhênan û dîmenrrazanewe le beramber rêsay baw û koney şanoy allmanî nîye, bellku ştêke debêt le dahênanî şanoy 'brêşt'îda bo regurrîşey bgerrêyt.

Komellgeyek ke tenanet le bzûtin û şwêngorrkêy xoyşîda, brîtîye le komellêk nakokî û le encamî leyekdabrranî berdewam letek xoyda, herwek zincîreyek le ezmûnî nasênraw pêman, ke le djî ezmûnî xoyşî mollet û bwarî beşdarîkirdin dedat. Debêt

cêy em kayeye le derhênanda leberçawbigîrdirêt. Bew watayey ke debêt letek nwandinda "dûrî" bgîrdirêt, eger xwast û nyazî ême leberçawgirtnî em nakokîye bêt û em pirse nek tenya le derhênanda, bellku debêt le nûsînekeşda leberçawbigîrêt. Mawey nêwan nûser û beserhatêk ke degêrrdirêtewe, dûrî yan kayey ( herwek birxu û semuney dezgeyek, ke bwarî kayeyan heye) nêwan beserhat û ekterêk ke bebzûtin û dwan gêrrerrewey ew beserhateye, dûrî nêwan derhênan û bînerêk ke werîdegrêt. Dwacar legşit emane gringtir, şêwazêk ke bîner rûdawekanî beserhateke le nwandinî şanoyîda beşêweyekî zîndû û çalak werdegrêt, rûdawî beserhatêk ke peywendî rastewxoy letek bîneranda heye, leberewey ke qse leser peywendî mroyî û peywendî nêwan mrovekane.

Brêşt ne bo xoşî û çêjî kesîy xoy denûsêt, ne boewey Peyamêk bedunya bgeyênêt û ne nyazî ewey heye, ke komellêk le nzîkanî le berhemekanî ew core "pertûkêkî pîroz" çêbken. Ew bo bînerêk denûsêt, ke le peywendêkî tundutolldaye letek ew û pirsî karî ewdaye, taweku ew bgate papendî hellbjardin û serbestî, ke tenya msogerkerî em allugorr û hellgêrranewe egerîyey dunyadaye.

******************************************************************************

**(1) fîlosofî serdemî kon, brîtîye le gerranewe bo sruşt û piştgirdne birryarname komellayetîy û bîroke giştîyekan û binçîne rewşitîye zallekanî nêw kumellge.**
**Wergêrr le ferensîyewe: êdraldîn zahd**
**Wergîraw le: govarî (fêl tatir) jmare 6î hawînî 1998 .**

*** em giftugoye le perrtûkî ' bîrkirdnewe gorrane 'da çapkrawe, ke lelayen nêwendî bllawkirdnewey (maru)we le sallî (1998)da beboney sedemîn sallrrojî ledaykbûnî 'brêşt'ewe bllawkrawetewe, lêreda wergêrranî hêndêk lew giftugoye pêşkeş dekeyn.**

## دیمانه لەتەك ' ڕێگینه لوتس Regine Lutz' دەربارەی 'بێرتۆڵد برێشت'

ئـەم دیمانەیـە لـە پـەڕتـووکی " بیرکردنـەوە، لـەبـەرئـەوە" چـاپکراوە، کـە لـەلایـەن نێوەنـدی بڵاوکردنـەوەی ' مـارو 'وە لـەسـاڵی (١٩٩٨)دا بـەبۆنـەی سـەدەهـەمـین سـاڵڕۆژی لـەدایکبـوونی برێشت'ەوە بڵاوکراوەتەوە، لێرەدا وەرگێڕانی هێندێك لەو دیمانەیە پێشکەش دەکەین ...

ڕێگینه لـوتس ٢٢ی دێسەمبەری ١٩٢٨ لـه بازڵ/ سویسرا لـەدایکبـووە، پاش وەرگرتنی دیپلۆم، ساڵی ١٩٤٧ لە شانۆی زوریخ وەك شاگردێك دەستبەکاربووە و بۆ نواندنی سەرلەنوێی شانۆیی "سـەروەر پونتیلا و کۆیلە ماتی" لـەساڵی ١٩٤٨دا بۆ ڕۆڵبینین تێیدا بانگەواز کرا. کارکردنی لـەم ساڵەوە هاوکاتی بنیاتنانی شانۆی 'بێرلینەر ئێنزێمبل' لەتەك برێشت دەستیپێکرد و تاوەکو ساڵی ١٩٦٠ درێـژەی کێـشا. ڕێگینـه ڕۆڵی جۆراوجـۆری لـه شـانۆنامەکانی برێـشت'دا گێڕاوە: یڤێتـە (Yvette) لە شـانۆیی 'داپیرە دلاوەر و نـەوەکانی'، ئێڤا (Eva) لە 'سـەروەر پونتیلا و کۆیلـه مـاتی'، ڤێرگینیا (Verginia) لە 'ژیانی گالیلە'، پۆلی (Polly) لە 'ئۆپێرای سێ عانەیی'دا. برێشت شانۆیی 'تـەپڵەکان و ترۆمپێتـەکان Pauken und Trompeten'ی لەبەر ئەو دەرهێنا و ڕۆڵی ڤیکتۆریای دایە ئەو. هێربەرت ئیهرینگ (Herbert Ihring) لەبارەی ڕۆڵی 'ڕێگینە'وە لەم شانۆییەدا دەڵێت "هیچکـات (ڕێگینـه لـوتس)م ئـاوا ئاسـوودە و زینـدوو لـه ڕۆڵگێڕانـدا نـەدیتبـوو، کـه لـه ڕۆڵی 'ڤیکتۆریا'دا دیتم". سـاڵی ١٩٦٠ 'ڕێگینـه لـوتس' بۆ کارکردن لـەتـەك ڕۆدۆڵـف نۆوڵتـه (Rodolf Noulte) چـووە بێرلین و پاشـان وەك ئـەکتـەری میـوان لـه شـانۆکانی مـونیخ، برێمن، ڤـوپێرتـاڵ، کاسڵ، زوریخ دەستیبەکارکرد. ڕێگینـه لـەپاڵ کاری شـانۆگەرییدا لـه تێلـەفزیۆنیـشدا سـەرقـاڵی ڕۆڵگێڕان بوو. ساڵی ١٩٦٨ بۆ کارکردن چووە لای 'فریـدریش دیورنمات Friedrich Durrenmatt' و 'ڤێرنـەر دوگلین Werner Duggelin' لـه بـازڵ. سـاڵی ١٩٧٠ لەتەك دکتۆرێك هاوسـەرییکـرد و لـەپاڵ کاری شـانۆگەریدا وەك بـەردەسـتی دکتـۆر هاریکاری هاوسـەرەکـەی دەکـرد. پاش مردنی هاوسـەرەکـەی لـەسـاڵی ١٩٨٣دا دووبـارە سـەرقـاڵی کـاری شـانۆگەری و ڕۆڵبینـین لـه زنجیـری تێلەفزیۆنیدا بووەوە. ساڵی ١٩٩٣ پەرتووکێکی بەناوی "ئەکتـەریی، جـوانترین پیشـه schonste Schauspieler der Beruf" بڵاوکردەوە، کە مەبەستی هاریکاری ئەکتەرە لاوەکان بوو. لە ساڵی ١٩٩٥دا وەك فێرگـەر لـه فێرگـەی ئاکادیمیکی 'شـانۆی بـایێرن BayeriscenTheaterakademie' دەستی بە وانە وتنەوە کرد.

- له ساڵی ١٩٤٧دا كه برێشت گەڕایەوە ئۆروپا، تۆ له سویسرا لەتەك برێشت ئاشنابوویت. لەو ساڵانەی ئاوارەییدا بەبێ برێشت بۆ یەكەم جار شانۆییەكانی 'داپیره دلاوەر و نەوەكانی' ، 'مرۆڤی باش سزێچوان' ، 'ژیانی گالیله' ، له زوریخ دەرهێنران، تۆ ئەو كات ئەكتەرێكی لاو بوویت، یەكەمین بەرخوردت لەتەك برێشت چۆن بوو؟

ڕێگینه لوتس: له ئایاری ١٩٤٨دا، ئەو كات كه من له فێرگەی ئەكتەری زوریخ خوێندكاربووم، برێشت منی له نواندنی شانۆنامەیەكدا دیتبوو و شێوه ڕۆڵبینینی منی پەسەندكردبوو، به تێلەفون ئاگادار كرام، كه برێشت دەیهەوێت لەتەك مندا ئاشنابێت. من چوومه لای ئەو، برێشت و شانۆنووس 'كورت هیرشفێلد - Hirschfeld Kurt' لەوێندەرێ بوون. برێشت پەڕەكاخەزێكی تەنك، كه هۆنراوەیەكی درێژی تێدا نووسرابوو، به من دا و دەبوو من بیخوێنمەوە. من فره هەوڵمدا، كه بەجوانی بیخوێنمەوە، كاتێ كه خوێندنەوەكەم تەواو بوو، برێشت سەیرێكی كردم و وتی "دەتوانیت ئەمه وەك كەسێك بخوێنیتەوە، كه له سەراپای ژیانیدا هۆنراوەی نەدیتبێت"، من دەستبەجێ وەك كەسێك، كه زیرەك نییه و نازانێ بخوێنێتەوە، كارەكەم ئەنجامدا. بەڵام تاكو خوێندنەوەكەم تەواوكرد، هەندێ سەختبوو بۆم. برێشت سەرێكی بادا و وتی "باشه". دەبێت ئەوەش بڵێم، كه ئەو بەخۆی خوێندنەوەی شتێكی بەسەرمندا نەسەپاند. ئەو زۆر سەیر و سەرنجڕاكێشەرانه له منی نواڕی، من سەرنجی ئونیفۆرمه خاكی و دەرپێ كورتەكەی، كه له هاویندا پۆشیبووی و ڕیشی نەتاشراو و سیگارەكەیم دەدا، هەموو شتێك خەندەئاوەر دەهاته پێشچاو. ئەو كارێكی ئاوای نەكرد، كه من پێموابێت لەبەرامبەر مرۆڤێكی هەڵكەوتەی ئەم سەدەیەدا ڕاوەستاوم. هەر لەبەرئەوە، من لەبەرامبەر ئەودا هیچ سڵمنەدەكردەوە.

- برێشت پێشتر شانۆنامەیەكی دەرهێنا، كه سەرنجی تۆی ڕانەكێشا، دەتوانیت ئەمه زیاتر ڕۆشنبكەیتەوە ؟

ڕێگینه لوتس: ساڵی ١٩٤٨ 'ڕۆژەكانی كۆمون'ی پرۆڤەدەكرد، بەمنی گوت كه ڕۆڵی 'مادام كابێت -Madame Cabet' دەگێڕی، ژنێكی پەنجا ساڵه. من پەشێوام، هەستامەوە و وتم: بەڵام ئەو پیره ژنه! برێشت ئەو كات ڕێك پەنجا ساڵه بوو، بەشەرمەوە بزەیەك گرتی.

**- تۆ لە سەرەتاوە بەشێوەیەکی گشتی لە برێشت ڕازینەبوویت، چی بووە هۆی ئەوەی کە پاشان پێشنیارەکەی پەسەندبکەیت و بچیتە 'بێرلینەر ئێنزێمبل ' ؟**

ڕێگینە لوتس : من هەڵبژاردنێکی دیکەم لەبەردەمدا نەبوو، لە سەردەمی منداڵیمەوە هەمیشە ویستوومە ئەکتەری شانۆ بم، پاش ئەوە شانۆی زوریخ بۆ من جوانترین و باشترینی شانۆکان بوو. بەڵام لە فێبریوەری ١٩٤٩دا، کەسێك بە منی وت "تۆ ڕەنگێکی بچووکی بۆ تەواوی شانۆیەکی گەورە و زۆریش سوودت لێوەرناگیرێت" ، تا ئەوەی ڕۆژێك نامەیەکم لە 'برێشت'ەوە پێگەیشت، کە بانگەوازی کردبووم بۆ کارکردن لە ' بێرلینەر ئێنزێمبل'. منیش تێلەگرافم بۆ کرد، کە من ڕازیم و دێم.

**- یەکەمین کارایی ' بێرلینەر ئێنزێمبل ' لەسەر تۆ چی بوو ؟**

ڕێگینە لوتس : من ئەندامانی تیپەکەم لە پرۆڤەی 'داپیرە دلاوەر'دا بینین کە هەر کەسە ڕۆڵی ئەکتەرەکەی بەرامبەری دەگێڕا. ئێمە گشت لەتەك یەکدی هەستمان بەخۆشی دەکرد. بەتایبەت پاش سەرکەوتنێکی ورەبەخش کە برێشت و 'هێلینە ڤایگل' لە دەرهێنانی 'داپیرە دلاوەر'دا لەسەر ( شانۆی ئاڵمانی Deutsche Theater) بەدەستیانهێنا. من دەمزانی کە لەتەك کەسانێکی بەناوبانگ کاردەکەم، بەڵام نەمدەزانی کە ئێمە دواجار مێژووی شانۆ دەنەخشێنین.

**- تۆ لە 'سەروەر پونتیلا و کویلە ماتی'دا، سەرەتا لە زوریخ و پاشان لە بێرلین ڕۆڵتگێڕاوە، چ جیاوازییەك لە نێوان ئەم دوو دەرهێنانەدا هەبوو ؟**

ڕێگینە لوتس : بۆ من جیاوازی نەبوو، بەڵام من لە بێرلین جۆرێکی دیکە ڕۆڵمدەگێڕا، وزەیەکم تێدابوو، کە کەس چاوەڕێی لێ نەدەکردم، دەرهێنان لە بێرلین بەگشتی شێوەی هەڵگێڕانەوەی بەخۆوەگرت. پرۆڤەکان وەك پرۆڤەکانی ' داپیرە دلاوەر' ئەنجامنەدران. لەنێوان 'ئێریش ئێنگل Erich Engel ' و برێشت'دا لەیەکتێگەیشتن نەبوو، بەتایبەت لەسەر پۆشاکی شانۆییەکە. برێشت لەبارەی پۆشاکەکانەوە ڕاستیدەکرد، چونکە دەیویست ئەو شتانەی کە لە هۆشیدا بوون، بیانناسێنێت و بیانهێنێتە سەرتەختی شانۆ.

**- دەرهێنانی (فێرکار / پەروەردگار Der Hofmeister ) بە یەکێك لە کارە جوانەکانی تیپی**

**بێرلینەر ئێنزێمبل ناسراوە، چ شتێکی تایبەت لەم دەرهێنانەدا هەبوو؟**

ڕێگینە لـوتس : یـەکێك لـە سـەرنجڕاکێـشییەکان کـە لـەم شـانۆییەدا هـەبـوو، لاوی ئێمـە بـوو بەگشتی. برێشت لەتەك پێشنیاری سەرەتای شانۆییەکە، بەوردبینی و پارێزەوە کاری لەتەکدا دەکردین. گشت بەشەکانی ڕووندەکرانەوە و لەم بارەوە چەندین کاتژێر کاتمان بەسەردەبرد، هەرواش من لەماڵەوە چەندین کاتژێر لەسەر ڕۆڵەکەم کارمدەکرد، ئەوەی ئەم ڕۆڵە چی دەخوازێ و چی دەخاتە ڕوو. (فریدریش لوفت Friedrich Luft)ی ڕەخنەگر، قسەکانی خۆی بەم جۆرە دەستپێکرد : " شتێکی تەواو بوو " هەرواش بوو.

**- تۆ کاراکتەری برێشت'ت چۆن بینی؟**

ڕێگینە لـوتس : ئەو کەسێکی شـەرمن بـوو، لـەم شـەرمنۆکییـەی بـۆ بـەدەستهێنانی سـەرکەوتن سـوودی وەردەگرت. زۆر دڵخۆش دەبوو، ئەگەر کەسێك لەتەکیدا ڕۆشبیرانە قسەی نەکردبا. ئەو فرە بەهۆگرییەوە لەبارەی هەر شتێکەوە دەدوا و ئێمەش لەم بارەوە زۆر پێدەکەنین. ئەمە بۆ ئەو وەك سەرەتایەکی نوێ بوو لە تەواوی فەلسەفەیەك، کە ئێمەی پێ ڕێنوێنی دەکرد.

**- لۆمەی برێشت'یان دەکرد، گوایە ئەو بەهرەکێشی لە هاوکارانی دەکرد، لەتەك ژنان خراپ دەجووڵایەوە، بۆچوون و نووسینی کەسانی دیکەی بەنێوی خۆیەوە بڵاودەکردەوە، تۆ لە نزیکەوە لەتەك برێشت'دا کارتدەکرد، لەم بارەوە بۆچوونت چییە؟**

ڕێگینـە لـوتس : ئـەمانـە درۆن ، ئـەو ژنانـە و ' ئێلیزابێـت هاوپتمـان Elisabeth Hauptmann ' لـە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە لەو ئاستەدا نەبوون، کە برێشت بتوانێت لەوانەوە شتێك فێرببێت. ئەمە شیاوی تێگەیشتن نییـە و ڕاسـت نییـە. لـە ڕاستیدا ئەو داهێنـەری گـەلکاری بـوو و هـیچ کـەس نەیدەویست مل بەم کەتوارە بدات، دەهەیەك پێش ئەوەی لە ئاڵمان گەلکاری ببێتە باو، ئەو دەستپێکردبوو، لە کاتی پرۆڤەدا ڕەخنە و پێشناری، دەگرت و دەکرد. ئەو هەمیشە دەیگوت : " قسە مەکەن، کار بکەن" ئەمە شێوەی پەیوەندی هەمیشەیی ئەو بوو. پێموایە شتێك کە ژنەکانی ئازار دەدا ئەوە بوو، ئەوان دەیانویست کارێك ئەنجامبدەن، کە باوەڕیان پێینەبوو، برێشت ڕێی لەو کارانە دەگرت.

**- تۆ ئەکتەرێکی لاو بوویت و برێشت هۆگریی بۆ تۆ نیشاندەدا.**

ڕێگینە لوتس : ئەو لە زوریخ پیاوێکی بەتەمەن بوو، هەروا لە 'بێرلین'یش. کاتێ کە من لە ' فێرکار/ پەروەردگار'دا ڕۆڵمدەبینی، هۆگریی بۆ من دەرکەوت، ئەمەش سروشتی بوو. ئەم هاوەڵییە لەتەك کەمێك بەرخورد بەردەوام هەبوو. هەرچەندە دەیتوانی بە جۆرێکی دیکەش بێت. بەڵام پێویستە پێتانبڵێم کە ئەو هەمیشە پاکترین کەس نەبوو. هاوەڵیی ئێمە لە چوارچێوەی کارکردندا بوو، من لەتەك ئەو زۆر کارمکرد. لە شانۆیی 'مرۆی باش سزێچوان'دا دەبوو من لە ڕۆڵی 'هانۆڤێرHannover )دا ڕۆڵی سەرەکی بگێڕم، کە ئەنجامنەدرا، لە 'داپیرە دلاوەریش'دا هەر پێکەوە کارماندەکرد و ئەو پێیدەگوتم: کە بۆ ڕۆڵی ' داپیرە دلاوەر' منی لەبەرچاو بووە. بەڵام ئەمە نەبووە هۆی ئەوەی من ئەو ڕۆڵە لەسەر شانۆ بگێڕم. ئێمە لەتەك یەکدیدا پەیوەندییەکی زۆر نزیکمان هەبوو، کاتێك کە من لە بۆ کەسێکی دیکە هۆگرییم نیشاندەدا، ئەو بەدرەفتاری دەکرد و وەك لاوێکی خوێندکار ئیرەیی دەبرد. جارێکیان ئەو بەجۆرێ لە دەرگەی ژووری خۆگۆڕینی دا، کە گشت شتومەکەکان کەوتنەخوارەوە.

**- برێشت شانۆنامەیەکی بۆ تۆ نووسی، تا چ ڕادەیەك لای تۆ پەسەندبوو. ئەویش شانۆیی ' توراندۆت Turandot ' بوو.**

ڕێگینە لوتس : من لە ڕێی 'شیللەر'ەوە بەو شانۆییە ئاشنابووم. پاشان بیرمکردەوە، کاری برێشت تاقەتپڕوکێنە. کاتێك کە من و 'هێلینە ڤایگل' چووبووینە نەخۆشخانە بۆ سەردانی ئەو ئەمەمان پێگوت، هەڵبەتە ئەو کەمێك بەوە دڵگرانبوو و گوتی : دەبێت جارێکی دیکە لەسەر ئەو دەقە کاربکەم. کاتێك کە لە نەخۆشخانە هاتینەدەرەوە، 'هێلینە ڤایگل' پێیوتم: لەم سەدەیەدا تەواوی ژنان بە ئاواتەوەن برێشت شانۆییان بۆ بنووسێت، تۆش دەڵێیت، کە تاقەتپڕوکێنە؟ بەڵام من هێشتاکە بە تاقەتپڕوکێنی دەزانم و ڕۆڵم تێدانەگێڕاوە. ئەم بەرهەمە بەناوبانگەش نەبووە یەکێك لە بەرهەمەکانی برێشت.

**- تۆ باسی 'هێلینە ڤایگل'ت کرد. ئەو لە گەشەی کاری برێشت'دا چ کارایییەکی هەبوو ؟**

ڕێگینە لوتس : هەر لە سەرەتاوە 'هێلینە ڤایگل' بۆ من مرۆڤێکی خوێنشیرین بوو، من پێموابوو کە برێشت مامۆستای من و پیاوێکی گەورەیە و 'هێلینە ڤایگل'ی لەپشتە، هەڵبەتە ئەویش

سەرەتا بەپێی تێڕوانینەکانی برێشت ڕۆڵینەدەگێڕا، من پرۆڤەی شانۆیی ' دایك'، کە 'هێلینە ڤایگل' ڕۆڵی تێیدا دەگێڕا بینیبوو، بەم بۆنەوە پێموایە لەنێوان شێوازی کارکردنیاندا دوورییەکی فراوان هەبوو، چونکە ئەمە بەپێی تێڕوانینی برێشت نەبوو، ئێمە زۆر بە فرەزانییەوە لەم بارەوە گالتەماندەکرد. بەڵام لە ڕاستیدا 'هێلینە ڤایگل' کەسایەتییەکی گەورە بوو، بۆ ئێمە وەك سەرپەرشت وابوو.

**- تۆ بەزۆری لەتەك 'هێلینە ڤایگل' ڕۆڵتگێڕاوە، بۆ نموونە لە شانۆیی ' تفەنگەکانی خاتوو کاراڕ 'Die Gewehre der Frau Carrar'دا، تۆ ڕۆڵێکت هەبوو، کە لێی ڕازینەبوویت و دەتویست بێرلینەر ئێنزێمبل بەجێهێڵیت، لەبەرامبەر ئەمەدا برێشت چ کاردانەوەیەکی نیشاندا؟**

ڕێگینە لوتس : بەڵێ، من دەمویست ئەوێ بەجێهێڵم، چونکە نەمدەزانی لە چ تیپێکی شانۆییدا کاردەکەم. من دەمویست بگەڕێمەوە بۆ ئاڵمانی خۆرائاوایی تا فرەتر ڕۆڵبگێڕم، پێشتر ئێمە لە 'بێرلینەر ئێنزێمبل' ساڵی شانۆیەکمان دەنواند، من چەندجار ویستم ئەوێندەرێ بەجێهێڵم، بەڵام هەر لەوێنە مامەوە. جارێکیان برێشت لەسەر ئەم بابەتە لەتەك مندا بووە هەرای و بەسەرمدا هاواریکرد، کە من چیمدەوێتن، من لە هیچ شوێنێکی دیکە ئەو شتانەی کە لەلای ئەو فێر دەبم، ناتوانم بەدەستبهێنم و هەروەها لەهەر شانۆیەکی دیکەدا وەك شاگردێك دەبم. بەڵام پاشان شانۆیی باشتر هاتنە بەرۆ و من ڕازیبووم.

**- لە دوا پرۆڤەکانی ' ژیانی گالیلە 'دا تۆش ڕۆڵت هەبوو، دەتوانیت شێوەیەك لە چۆنیەتی ئەم کارە بخەنە پێشچاومان ؟**

ڕێگینە لوتس : ئێمە ڕۆژانە تەنیا دوو کاتژێر پرۆڤەماندەکرد، ئەمە ئاسایی نەبوو، ئێمە هەمیشە درەنگ دەستبەکاردەبووین و زوو کۆتاییمان پێدەهێنا. ڕۆژێك پێش دەستپێکردنی پرۆڤە، ئەو هاتە کنم و پرسی "دەتەوێت چۆن ڕۆڵی 'ڤێرگینیا' بگێڕیت، وەك هەر کیژێکی لاو، یان خۆت لەجێی 'ڤێرگینیا' ڕۆڵ بگێڕی ؟ ". لەیادمە کە من فرە چاك لەبارەی وەڵامەکەمەوە بیرمکردەوە و وتم: ڕۆڵی ڤێرگینیا. وەك کیژی کەسێکی هۆشمەند ' گالیلە' دەگێڕم، ئەو بێدەنگ بوو، هیلاك و تووڕەی کار بوو، ئەو لەشوێنی دەرهێنانانداا مایکرۆفۆنێکی هەبوو، چونکە کەمتر دەهاتە سەر تەختی شانۆ. ئێمە زۆر بە وریاییەوە پێکەوە کارماندەکرد. دوا پرۆڤەی من شانۆیی ' ژیانی گالیلە ' نەبوو، بەڵکو لە شانۆیی ' بازنەی گەچینی قەفقازی'دا ڕۆڵمدەبینی. دوایین

بەرخوردم لەتەك برێشت'دا دەتوانم وەبیربێنمەوە، ئەو بە مایکرۆفۆن منی لەسەر شانۆ بانگکرد و من چوومە خوارەوە بۆ لای ئەو، ئەو گوتی: پێویست بەڕازانەوە و خۆلولدان ناکات، ئێوە تەنیا ڕۆڵی خۆتان دەربێنن، بەڕادەی پێویست لە پۆشاکی ڕۆڵبینیندا ڕازاوە و لەبەرچاویت. ئەمە دوایین واژەی دەرهێنەرانەی ئەو بوو بۆ من. لەدوا وتووێژدا کە بەخۆی لەتەك مندا کردی، زۆر تەنیا و دڵتەنگ هاتەپێشچاوم، لەپر ویستم دەستی ماچکەم، بەڵام خۆم کێشایەوە دواوە، لەبەرئەوەی نەمدەویست ئەوانی دیکە بەمن پێبکەنن، ئەمە دوا دیدار بوو.

**- لەبارەی مەرگی ئەوەوە چ بیرەوەرییەکت هەیە؟**

ڕێگینە لوتس : دوو سێ ڕۆژ پاش پرۆڤەی 'بازنەی گەچینی قەفقازی' بوو، من بەیانی تازە لەخەو ڕابووبووم، کە یەکێك لە هاوکارەکانمان ئەم هەواڵەی بۆ هێنام، سەرەتا باوەڕمنەکرد، پاشان چوومە 'ئێنزێمبل'، کە هەمووان لەوێنە بوون، من فرە گریام، ' باربارا ' کچی برێشت پێیوتم " تۆ بۆت نییە بگریت، ئێمە دەبێت کارەکەمان درێژە پێبدەین". من مامۆستاکەمم لەدەستدابوو، مامۆستایەك کە ئیدی هیچکات ناتوانم کەسی وەکی ئەو پەیدا بکەمەوە. ساڵی دواتر لەتەك شانۆنووسێکدا 'فریدریش دیورنمات' کارمکرد، کە چاك پێکەوە ڕاهاتین، بەڵام هیچ کات ئەو پەیوەندییەی کە لەتەك برێشت'دا هەمبوو لەتەك ئەودا پەیدامنەکرد.

**- گرنگترین شتێك کە لە برێشت'ەوە فێربوویت، چی بوو؟**

ڕێگینە لوتس : تەواوی ئەو شتانەی کە من بەخۆشحاڵییەوە بە خوێندکارەکانی دەڵێمەوە، شێوە دەرهێنانی برێشت'ە، ئەوەی کە چۆن بە پێشنیارەکانی ئەکتەری ڕێنوێنیدەکرد، دەبینم چ کارایییەکی لەسەر فێریاریەکانم هەیە و کاری پێدەکەن و دەرهێنانی پێدەکەن.

*****************************************************************************

وەرگیراو لە گۆڤاری (فصل تئاتر) پایز و زستانی ١٩٩٨-١٩٩٩، کە بە زمانی فارسی دەردەچێت.

## Dîmane letek ' Regine Lutiz ' derbarey ' Bertolld Brecht '

Em dîmaneye le perrtûkî " bîrkirdnewe leber ewe" çapkrawe, ke lelayen nêwendî bllawkirdnewey '.Maru'we lesallî (1998)da beboney sedehemîn sallrrojî ledaykbûnî Brêşt'ewe bllawkrawetewe, lêreda wergêrranî hêndêk lew dîmaneye pêşkeş dekey..

Regine Lutiz 22î dêsemberî 1928 le bazll/ suyisra ledaykbuwe, paş wergirtnî dîplom, sallî 1947 le şanoy zurîx wek şagridêk destbekarbuwe û bo nwandinî serlenwêy şanoyî "serwer puntîla û koyle matî" lesallî 1948da bo rollbînîn têyda bangewaz kra. Karkirdnî lem sallewe hawkatî binyatnanî şanoy 'bêrlîner ênzêmbil' letek Brêşt destîpêkrid û taweku sallî 1960 drêjey kêşa. Rêgîne rollî corawcorî le şanonamekanî Brêşt'da gêrrawe : îvête (Yvette ) le şanoyî 'dapîre dlawer û newekanî', êva (Eva ) le 'serwer puntîla û koyle matî', vêrgînya (Verginia ) le 'jyanî galîle', polî (Polly ) le 'opêray sê 'aneyî'da. Brêşt şanoyî 'tepllekan û trompêtekan Pauken und Trompeten 'î leber ew derhêna û rollî vîktoryay daye ew. Hêrbert îhrîng (Ihring Herbert) lebarey rollî 'rêgîne'we lem şanoyîyeda dellêt "hîçkat (rêgîne lutis)mi awa asûde û zîndû le rollgêrranda nedîtbû, ke le rollî 'vîktorya'da dîtim". Sallî 1960 'rêgîne lutis' bo karkirdin letek rodollf nowillte (Rodolf Noulte ) çuwe bêrlîn û paşan wek ekterî mîwan le şanokanî munîx, brêmin, vupêrtall, kasll, zurîx destîbekarkird. Rêgîne lepall karî şanogerîyda le têlefzyonîşda serqallî rollgêrran bû. Sallî 1968 bo karkirdin çuwe lay 'frîdrîş dîwrinmat Friedrich Durrenmatt ' û 'vêrner duglîn Werner Duggelin ' le bazll. Sallî 1970 letek diktorêk hawserîykird û lepall karî şanogerîda wek berdestî diktor harîkarî hawserekey dekrid. Paş mirdnî hawserekey lesallî 1983da dûbare serqallî karî şanogerî û rollbînîn le zincîrî têlefzyonîda buwewe. Sallî 1993 pertûkêkî benawî "ekterîy, cwantirîn pîşe " sichoniste Beruf Sichauspieler der" bllawkirdewe, ke mebestî harîkarî ektere lawekan bû. Le sallî 1995da wek fêrger le fêrgey akadîmîkî 'şanoy bayêrn BayeriscenTheaterakademie' destî be wane witnewe kird.

- Le sallî 1947da ke Brêşt gerrayewe orupa, to le suyisra letek Brêşt aşnabûît. Lew

sallaney awareyîda bebê Brêşt bo yekem car şanoyyekanî 'dapîre dlawer û newekanî' , ' mrovî baş szêçwan' , ' jyanî galîle' , le zurîx derhênran, to ew kat ekterêkî law bûît, yekemîn berxurdt letek Brêşt çon bû?

Regine Lutiz : le ayarî 1948da, ew kat ke min le fêrgey ekterî zurîx xwêndkarbûm, Brêşt mnî le nwandinî şanonameyekda dîtbû û şêwe rollbînînî mnî pesendkirdbû, be têlefun agadar kram, ke Brêşt deyhewêt letek minda aşnabêt. Min çûme lay ew, Brêşt û şanonûs ' kurt hîrşifêld - Kurt Hiriscihfeld ' lewênderê bûn. Brêşt perrekaxezêkî tenk, ke honraweyekî drêjî têda nûsrabû, be min da û debû min bîxwênmewe. Min fre hewllimda, ke becwanî bîxwênmewe, katê ke xwêndnewekem tewaw bû, Brêşt seyrêkî kirdim û wtî " detwanît eme wek kesêk bixwênîtewe, ke le serapay jyanîda honrawey nedîtbêt" , min destbecê wek kesêk, ke zîrek nîye û nazanê bixwênêtewe, karekem encamda. Bellam taku xwêndnewekem tewawkird, hendê sextibû bom. Brêşt serêkî bada û wtî " başe". Debêt eweş bllêm, ke ew bexoy xwêndnewey ştêkî beserminda nesepand. Ew zor seyr û sernicrrakêşerane le mnî nwarrî, min sernicî unîforme xakî û derpê kurtekey, ke le hawînda poşîbûy û rîşî netaşraw û sîgarekeym deda, hemû ştêk xendeawer dehate pêşçaw. Ew karêkî away nekrid, ke min pêmwabêt leberamber mrovêkî hellkewtey em sedeyeda rawestawm. Her leberewe, min leberamber ewda hîç sllimnedekirdewe.

- **Brêşt pêştir şanonameyekî derhêna, ke sernicî toy ranekêşa, detwanît eme zyatir roşinbkeytewe ?**

Regine Lutiz : sallî 1948 'rojekanî komun'î provedekrid, bemnî gut ke rollî ' madam kabêt -Madame Cabet ' degêrrî, jnêkî penca salle. Min peşêwam, hestamewe û wtim: bellam ew pîre jne ! Brêşt ew kat rêk penca salle bû, beşermewe bzeyek girtî.

**- to le seretawe beşêweyekî giştî le Brêşt razînebît, çî buwe hoy ewey ke paşan pêşnyarekey pesendibkeyt û biçîte 'Bêrlîne Ênzêmbil ' ?**

Regine Lutiz : min hellbjardinêkî dîkem leberdemda nebû, le serdemî mnallîmewe hemîşe wîstûme ekterî şano bim, paş ewe şanoy zurîx bo min cwantirîn û baştirînî şanokan bû. Bellam le fêbrîwerî 1949da, kesêk be mnî wit "to rengêkî bçûkî bo tewawî şanoyekî gewre û zorîş sûdit lêwernagîrêt" , ta ewey rojêk nameyekim le 'Brêşt'ewe pêgeyişt, ke bangewazî kirdbûm bo karkirdin le ' Bêrlîne Ênzêmbil'. Mnîş têlegrafm bo kird, ke min razîm û dêm.

**- yekemîn karayî ' Bêrlîne Ênzêmbil ' leser to çî bû ?**

Regine Lutiz : min endamanî tîpekem le provey 'dapîre dlawer'da bînîn ke her kese rollî ekterekey beramberî degêrra. Ême gişt letek yekdî hestman bexoşî dekrid. Betaybet paş serkewtinêkî wrebexiş ke Brêşt û 'hêlîne vaygil' le derhênanî 'dapîre dlawer'da lihser ( şanoy allmanî Theater Deutische) bedestyanhêna. Min demzanî ke letek kesanêkî benawbang kardekem, bellam nemdezanî ke ême dwacar mêjûy şano denexşênîn.

**- to le ' serwer puntîla û kuyle matî'da, sereta le zurîx û paşan le Bêrlîn rolltgêrrawe, çi cyawazîyek hebû le nêwan em dû derhênaneda ?**

Regine Lutiz : bo min cyawazî nebû, bellam min le Bêrlîn corêkî dîke rollimdegêrra, wzeyekim têdabû, ke kes çawerrêy lê nedekirdim, derhênan le Bêrlîn begşitî şêwey hellgêrranewey bexowegrit. Provekan wek provekanî ' dapîre dlawer' encamnedran. Lenêwan 'êrîş êngil Erich Engel ' û Brêşt'da leyektêgeyiştin nebû, betaybet leser poşakî şanoyîyeke. Brêşt lebarey poşakekanewe rastîdekrid, çunke deyuyist ew ştaney ke le hoşîda bûn, byannasênêt û byanhênête sertextî şano.

**- derhênanî (fêrkar / perwerdgar Der Hofmeister ) be yekêk le kare cwanekanî Tîpî Bêrlîne Ênzêmbil nasrawe, çi ştêkî taybet lem derhênaneda hebû?**

Regine Lutiz : yekêk le sernicrrakêşîyekan ke lem şanoyîyeda hebû, lawî ême bû begşitî. Brêşt letek pêşnyarî seretay şanoyîyeke, bewirdbînî û parêzewe karî letekda dekridîn. Gişt beşekanî rûndekranewe û lem barewe çendîn katjêr katman beserdebrid, herwaş min lemallewe çendîn katjêr leser rollekem karimdekrid, ewey em rolle çî dexwazê û çî dexate rû. (Frîdrîş luft Friedrich Luft)î rexnegir, qsekanî xoy bem core destipêkrid : " ştêkî tewaw bû " herwaş bû.

**- to karakterî Brêşt't çon bînî ?**

Regine Lutiz : ew kesêkî şermin bû, lem şerimnokîyey bo bedestihênanî serkewtin sûdî werdegrit. Zor dillxoş debû, eger kesêk letekîda roşbîrane qsey nekirdba. Ew fre behogrîyewe lebarey her ştêkewe dedwa û êmeş lem barewe zor pêdekenîn. Eme bo ew wek seretayekî nwê bû le tewawî felsefeyek, ke êmey pê rênwênî dekrid.

**- lomey Brêşt'yan dekrid, ke ew behrekêşî le hawkaranî dekrid, letek jnan xrap decûllayewe, boçûn û nûsînî kesanî dîkey benêwî xoyewe bllawdekirdewe, to le nzîkewe letek Brêşt'da kartdekrid, lem barewe boçûnt çîye?**

Regine Lutiz : emane dron , ew jnane û ' êlîzabêt hawpitman Hauptmanin Elisabeth ' le rûy roşnibîrîyewe lew asteda nebûn, ke Brêşt bitwanêt lewanewe ştêk fêrbibêt. Eme şyawî têgeyiştin nîye û rast nîye. Le rastîda ew dahênerî gelkarî bû û hîç kes neydewîst mil bem ketware bdat, deheyek pêş ewey le allman gelkarî bbête baw, ew destîpêkirdbû, le katî proveda rexne û pêşnarî, degrit û dekrid. Ew hemîşe deygut : " qse meken, kar bken" eme şêwey peywendî hemîşeyî ew bû. Pêmwaye ştêk ke jnekanî azar deda ewe bû, ewan deyanuyist karêk encambden, ke bawerryan pêynebû, Brêşt rêy lew karane degrit.

**- to ekterêkî law bûît û Brêşt hogrîy bo to nîşandeda.**

Regine Lutiz : ew le zurîx pyawêkî betemen bû, herwa le 'Bêrlîn'îş. Katê ke min le '

fêrkar/ perwerdgar 'da rollimdebînî, hogrîy bo min derkewt, emeş sruştî bû. Em hawellîye letek kemêk berxurd berdewam hebû. Herçende deytwanî be corêkî dîkeş bêt. Bellam pêwîste pêtanbllêm ke ew hemîşe paktirîn kes nebû. Hawellîy ême le çwarçêwey karkirdinda bû, min letek ew zor karimkird. Le şanoyî 'mroy baş szêçwan'da debû min le rollî 'hanovêrHannover )da rollî serekî bgêrrm, ke encamnedra, le 'dapîre dlawerîş'da her pêkewe karmandekrid û ew pêydegutim: ke bo rollî ' dapîre dlawer' mnî leberçaw buwe. Bellam eme nebuwe hoy ewey min ew rolle leser şano bgêrrm. Ême letek yekdîda peywendîyekî zor nzîkman hebû, katêk ke min le bo kesêkî dîke hogrîym nîşandeda, ew bedrreftarî dekrid û wek lawêkî xwêndkar îreyî debrid. Carêkyan ew becorê le dergey jûrî xogorrînî da, ke gişt ştumekekan kewtnexwarewe.

- **Brêşt şanonameyekî bo to nûsî, ta çi radeyek lelat pesendibû. Ewîş şanoyî ' turandot Turandot ' bû.**

Regine Lutiz : min le rêy 'şîller'ewe bew şanoyîye aşnabûm. Paşan bîrimkirdewe, karî Brêşt taqetpirrukêne. Katêk ke min û 'hêlîne vaygil' çûbûyne nexoşxane bo serdanî ew ememan pêgut, hellbete ew kemêk bewe dillgranbû û gutî : debêt carêkî dîke leser ew deqe karbkem. Katêk ke le nexoşxane hatînederewe, 'hêlîne vaygil' pêyutim: lem sedeyeda tewawî jnan be awatewen Brêşt şanoyîyan bo bnûsêt, toş dellêyt, ke taqetprukêne? Bellam min hêştake be taqetpirrukênî dezanim û rollm têdanegêrrawe. Em berheme benawbangeş nebuwe yekêk le berhemekanî Brêşt.

- **to basî 'Hêlîne Vaygil' t kird. Ew le geşey karî Brêşt'da çi karayîyekî hebû ?**

Regine Lutiz : her le seretawe 'hêlîne vaygil' bo min mrovêkî xwênşîrîn bû, min pêmwabû ke Brêşt mamostay min û pyawêkî gewreye û 'hêlîne vaygil'î lepişte, hellbete ewîş sereta bepêy têrrwanînekanî Brêşt rollînedegêrra, min prrovey şanoyî ' dayk', ke 'hêlîne vaygil' rollî têyda degêra bînîbû, bem bonewe pêmwaye lenêwan

şêwazî karkirdinyanda dûrîyekî frawan hebû, çunke eme bepêy têrrwanînî Brêşt nebû, ême zor be frezanîyewe lem barewe galtemandekrid. Bellam le rastîda 'hêlîne vaygil' kesayetîyekî gewre bû, bo ême wek serperşit wabû.

**- to bezorî letek 'Hêlîne Vaygil' rolltgêrrawe, bo nmûne le şanoyî ' tfengekanî xatû karrarr Gewehre der Frau Carrar Die'da. To rollêkt hebû, ke lêy razînebûît û detanuyist Bêrlîne Ênzêmbil becêhêllît, le beramber emeda Brêşt çi kardaneweyekî nîşanda?**

Regine Lutiz : bellê, min demuyist ewê becêhêllm, çunke nemdezanî le çi tîpêkî şanoyîda kardekem. Min demuyist bgerrêmewe bo allmanî xoraawayî ta fretir rollbigêrrm, pêştir ême le 'Bêrlîne Ênzêmbil' sallî şanoyekman denwand, min çendcar wîstim ewênderê becêhêllm, bellam her lewêne mamewe. Carêkyan Brêşt leser em babete letek minda buwe heray û beserimda hawarîkrid, ke min çîmdewêtin, min le hîç şwênêkî dîke ew ştaney ke lelay ew fêr debim, natwanim bedestibhênim û herweha leher şanoyekî dîkeda wek şagridêk debim. Bellam paşan şanoyî baştir hatne bero û min razîbûm.

**- le dwa provekanî ' jyanî galîle 'da toş rollt hebû, detwanît şêweyek le çonyetî em kare bxene pêşçawman ?**

Regine Lutiz : ême rojane tenya dû katjêr provemandekrid, eme asayî nebû, ême hemîşe dreng destbekardebûyn û zû kotayîman pêdehêna. Rojêk pêş destipêkirdnî prove, ew hate knim û pirsî "detewêt çon rollî 'vêrgînya' bgêrrît, wek her kîjêkî law, yan xot lecêy 'vêrgînya' roll bgêrrî ? ". Leyadme ke min fre çak lebarey wellamekemewe bîrimkirdewe û wtim: rollî vêrgînya. Wek kîjî kesêkî hoşmend ' galîle' degêrrm, ew bêdeng bû, hîlak û tûrrey kar bû, ew leşwênî derhênananda maykrofonêkî hebû, çunke kemtir dehate ser textî şano. Ême zor be wiryayîyewe pêkewe karmandekrid. Dwa prrovey min şanoyî ' jyanî galîle ' nebû, bellku le şanoyî ' bazney

geçînî qefqazî'da rollimdebînî. Dwayîn berxurdim letek Brêşt'da detwanim webîrbênmewe, ew be maykrofon mnî leser şano bangkird û min çûme xwarewe bo lay ew, ew gutî: pêwîst berrazanewe û xoluldan nakat, to tenya rollî xotan derbênin, berradey pêwîst le poşakî rollbînînda razawe û leberçawît. Eme dwayîn wajey derhêneraney ew bû bo min. Ledwa wtuwêjda ke bexoy letek minda kirdî, zor tenya û dillteng hatepêşçawm, lepir wîstim destî maçkem, bellam xom kêşayewe dwawe, leberewey nemdewîst ewanî dîke bemin pêbkenin, eme dwa dîdar bû.

**- le barey mergî ewewe çi bîrewerîyekt heye?**

Regine Lutiz : dû sê roj paş provey 'bazney geçînî qefqazî' bû, min beyanî taze lexew rabûbûm, ke yekêk le hawkarekanman em hewalley bo hênam, sereta bawerrimnekrid, paşan çûme 'Ênzêmbil', ke hemuwan lewêne bûn, min fre giryam, ' barbara ' kçî Brêşt pêyutim " to bot nîye bigrît, ême debêt karekeman drêje pêbdeyn". Min mamostakemim ledestdabû, mamostayek ke îdî hîçkat natwanim kesî wekî ew peyda bkemewe. Sallî dwatir letek şanonûsêkda 'frîdrîş dîwrinmat' karimkird, ke çak pêkewe rahatîn, bellam hîç kat ew peywendîyey ke letek Brêşt'da hembû letek ewda peydamnekrid.

**- gringitrîn ştêk ke le Brêşt'ewe fêrbûît, çî bû ?**

Regine Lutiz : tewawî ew ştaney ke min bexoşhallîyewe be xwêndkarekanmî dellêmewe, şêwe derhênanî Brêşt'e, ewey ke çon be pêşnyarekanî ekterî rênwênîdekrid, debînim çi karayîyekî leser fêryaryekanim heye û karî pêdeken û derhênanî pêdeken.

*******************************************************************************************

**Wergîraw le Govarî (Fêl Teater) payz û Zistanî 1998-1999, ke be zmanî Farsî derdeçêt.**

## ديمانه لەتەك ' ئێکەهارد شاڵ Ekkehard Schall ' دەربارەی 'بێرتۆڵد برێشت'

ئێکەهارد شاڵ، لە ٢٩ی ئایاری ١٩٣٠ لە 'ماگدیبۆرگ Magdeburg'ی ئاڵمانیا لەدایکبووە و هەر لەوێندەرێ خەریکی خوێندنی شانۆ بووە. یەکەمین کاری ئەو لە شانۆی شاری 'فرانکفۆرت - ئۆدەر Stadttheater Frankfurter -Oder' و 'شانۆی نوێی بێرلین Neue Buhne Berlin' بوو. ئەو لە ئایاری ١٩٥٢دا لەلایەن برێشت'ەوە هێنرایە نێو تیپی 'بێرلینەر ئێنزێمبل Berliner Ensemble ' بۆ کارکردن و ساڵانی دواتر لە ١٩٧٧- ١٩٨٩ جێگری بەڕێوەبەری تیپەکە بوو و هاوکات لەتەك کارە شانۆییەکانی لە فیلمیشدا کەوتە ڕۆڵبینین. ئەو یەکێك لە گرنگترین و کۆنترین ئەکتەرەکانی برێشت بوو. 'ئێکەهارد شاڵ' لەبەر لەباری و هەڵکەوتەیی تایبەتی ڕۆڵی گرنگ و جۆراوجۆری لە شانۆکانی برێشت'دا گێڕا، کە گرینگترینیان 'خۆزێ Jose' لەشانۆیی 'تفەنگەکانی خاتوو کاڕاڕ' ، 'کۆریۆلان Coriolan' لە شانۆیی 'تراژیدی کۆریۆلان' ساڵی ١٩٦١، 'پونتێلا Puntila' لە شانۆیی 'سەروەر پونتیلا و کۆیلە ماتی' ١٩٧٥، ' ئازداك Azdak ' لەشانۆیی ' پازنەی گەچینی قەفقازی' ١٩٧٦، ' گالیلە' لەشانۆیی 'ژیانی گالیلە' ١٩٧٨، 'بەعل **' لە شانۆیی 'بعل Baal ' ١٩٨٧. شاڵ بۆ ڕۆڵبینین، چووە بۆ زۆربەی وڵاتانی ئۆروپایی، ئەمریکا، ئوسترالیا، کانادا و ئیسرائیل و لەبەر سەرکەوتوویی خەڵاتی ڕەخنەگران و هەروەها خەڵاتە نێوخۆیی و جیهانییەکانی وەرگرت، ئەو لەتەك 'باربارا برێشت' ، کچی هێلینە ڤایگل و برێشت، هاوسەرییکردووە.

**- بەڕێز ئێکەهارد شاڵ، تۆ لە ڕێگەیەکی تا ڕادەیەك نائاساییەوە هاتیتە " بێرلینەر ئێنزێمبڵ "ەوە، دەتوانیت لەم بارەوە زیاتر بۆمان ڕوونبکەیتەوە ؟**

ئێکەهارد شاڵ : وەك هەر کەسێکی دیکە، کە بچێتە شانۆکانی دیکەوە، من بەخۆم داخوازیی کارکردنم دا، ئەو کات برێشت پرۆڤەی شانۆیی 'تفەنگەکانی خاتوو کاڕاڕ'ی لەتەك هێلینە ڤایگل و ئێرڤین گێشۆنیسك (Erwin Geschonesk) دەستپێکردبوو، برێشت پێشتر لەتەك ئەکتەرانی دیکە، ڕۆڵی 'خۆزێ'ی لاوی پرۆڤە کردبوو و لێیان ناڕازیبوو، ئەو لەدووی تیپێکی ئیسپانی یان ڕۆمانی دەگەڕا، من ئەمەم بیستبوو، پرچم ڕەشکرد و چوومە ئەوێندەرێ، برێشت لەپێشدا هیچ قسەینەکرد، تەنیا ڕۆژێکی پرۆڤەی دیاریکرد، کە لەوێشدا شتێك لەتەك مندا

پرۆڤەبکات، پاش چوار ڕۆژان گوتی : کە منی بەدڵە و دەتوانم ئەو ڕۆڵە بگێڕم، بەڵام من دەترسام ڕەشی پرچم کاڵبێتەوە.

**- برێشت چۆن لە ڕۆڵبینین لە شانۆیی 'ئاپیك'دا پشتی بەتۆ دەبەست. ئەو پێشنیاری بە تۆ دەکرد، کە تیئۆرییەکانی بخوێنیتەوە؟**

ئێکەهارد شاڵ : ئەو چەند ڕستەیەك لە تیئۆرییەکانی بە ئێمە دەدا و کە زۆربەیان پێشتر لە گۆڤاری ( واتا/نێوەڕۆك و شێوە Sinn und Form )دا چاپکرابوون. دواتر بێجگە لە چەند کەسانێکی کەم لە سالآچووەکان و کەسانێك، کە هاودەمی ئەو بوون و لەتەك ئەو کاریان کردبوو، هیچ کەس لە تیئۆری ئەو تێنەگەیشت.

**- لە شانۆیی 'تفەنگەکانی خاتوو کاڕاڕ'دا تۆ ڕۆڵی خۆزێی لاوت دەگێڕا و 'هێلینە ڤایگل' کە لە ڕۆڵی داپیرە دلاوەردا (Mutter Courage ) دا یەکێ لە ڕۆڵە گرنگەکانی هەبوو، ڕۆڵی 'کاڕاڕ'ی دەگێڕا، تۆ وەك ئەکتەرێکی لاو، کە لەتەك ئەکتەرێکی بەناوبانگی وەك هێلینە ڤایگل ڕۆڵتدەگێڕا، چ هەستێکت لە لا دروستبوو ؟**

ئێکەهارد شاڵ : بەڵێ، ڤایگل ئەکتەرێکی گەورەبوو، ئەو بەسەر تەواوی دیمەنەکەدا زاڵبوو، کاتێك کە لە دیمەنەکە شتێکی وەردەگرت، فراوانی دەکرد و هەموو شتێکی لەسەر شانۆ دەخستە ژێرکارایی خۆی. بەڵام ئەگەر هەستی بکردایە، کە ئەکتەرێکی دیکە لە دیمەنەکەدا هەیە، خۆی دەکێشایەوە کەنار و بواری دەدا، تاوەکو ئەو ئەکتەرە خۆی نیشانبدات.

**- لەکاتی پرۆڤەی 'تفەنگەکانی خاتوو کاڕاڕ'دا لە نێوان برێشت و 'هێلینە ڤایگل'دا ناکۆکی هەبوو، تۆ لەم بارەوە شتێکت وەبیردێتەوە ؟**

ئێکەهارد شاڵ : کاتی پرۆڤەکردنی 'تفەنگەکانی خاتوو کاڕاڕ ' هێلینە ڤایگل بە بەردەوامی لە هەستی دایکایەتی و ژنێتی لێواولێو بوو و من بەتەواوی هەستم بەوە دەکرد. بەڵام برێشت داوای لێدەکرد، بەبێ تێکەڵکردنی هەست لەتەك ڕۆڵەکە، ڕۆڵ ببینێت و پێیدەگوت "بەبێ

لەبەرچاوگرتنی ئەم بابەتە، تۆ هەرگیز ناتوانی ئەکتەربیت". ئەم بێنەوبەرەیە هەمیشە لەنێوان ئەواندا هەبوو، تا ئەوەی کە هێلینە ڤایگل گەیشتە ئەو سەرئەنجامەی کە برێشت دەیویست. ئەمە یەکەمین جار بوو من تێگەیشتم، کە دیالێتیك لە شانۆدا واتای چییە.

**- ئایا پارتی کۆمۆنیست خۆی هەڵدەقورتانە نێو کاروباری شانۆ ؟**

ئێکەهارد شاڵ : هەرگیز.

**- بەڵام ڕۆڵی هۆیردێر (Hoerder ) کە تۆ لە شانۆیی جەنگی زستانە (Winterschlacht )دا دەتگێڕا، کەوتەبەر ڕەخنەی توندوتیژ و لە شالیارگەوە تێلەفۆنێکیش کرا ؟**

ئێکەهارد شاڵ : پاش یەکەمین نواندنی شانۆیی 'جەنگی زستانە' و پاش چەپڵەلێدانەکان، برێشت لە ژووری خۆگۆڕیندا تێبینییەکی بۆ دانابووم، کە تێیدا نووسیبووی " شاڵی خۆشەویست، گەر بۆم هەبێت پێویستە بڵێم، من ئێستاکە هۆیدێر زۆر باشتر و سەرنجڕاکێشتر دەبینم". من بەم ڕۆڵبینینەم زۆر ڕازیبووم. دواتر پاوڵ ڤاندێل (Paul Wandel ) شالیاری پەروەردە و فێرکردن بەتەنیا داوای منی کرد و گوتی کە لەلای ئەو، شانۆییەکە زۆر سەرنجڕاکێشبووە، بەڵام چۆن دەبێت دژە فاشیستێك ئاوا لە کۆتایی شانۆییەکەدا ترسنۆکانە بمرێت ؟ من وەڵاممداوە، کە ئێمە باوەڕمان وەها بووە. ئەو سەرەڕای ئەمە لەتەك بریشت'یشدا قسەیکرد. من لە دووەم نواندندا بەبێ ئەوەی برێشت ئاگادار بێت، ئەم ڕۆڵەم بەجۆرێکی دیکە گێڕا، پاش نواندنەکە برێشت پەشێوا و هاتە شوێن خۆگۆڕینەکەم و هاواریکرد، کە " ئەوە چ ترۆهاتێك بوو، کە من گێڕاومە". هەروەها گوتی " تێبینییەکەی خۆمم پێبدەرەوە". من لەبارەی وتووێژەکەمەوە لەتەك شالیاری پەروەردە و فێرکردن قسەم بۆ کرد. برێشت بەسەرمدا هاواریکرد "چۆن دەتوانیت وا گەمژانە گوێ لە قسەی ئەوانە ڕادێریت ". من تێبینییکەم بە ئەو نەدایەوە و هێشتاکە لە ماڵەوە لەلام ماوە.

**- بەرچاوترین سەرکەوتوویی نێونەتەوەیی تیپی شانۆی ' بێرلینەر ئێنزێمبل' لە ساڵەکانی ١٩٥٤و ١٩٥٥دا وەك تیپێکی میوان لەپاریس بوو.**

ئێکەهارد شاڵ : ئەم سەرکەوتنە بەرچاوە نەك تەنیا لە پاریس، بەڵکو لە لەندەن، مۆسکۆ'ش بوو. ئەوانە گشتیان کارێکی تەواو نوێ و هاوفۆرم بوون. ڕەخنەگرێ پاش نواندن گوتی " ئیدی پێویست نییە بڕواتە شانۆ، چونکە بەشێوەیەکی تەواو بەدەستیهێناوە و ئەزموونیکردووە. لەبەرئەوەی ڕەخنەگرانی تا ئەودەم، هیچ کات شانۆیەك، کە بیر و خەیاڵیان هۆنەرانە بێنێتەجۆش، نەدیتبوو.

**- بۆ برێشت ئەم سەرکەوتووییە وەك تیپێکی میوان چ واتایەکی هەبوو ؟**

ئێکەهارد شاڵ : ئەو لە سەرەنجامی کارەکەی فرە ڕازیبوو، پاش یەکەمین نواندن داوایانلێکرد، کە لەشوێنی خۆی هەستێتەوە و بەپێوە بوەستێت، من پێموایە ئەو لەم بارەوە زۆر دڵخۆش بوبوبوو.

**- چ شتێکت لە دوایین ساتەکانت لەتەك بریشت دێتەوەیاد ؟**

ئێکەهارد شاڵ : کەس بەبیریدا نەدەهات، کە ئەو دەمرێت. نەخۆشییەکەی بە هەڵە دەستنیشانکراو و بە هەڵەش چارەسەرکرابوو، ئەمە لەپاش وەستانی دڵی دەرکەوت. هیچ هەراوهوریایەك بەبۆنەی مەرگی ئەوەوە ئەنجامنەدرا. من ئەوم نازدەکرد، هاوسەر و کچەکەی بەمەرگی ئەو دڵتەنگبوون. بۆ من وەك لەدەستدانی نزیکترین کەسانێك بوو، کە دەمناسین. برێشت لە مانگەکانی دواییدا 'ژیانی گالیلە'ی پرۆڤەدەکرد و بڕیاروابوو من ڕۆڵی ' ئاندرێ ' بگێڕم، کاتێ کە ئەو نەخۆشکەوت (ئێریش ئێنگل Erich Engel) سەرپەرشتی پرۆڤەکەی کرد، کاتێك کە نەخۆشییەکەی برێشت تەشەنەیکرد و سەرئەنجام مرد، ئێریش ئێنگل دەرمێنانی لەئەستۆ گرت. من ئامادە نەبووم مل بەو ئاڵوگۆڕانەی کە ئێنگل لە کارەکەدا دەیکردن بدەم، لە ئەنجامدا بەزوویی لەکارکشامەوە.

**- تۆ یەکێك لە ئەکتەرە بەرچاوەکانی برێشت و هەروەها زاوای ئەو بوویت و بە کەسایەتی هونەری و ڕامیاریی ئەو ئاشنابوویت، بە بۆچوونی تۆ برێشت کەسێکی چۆن بوو ؟**

ئێکەهارد شاڵ : ئێمە وەك لاوان، کە ماوەیەکی کەم پێش سەردەمی سۆشیال-ناسیونالیزم (نازیزم) لەدایکبووبووین، خۆمان بە شاگرد (فێرخواز)ی برێشت دەزانی، ئێمە بۆ نەوەی پێشین، بۆ مرۆڤە سوودمەندەکان، کە لە ئاوارەیی گەڕابوونەوە، ڕێزمان دادەنا. من نەمدەویست لە شێوەی کەسێتیدا پەیوەندیم لەتەك ئەودا هەبێت، ئێمە لەم ڕووەوە زۆر لەیەکەوە نزیکنەبووین. من دەمویست لەوەوە ئەوشتانەی، کە بۆ من ڕاست و گرنگ بوون، ئەو شتانەی کە مرۆڤ دەیتوانی لە خۆیدا گەشەیان پێبدات، فێرببم و تێبگەم. بەڵام گەر من بمەوێت کاراکتەری ئەو ڕوونبکەمەوە، ئەوا پێویستە بەسەرهاتێکی کورتتان بۆ بگێڕمەوە، کە بەردەوام لە پێشچاومە : ڕۆژێك خەریکی پرۆڤەی شانۆیی 'تفەنگەکانی خاتوو کاڕاڕ' بووین، لە کاتی پرۆڤەدا، من جارێك گوێم لە ڕوونکردنەوەی برێشت ڕانەگرت، ئەو بەسەرمدا هاواریکرد، بەجۆرێك بوو، ناخۆشترین شتێك، کە لەبیرەوەرییمدا هەبوو، هێنایەوە پێشچاوم، پێیگوتم "ئەکتەری نەزان، لاساییکەرەوەی پاڵەوانە 'زیگفرێدی لاو' " من پاش سڕینەوەی ماکیاژەکەم، شانۆم بەجێهێشت و لەڕاڕەوەکەدا سێبەرێکم دیت، کە برێشت بوو، پێیگوتم " تۆ دواجار زۆر باشبوویت ". ئەو هەرچەندە زوو توڕە دەبوو، بەڵام دڵسۆز و یارمەتیدەر بوو.

****************************************************************************

**وەرگێڕ لە ئاڵمانییەوە: مەوش برگی**

**وەرگیراو لە : فصل تئاتر ژمارە ٦ هاوینی ١٩٩٨ .**

*** ئەم دیمانەیە لە پەڕتووکی ' بیرکردنەوە، لەبەرئەوە ' چاپکراوە، کە لەلایەن نێوەندی بڵاوکردنەوەی (مارو)وە لە ساڵی (١٩٩٨)دا بەبۆنەی سەدەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی 'برێشت'ەوە بڵاوکراوەتەوە، لێرەدا وەرگێڕانی هێندێك لەو دیمانەیە پێشکەش دەکەین.**

**** بعل בעל ناوێکی سامییە و بۆ موڵکدار و سەروەر بەکاردێت، هەروەها بە خواوەندانیش دەگوترێت و ناوی خوای باران و شەونمە.**

## Dîmane letek ' Ekkehard Schall' derbarey 'Bêrtolld Brêşt'

Ekkehard Sichall, le 29î ayarî 1930 le 'magdîborg Magdeburg'î allmanya ledaykbuwe û her lewênderê xerîkî xwêndinî şano buwe. Yekemîn karî ew le şanoy şarî 'frankfort - oder Stadtitheater Frankfurter -Oder' û 'şanoy nwêy bêrlîn Neue Buhne Berlin' bû. Ew le ayarî 1952da lelayen brêşt'ewe hênraye nêw tîpî 'bêrlîner ênzêmbil Berliner Ensemble ' bo karkirdin û sallanî dwatir le 1977- 1989 cêgrî berrêweberî tîpeke bû û hawkat letek kare şanoyîyekanî le fîlmîşda kewte rollbînîn. Ew yekêk le gringitrîn û kontirîn ekterekanî brêşt bû. 'êkehard şall' leber lebarî û hellkewteyî taybetî rollî gring û corawcorî le şanokanî brêşt'da gêrra, ke grîngitrînyan 'xozê Jose' leşanoyî 'tfengekanî xatû karrarr' , 'koryolan Coriolan' le şanoyî 'trajîdî koryolan' sallî 1961, 'puntêla Puntila' le şanoyî 'serwer puntîla û koyle matî' 1975, ' azdak Azdak ' leşanoyî ' pazney geçînî qefqazî' 1976, ' galîle' leşanoyî 'jyanî galîle' 1978, 'be'li **' le şanoyî 'b'li Baal ' 1987. Şall bo rollbînîn, çuwe bo zorbey wllatanî orupayî, emrîka, ustralya, kanada û îsraîl û leber serkewtûîy xellatî rexnegran û herweha xellate nêwxoyî û cîhanîyekanî wergirt, ew letek 'barbara brêşt' , kçî hêlîne vaygil û brêşt, hawserîykirduwe.

- **berrêz Schall, to le rrêgeyekî ta radeyek naasayîyewe hatîte ‘ Bêrlîne Ênzêmbil ‘ewe, detwanît lem barewe zyatir boman rûnibkenewe ?**

Ekkehard Sichall : wek her kesêkî dîke, ke bçête şanokanî dîkewe, min bexom daxwazîy karkirdnim da, ew kat brêşt provey şanoyî 'tfengekanî xatû karrarr'î letek hêlîne vaygil û êrvîn gêşonîsk (Erwin Geschonesk) destipêkirdbû, brêşt pêştir letek ekteranî dîke, rollî 'xozê'î lawî prrove kirdbû û lêyan narrazîbû, ew ledûy tîpêkî îspanî yan romanî degerra, min emem bîstibû, pirçim reşkird û çûme ewênderê, brêşt lepêşda hîç qseynekrid, tenya rojêkî prrovey dyarîkrid, ke lewêşda ştêk letek minda prrovebkat, dway çwar rojan gutî : ke mnî bedlle û detwanim ew rolle

bgêrrm, bellam min detirsam reşî pirçim kallbêtewe.

**- Brêşt çon le rollbînîn le şanoyî 'apîk'da piştî be to debest. Ew pêşnyarî be to dekrid, ke tîorîyekanî bixwênnewe?**

Ekkehard Sichall : ew çend risteyek le tîorîyekanî be ême deda û ke zorbeyan pêştir le govarî (wata/nêwerrok û şêwe Sinin und Form )da çapkrabûn. Dwatir bêcge le çend kesanêkî kem le sallaçuwekan û kesanêk, ke hawdemî ew bûn û letek ew karyan kirdbû, hîç kes le tîorî ew tênegeyişt.

**- le şanoyî 'tfengekanî xatû karrarr'da to rollî xozêy lawt degêrra û 'hêlîne vaygil' ke le rollî dapîre dlawerda (Mutter Courage ) da yekê le rolle gringekanî hebû, rollî 'karrarr'î degêrra, to wek ekterêkî law, ke letek ekterêkî benawbangî wek hêlîne vaygil rolltdegêrra, çi hestêkt lela drustibû ?**

Ekkehard Sichall : bellê, vaygil ekterêkî gewrebû, ew beser tewawî dîmenekeda zallbû, katêk ke le dîmeneke ştêkî werdegrit, frawanî dekrid û hemû ştêkî leser şano dexiste jêrkarayî xoy. Bellam eger hestî bkirdaye, ke ekterêkî dîke le dîmenekeda heye, xoy dekêşayewe kenar û bwarî deda, taweku ew ektere xoy nîşanbdat.

**- le katî prrovey 'tfengekanî xatû karrarr'da le nêwan Brêşt û 'Hêlîne Vaygil'da nakokî hebû, to lem barewe ştêkt webîrdêtewe ?**

Ekkehard Sichall : katî prrovekirdnî 'tfengekanî xatû karrarr ' hêlîne vaygil be berdewamî le hestî daykayetî û jnêtî lêwawlêw bû û min betewawî hestim bewe dekrid. Bellam Brêşt daway lêdekrid, bebê têkellkirdnî hest letek rolleke, roll bbînêt û pêydegut "bebê leberçawgirtnî em babete, to hergîz natwanî ekterbît". Em bênewbereye hemîşe lenêwan ewanda hebû, ta ewey ke hêlîne vaygil geyişte ew

serencamey ke Brêşt deyuyist. Eme yekemîn car bû min têgeyiştim, ke dyalêtîk le şanoda watay çîye.

**- aya partî komonîst xoy helldequrtane nêw karubarî şano ?**

Ekkehard Sichall : hergîz.

**- bellam rollî hoyirdêr (Hoerder) ke to le şanoyî cengî zistane (Winteriscihlachit)da detgêrra, kewteber rexney tundutîj û le şalyargewe têlefonêkîş kra ?**

Ekkehard Sichall : paş yekemîn nwandinî şanoyî 'cengî zistane' û paş çepllelêdanekan, Brêşt le jûrî xogorrînda têbînîyekî bo danabûm, ke têyda nûsîbûy " şallî xoşewîst, ger bom hebêt pêwîste bllêm, min êstake hoydêr zor baştir û sernicrrakêştir debînim". Min bem rollbînînem zor razîbûm. Dwatir pawll vandêl (Paul Wandel ) şalyarî perwerde û fêrkirdin betenya daway mnî kird û gutî ke lelay ew, şanoyîyeke zor sernicrrakêşbuwe, bellam çon debêt dje faşîstêk awa le kotayî şanoyîyekeda trisnokane bimrêt ? Min wellamimdawe, ke ême bawerrman weha buwe. Ew sererray eme letek brîşt'îşda qseykird. Min le duwem nwandinda bebê ewey Brêşt agadar bêt, em rollem becorêkî dîke gêrra, paş nwandneke Brêşt peşêwa û hate şwên xogorrînekem û hawarîkrid, ke " ewe çi trrohatêk bû, ke min gêrrawme". Herweha gutî " têbînîyekey xomim pêbderewe". Min lebarey wtuwêjekemewe letek şalyarî perwerde û fêrkirdin qsem bo kird. Brêşt beserimda hawarîkrid "çon detwanît wa gemjane gwê le qsey ewane radêrît ". Min têbînîyîkem be ew nedayewe û hêştake le mallewe lelam mawe.

**- berçawtirîn serkewtûîy nêwneteweyî tîpî şanoy ' Bêrlîne Ênzêmbil ' le sallekanî 1954û 1955da wek tîpêkî mîwan le parîs bû.**

Ekkehard Sichall : em serkewtne berçawe nek tenya le parîs, bellku le lenden, mosko'şi bû. Ewane giştyan karêkî tewaw nwê û hawform bûn. Rexnegrê paş nwandin gutî " îdî pêwîst nîye birrwate şano, çunke beşêweyekî tewaw bedestîhênawe û ezmûnîkirduwe. Leberewey rexnegranî ta ewdem, hîç kat şanoyek, ke bîr û xeyallyan honerane bênêtecoş, nedîtbû.

**- bo Brêşt em serkewtûîyye wek tîpêkî mîwan çi watayekî hebû ?**

Ekkehard Sichall : ew le serencamî karekey fre razîbû, paş yekemîn nwandin dawayanlêkrid, ke leşwênî xoy hestêtewe û bepêwe bwestêt, min pêmwaye ew lem barewe zor dillxoş bububû.

**- çi ştêkt le dwayîn satekant letek brîşt dêteweyad ?**

Ekkehard Sichall : kes bebîrîda nedehat, ke ew demrêt. Nexoşîyekey be helle destinîşankraw û be helleş çareserkrabû, eme lepaş westanî dllî derkewt. Hîç herawhuryayek beboney mergî ewewe encamnedra. Min ewm nazdekrid, hawser û kçekey bemergî ew dilltengibûn. Bo min wek ledestdanî nzîktirîn kesanêk bû, ke demnasîn. Brêşt le mangekanî dwayîda 'jyanî galîle'î prrovhdekrid û birryarwabû min rollî ' andirê ' bgêrrm, katê ke ew nexoşkewt (êrîş êngil Erich Engel) serperşitî provekey kird, katêk ke nexoşîyekey Brêşt teşeneykird û serencam mird, êrîş êngil derhênanî leesto girt. Min amade nebûm mil bew allugorraney ke êngil le karekeda deykirdin bdem, le encamda bezûîy lekarkişamewe.

**- to yekêk le ektere berçawekanî Brêşt û herweha zaway ew bûît û be kesayetî hunerîy û ramyarîy ew aşnabûît, be boçûnî to Brêşt kesêkî çon bû ?**

Ekkehard Sichall : ême wek lawan, ke maweyekî kem pêş serdemî soşyal-nasîwnalîzm (nazîzm) ledaykbûbûyn, xoman be şagrid (fêrixwaz)î Brêşt dezanî, ême

bo newey pêşîn, bo mrove sûdmendekan, ke le awareyî gerrabûnewe, rêzman dadena. Min nemdewîst le şêwey kesêtîda peywendîm letek ewda hebêt, ême lem ruwewe zor leyekewe nzîknebûyn. Min demuyist lewewe ewiştaney, ke bo min rast û gring bûn, ew ştaney ke mrov deytwanî le xoyda geşeyan pêbdat, fêrbbim û têbgem. Bellam ger min bmewêt karakterî ew rûnibkemewe, ewa pêwîste beserhatêkî kurttan bo bgêrrmewe, ke berdewam le pêşçawme : rojêk xerîkî provey şanoyî 'tfengekanî xatû karrarr' bûyn, le katî proveda, min carêk gwêm le rûnkirdnewey Brêşt ranegrit, ew beserimda hawarîkrid, becorêk bû, naxoştirîn ştêk, ke lebîrewerîyimda hebû, hênayewe pêşçawm, pêygutim "ekterî nezan, lasayîkerewey pallewane 'zîgfirêdî law' " min paş srrînewey makyajekem, şanom becêhêşt û lerrarrewekeda sêberêkim dît, ke Brêşt bû, pêygutim " to dwacar zor başbûyt ". Ew herçende zû turre debû, bellam dillsoz û yarmetîder bû.

********************************

**Wergêrr le Îllmanîyewe: Mewş Birgî**
**Wergîraw le : Fêsl Teater jmare 6 hawînî 1998 .**

*** em dîmaneye le perrtûkî ' bîrkirdnewe, leberewe ' çapkrawe, ke lelayen nêwendî bllawkirdnewey (maru)we le sallî (1998)da beboney sedemîn sallrrojî ledaykbûnî 'Brêşt'ewe bllawkrawetewe, lêreda wergêrranî hêndêk lew dîmaneye pêşkeş dekeyn.**

**** b'li בעל nawêkî samîye û bo mullkdar û serwer bekardêt, herweha be xwawendanîş degutrêt û nawî xway baran û şewinme.**

# بێرتۆڵد برێشت وەك 'دەرهێنەر'

کارل ڤێبەر Carl Weber

بابەتی زۆر لەم وڵاتەدا ( وڵاتە یەگرتووەکانی ئەمریکا) لەبارەی برێشت'وە نووسراون. بەشێك لە نووسینە تیئۆرییەکانی ئەو وەرگێڕدراون و زۆربەی شانۆییەکانی بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکراونەتەوە. لەم گشتە، خەڵکی ئێمە ئاوها تێدەگەن، کە برێشت تەنیا هۆنەر و نووسەر بووە. گەرچی ئەم ئەنجامگیرییە دروستە، بەڵام بۆ دەرککردنی 'برێشت'ی شانۆنووس دەبێت برێشت وەك کەسێکی شانۆکار 'دەرهێنەر' بناسرێت. کارایی برێشت لەسەر شانۆی سەردەمی خۆی لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو داهێنانانەی، کە لە دەرهێنانی شانۆییەکانیدا لەسەر شانۆی ' بێرلینەر ئێنزێمبل Berliner Ensemble' دایهێنان؛ لەو کاتەوە کە ئەو کارە نموونەییەکانی لە ساڵەکانی سەرەتا و نێوەڕاستی دەمەی پەنجای زایینیدا لە بێرلینی خۆرهەڵاتی نواند، شانۆی ئاڵمانیا بەگشتی گۆڕانی بەسەرداهات. ئەگەر کارەکانی لە بێرلینەر ئێنزێمبل ساڵی ١٩٥٦ و دواتر لە دەمەی شەستدا لە ' لوزن ' نەنواندایە، بزووتنەوەی نوێی شانۆی بریتانیا ' ڕۆیال کۆرت The Royal Court' ، ' پیتەر بروك ' و ' پیتەر هال' ، ' کێنێس تای نێن Keneeth Tynan ' ئەگەر وەبیرهێنانەوەی چەند ناو بەسبووایە، لەوانەیە زۆر جیاوازتر بووایە، لەوەی کە هەیە. ' گیۆرگیۆ سترێهلەر Giorgio Strehler' لە ئیتالیا و ' ڕۆژە پلانشۆ Roger Planchon ' لە فەرەنسە بەشێوەیەکی قوڵتر لەوە و چۆنیەتی ئەوەی برێشت لە بێرلین دایهێنا، کاراییان وەرگرت. گەرچی برێشت بەدرێژایی تەمەنی بەردەوام لەتەك شانۆدا سەروکاری هەبوو، سەرەتا وەك ڕەخنەگر و پاشان وەك شانۆنووس، بەڵام سەرئەنجام لە ساڵی ١٩٤٩دا بوو، کە ئەو توانی شوێنێکی هەمیشەیی بۆ ئەزموونگەرییەکانی بەدەستبهێنێت؛ تیپێکی شانۆیی و دواتر ساختمانێك، کە لە دەستی ئەودا توانیان بین بە ئامرازی باڵا بۆ خستنەڕووی تێڕوانینەکانی، شانۆیەك کە ئەزموونگە بوو، شوێنێك بۆ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە و بنیاتنانی مۆدێل و نموونەکان.

برێشت پاش نیشتەجێبوونی لە سەردەمی جەنگدا لە ئەمریکا، پاش جەنگ گەڕایەوە ئۆروپا، کاربەدەستانی ئاڵمانیا خۆرهەڵاتی میوانداریيانکرد، تاوەکو نواندنێك لە شانۆیی 'داپیرە دلاوەر'

بە بەشداری هاوسەرەکی 'هێلینا ڤایگل' لە ڕۆڵی سەرەکیدا دەربهێنێت؛ بۆ یەکەم جار پاش پازدە ساڵ ئەو هەلی بۆ ڕەخسابوو، ئەو تیئۆریانەی کە بەدرێژایی تەمەنی، چ لە ئاڵمانیا و چ لە وڵاتانی دیکە، لەپێناویاندا تێکۆشابوو، بخاتە بەرچاوان. ئەم شانۆییە ساڵی ١٩٤٩ لەسەر 'شانۆی ئاڵمانی Deutsche Theatre' لە بێرلین پێشکەشکرا و بووە خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی شانۆی ئاڵمانیادا، لەوانەیە لەم سەدەیەدا و بەدڵنیاییەوە لە سەردەمی (Reinhardt) بەم لاوە.

ڕەخنەگرانێك، کە زۆربەیان بەشێوەیەکی چونیەك کارەکانی 'برێشت'یان لە ساڵانی پێش ١٩٣٣دا تاوانبارکردبوو، لووتیان شکاو و دەرهێنانەکە لەتەك سەرکەوتنێکی گەورە ڕووبەڕوو بوو. من کە ئەو کات لاوێك بووم، لە زانکۆی شاری هایدلبێرگ بۆ بینینی ئەم نواندنە چووم؛ ئەم نواندنە هێشتاکە وەك گەورەترین ئەزموونی شانۆیی لە ژیانی مندا ماوەتەوە. ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە چ شتێك وەها بێوێنەی کردبوو، ئێستاکەش بۆم دژوارە، بۆچی لەو کاتە بەدواوە من بە ڕۆڵبینین لەو شانۆیەدا و دووبارەنواندنەوەی لە ساڵی ١٩٥٤دا، خوومگرتووە. بەڵام شتێك کە هەرگیز لەبیرناچێت، ئەوەیە کە یەکەم جار بوو، من کەسەکانم لەسەر شانۆ دەبینین، کە وەك مرۆڤی ئاسایی هەڵسوکەوتیاندەکرد؛ تەنانەت تۆزقاڵێك 'ڕۆڵبینین'ی تێدانەبوو، هەرچەند لێیهاتوویی تەکنیکی و جوانی هەر ساتێکی، سەرنجراکێشبوو. سادەیی و بەسوودی دیکۆر و کەرەستەکانی دیکەی شانۆ بۆ کەسێك، کە تا ئەو کات تەنیا شانۆی پلەدوو و [هەڵبەتە هێندێك جار باشترینی ] شانۆییەکانی ئاڵمانیایان دیتبوو، سەرسوورهێنەر و واقوڕمێنەربوو، کە چۆن چۆنی بیری شانۆیی بەبێ زۆر و کردنەمێشك بۆ بینەران دەگوێزرایەوە. ئەمە تەنانەت باشتر و بڵندتر لە جوان ڕۆڵبینینی ڤایگل و ناودارەکانی دیکەی تیپەکە بوو.

لەبەرئەوە بڕیارمدا، کە هەرچۆن بووە، لەتەك برێشت'دا کاربکەم. بەڵام ئەم بڕیارە تا ساڵی ١٩٥٢ تا خاڵیبوونی شوێنی هاوکارێکی دەرهێنەر لە 'ئێنزێمب' جێبەجێنەکرا. من چوومە لای یەکێك لە شانۆنووسەکانی تیپەکە بەناوی پیتەر پاڵتیژ (Peter Palitych) و چۆنیەتی کارداواکردن لە برێشت'م لێپرسی. لە وەڵامدا گوتی "برێشت خۆشی لە چاوپێکەوتنی داواکەران نایێت و باشترین کار ئەوەیە، کە بابەتێك لە بارەی نواندنەکانی ئێنسێمبل بنووسم و بۆچوونی خۆمی تێدا دەرببڕم. نەك ڕەخنە، بەڵکو تەنیا ڕوونکردنەوە و باسکردنی ئەوەی ئەکتەرەکان

پێیهەڵدەستن. بۆچی ئاوا و ئەوەی ئایا کارایی هەیە یان نە. چەند جارێك چووم بۆ دیتنی شانۆیی 'پۆنتیلا'. دەربارەی دوو دیمەنی ئەو نواندنە بابەتێکم نووسی و ناردم بۆ برێشت. پاش ماوەیەك تێلەفۆنم بۆ جێگرەکەی برێشت کرد و گوتم: دەتوانم بێم، یان ئەوەتا بابەتەکە هێندە خراپە بەکەڵك نایێت؟ وەڵامەکەی ئەو بۆ من، ئەمە بوو، کە " مەگەر لەتوانادا هەیە ئەو ناچاربکەین شتێك بخوێنێتەوە. ئەو زۆر ناخوێنێتەوە". بەڵام من جێگرەکەیم ڕازیکرد، کە جارێکی دیکە هەوڵبدات سەرنجی برێشت بۆ نووسینەکە ڕابکێشێت. پاش دوو هەفتە دووبارە تێلەفۆنمکردەوە و جێگرەکە گوتی " چۆن بیڵێم، نووسینەکەمان ونکردووە". لە بەدبەختیدا دەستنووسەکەم نەمابوو. بەڵام باشبوو ئەوان پەیدایانکردەوە.

سێ هەفتەیەك تێپەری و جارێکی دیکە تێلەفۆنمکردەوە و ئەم جارە سکرتێرەکەی گوتی "برێشت خوێندوویەتییەوە و دەیەوێت بتبینێت". ڕۆژی دواتر بەیانییەکەی بە کڵاوە بەناوبانگەکەیەوە لەوێندەرێ بوو. من شەرممدەکرد و دەستوپێی خۆمم ونکردبوو، بەڵام ئەو تەنانەت لە من شەرمنتر بوو. ئەو گوتی "بەڵێ، ئێوە ... ، بەڵێ، من خوێندمەوە ..." بێدەنگییەکی درێژخایەن باڵی بەسەر هەردووکماندا کێشا. من نەمدەزانی چی بڵێم و ئەویش بەس سەیری منی دەکرد. سەرەنجام هاتەگۆ و گوتی "دەبێت بڕۆم بۆ پرۆڤە، ئێوە دەتوانن بڕۆن بۆ نووسینگەی بەڕێوەبردن و لەتەك 'ڤایگل' سەبارەت بە ڕێکەوتننامەی کارەکەتان قسە بکەن" پاش ئەوە چووە دەرەوە.

لە نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی پرسیارمکرد، ئایا بۆم هەیە پرۆڤەکان ببینم یان نە، لە وەڵامدا گوتیان "هەرکەس بەڕاستی هۆگری ئەوە بێت، دەتوانێت پرۆڤەکان ببینێت، مەگەر ئەوەی کە برێشت، لە هەندێك شوێنی دیاریکراودا پێیوابێت، ئەکتەرێك زۆر تووڕەیە، کە لەم کاتەدا ئەو بەجیا لەتەك ئەو ئەکتەرە کاردەکات، بەڵام پرۆڤەکانی دیکە کراوەن و سەیردەکرێن". برێشت دەیویست ئەکتەرەکان لەتەك بینەردا ڕابێن، بکەونە پێکەنین و بەپێی توانا لە سەرەتای دەستپێکردنی پرۆڤەوە لەتەك ئامادەبووانی نێو هۆڵەکە پەیوەندیبگرین. ئەو کات تیپەکە شانۆیی 'ئورفاوست Urfaust' یان پرۆڤەدەکرد. ئەم شانۆییە 'گۆتە' لە بیست و پێنج ساڵیدا نووسیبووی، واتە چەندین دەمە پێش ئەوەی دوا ڤێرژنی 'فاوست' بنووسێت. برێشت لەبەر چەند هۆ 'ئورفاوست'ی بەلاوە گرنگبوو. زمانی ئەم نواندنە بەشێوەی هۆنراوەی گاڵتەجاڕی/

شعر هزلي Knittelverse) نووسراوە، زمانێك كە كێشی نییە یان كێشێكی ناجێگیری هەیە و سەرواشی نییە یان بە زۆر سەروا وەردەگرێت. ئەم زمانە لە نواندنە كۆمیدییەكانی فارس و نواندنە مەزهەبییەكانی كۆتایی سەدەكانی ناوەڕاست و سەرەتای ڕێنیسانس بەكارهێنراوە و هەروەك نواندە گەلییە وێوڵەییەكانی ئاڵمانیایە. نواندنی 'فاوست'، هەرچەندە بەرهەمێكی بەنرخە، شانۆیی پیرە میردێكە لە كۆمەڵگەدا خاوەنی بۆچوونێكی گۆشەگیرانەیە و تەنیایە، بەڵام 'ئۆرفاوست' كاراییەكە لە بزووتنی ' تۆفان و تووڕەیی Strum und Drang' بە مامەڵەكردنێكی سەرچڵانە و بێباك لەتەك جیهاندا. چوونە سەرباسی ئەوین لەم نواندنەدا، بەشێوەیەكی سەرنجراكێش لە شێوەیەكەوە نزیكە، كە برێشت لە شانۆییەكانی 'بعل- Baal ' و 'ئاوازی تەپلەكان لە دڵی شەودا ' بەكاریهێناوە.

من چوومە نێو هۆڵەكە و دیاربوو، كە هەمووان كاتی پشوودانیان بەسەردەبرد. برێشت لەسەر كورسییەك دانیشتبوو و سیگاری گەلایی دەكێشا، 'ئیگۆن مۆنك Egon Monk' بەڕێوەبەری جێبەجێكردن و دوو سێ یارمەتیدەر لە كن ئەو دانیشتبوون، هەندێك لە ئەكتەرەكان لەسەر شانۆ بوون و هەندێكی دیكە لە دەوروبەری برێشت ڕاوەستابوون، نووكتەیان دەگێڕایەوە و جوڵانەوەی خەندەئاوەریان دەكرد و پێدەكەنین. پاش ئەوە ئەكتەرێك چووە سەرشانۆ و شتێكی لە سێ شێوەی جیاوازی لەسەرمێزكەوتنەخوارەوەی ئەنجامدا. هەمووان كەمێك دەربارەی دیمەنی 'لە ئاوێرباخە كێلەر Auerbache Keler'ی شانۆییەكە دەدوان، [دیمەنێك كە مفیستو، 'فادست' دێنێتە میوانخانەیەك كە لەوێدا خوێندكارانی سەرخۆش بە نوكتەی سێكسی و ئاوازی سادە حاڵیاندەكرد]). ئەكتەرێكی دیكە خەریكی كەوتن لەسەر مێزی تاقیكردەوە و ئەنجامگیرییەكانی بەراوردەكرد؛ بەپێكەنینێكی زۆر و سەرخستنەسەری فرەی یەكدییەوە، ئەم بەزمە درێژەیكێشا، كەسێك ساندویچی دەخوارد و من ئاوام بیركردەوە، كە پشوویەكی درێژە. شەرمنانە دانیشتم، چاوەڕێ مامەوە هەتا پاش ئەوەی كە مۆنك ڕایگەیاند "دەی، ئەوا كارمان تەواوبووە، با بڕۆینەماڵەوە". ئینجا من تێگەیشتم، كە گشت ئەمانە پرۆڤە بوون و، ئەم پرۆڤەیە نموونەی شێوەیەكی كراوە و ئازاد بوو، كە برێشت بەكاریدەبرد. ئەم پرۆڤەیە، بەرخوردی ئەزموونگەریی ئەو و گەلكارییەكی ئاوەها كە شانۆی ئێنزێمبل لەتەكی ڕاهاتبوو، نیشاندەدا. برێشت هەر بۆچوونێك كە لەتەك خۆیدا بهێنایەتە نێو پرۆڤەكەوە تاقیدەكردەوە و دەیخستە لاوە و شتێكی دیكەی تاقییدەكردەوە. هێندێك جار دیمەنێك بە چل شێوەی جیاواز

تاقیدەکرایەوە، هێندێك جاریش بە دوو شێوە. تەنانەت پاش ئەوەی شانۆییەکە چووبووە سەرشانۆ و ڕەخنەی لەسەر نووسرابوو، دووبارە دەستکاری هەندێك لە بەشەکانی دەکرد و دووبارە پرۆڤەیدەکردەوە و (میزانسن)ی دەگۆڕی. ئەکتەرەکانیش بەرخوردێکی ئەزموونگەریيان لەتەك کارەکەدا هەبوو، ئەوان ڕێگەی ئەنجامدانی شتێکیان پێشنیاردەکرد و لەتەك ئەوەی کە دەستیان بەڕوونکردنەوە دەکرد، برێشت ڕایدەگەیان لەکاتی پرۆڤەدا گوێ لە هیچ باسێك ڕاناگرێت. دەبێت تاقیبکرێتەوە. ئاشکرایە، کە تەواوی تیڕوانینەکانی ئەو لەسەر ئەم بنچینەیە وەستابوون، کە جیهان شیاوی گۆڕانە و مرۆڤیش لەم جیهانەدا دەگۆڕێ؛ هەر ڕێگەچارەیەك تەنیا خاڵی دەستپێکردن بوو بۆ ڕێگەچارەیەکی نوێتر و باشتر.

هەڵبەتە ئەم گشتە لەبەر شەیدایی ئەزموونگەری نەبوو. مەبەستی سەرەکی برێشت ئەوە بوو، کە شانۆیی بەشێوەیەکی ڕوون، جوان و سەرگەرمکەر، گێڕانەوەی بەسەرهاتێك بێت بۆ بینەران. ئەو ئەگەر لە دەرهێنانێکدا بەشێکی ناڕۆشن و وەڕسکەری ببینیایە، دەیقرتاند. هیچ کات کەسێکم نەبینیوە وەك برێشت ئاوا بێبەزەییيانە دەقەکانی خۆی ببڕێ و بەشەکانی تەرکبکات. برێشت لێوەشاوەییەکی دیکەشی تێدابوو؛ ئەگەر هەفتەیەك لەسەر دیمەنێك کاری بکردایە و دواتر بۆ هەفتەیەك بیخستایەتەلاوە، کاتێك کە دەگەڕایەوە سەر ئەو دیمەنە، دەیتوانی وەها سەیربکات، کە وەك بڵێی پێشتر نەیدیتووە. لێرەدا نموونەیەك وەبیر دێنمەوە، دیمەنێك لە پەردەی سێیەمی 'بازنەی گەچینی قەفقازی '. ئەو کاتەی کە ' گروشا ' لەتەك منداڵە دۆزراوەکەی و براکەی 'لارن تیج' دێنە ماڵە جوتیارێکی دەمسەرەمەرگ، کە گروشا ناچار بووبوو هاوسەریی لەتەکدا بکات. ئەم دیمەنە سێ هەفتە بوو، پرۆڤەی لەسەر نەکرابوو. پرۆڤەی ئەم شانۆییە حەوت مانگ درێژەیکێشا. کاتێك کە برێشت گەڕایەوە سەر ئەم دیمەنە، پێمانوابوو کە دیمەنەکە زۆرباش دەچێتە پێشەوە، کەچی لەناکاو برێشت هاواریکرد "ڕاوەستن !". ئەو لە ئەکتەرێك کە لەو دیمەنەدا ڕۆڵی 'لارن تیج'ی دەبینی و ئەم سەر و ئەو سەری ژوورەکەی دەکرد، پرسی : بۆ ئەو جوڵانەوەیە ئەنجامدەدات. ئێمە هەمووومان وەڵامماندایەوە، لەبەرئەوەی بۆ ئەوە بەڵگەی هەیە؛ ئەو بۆ دەربڕینی ڕستەکەی دواتری، دەبێت لەوسەری ژوورەکەدا بێت. ئەمە ' میزانسن 'ی خۆتانە. برێشت بەتووڕەییەوە ئەمەی ڕەتکردەوە. وتی "بەڵگەیەك بۆ جووڵانەوەکەی ئەو لە ئارادا نییە". ئێمە گوتمان بەڵام ڕستەی پاشتر وەها شتێك دەخوازێت. ئەو هاواریکرد "چ ڕستەیەك ؟ "، ئەکتەرەکە ڕستەکەی دەربڕی. لە وەڵامدا

گوتی " ئەم ڕستەیە ناکرێت نووسینی من بێت ! ". ئێمە ناچاربووین، کە دەقەکە نیشانبدەین و بیسەلمێنین، کە ڕستەکە هی خۆیەتی و ئەو بەڕاستی لەتاو ئێمە تووڕەبوو. ئەو دیمەنەکەی دووبارە نووسییەوە. برێشت ئەم دیمەنەی ئاوا دیتبوو، هەروەك بڵێی کەسێکی دیکە نووسیبێتی و پەیوەندی بە شانۆنامەیەکەوە هەبێت، کە ئەو شتێکی لەبارەیەوە نەبیستبێت. ئەو وەك بینەرێك هەڵیدەسەنگاند و دەیبینی کە دیمەنێکی سەرکەوتوو نییە.

پێشەکییەکانی ئامادەکردنی شانۆییەك لەباری ئاساییدا نیوەساڵێکیان دەخایاند. لەو ماوەیەدا شانۆییەکە دەکەوتە بەرباس و لێدودوان و گەر وەرگێڕان بووایە، دەکەوتەبەر لێکۆڵینەوە. دیکۆری دیمەنەکە سەرەتا لەسەر کاخەز و پاشان لە شێوەی نموونەی وێنەیی ئامادەدەکرا. ئەم بابەتە لەبارەی پۆشاکیشەوە هەروا بوو. پاش ئەم قۆناخە، کاتێك کە برێشت پرۆڤەی دەستپێدەکرد، دیاریکردنی 'میزانسن' لایەنیکەم سێ تا چوار مانگی دەخایاند. 'میزانسن'ەکان وردەکاری زۆریان دەخواست. برێشت پێیوابوو، کە میزانسن بڕبڕەی پشتی دەرهێنانی شانۆییە؛ ئەو لەو باوەڕەدابوو، کە میزانسن، لەباری خوازراویدا، پێویستە بەتەنیا توانای گێڕانەوەی بەسەرهاتی شانۆییەکەی هەبێت. بەو جۆرەی کە ئەگەر کەسێك لە پشت دیوارێکی شۆشەییەوە سەیری نواندنەکە بکات و بەبێ ئەوەی گوێی لە ڕستەیەکیش بێت، بتوانێت توخمە سەرەکییەکانی بەسەرهاتەکە و بەرخوردەکانی نێوی تێبگات. بەدەستهێنانی وەها 'میزانسن'ێکی ڕۆشن و ئاشکرا، کاتێکی فرەی فرەی گەرەکە. ئەو هەرشتێك شیاوی خستنەپێشچاو بووایە، تاقیدەکردەوە و ئەگەر دیمەنێك لە پرۆڤەدا لەتەك جلوبەرگ و دیکۆردا نەگونجایە، یەکەمین شتێك میزانسن بوو، کە گۆڕانی بەسەردا دەهات.

پاش دیاریکردنی 'میزانسن'ی سەرەکی، ئێمە لەسەر وردەکاری ڕۆڵبینین، دەستبەکاردەبووین. تا ئەم کاتە ئەکتەرەکان ڕستەکانی خۆیان بەتەواوی دەرخکردبوو و دەیانتوانی بە ئاسانی ڕۆڵیان لەتەکدا بگێڕن. جووڵانەوە و بارە جەستەییە زۆر جوانەکان، زۆرترین سەرنجیان بۆ خۆ ڕادەکێشا. هەندێك جار کاتژێرێك بۆ چۆنیەتی هەڵگرتنی شتێك لەلایەن ئەکتەرێکەوە تەرخاندەکرا. سەرنجی تایبەت دەدرایە وردەکارییەکانی جووڵانەوەی جەستەیی؛ خوگرتنەکان، ڕاهاتنەکان، بەرخوردەکان و تەنانەت بارە جەستەییە فرە جوانەکانی مرۆڤ، کە کەسایەتی ئەو پێکدەهێنێت و ئەمە ڕاستییەکە، کە بەزۆری لە شانۆدا پشتگوێدەخرێت. برێشت چەند

کاتژێرێکی بەوەوە دەبردەسەر، کە ببینێت 'گالیلە' چۆن تێلەکسکۆپێك یان سێوێك بەدەستەوە دەگرێت. ' گروشا 'ی قەڵەو، چۆن بوتڵە ئاو یان منداڵێك بەرزدەکاتەوە، سەربازی لاو 'ئیلیف' چۆن چۆنی لەسەر مێزی جەنراڵکەی خۆی دەخواتەوە و شتی دیکە. زۆربەی کات نیگار و بەڵگەی وێنەیی کات و سەردەمی بەسەرهاتی شانۆییەکە بۆخوێندنەوەی جوولە و بارە جەستەییەکان دەهێنرایە نێو پرۆڤەکان. نیگارکێشانی پەسەندکراوی برێشت 'برۆگل' و 'بوش' بوون. نیگارکێشی ئەوان 'بەسەرهاتەکان'یان دەگێڕانەوە، کەسایەتییەکانیان لەتەك ژیان و پیشە و باوەڕ و تاوانەکانیان ئامێتە بووبوون. کارایی ئەو وێنانەی، کە برێشت دیتبوونی بەزۆری لە کارەکانی ئەودا بەدیدەکران، ساتی تایبەت لە میزانسن و هەروا کەسایەتییەکان و دیمەنەکان، لەو نیگار و وێنانەوە سەرچاوەیانگرتبوو.

مەرجەکانی کەسایەتی، مەرجەکانی بەسەرهاتەکە و ئەو کارانەی کە لە دەوروبەری کەسایەتییەکاندا ڕوویاندەدا، هەر سات دەبوو لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە لەبارەیانەوە بکرێت. کاتێك کە هەموو ئەم وردەکاریانە دەگەیشتنە قۆناخێکی دیاریکراو، قۆناخێك کە خاڵی تەواوبوون نییە، بەڵکو قۆناخی کەمبوونەوەی تواناییە جۆراوجۆرەکان بوو، برێشت یەکەمین پرۆڤەی تەواوی نواندنەکەی دەستپێدەکرد. ئەم قۆناخە دەیتوانی شەش مانگ پاش دەستبەکارکردنی ئەکتەرەکان لەسەر شانۆییەکە بێت. شەش مانگ کارکردن لەسەر 'میزانسن'ەکان، ساتی جیاجیا و بەشی چکۆلەی دیمەنەکان. یەکەمین پرۆڤەی گشت شانۆییەکە بەزۆری کارەسات بوو. بۆ ئەکتەرەکان نەدەلوا کە وەها بەخێرایی هەموو شتێك پێکەوە گرێبدەن. بەڵام برێشت خۆی لەسەر ئەم بابەتە پێداگریدەکرد. لە پرۆڤەی دووەم و سێیەم لە گشت شانۆییەکەدا، لەسەرخۆ کێشێك خۆی دەردەخست و تەواوی ئەو هەڵانەی، کە تاوەکو ئەوکات نەبینرابوون، بەرۆشنی دەردەکەوتن. جارێکی دیکە برێشت تەواوی شانۆییەکەی بە ساتی کورت و بەشی بچووك بچووك دابەشدەکرد و هەر پارچەیەك کە سەرکەوتوو نەبووایە، کاری لەسەر دەکردەوە. پاش کارکردن لەسەر بەشە جیاکراوەکان، دواقۆناخی پرۆڤە دەستپێدەکرد. ئەم قۆناخە پرۆڤەکانی تەواوی شانۆییەکەی دەگرتەوە، بەڵام ئەم پرۆڤانەش هەمیشە دووبارە کارکردنەوە لەسەر وردەکاری و دیمەنە جیاوازەکانی لەتەکدابوو. یەك دوو هەفتە بۆ پرۆڤەی کارە تەکنیکییەکان تەرخاندەکرا. هەندێك جار ڕوناکیدان بە شانۆییەکە پێنج ڕۆژ درێژەیدەکێشا، کە لەم ماوەدا بۆ دەرهێنانی جووڵە و

'مزانسن'ەكانی شانۆییەكە، سوود لە ئەكتەرە زیادەكان وەردەگیرا، تاوەكو ئەكتەرە سەرەكییەكان كات و وزەی خۆیان بەفیڕۆنەدەن. بەدرێژایی پرۆڤەكان بەجلوبەرگەوە، وردەكارییەكان هەمیشە گۆڕانیان بەسەردادەهات و چاكتر دەبوون، ئەم ئاڵوگۆڕانە زۆربەی كات تەنانەت میزانسن و دەقی شانۆییەكەشی دەگرتەوە. لەیادمە كە لە یەكەمین شەوەكانی نواندندا، ئەكتەرەكان كورتە تێبینی برێشت'یان لەسەر مێزی ژووری خۆگۆڕیندا دەدۆزییەوە، لەم تێبینییانەدا وێڕای ئارەزووی سەركەوتن لە نواندنەكەدا داوایلێدەكردن، كە بۆ نموونە لە فلانە دیمەندا لە جێی ئەو ڕستەیەی كە برێشت بڕیاری گۆڕینی دابوو، لە ڕستەی تازە سوودوەربگرن، لەبەرئەوەی كاردانەوەی بینەران لە جەنەراڵ پرۆڤەدا بەجلوبەرگەوە ئەوی نیشانداوە، كە ڕستەی شانۆییەكە ئەو كارایییەی كە برێشت ویستوویەتی، نەیبووە.

پاش جەنەراڵ پرۆڤە بە جلوبەرگەوە، برێشت هەمیشە پرۆڤەیەكی دەهێنایەكایەوە، كە بە پرۆڤەی " هێڵكێشی" یان " هێمادانان" ناویدەبرد؛ دەبوو ئەكتەرەكان لەسەر شانۆ، بەبێ هەوڵ لە ڕۆڵگێڕاندا، بەڵام بە پاراستنی هاوسەنگی و وەستانەكان و هیدیكە و بەبێ جلوبەرگی نواندن، گشت جوڵانەوەی شانۆنامەكەیان بەخێرایی لە سەرەتاوە تا كۆتایی ئەنجامبدەن و دەقەكە بەخێرایی دەربڕن. ئەگەر كەسێك لەو سەری هۆڵەكەدا بووایە، ئەم پرۆڤەیەی وەك فیلمە بێدەنگەكان دەبینی؛ دەیبینی كە كەسەكان بەخێرایی دەجووڵێنەوە و باری جۆراوجۆری جەستەیی لەخۆیان نیشاندەدەن، بەڵام نەیدەتوانی وشەكان ببیستێ و یان هیچ جۆرە هەستێك بێجگە لە هەستە ئاشكراكان ببینێت. ئەم پرۆڤەیە كارایییەكی زۆر بەسوودی هەبوو، دەبووە هۆی ئاسوودەیی و ئازادی ئەكتەر. كۆمەكی پێدەكرد كە هەر وردەكارییەكی فیزیكی لەبیربێت و باشتر چۆنیەتی هاوسەنگی نواندنەكە بەدەستبهێنێت.

سەرئەنجام شەوی یەكەمی نواندنەكە [كە لەڕاستیدا پێشنواندنێك بوو بە ئامادەبوونی بینەران] كاتی دەهات. پاش ئەوە پرۆڤەدەكرا، تاوەكو ئاڵوگۆڕ لەسەر بنەمای كاردانەوەی بینەران لە شانۆییەكەدا بكرێت. پاش پێنج تا هەشت 'پێشنواندن'ی شانۆییەكە لە شەوی یەكەمدا بە ئامادەبوونی نوێنەری ڕۆژنامە و بڵاوكراوە و میوانەكان، نواندنی فەرمی دەستپێدەكرد. برێشت بەپێی ئەزموونەكانی خۆی لە ئەمریكا و بریتانیا ئەم پێشنواندنەی لە شانۆی ئاڵمانیادا كردە باو. سەرەتا ڕەخنەگرانی ئاڵمانی بەتوندی دژی ئەم كارە بوون، بەڵام

ئێستاکە شانۆکانی دیکەش شێوەی برێشت دەگرنەبەر. پاش دەستپێکردنی فەرمی نواندنەکانیش کارکردن لەسەر شانۆییەکە نەدەوەستا. دەرهێنەر [ یان یەکێك لە یارمەتیدەرانی ئەو] شەوانە نواندنەکەیان سەیردەکرد و هەر کات کە ئاڵوگۆڕ یان دووبارە کارکردنەوەیان لەسەر بەشێك بەپێویست بزانرایە، دەستیان بە پڕۆڤەدەکرد.

ئەم هەمووە لەوانەیە بە ڕۆژێکی پڕ سەختی و ماندووبوون بێتەپێشچاو، کە تاکو ڕادەیەك هەر وئااش بوو. بەڵام هەموو شتێك لە کەشێکی ئارام و ئاسوودە و ئازاددا بۆ ئەزموونکردن بەرپادەکرا. ئەکتەرەکان (دەرهێنەرانێك) کە تازەکی هاتبوونە بێرلینەر ئێنزێمبل، بەزۆری فرە تووڕە و شڵەژابوون و هەوڵیاندەدا، کە دەستبەجێ ئەنجامێك بەدەستبهێنن، بەو جۆرەی کە ئەگەر تەنیا چەند هەفتەیەك هەلی پرۆڤەکردن هەیە، دەبێت ئاوابێت. بەڵام برێشت پێیدەگوتن "هەمیشە دەبێت بەگومانەوە تەماشای ئەنجامی پەلە بکرێت. یەکەمین ڕێگەچارە بەزۆری ڕێگەچارەیەکی باشنییە. لەبەرئەوەی بیرکردنەوەی پێویست لەبارەیانەوە بەکارنەبراوە. وەك سروشتی ڕێنوێنیگەرێکی گوماناوییە، بەتایبەت بۆ دەرهێنەر".

بەبۆچوونی برێشت نیگارکێشی گرنگییەکی زۆری هەبوو. ئەو شێوەکانی بەکارهێنانی نیگارکێشی لەتەك هاوەڵەکەی ' کاسپێر نێهەر Kasper Neher ' باسکردبوو و لەتەك ئەودا دەسکەوتێکی نوێیان بەدەستهێنابوو. کاتێك کە 'نێهەر' لێپرسراوەتی نیگارکێشی شانۆیی برێشت'ی لەئەستۆدەگرت، سەرەتا بەهێلکارییە چکۆلەکان دەستیپێدەکرد، کە شوێنە گرنگەکانی بەسەرهاتەکەیان نیشاندەدا. هەندێك جار ئەو تەواوی بەسەرهاتەکەی لە شێوەی کاریکاتۆری ڕوونکراوە دەکێشا. ئەو لە کەسایەتییەکانەوە دەستیپێدەکرد و وێنەکانی بەپێی شوێنی تایبەتیان دەکێشا، بەم شێوەیە 'میزانسن'ی وێنەکێشی دەکرد، کاتێك کە ئەو و برێشت، نیگارکێشییەکانیان پەسەندبکردایە، دەستبەکاری کێشانی دیمەنەکان دەبوون. بۆ برێشت و بۆ 'نێهەر'یش کاتی کارکردنی لەتەك برێشت'دا، هەروەها بۆ 'ئۆتۆ Otto' و 'فۆن ئاپێن von Appen' کە لە دەمەی پەنجادا لەتەك برێشت'دا کاریاندەکرد، دیکۆر کەشێك بوو، کە لەوێدا ئەکتەر بەسەرهاتێکی تایبەتیان بۆ بینەران دەگێڕایەوە. یەکەمین هەنگاو ئەوە بوو، کە کەش و کەرەستە ڕۆنەرە پێویستەکانی ئەکتەر بخرێنەبەردەستی؛ هەنگاوی دواتر ئەوەبوو، کە دیکۆرە داهێنراوەکە خۆی بەڕادەی پێویست بەسەرهاتی شانۆییەکە و ناکۆکییەکانی ناخی، سەردەمی

مێژوویی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هیدیکە بگەیێنێتە بینەر. دواهەنگاو ئەوە بوو، کە بەجوانی بیهێننەدی.

ئەوەی کە بە دەرهێنانی برێشتی ناودەبرێت، شتێك بوو کە هەمیشە لەدوا قۆناخی ئامادەکردنی شانۆییەکەدا بەدەستدەهات. برێشت هیچ کات بەبیرۆکەیەکی پێشتردارێژراوەوە لەبارەی شێوەی دەرهێنان دەستیپێنەدەکرد، تەنانەت شتێکی سەرەکی وەك ئەوەی کە دەبێت دەرهێنانەکە 'ناتورالیستی' بێت یان 'سەردەمێکی مێژوویی تایبەت' نیشانبدرێت یان هەر شێوەیەکی گەوجانەی کە ڕێسا و ڕێکەوتنە شانۆییەکان بەزۆری لەسەر شانۆنامەکان دەیسەپێنن. ئەو بە وردبوونەوەیەکی قوڵی پەیوەندی ئاڵۆزکاوی کۆمەڵایەتیی کەسەکان و ئەو هەڵسوکەوتانەی کە لەوەوە سەرچاوە دەگرن، دەست بەکار دەبوو. ئەو دەروونناسینی کەسایەتییەکانی پشتگوێ نەدەخست، بەڵکو لەسەر بنەمای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان گەشەیپێدەدا. کاتێك برێشت پرۆڤەکانی دەستپێدەکرد، هێڵکارییەکانیانی سەیردەکرد و لەسەر بۆچوونەکانی کاریدەکرد. دوو جار من بەخۆم ئەوەم دیتووە، کە لەسەدا حەفتاوپێنجی دیکۆرێك بەتەواوی دروستکراوە و [ پۆشاکی دوراو و گونجاو لەتەك ئەو دیکۆرە ] پاش دوا پرۆڤە لەتەك پۆشاکەکاندا وەلانراون. لەتەك ئەوەی کە هەرچەندە جوانیش بوون، بەڵام ئەوەی کە برێشت و 'فۆن ئاپێن' دەیانویست نەیاندەگەیاند. پارەیەکی زەبەند خەرجی ئەم ئەزموونانە دەکرا، بەڵام بەبەگومان بەفیرۆ نەدەچوو. یەکێك لە پەندە جێپەسەندەکانی برێشت ئەوەبوو " تام وچێژی خواردن بەچێژتنی خوارنەکە دیاریدەکرێت"، هەمیشە ئەمە لەبارەی کاری شانۆیی ئەوەوە ڕاستبوو.

لە دەمەی بیستی سەدەی ڕابوردووەوە، کە برێشت لە شاری 'مونیخ'کەوتە دەرهێنانی شانۆیی، تا کۆتای، پێیخۆشبوو لەکاتی دەرهێناندا دەوروبەری قەرەباڵخ بێت. هەر کەسێك کە جێمتمانەی بووایە، بانگهێشتەی پرۆڤەکانی دەکرد و بەردەوام لە سەرنجەکانی دەکۆڵییەوە. ئەو بە لەبەرچاوگرتنی کاردانەوەی ئەو کەسانە، سەرپەرشتی کارەکەی خۆی دەکرد. لە دەمەی پەنجادا دەرهێنانەکانی برێشت وەك هەمیشە بەرهەمی گەلکاری بوون و ئەو بەردەوام سوودی لە تەواوی کەسانێك کە لەتەك دەرهێناندا سەروکاریان هەبوو، هاریکاران، هێلکاران و ئامادەکەران و ئاوازدانەران، وەردەگرت.

برێشت لە لێپرسراوە هونەرییەکانی ئێنزێمبل خوازیاربوو، کە پرۆڤەکان بە پۆشاکەوە ببینن، تاوەکو بتوانێت لە سەرنجی ئەوانیش ئاگاداربێت. لە یادمە کە دواپرۆڤەی 'کاتسگرابن Katzgraben' [شانۆییەکی چیرۆکنووس و شانۆنووسی هاوچەرخی ئاڵمانی خۆرهەڵاتی' ئێرڤین شتریتماتەر Erwin Stritmatter ' کە برێشت لە ساڵی١٩٥٣دا هێنایە سەرشانۆ] برێشت کۆمەڵێکی لە تازەلاوانی دە تا چواردە (١٠- ١٤) ساڵەی بۆ سەیرکردن بانگهێشتەکردبوو. پاش تەواوبوونی پرۆڤەکە، ئەو، دوو کاتژێری تەواو کاتی لەتەك ئەوان بەسەربرد، تا بزانێت کە ئەوان چی لە شانۆییەکە تێگەیشتوون و چی تێنەگەیشتوون و بۆچی. ئەم دیمانەیە کێشایە ئەوەی کە هێشتا لەسەر هەندێك لە دیمەنەکان کاربکرێت و تاوەکو نیشتمانەتر رۆشنببنەوە و 'گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە' چۆنیەتییەکی باشتری هەبێت. برێشت بڕوای تەواوی بە دیتنی بێلایەنانە و بێدەمارگیریی منداڵان هەبوو. واتە لە بیرکردنەوەی ساکار و هۆنەرانە بەهرەمەندبوون، بیرکردنەوەیەك کە برێشت پێیوابوو بۆ شانۆ زۆر گرنگە.

برێشت بڕیاریدا، کە دەرهێنەرانی لاو لە ئێنزێمبل پێکەوە کاری دەرهێنان بکەن. دوو یان هەتا سێ کەس لە ئەوان بەشێوەیەکی یەکسان و هاوبەش رۆڵی دەرهێنەر لەئەستۆبگرن. ئەم کارە ئەنجامێکی خوازراوی هەبوو. دەرهێنەران چەمکێکی بنەڕەتی کە هەمووان پێیڕازیبوون، بەدەستیاندەهێنا و دواتر دەستیان بەپرۆڤەکردنیاندەکرد، بەڵام لە درێژەی پرۆڤەکاندا شتگەلێکی جوان لە بەرخورد و جوودایی ئەندێشە جیاوازەکاندا، کە لەسەر بابەتێکی هاوبەش کاریاندەکرد، دەهاتنەگۆڕێ. رێگەچارەی باشتر لەوەی کە هەریەکە لەم دەرهێنەرانە بەتەنیاکاریی بتوانێت بەدەستیبهێنێت، دەستکەوت دەبوو. لە ڕاستیدا زۆرێك لە دەرهێنانەکانی پێش و زۆربەی دەرهێنانەکانی پاش مەرگی برێشت، بەم جۆرە دەرهێنران.

بۆ برێشت هەرگیز شێوەکاری ئەکتەر گرنگ نەبوو، ئەو پێینەدەگوتن بڕۆنە ماڵەوە ئەم کارە یان ئەو کارە بکەن، یان بڕۆنە پشتی شانۆوە و خۆ جەموجۆر بکەن. ئەو کاری بەسەر میکانیزمی سوودلێوەرگیراوی ئەکتەرەوە نەبوو، بەڵکو تەنیا بیری لە ئەنجامی کارەکە دەکردەوە، برێشت رێزی لە ئەکتەرەکان دەگرت، بە ئاسوودەییەکی زۆر زیادەوە لەتەك ئەوان دەجووڵایەوە و زۆربەی پێشنیارەکانی ئەوانی بەکاردەهێنا. لە کاتی پشووداندا، ئەو تەنانەت گوێی لە قسەوباسەکانی دیکەی ئەکتەرەکان ڕادەگرت و نەیدەویست ئەوان لەتەکیدا نائاسوودەبن. ئەو

دەیویست کە هەرچۆن بووە، ئەوان باوەڕبەخۆبوون لەلایان دروستبێت. ئەو دەیتوانی ببێت بە شۆخیگەرێکی لێهاتوو؛ هێندێك جار ئەکتەرەکان بەس بۆ سەیر و سەرگەرمی، ئەویان ناچاردەکرد، کە بەکارێك هەستێت. ئەو ئەکتەری ناچار بە لاساییکردنەوەی خۆی نەدەکرد، بەڵکو بەمەبەستەوە لەکاری خۆیدا زیادەڕەوییدەکرد، تاوەکو ئەوەی ئەو دەیویست ئەکتەرەکان سەیریبکەن، بەڵام هەرگیز دوچاری دڵەڕاوکێی لاساییکردنەوەی و کوپیکردنی، نەبن.

بەگومان سەرنجراکێش دەبێت، ئەوەی من لە شێوەدەرهێنانی ڕۆڵبینینێك، کە لەلایەن برێشت'ەوە دیتوومە و ئەوەی لەلایەن هاوسەری ' لیئۆن فۆیشتڤانگەر Lion Feuchtwanger 'ەوە، کە بە یەکەمین ئەزموونی دەرهێنانی ئەم دەرهێنەرە ڕاگەیێندراوە، لەتەك یەکدا بەراوردبکەین. کاتێك کە برێشت بیست و چوار ساڵە بوو، شانۆیی ئەو 'دەنگی تەپڵەکان لە دڵی شەودا ' لە میونیخ پرۆڤەدەکرا، دەرهێنەری شانۆییەکە بەسەرسوڕمانێکی تەواوەوە دەبینێت، کە نووسەری لاو لە کاتی پرۆڤەکەدا دێت و کارەکەی پێرادەگرێت و بەسەر ئەکتەرەکاندا هاواردەکات و چۆنیەتی ئەنجامدانی هەرشتێکیان نیشاندەدات. لە ماوەیەکی کورتدا، برێشت تەواوی شانۆییەکە دەگرێتە ئەستۆ و دەرهێنەر [ کە پیاوێکی بەتەمەن بوو] بەکردەوە دەبێتە هاریکاری برێشت. بەو جۆرەی کە لە شانۆی ئەو کاتی ئاڵمانیادا باو بوو، ماوەی پرۆڤەکان کورتبوو، نزیکەی سێ هەفتە بوو، لە دوا هەفتەدا، ئەکتەرەکان [ کە هەندێك لە ئەوان ئەکتەری زۆر بەتواناشبوون ] زۆر هەوڵیاندەدا، هەتا ئەوەی برێشت لێیانخوازیاربوو، ئەنجامیبدەن. لە بنەڕەتدا برێشت هەوڵیدەدا، کە ئەو جۆرە زیادەڕەوی و پلەخوازییە باوەی ئاڵمانیای ئەوکاتیان لێ داتەکێنێت و ناچاریانبکات، کە بەرخودێکی کەتوارییان لەتەك ڕستەکانی خۆیاندا هەبێت. ڕاپۆرتی خاتوونی 'فۆیشت ڤانگەر' سەرنجراکێشە "ئەو پیاوە تازەلاوەی کە لە پرۆڤەکانی یەکەمین شانۆییەکەیدا ئامادەدەبوو، بەردەوام هاواریدەکرد، ئەوەی ئەو ئەکتەرانە دەیگەیێنن بۆگەنە. کاتێك من برێشت'م لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا بەسەرکردەوە، لەوانەیە ئارامتربووبێت، ئەو هێشتاکە بەگەرمی سەرقاڵی خاوێنکردنەوەی تەختی شانۆ و 'گشت هونەرەکان' لە " درۆیە شیرینەکان" بوو، کە دەبوونە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ توانای ناسینی جیهانی بەو جۆرەی کە هەیە، نەبێت".

برێشت هەوڵیدەدا، کە لە شانۆی خۆیدا ڕوخساری کەتواریی جیهان بخاتەڕوو، نەك وێنەی

لەئاڵتوناوەهەڵکێشراوی پاڵەوانی درۆینە و وێنەی بێپەردەی کەرویشکگەل، کە سەرگەرمی خواردنی گێزەر و خەریکی جووتبوونن. لەسەر شانۆی برێشت، گومان لە خوادەستکردەکانی مرۆڤ، گومان لە یاسا داهێنراوەکانی مرۆڤ و لە هەر شتێك کە بەزۆرەملێ بەسەر مرۆڤدا سەپێنراوە، ڕادەگەیێندرا.

برێشت وەك تاقیگەیەك سوودی لە شانۆکەی خۆی وەردەگرت و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان، ڕوانگەی مرۆڤەکان و لاوازی مرۆڤەکانی لە ڕێگەی شانۆیی و ئەکتەرەکانەوە دەنواند. لەم ئەزموونگەیەدا لە هەموو شتێك دەکۆڵڕایەوە و هەموو شتێك دەتوێژرایەوە تا سەرئەنجام بەکۆمەڵ نیشاندەدرا، کۆمەڵێك کە زۆربەی کات بۆ خۆناسین لەم ئاوێنە زۆر ڕوون و لەڕادەبەدەر ڕوونەدا، ئامادەنەدەبوون. مامەڵە و دەربڕینی کەتوارییانەی ڕستەکان، کە برێشت لە سەرەتای دەرکەوتنی لە بواری شانۆدا تاوەکو کۆتایی، پێداگریی لەسەر دەکردن، شتێکی واوەتر لە نارەزایەتی پیاوێکی شانۆیی بە ڕێسا ڕزیوەکانی شانۆ بوو. بۆ ئەو، شانۆ هێڵکاری و قاڵبێك لە جیهان بوو. جیهانێك کە ئێمە هەموومان دەبێت تێیدا بژین.

******************************************************************************

* ئەم وتارە دەقی قسەکردنەکەی ' کارل ڤێبەر'ە لە زانکۆی تولین ساڵی ١٩٦٧. هەروەها لە ژمارەی تایبەت بە برێشت'ی بڵاوکراوەی TDR بڵاوکراوەتەوە.

** لە ( مجله ویژه هنر تئاتر'فصل تئاتر' شماره ٦، ٧ سال دوم ١٩٩٨،١٩٩٩ وەرگیراوە

## Bêrtolld Brêşt wek 'Derhêner'

Carl Weber

babetî zor lem wllateda ( wllate yegirtuwekanî emrîka) lebarey brêşt'we nûsrawn. Beşêk le nûsîne tîorîyekanî ew wergêrrdrawn û zorbey şanoyîyekanî be zmanî îngilîzî bllawkrawnetewe. Lem gişte, xellkî ême awha têdegen, ke brêşt tenya honer û nûser buwe. Gerçî em encamgîrîye druste, bellam bo derkkirdnî 'brêşt'î şanonûs debêt brêşt wek kesêkî şanokar 'derhêner' bnasrêt. Karayî brêşt leser şanoy serdemî xoy le bnerretda degerrêtewe bo ew dahênananey, ke le derhênanî şanoyîyekanîda leser şanoy ' bêrlîner ênzêmbil Berliner Ensemble' dayhênan; lew katewe ke ew kare nmûneyîyekanî le sallekanî sereta û nêwerrastî dehey pencay zayînîda le bêrlînî xorhellatî nwand, şanoy allmanya begşitî gorranî beserdahat. Eger karekanî le bêrlîner ênzêmbil sallî 1956 û dwatir le dehey şestda le ' luzn ' nenwandaye, bzûtnewey nwêy şanoy brîtanya ' royal kort The Royal Court' , ' pîter bruk ' û ' pîter hal' , ' kênês tay nên Keneeth Tiynan ' eger webîrhênanewey çend naw besbuwaye, lewaneye zor cyawaztir buwaye, lewey ke heye. ' gyorgyo sitrêhler Giorgio Sitrehler' le îtalya û ' roje planşo Roger Planchon ' le ferense beşêweyekî qulltir lewe û çonyetî ewey brêşt le bêrlîn dayhêna, karayîyan wergirt. Gerçî brêşt bedrêjayî temenî berdewam letek şanoda serukarî hebû, sereta wek rexnegir û paşan wek şanonûs, bellam serencam le sallî 1949da bû, ke ew twanî şwênêkî hemîşeyî bo ezmûngerîyekanî bedestibhênêt; tîpêkî şanoyî û dwatir saxtmanêk, ke le destî ewda twanyan bbin be amrazî balla bo xistnerrûy têrrwanînekanî, şanoyek ke ezmûnge bû, şwênêk bo lêkolînewe û şîkirdnewe û binyatnanî modêl û nmûnekan.

Brêşt paş nîştecêbûnî le serdemî cengda le emrîka, paş ceng gerrayewe orupa, karbedestanî allmanya xorhellatî mîwandarîyankird, taweku nwandinêk le şanoyî 'dapîre dlawer' be beşdarî hawserekî 'hêlîna vaygil' le rollî serekîda derbihênêt; bo

yekem car paş pazde sall ew helî bo rexsabû, ew tîoryaney ke bedrêjayî temenî, çi le allmanya û çi le wllatanî dîke, lepênawyanda têkoşabû, bxate berçawan. Em şanoyîye sallî 1949 leser 'şanoy allmanî Deutische Theatre' le bêrlîn pêşkeşkra û buwe xallî werçerxan le mêjûy şanoy allmanyada, lewaneye lem sedeyeda û bedillbyayîyewe le serdemî (Reinhardit) bem lawe.

Rexnegranêk, ke zorbeyan beşêweyekî çunyek karekanî 'brêşt'yan le sallanî pêş 1933da tawanbarkirdbû, lûtyan şkaw û derhênaneke letek serkewtinêkî gewre rûberrû bû. Min ke ew kat lawêk bûm, le zankoy şarî haydilbêrg bo bînînî em nwandne çûm; em nwandne hêştake wek gewretrîn ezmûnî şanoyî le jyanî minda mawetewe. Rûnkirdnewey ewey ke çi ştêk weha bêwêney kirdbû, êstakeş bom dijware, boçî lew kate bedwawe min be rollbînîn lew şanoyeda û dûbarenwandnewey le sallî 1954da, xûmgirtuwe. Bellam ştêk ke hergîz lebîrnaçêt, eweye ke yekem car bû, min kesekanim leser şano debînîn, ke wek mrovî asayî hellsukewtyandekrid; tenanet tozqallêk 'rollbînîn'î têdanebû, herçend lêyhatûîy teknîkî û cwanî her satêkî, serincrakêşbû. Sadeyî û besûdî dîkor û kerestekanî dîkey şano bo kesêk, ke ta ew kat tenya şanoy pledû û [hellbete hêndêk car baştirînî ] şanoyîyekanî allmanyayan dîtbû, sersûrhêner û waqurrrimênerbû, ke çon çonî bîrî şanoyî bebê zor û kirdnemêşk bo bîneran degwêzrayewe. Eme tenanet baştir û bllindtir le cwan rollbînînî vaygil û nawdarekanî dîkey tîpeke bû.

leberewe birryarimda, ke herçon buwe, letek brêşt'da karbkem. Bellam em birryare ta sallî 1952 ta xallîbûnî şwênî hawkarêkî derhêner le 'ênzêmb' cêbecênekra. Min çûme lay yekêk le şanonûsekanî tîpeke benawî pîter palltîj (Peter Palitiych) û çonyetî kardawakirdin le brêşt'mi lêprisî. Le wellamda gutî "brêşt xoşî le çawpêkewtinî dawakeran nayêt û baştirîn kar eweye, ke babetêk le barey nwandnekanî ênsêmbil bnûsim û boçûnî xomî têda derbibrrim. Nek rexne, bellku tenya rûnkirdnewe û baskirdnî ewey ekterekan pêyhelldestin. Boçî awa û ewey aya karayî heye yan ne.

Çend carêk çûm bo dîtnî şanoyî 'pontîla'. Derbarey dû dîmenî ew nwandne babetêkim nûsî û nardim bo brêşt. Paş maweyek têlefonim bo cêgrekey brêşt kird û gutim: detwanim bêm, yan eweta babeteke hînde xrape bekellk nayêt? Wellamekey ew bo min, eme bû, ke " meger letwanada heye ew naçarbkeyn ştêk bixwênêtewe. Ew zor naxwênêtewe". Bellam min cêgrekeym razîkrid, ke carêkî dîke hewillbdat sernicî brêşt bo nûsîneke rabkêşêt. Paş dû hefte dûbare têlefonimkirdewe û cêgreke gutî " çon bîllêm, nûsînekeman winkirduwe". Le bedbextîda destinûsekem nemabû. Bellam başbû ewan peydayankirdewe.

Sê hefteyek têperî û carêkî dîke têlefonimkirdewe û em care skirtêrekey gutî "brêşt xwêndûyetîyewe û deyewêt bitbînêt". Rojî dwatir beyanîyekey be kllawe benawbangekeyewe lewênderê bû. Min şermimdekrid û destupêy xomim winkirdbû, bellam ew tenanet le min şermintir bû. Ew gutî "bellê, êwe ... , bellê, min xwêndmewe ..." bêdengîyekî drêjxayen ballî beser herdûkmanda kêşa. Min nemdezanî çî bllêm û ewîş bes seyrî mnî dekrid. Serencam hatego û gutî "debêt brrom bo prrove, êwe detwanin brron bo nûsîngey berrêwebirdin û letek 'vaygil' sebaret be rêkewtinnamey kareketan qse bken" paş ewe çuwe derewe.

Le nûsîngey berrêweberayetî pirsyarimkird, aya bom heye provekan bbînim yan ne, le wellamda gutyan "herkes berrastî hogrî ewe bêt, detwanêt provekan bbînêt, meger ewey ke brêşt, le hendêk şwênî dyarîkrawda pêywabêt, ekterêk zor turreye, ke lem kateda ew becya letek ew ektere kardekat, bellam provekanî dîke krawen û seyirdekrên". Brêşt deyuyist ekterekan letek bînerda rabên, bkewne pêkenîn û bepêy twana le seretay destipêkirdnî provewe letek amadebuwanî nêw holleke peywendîbgirîn. Ew kat tîpeke şanoyî 'urfawsit Urfaust' yan provedekrid. Em şanoyîye 'gote' le bîst û pênc sallîda nûsîbûy, wate çendîn dehe pêş ewey dwa vêrjinî 'fawsit' bnûsêt. Brêşt leber çend ho 'urfawsit'î belawe gringibû. Zmanî em nwandne beşêwey honrawey galltecarrî/ ş'ri hizlî Knittelverse ) nûsrawe, zmanêk ke kîşî nîye

yan kêşêkî nacêgîrî heye û serwaşî nîye yan be zor serwa werdegrêt. Em zmane le nwandne komîdîyekanî fars û nwandne mezhebîyekanî kotayî sedekanî nawerrast û seretay rênîsanis bekarhênrawe û herwek nwande gelîye wêwlleyîyekanî allmanyaye. Nwandinî 'fawsit', herçende berhemêkî benirxe, şanoyî pîre mîrdêke le komellgeda xawenî boçûnêkî goşegîraneye û tenyaye, bellam 'orfawsit' karayîyeke le bzûtnî ' tofan û tûrreyî Sitrum und Drang' be mamellekirdnêkî serçillane û bêbak letek cîhanda. Çûne serbasî ewîn lem nwandneda, beşêweyekî sernicrrakêş le şêweyekewe nzîke, ke brêşt le şanoyîyekanî 'b'l- Baal ' û 'awazî teplekan le dllî şewda ' bekarîhênawe.

Min çûme nêw holleke û dyarbû, ke hemuwan katî pşûdanyan beserdebrid. Brêşt leser kursîyek danîştibû û sîgarî gellayî dekêşa, 'îgon monk Egon Monk' berrêweberî cêbecêkirdin û dû sê yarmetîder le kin ew danîştibûn, hendêk le ekterekan leser şano bûn û hendêkî dîke le dewruberî brêşt rawestabûn, nûkteyan degêrayewe û cullanewey xendeaweryan dekrid û pêdekenîn. Paş ewe ekterêk çuwe serşano û ştêkî le sê şêwey cyawazî lesermêzkewtnexwarewey encamda. Hemuwan kemêk derbarey dîmenî 'le awêrbaxe kêler Auerbache Keler'î şanoyyeke dedwan, [dîmenêk ke mfîstu, 'fadsit' dênête mîwanxaneyek ke lewêda xwêndkaranî serxoş be nuktey sêksî û awazî sade hallyandekrid]). Ekterêkî dîke xerîkî kewtin leser mêzî taqîkirdewe û encamgîrîyekanî berawirddekrid; bepêkenînêkî zor û serxistneserî frey yekdîyewe, em bezme drêjeykêşa, kesêk sanduyçî dexward û min awam bîrkirdewe, ke pşûyekî drêje. Şerimnane danîştim, çawerrê mamewe heta paş ewey ke monk raygeyand "dey, ewa karman tewawbuwe, ba brroyne mallewe". Înca min têgeyiştim, ke gişt emane prove bûn û, em proveye nmûney şêweyekî krawe û azad bû, ke brêşt bekarîdebrid. Em proveye, berxurdî ezmûngerîy ew û gelkarîyekî aweha ke şanoy ênzêmbil letekî rahatbû, nîşandeda. Brêşt her boçûnêk ke letek xoyda bhênayete nêw provekewe taqîdekirdewe û deyixiste lawe û ştêkî dîkey taqîydekirdewe. Hêndêk car dîmenêk be çil şêwey cyawaz taqîdekrayewe, hêndêk carîş be dû şêwe. Tenanet

paş ewey şanoyîyeke çûbuwe serşano û rexney leser nûsrabû, dûbare destkarî hendêk le beşekanî dekrid û dûbare proveydekirdewe û (mîzansin)î degorrî. Ekterekanîş berxurdêkî ezmûngerîyan letek karekeda hebû, ewan rêgey encamdanî ştêkyan pêşnyardekrid û letek ewey ke destyan berrûnkirdnewe dekrid, brêşt raydegeyan lekatî proveda gwê le hîç basêk ranagrêt. Debêt taqîbkirêtewe. Aşkraye, ke tewawî tîrrwanînekanî ew leser em binçîneye westabûn, ke cîhan şyawî gorrane û mrovîş lem cîhaneda degorrê; her rêgeçareyek tenya xallî destipêkirdin bû bo rêgeçareyekî nwêtir û baştir.

Hellbete em gişte leber şeydayî ezmûngerî nebû. Mebestî serekî brêşt ewe bû, ke şanoyî beşêweyekî rûn, cwan û sergerimker, gêrranewey beserhatêk bêt bo bîneran. Ew eger le derhênanêkda beşêkî narroşn û werriskerî bbînyaye, deyqirtand. Hîç kat kesêkim nebînîwe wek brêşt awa bêbezeyîyane deqekanî xoy bibrrê û beşekanî terkibkat. Brêşt lêweşaweyîyekî dîkeşî têdabû; eger hefteyek leser dîmenêk karî bkirdaye û dwatir bo hefteyek bîxistayetelawe, katêk ke degerrayewe ser ew dîmene, deytwanî weha seyrîbkat, ke wek bllêy pêştir neydîtuwe. Lêreda nmûneyek webîr dênmewe, dîmenêk le perdey sêyemî 'bazney geçînî qefqazî ', ew katey ke ' gruşa ' letek mindalle dozrawekey û brakey 'larn tîc' dêne malle cutyarêkî demseremerg, ke gruşa naçar bûbû hawserîy letekda bkat. Em dîmene sê hefte bû, provey leser nekrabû. Provey em şanoyîye hewt mang drêjeykêşa. Katêk ke brêşt gerrayewe ser em dîmene, pêmanwabû ke dîmeneke zorbaş deçête pêşewe, keçî lenakaw brêşt hawarîkrid "rawestin !". Ew le ekterêk ke lew dîmeneda rollî 'larn tîc'î debînî û em ser û ew serî jûrekey dekrid, pirsî : bo ew cullaneweye encamdedat. Ême hemûman wellammandayewe, leberewey bo ewe bellgey heye; ew bo derrbrrînî ristekey dwatrî, debêt lewserî jûrekeda bêt. Eme ' mîzansin 'î xotane. Brêşt betûrreyîyewe emey retkirdewe. Wtî "bellgeyek bo cûllanewekey ew le arada nîye". Ême gutman bellam ristey paştir weha ştêk dexwazêt. Ew hawarîkrid "çi risteyek ? ", Ektereke ristekey derbrrî. Le wellamda gutî " em risteye nakrêt nûsînî min bêt ! ". Ême naçarbûyn, ke

deqeke nîşanbdeyn û bîselmênîn, ke risteke hî xoyetî û ew berrastî letaw ême tûrrebû. Ew dîmenekey dûbare nûsîyewe. Brêşt em dîmeney awa dîtbû, herwek bllêy kesêkî dîke nûsîbêtî û peywendî be şanonameyekewe hebêt, ke ew ştêkî lebareyewe nebîstibêt. Ew wek bînerêk hellîdesengand û deybînî ke dîmenêkî serkewtû nîye.

Pêşekîyekanî amadekirdnî şanoyîyek lebarî asayîda nîwesallêkyan dexayand. Lew maweyeda şanoyîyeke dekewte berbas û lêdudwan û ger wergêrran buwaye, dekewteber lêkollînewe. Dîkorî dîmeneke sereta leser kaxez û paşan le şêwey nmûney wêneyî amadedekra. Em babete lebarey poşakîşewe herwa bû. Paş em qonaxe, katêk ke brêşt provey destipêdekrid, dyarîkirdnî 'mîzansin' layenîkem sê ta çwar mangî dexayand. 'mîzansin'ekan wirdekarî zoryan dexwast. Brêşt pêywabû, ke mîzansin birrbrrey piştî derhênanî şanoyye; ew lew bawerredabû, ke mîzansin, lebarî xwazrawîda, pêwîste betenya twanay gêrranewey beserhatî şanoyîyekey hebêt. Bew corey ke eger kesêk le pişt dîwarêkî şoşeyîyewe seyrî nwandneke bkat û bebê ewey gwêy le risteyekîş bêt, bitwanêt tuxme serekîyekanî beserhateke û berxurdekanî nêwî têbgat. Bedestihênanî weha 'mîzansin'êkî roşn û aşkra, katêkî frey frey gereke. Ew herşitêk şyawî xistnepêşçaw buwaye, taqîdekirdewe û eger dîmenêk le proveda letek cluberg û dîkorda neguncaye, yekemîn ştêk mîzansin bû, ke gorranî beserda dehat.

Paş dyarîkirdnî 'mîzansin'î serekî, ême leser wirdekarî rollbînîn, destbekardebûyn. Ta em kate ekterekan ristekanî xoyan betewawî derixkirdbû û deyantwanî be asanî rollyan letekda bgêrrn. Cûllanewe û bare cesteyîye zor cwanekan, zortirîn serincyan bo xo radekêşa. Hendêk car katjêrêk bo çonyetî hellgirtnî ştêk lelayen ekterêkewe terxandekra. Sernicî taybet dedraye wirdekarîyekanî cûllanewey cesteyî; xugirtnekan, rahatnekan, berxurdekan û tenanet bare cesteyîye fre cwanekanî mrov, ke kesayetî ew pêkdehêênêt û eme rastîyeke, ke bezorî le şanoda piştigwêdexrêt. Brêşt çend katjêrêkî bewewe debirdeser, ke bbînêt 'galîle' çon têlekiskopêk yan sêwêk

bedestewe degrêt. ' gruşa 'î qellew, çon butlle aw yan mindallêk berizdekatewe, serbazî law 'îlîf' çon çonî leser mêzî cenrallkey xoy dexwatewe û ştî dîke. Zorbey kat nîgar û bellgey wêneyî kat û serdemî beserhatî şanoyîyeke boxwêndnewey cûle û bare cesteyîyekan dehênraye nêw provekan. Nîgarkêşanî pesendikrawî brêşt 'brogil' û 'buş' bûn. Nîgarkêşîy ewan 'beserhatekan'yan degêrranewe, kesayetîyekanyan letek jyan û pîşe û bawerr û tawanekanyan amête bûbûn. Karayî ew wênaney, ke brêşt dîtbûnî bezorî le karekanî ewda bedîdekran, satî taybet le mîzansin û herwa kesayetîyekan û dîmenekan, lew nîgar û wênanewe serçaweyangirtbû.

Mercekanî kesayetî, mercekanî beserhateke û ew karaney ke le dewruberî kesayetîyekanda rûyandeda, her sat debû lêkollînewe û şîkirdnewe lebareyanewe bikrêt. Katêk ke hemû em wirdekarîyane degeyiştne qonaxêkî dyarîkraw, qonaxêk ke xallî tewawbûn nîye, bellku qonaxî kembûnewey twanayîye corawcorekan bû, brêşt yekemîn provey tewawî nwandnekey destipêdekrid. Em qonaxe deytwanî şeş mang paş destbekarkirdnî ekterekan leser şanoyîyeke bêt. Şeş mang karkirdin leser 'mîzansin'ekan, satî cyacya û beşî çkoley dîmenekan. Yekemîn provey gişt şanoyîyeke bezorî karesat bû. Bo ekterekan nedelwa ke weha bexêrayî hemû ştêk pêkewe grêbden. Bellam brêşt xoy leser em babete pêdagrîdekrid. Le provey duwem û sêyem le gişt şanoyîyekeda, leserxo kêşêk xoy derdexsit û tewawî ew hellaney, ke taweku ewkat nebînrabûn, berroşnî derdekewtin. Carêkî dîke brêşt tewawî şanoyîyekey be satî kurt û beşî bçûk bçûk dabeşdekrid û her parçeyek ke serkewtû nebuwaye, karî leser dekirdewe. Paş karkirdin leser beşe cyakrawekan, dwaqonaxî prove destîpêdekrid. Em qonaxe provekanî tewawî şanoyîyekey degirtewe, bellam em provaneş hemîşe dûbare karkirdnewe leser wirdekarî û dîmene cyawazekanî letekdabû. Yek dû hefte bo provey kare teknîkîyekan terxandekra. Hendêk car runakîdan be şanoyîyeke pênc roj drêjeydekêşa, ke lem maweda bo derhênanî cûlle û 'mzansin'ekanî şanoyîyeke, sûd le ektere zyadekan werdegîra, taweku ektere serekîyekan kat û wzey xoyan befîroneden. Bedrêjayî provekan beclubergewe,

wirdekarîyekan hemîşe gorranyan beserdadehat û çaktir debûn, em allugorrane zorbey kat tenanet mîzansin û deqî şanoyîyekeşî degirtewe. Leyadme ke le yekemîn şewekanî nwandinda, ekterekan kurte têbînî brêşt'yan leser mêzî jûrî xogorrînda dedozîyewe, lem têbînîyaneda wêrray arezûy serkewtin le nwandnekeda dawaylêdekirdin, ke bo nmûne le flane dîmenda le cêy ew risteyey ke brêşt birryarî gorrînî dabû, le ristey taze sûdwerbigrin, leberewey kardanewey bîneran le cenerall proveda beclubergewe ewî nîşandawe, ke ristey şanoyîyeke ew karayîyey ke brêşt wîstûyetî, neybuwe.

Paş cenerall prove be clubergewe, brêşt hemîşe proveyekî dehênayekayewe, ke be provey " hêllkêşî" yan " hêmadanan" nawîdebrid; debû ekterekan leser şano, bebê hewll le rollgêranda, bellam be parastinî hawsengî û westanekan û hîdîke û bebê clubergî nwandin, gişt cullanewey şanonamekeyan bexêrayî le seretawe ta kotayî encambden û deqeke bexêrayî derbirrin. Eger kesêk lew serî hollekeda buwaye, em prroveyey wek fîlme bêdengekan debînî; deybînî ke kesekan bexêrayî decûllênewe û barî corawcorî cesteyî lexoyan nîşandeden, bellam neydetwanî wşekan bbîstê û yan hîç core hestêk bêcge le heste aşkrakan bbînêt. Em proveye karayîyekî zor besûdî hebû, debuwe hoy asûdeyî û azadî ekter. Komekî pêdekrid ke her wirdekarîyekî fîzîkî lebîrbêt û baştir çonyetî hawsengî nwandneke bedestibhnêt.

Serencam şewî yekemî nwandneke [ke lerrastîda pêşinwandinêk bû be amadebûnî bîneran] katî dehat. Paş ewe provedekra, taweku allugorr leser bnemay kardanewey bîneran le şanoyîyekeda bikrêt. Paş pênc ta heşt 'pêşinwandin'î şanoyîyeke le şewî yekemda be amadebûnî nwênerî rojname û bllawkrawe û mîwanekan, nwandinî fermîy destipêdekrid. Brêşt bepêy ezmûnekanî xoy le emrîka û brîtanya em pêşinwandney le şanoy allmanyada kirde baw. Sereta rexnegranî allmanî betundî djî em kare bûn, bellam êstake şanokanî dîkeş şêwey brêşt degirneber. Paş destipêkirdnî fermî nwandnekanîş karkirdin leser şanoyîyeke nedewesta. Derhêner [ yan yekêk le

yarmetîderanî ew] şewane nwandnekeyan seyirdekrid û her kat ke allugorr yan dûbare karkirdneweyan leser beşêk bepêwîst bzanraye, destyan be prrovedekrid.

Em hemuwe lewaneye be rojêkî pirr sextî û mandûbûn bêtepêşçaw, ke taku radeyek her waaş bû. Bellam hemû ştêk le keşêkî aram û asûde û azadda bo ezmûnkirdin berpadekra. Ekterekan (derhêneranêk) ke tazekî hatbûne bêrlîner ênzêmbil, bezorî fre tûrre û şllejabûn û hewllyandeda, ke destbecê encamêk bedestibhênin, bew corey ke eger tenya çend hefteyek helî provekirdin heye, debêt awabêt. Bellam brêşt pêydegutin "hemîşe debêt begumanewe temaşay encamî pele bikrêt. Yekemîn rêgeçare bezorî rêgeçareyekî başnîye. Leberewey bîrkirdnewey pêwîst lebareyanewe bekarnebrawe. Wek sruştî rênwênîgerêkî gumanawîye, betaybet bo derhêner".

beboçûnî brêşt nîgarkêşî gringîyekî zorî hebû. Ew şêwekanî bekarhênanî nîgarkêşî letek hawellekey ' kaspêr nêher Kasper Neher ' baskirdbû û letek ewda deskewtêkî nwêyan bedestihênabû. Katêk ke 'nêher' lêprisrawetî nîgarkêşî şanoyî brêşt'î leestodegrit, sereta behêlkarîye çkolekan destîpêdekrid, ke şwêne gringekanî beserhatekeyan nîşandeda. Hendêk car ew tewawî beserhatekey le şêwey karîkatorî rûnikrawe dekêşa. Ew le kesayetîyekanewe destîpêdekrid û wênekanî bepêy şwênî taybetyan dekêşa, bem şêweye 'mîzansin'î wênekêşî dekrid, katêk ke ew û brêşt, nîgarkêşîyekanyan pesendibkirdaye, destbekarî kêşanî dîmenekan debûn. Bo brêşt û bo 'nêher'îş katî karkirdnî letek brêşt'da, herweha bo 'oto Otto' û 'fon apên von Appen' ke le dehey pencada letek brêşt'da karyandekrid, dîkor keşêk bû, ke lewêda ekter beserhatêkî taybetyan bo bîneran degêrrayewe. Yekemîn hengaw ewe bû, ke keş û kereste ronere pêwîstekanî ekter bixrêneberdestî; hengawî dwatir ewebû, ke dîkore dahênraweke xoy berradey pêwîst beserhatî şanoyîyeke û nakokîyekanî naxî, serdemî mêjûîy, peywendîye komellayetîyekan û hîdîke bgeyênête bîner. Dwahengaw ewe bû, ke becwanî bîhênnedî.

Ewey ke be derhênanî brêştî nawdebrêt, ştêk bû ke hemîşe ledwa qonaxî amadekirdnî şanoyîyekeda bedestdehat. Brêşt hîç kat bebîrokeyekî pêştirdarrêjrawewe lebarey şêwey derhênan destîpênedekrid, tenanet ştêkî serekî wek ewey ke debêt derhênaneke 'naturalîstî' bêt yan 'serdemêkî mêjûîy taybet' nîşanbidrêt yan her şêweyekî gewcaney ke rêsa û rêkewtne şanoyîyekan bezorî leser şanonamekan deysepênin. Ew be wirdbûneweyekî qullî peywendî allozkawî komellayetîy kesekan û ew hellsukewtaney ke lewewe serçawe degrin, dest bekar debû. Ew derûnnasînî kesayetîyekanî piştigwê nedexsit, bellku leser bnemay peywendîye komellayetîyekan geşeypêdeda. Katêk brêşt provekanî destipêdekrid, hêllkarîyekanyanî seyirdekrid û leser boçûnekanî karîdekrid. Dû car min bexom ewem dîtuwe, ke leseda heftawpêncî dîkorêk betewawî drustikrawe û [ poşakî duraw û guncaw letek ew dîkore ] paş dwa prove letek poşakekanda welanrawn. Letek ewey ke herçende cwanîş bûn, bellam ewey ke brêşt û 'fon apên' deyanuyist neyandegeyand. Pareyekî zebend xercî em ezmûnane dekra, bellam bebêguman befîro nedeçû. Yekêk le pende cêpesendekanî brêşt ewebû " tam wçêjî xwardin beçêjtinî xwarneke dyarîdekrêt", hemîşe eme lebarey karî şanoyî ewewe rastibû.

Le dehey bîstî sedey raburduwewe, ke brêşt le şarî 'munîx' kewte derhênanî şanoyî, ta kotay, pêyxoşbû lekatî derhênanda dewruberî qereballx bêt. Her kesêk ke cêmtmaney buwaye, bangihêştey provekanî dekrid û berdewam le serincekanî dekollîyewe. Ew be leberçawgirtnî kardanewey ew kesane, serperşitî karekey xoy dekrid. Le dehey pencada derhênanekanî brêşt wek hemîşe berhemî gelkarî bûn û ew berdewam sûdî le tewawî kesanêk ke letek derhênanda serukaryan hebû, harîkaran, hîllkaran û amadekeran û awazdaneran, werdegrit.
Brêşt le lêprisrawe hunerîyekanî ênzêmbil xwazyarbû, ke provekan be poşakewe bbînin, taweku bitwanêt le sernicî ewanîş agadarbêt. Le yadme ke dwaprovey 'katisgrabin Katizgraben' [şanoyîyekî çîroknûs û şanonûsî hawçerxî allmanî xorhellatî' êrvîn şitrîtmater Erwin Sitritmatter ' ke brêşt le sallî1953da hênaye

serşano] brêşt komellêkî le tazelawanî de ta çwarde (10- 14) salley bo seyirkirdin bangeêştekirdbû. Paş tewawbûnî proveke, ew, dû katjêrî tewaw katî letek ewan beserbird, ta bzanêt ke ewan çî le şanoyîyeke têgeyiştûn û çî tênegeyiştûn û boçî. Em dîmaneye kêşaye ewey ke hêşta leser hendêk le dîmenekan karbikrêt û taweku zêdetir roşinbibnewe û 'gêrranewey beserhateke' çonyetîyekî baştirî hebêt. Brêşt birrway tewawî be dîtnî bêlayenane û bêdemargîrîy mindallan hebû. Wate le bîrkirdnewey sakar û honerane behremendibûn, bîrkirdneweyek ke brêşt pêywabû bo şano zor gringe.

Brêşt birryarîda, ke derhêneranî law le ênzêmbil pêkewe karî derhênan bken. Dû yan heta sê kes le ewan beşêweyekî yeksan û hawbeş rollî derhêner leestobgrin. Em kare encamêkî xwazrawî hebû. Derhêneran çemkêkî bnerretî ke hemuwan pêyrrazîbûn, bedestyandehêna û dwatir destyan beprovekirdinyandekrid, bellam le drêjey provekanda şitgelêkî cwan le berxurd û cûdayî endêşe cyawazekanda, ke leser babetêkî hawbeş karyandekrid, dehatnegorrê. Rêgeçarey baştir lewey ke heryeke lem derhênerane betenyakarîy bitwanêt bedestîbhênêt, destkewt debû. Le rastîda zorêk le derhênanekanî pêş û zorbey derhênanekanî paş mergî brêşt, bem core derhênran.

Bo brêşt hergîz şêwekarî ekter gring nebû, ew pêynedegutin brrone mallewe em kare yan ew kare bken, yan brrone piştî şanowe û xo cemucor bken. Ew karî beser mîkanîzmî sûdlêwergîrawî ekterewe nebû, bellku tenya bîrî le encamî kareke dekirdewe, brêşt rêzî le ekterekan degrit, be asûdeyyekî zor zyadewe letek ewan decûllayewe û zorbey pêşnyarekanî ewanî bekardehêna. Le katî pşûdanda, ew tenanet gwêy le qsewbasekanî dîkey ekterekan radegrit û neydewîst ewan letekîda naasûdebin. Ew deyuyist ke herçon buwe, ewan bawerrbexobûn lelayan drustibêt. Ew deytwanî bbêt be şoxîgerêkî lêhatû; hêndêk car ekterekan bes bo seyr û sergermî, ewyan naçardekrid, ke bekarêk hestêt. Ew ekterî naçar be lasayîkirdnewey xoy nedekrid, bellku bemebestewe lekarî xoyda zyaderrewîydekrid, taweku ewey ew

deyuyist ekterekan seyrîbken, bellam hergîz duçarî dllerrawkêy lasayîkirdnewey û kupîkirdnî, nebin.

Bêguman serincrakêş debêt, ewey min le şêwederhênanî rollbînînêk, ke lelayen brêşt'ewe dîtûme û ewey lelayen hawserî ' lîon foyiştvanger Lion Feuchitwanger 'ewe, ke be yekemîn ezmûnî derhênanî em derhênere rageyêndrawe, letek yekda berawirdibkeyn. Katêk ke brêşt bîst û çwar salle bû, şanoyî ew 'dengî tepllekan le dllî şewda ' le mîwnîx provedekra, derhênerî şanoyîyeke besersurrmanêkî tewawewe debînêt, ke nûserî law le katî provekeda dêt û karekey pêradegrêt û beser ekterekanda hawardekat û çonyetî encamdanî herşitêkyan nîşandedat. Le maweyekî kurtda, brêşt tewawî şanoyîyeke degrête esto û derhêner [ ke pyawêkî betemen bû] bekirdewe debête harîkarî brêşt. Bew corey ke le şanoy ew katî allmanyada baw bû, mawey provekan kurtibû, nzîkey sê hefte bû, le dwa hefteda, ekterekan [ ke hendêk le ewan ekterî zor betwanaşbûn ] zor hewllyandeda, heta ewey brêşt lêyanixwazyarbû, encamîbden. Le bnerretda brêşt hewllîdeda, ke ew core zyaderrewî û plexwazîye bawey allmanyay ewkatyan lê datekênêt û naçaryanbkat, ke berxudêkî ketwarîyan letek ristekanî xoyanda hebêt. Raportî xanmî 'foyişt vanger' serincrakêşe "ew pyawe tazelawey ke le provekanî yekemîn şanoyîyekeyda amadedebû, berdewam hawarîdekrid, ewey ew ekterane deygeyênin bogene. Katêk min brêşt'mi le temenî penca sallîda beserkirdewe, lewaneye aramtirbûbêt, ew hêştake begermî serqallî xawênkirdnewey textî şano û 'gişt hunerekan' le " droye şîrînekan" bû, ke debûne hoy ewey ke mrov twanay nasînî cîhanî bew corey ke heye, nebêt".

Brêşt hewllîdeda, ke le şanoy xoyda ruxsarî ketwarîy cîhan bxaterrû, nek wêney lealltunawhellkêşrawî pallewanî droyne û wêney bêperdey kerwêşkgel, ke sergermî xwardinî gêzer û xerîkî cûtbûnin. Leser şanoy brêşt, guman le xwadestkirdekanî mrov, guman le yasa dahênrawekanî mrov û le her ştêk ke bezoremlê beser mrovda sepênrawe, radegeyêndra.

Brêşt wek taqîgeyek sûdî le şanokey xoy werdegrit û hellsukewtî mrovekan, rwangey mrovekan û lawazî mrovekanî le rêgey şanoyî û ekterekanewe denwand. Lem ezmûngeyeda le hemû ştêk dekollrrayewe û hemû ştêk detwêjrayewe ta serencam bekomell nîşandedra, komellêk ke zorbey kat bo xonasîn lem awêne zor rûn û lerradebeder rûneda, amadenedebûn. Mamelle û derbrrînî ketwarîyaney ristekan, ke brêşt le seretay derkewtinî le bwarî şanoda taweku kotayî, pêdagrîy leser dekirdin, ştêkî wawetir le narrezayetî pyawêkî şanoyî be rêsa rzîwekanî şano bû. Bo ew, şano hêllkarî û qallbêk le cîhan bû. Cîhanêk ke ême hemûman debêt têyda bjîn.

*****************************************************************************

*** em wtare deqî qsekirdnekey ' karl vêber'e le zankoy tulîn sallî 1967. Herweha le jmarey taybet be brêşt'î bllawkrawey TDiR bllawkrawetewe.**

**** le ( micle wîje hnir tatir'fêl tatir' şmare 6, 7 sal dum 1998,1999 wergîrawe**

# برێشت و ستالین

بێرتۆڵد برێشت لەدوا مانگەکانی ژیانیدا، چوار هۆنراوەی دژی ستالین نووسین، کە تا ماوەیەکی زۆر کەس لەبارەیانەوە ئاگادارنەبووە، لە "کونفراسی ئەنجومەنی نیونەتەوەیی برێشت "دا کە ساڵی (١٩٧٩) لە ئەمریکا بەسترا، بیروڕای گشتی ئاگاداری سێ لەو هۆنراوانە بوو.

بۆ یەکەمین جار تەواوی هۆنراوەکانی کە لە سەردەمی ژیانیدا و پاش مردنیش بلاونەکرابوونەوە، ساڵی (١٩٨٢) بە دوو کۆمەڵە هۆنراوە لە ئاڵمانیا بڵاوکرانەوە.

ساڵی (١٩٨٣) جیمزلی لیون لە وتارێکدا لەژێر ناوی "برێشت و ستالین، دواین وتەی هۆنەر"، گۆڕانی بۆچوونەکانی برێشت لەبارەی ستالین'وە دایەبەر باس و کەوتە لێکدانەوەی چوار هۆنراوەکەی .

ئەوەی لەخوارەوە دەیخوێنینەوە وەرگێڕانێکی کورتەی وتارەکەیە. (و. فارسی)

پاش بەستنی کۆنگرەی بیستەمی پارتی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی (١٩٥٦)دا و پەردە هەڵماڵینەکانی خرۆشوف لەبارەی ستالین'ەوە، برێشت لەژێر فشاری لێدانێکی توندی گیانی لەم پەردە هەڵماڵینەوە، کەوتە دووبارە هەڵسەنگاندنی ئەندیشەکانی خۆی لەبارەی ستالین'ەوە، بەجۆرێك کە لەوە بەدواوە، لەنێو کۆمەڵی دۆستانیدا، 'ستالین'ی بە "جەلادی شایستەی گەل" نێودەبرد.

برێشت لە ساڵەکانی ١٩٣٢ ،١٩٣٥،١٩٤١و ١٩٥٥دا سەردانی یەکێتی سۆڤیەتی کرد. ئەو سەردانییانە لەودا کارایی پۆزەتیڤیان دانا. بەڵام لەبارەی خودی ستالین، تەنانەت پێش بەستنی کۆنگرەی بیستەم، بۆچوونەکانی تەنیا پوزەتیق نەبۆون و لەتەك ئەوەی ستالین'ی بە نمایانی هیوای چەوساوەکان دەزانی، بەڵام کێشی کەسایەتی ستالین و خۆبەزلگرتنی ئەوی دەدایە بەر ڕەخنە.

ڕەنگدانەوەی ئەم ڕەخنانە لە هەندێك لە بەرهەمەکانی برێشت 'دا دەتوانرێت بەدیبکرێت. بۆ نموونە لەکورتە کوپلەی "ریزگرتن لە 'ne.en' ستالین "، لە پەرتووکی داستانەکانی میتی (me-ti )، بۆ برێشت سوودبەخشی ستالین گرنگە : 'می تی' وتی "هەندێك لەو باوەڕەدان، کە ' نی . ئین ستالین ' لە هەندێ کاردا مروڤی بەسوودە، ئەم بابەتە بۆ ئەوانە زۆر گرنگە، هەندێکی دیکە پێیانوایە، کە ئەو مرۆڤێکی بێوینەیە گەورەترین مرۆڤە، وەکو خوایە."

هەروەها لەوانەیە ئەم بابەتە بۆ دەستەی دووەم، وەك ئەو گرنگییە بێت، کە بابەتی یەکەم بۆ دەستەی یەکەم هەیەتی. ئەم هۆنراوانە پەیوەندیەکی نەپساوەیان پێکەوە هەیە. برێشت لەم هۆنراوانەدا دڕندەیی و کێشی کەسایەتی و بەرزکردنەوەی ستالین تا پلەی خواوەندی وەبەر هێرشی ڕەخنەکانی خۆی دەدات.

ئەو لایەنگرانی ستالین تا ئاستی "پەرستیاران" دەهێنیتە خوارەوە و ڕۆڵیان لەم بۆارەدا نیگەتیڤ دەبینێت.

ستالین بە تزار بەراووردەکات و نازناو و ناونیشانگەلێك، کە "پیاهەڵدەرانی" بەویان دابوون : "خۆری گەلان"، "فێرگەری گەورەیی جیهان"، "هۆشمەند" و "شاگردی لینین" دەداتە بەر تانە و توانج.

لە هۆنراوەی دووەمدا "ئامێرەکان"، کە نیشاندەری پیشەسازیبوونەوەی وڵاتی سۆڤیەت'ە و مەبەست لە "سەرکەوتنی درەوشاوە" سەرکەوتنە بەسەر فاشیزم'دا.

هەروەها ئەوەی کە هەردووکیان بە دەسکەوت و خزمەتگوزاری ستالین زانراوون. برێشت بە پشتبەستن بە پەردەهەڵماڵینەکانی کۆنگرەی بیستەم، ئەم بەناو خزمەتانە دەخاتە ژێر پرسیارەوە. چونکە لەم کۆنگرەدا، خرۆشۆڤ، ستالین بەسەپاندن و دڕندەیی و توندوتیژی نەك تەنیا ڕێگری گەورە لەسەر ڕێی ڕابەری لێزانانەی جەنگی یەکێتی سۆڤیەت'دا بوو، بەڵکو ڕێگری گەورەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و پیشەسازی و ئابووریی وڵاتیش بوو . لە بەشی یەکەمی هۆنراوەی چوارەمدا، برێشت پەنجە بۆ تیئۆری زانای جینتیکی سۆڤیەتی لیسنکۆ – Lyssnko

ڕادەکێشێت، کە بەپێی تێڕوانینی ئەو هەوڵدەدەن لە ناو ناوچە ساردەکانی سیبیریا، گەنم بەرهەمبهێنن.

لێرەدا جارێکی دیکە بابەتێکی دووبارە دیتەگۆڕێ، کە لەیەکێك لە هۆنراوەکانی پێشووتریدا بەناوی "پەروەردەکردنی هەرزن"، پێشتر پێشنیارکرابوو و لەوێدا برێشت ڕێز لە هەوڵەکانی لیسنکۆ دەگرێت.

لیسنکۆ هەوڵیدەدا، تەواوی لێکۆلینەوەکانی خۆی لە بواری جینتیك'دا لەتەك بۆچوونە تەنگبینییەکانی ستالین'دا لەبارەی زانستەوە بگونجێنێت، کە لەم ڕووەوە لێکۆلینەوەکانی سۆڤیەت لە بواری جینتیك'دا دەیان ساڵ دواکەوتن. ئایا برێشت کاتێك هۆنراوەی چوارەم لەساڵی (١٩٥٦)دا دەهۆنێتەوە لە تەواوی ئەم پرسانە ئاگاداربوو؟ بەهەر حاڵ لیسنکۆ لەوێدا نوێنەر و سیمبولی یەکێك لە کەسە ملکەچەکانە. برێشت لەم هۆنراوەدا، سەرنجمان بۆ ئەم خاڵە ڕادەکێشێت، کە بۆکارێکی ئاوا، نەک تەنیا یەك لێکۆلەرەوە، بەڵکو لێکۆلەر و شارەزایانی زۆر پێویستن. بەواتایەکی دیکە، بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی پێویست بە هاریکاری و کۆمەکی جەماوەری چین و توێژەکانی گەل هەیە. هەروەها لە بەشی دووەمی ئەم هۆنراوەدا، مەبەستی برێشت لە بەکارهێنانی واژەی "ئامار" پشتبەستنە بەو وتەیەی خروشچوف کە ستالین دەیگوت " بەتەنیایی دەتوانێت هەموو بڕیارەکانی بدات و تەنیا پێویستی بەئامارگیران هەیە".

برێشت ئەم وتەیەی ستالین بەم جۆرە دەداتە بەر توانج، کە بە دژی خودی ئەو بەکاریدەبات و ڕایدەگەیێنێت، کە " کەسەکانی ژێر سایەی ڕابەری، لانیکەم بوونیان بەهۆی ئامارەوە هەستپێدەکرێت و دەبیندرێن".

هەروەها لە ڕاستیدا ئەوە جەماوەری خەڵکە، کە لە بارەی ئەوەوە، کە دەبێت چی بکرێت، بە هەنگاونان یان هەنگاونەناني، بڕیار بدات نەك یەك کەس بەتەنیا.

## Brêşt û Stalîn

Bêrtolld brêşt ledwa mangekanî jyanîda, çwar honrawey djî stalîn nûsîn, ke ta maweyekî zor kes lebareyanewe agadarnebuwe, le "kunifrasî encumenî nîwneteweyî brêşt "da ke sallî (1979) le emrîka bestra, bîrurray giştî agadarî sê lew honrawane bû.

Bo yekemîn car tewawî honrawekanî ke le serdemî jyanîda û dway mirdnîş blawnekrabûnewe, sallî (1982) be dû komelle honrawe le allmanya bllawkranewe.

Sallî (1983) cîmzilî lîwn le wtarêkda lejîr nawî "brêşt û stalîn, dwayn wtey honer", gorranî boçûnekanî brêşt lebarey stalîn'we dayeber bas û kewte lêkdanewey çwar honrawekey.

Ewey lexwarewe deyixwênînewe wergêranêkî kurtey wtarekeye. ( Û. Farsî)

Paş bestinî kongrey bîstemî partî komunîstî yekêtî sovyet le sallî (1956)da û perde hellmallînekanî xroşuv lebarey stalîn'ewe, brêşt lejêr fşarî lêdanêkî tundî gyanî lem perde hellmallînewe, kewte dûbare hellsengandinî endîşekanî xoy lebarey stalîn'ewe, becorêk ke lewe bedwawe, lenêw komellî dostanîda 'stalîn'î be "celadî şayistey gel" nêwdebrid .

Brêşt le sallekanî 1932 ,1935,1941û 1955da serdanî yekêtî sovyetî kird. Ew serdanîyane lewda karayî pozetîvyan dana. Bellam lebarey xudî stalîn, tenanet pêş bestinî kongrey bîstem, boçûnekanî tenya puzetîq nebown û letek ewey stalîn'î be nmayanî hîway çewsawekan dezanî, bellam kêşî kesayetî stalîn û xobezilgirtnî ewî dedaye ber rexne.

Rengdanewey em rexnane le hendêk le berhemekanî brêşt 'da detwanrêt bedîbkirêt. Bo nmûne lekurte kupley "rîzgirtin le 'ne.en' stalîn ", le pertûkî dastanekanî mîtî (me-ti ), bo brêşt sûdbexşî stalîn gringe : 'mî tî' wtî "hendêk lew baweredan, ke ' nî în stalîn '

le hendê karda mruvî besûde, em babete bo ewane zor gringe, hendêkî dîke pêyanwaye, ke ew mrovêkî bêwîneye gewretrîn mrove, weku xwaye".

Herweha lewaneye em babete bo destey duwem, wek ew gringîye bêt, ke babetî yekem bo destey yekem heyetî. Em honrawane peywendyekî nepsaweyan pêkewe heye. Brêşt lem honrawaneda drrindeyî û kêşî kesayetî û berizkirdnewey stalîn ta pley xwawendî weber hêrşî rexnekanî xoy dedat.

Ew layengranî stalîn ta astî "peristyaran" dehênîte xwarewe û rollyan lem boareda nîgetîv debînêt.

Stalîn be tzar berawurddekat û naznaw û nawnîşangelêk, ke "pyahellderanî" bewyan dabûn : "xorî gelan", "fêrgerî gewreyî cîhan", "hoşmend" û "şagridî lînîn" dedate ber tane û twanc .

Le honrawey duwemda "amîrekan", ke nîşanderî pîşesazîybûnewey wllatî sovyet'e û mebest le "serkewtinî drewşawe" serkewtne beser faşîzm'da.

Herweha ewey ke herdûkyan be deskewt û xizmetguzarî stalîn zanrawun. Brêşt be piştbestin be perdehellmallînekanî kongrey bîstem, em benaw xizmetane dexate jêr pirsyarewe. Çunke lem kongreda, xroşov, stalîn besepandin û drrindeyî û tundutîjî nek tenya rêgrî gewre leser rêy raberî lêzananey cengî yekêtî sovyet'da bû, bellku rêgrî gewrey pêşkewtinî komellayetî û pîşesazî û abûrîy wllatîş bû . Le beşî yekemî honrawey çwaremda, brêşt pence bo tîorî zanay cîntîkî sovyetî lîsinko – Lyisisnko radekêşêt, ke bepêy têrrwanînî ew hewilldeden le naw nawçe sardekanî sîbîrya, genim berhembihênin .

Lêreda carêkî dîke babetêkî dûbare dîthgorrê, ke leyekêk le honrawekanî pêşûtrîda benawî "perwerdekirdnî herzin", pêştir pêşnyarkrabû û lewêda brêşt rêz le hewllekanî lîsinko degrêt .

Lîsinko hewllîdeda, tewawî lêkolînewekanî xoy le bwarî cîntîk'da letek boçûne tengibînîyekanî stalîn’da lebarey zanistewe bguncênêt, ke lem ruwewe lêkolînewekanî sovyet le bwarî cîntîk'da deyan sall dwakewtin. Aya brêşt katêk honrawey çwarem lesallî (1956)da dehonêtewe le tewawî em pirsane agadarbû? Beher hall lîsinko lewêda nwêner û sîmbulî yekêk le kese milkeçekane. Brêşt lem honraweda, serincman bo em xalle radekêşêt, ke bokarêkî awa, nek tenya yek lêkolerewe, bellku lêkoler û şarezayanî zor pêwîstin. Bewatayekî dîke, bo binyatnanî komellgeyekî soşyalîstî pêwîst be harîkarî û komekî cemawerîy çîn û tuyjekanî gel heye. Herweha le beşî duwemî em honraweda, mebestî brêşt le bekarhênanî wajey "amar" piştbestne bew wteyey xruşçuf ke stalîn deygut " betenyayî detwanêt hemû biryarekanî bdat û tenya pêwîstî beamargîran heye."

Brêşt em wteyey stalîn bem core dedate ber twanc, ke be djî xudî ew bekarîdebat û raydegeyênêt, ke " kesekanî jêr sayey raberî, lanîkem bûnyan behoy amarewe hestipêdekrêt û debîndirên."

Herweha le rastîda ewe cemawerî xellke, ke le barey ewewe, ke debêt çî bikrêt, be hengawnan yan hengawnenanî, birryar bdat nek yek kes betenya .

****************************************************************************

**Lêreda mebest le hellsengandinî mîjûîy stalîn nîye û behoy winbûnî faktekanewe, natwanrêt bem kare hestîn. Bellam debêt oturîtey ew bexatrî qerebûkirdnî zyanekanî olgubûnî ew, lenêwbibrêt. (w. Farsî : k. Ruzdar)**

## داوەری

دادگەر: ناوت ؟

برێشت : ئەنگۆ بەخۆتان دەزانن

دادگەر: دەزانم، بەڵام دەبێ بەخۆت بیڵێیت.

برێشت : باشە من لەبەر"بێرتۆڵد برێشت"بوون دادگەییدەکەن. ئیدی بۆچی دەبێت ناوم بڵێم ؟

دادگەر: وێڕای ئەوەش، هەر دەبێت ناوت بڵێێت. ناوت ؟

برێشت : من گوتم، کە "برێشت"م.

دادگەر: هاوسەرییتکردووە ؟

برێشت : ئەرێ

دادگەر: لەتەك کێ ؟

برێشت : لەتەك ژنێك

پێکەنینی ئامادەبووان

دادگەر: ئەنگۆ گارتە بە دادگەی دەکەن ؟

برێشت : نە، ئاوا نییە.

دادگەر: ئەی بۆچی دەڵێیت لەتەك ژنێك هاوسەریتکردووە ؟

برێشت : لەبەرئەوەی کە بەڕاستی لەتەك ژنێك هاوسەرییکمردووە !

دادگەر: کەست دیتووە لەتەك پیاوێك هاوسەرییبکات ؟

برێشت : ئەرێ !

دادگەر: کێ ؟

برێشت : هاوسەرەکەی من. ئەو لەتەك پیاوێك هاوسەرییکردووە.

پێکەنینی ئامادەبووان

بێرتۆڵد برێشت

## Dawerîy

Dadger : Nawt ?

Brêşt : engo bexotan dezanin

Dadger : dezanim, bellam debê bexot bîllêyt .

Brêşt : başe min leber "Bêrtolld Brrêşt"bûn dadgeyîdeken. Îdî boçî debêt Nawm bllêm ?

Dadger : wêrray eweş, her debêt Nawt bllêêt. Nawt ?

Brêşt : min gutim, ke "Brêşt"m .

Dadger : hawserîytkirduwe ?

Brêşt : erê

Dadger : letek kê?

Brêşt : letek Jnêk

Pêkenînî Amadebuwan

Dadger : engo garte be Dadgey deken ?

Brêşt : ne, awa nîye.

Dadger : ey boçî dellêyt letek Jnêk hawserîtkirduwe?

Brêşt : leberewey ke her berrastî letek Jnêk hawserîykmirduwe!

Dadger : Kest dîtuwe letek Pyawêk hawserîybkat?

Brêşt : erê!

Dadger : kê?

Brêşt : Hawserekey min. Ew letek Pyawêk hawserîykirduwe.

Pêkenînî Amadebuwan

Bêrtold brêşt



# Jim Allen

# جیم ئالن

# جیم ئالن سیناریۆنووسی ناوازە، فێربوو و پەروەردەی زیندان ، کەسێك کە ڕیتمەکانی قسەکردنی ڕۆژانە بۆ دەربڕینی خەبات چەوساوان بەکاربرد

کێن لۆچ Ken Loach

جێم ئالن، نووسەرو سۆشیالیست، پاش نەخۆشییەکی درێژخایەن لە ماڵەکەی خۆیدا لە شاری مانچستەر، لە تەمەنی ٧٢ ساڵیدا مرد. شانۆییەکی ئەو بەناوی ' تیاچوون - Perdition ' کە لە بارەی ڕەشەکوژیی یەهوودییەکان لەلایەن نازییەکانەوە بۆ شانۆی ' Royal Court Theatre' نووسراوە و ڕاگرتنی لە ساڵی ١٩٩٧دا بووە هۆی نارەزایەتی و دواجار لە ڕاگرتن ڕزگاری بوو و بڕیار درا لە ' Gate Theatre ' لە لەندەن بێتە سەرشانۆ . ئەم سەرکەوتنە یەکێك لە دڵخۆشییەکانی دواساتەکانی ژیانی ئەو بوو.

سەرەتا ئەو لە دەهەی شەستدا زنجیرەی تێلەفزیۆنی (Street Corronation)ی نووسی. بەڵام پاشان تۆنی گارنێت Tony Garnet داوای لێکرد بۆ شانۆی ڕۆژی چوارشەممە Wednesday بنووسێت، کە زنجیرە شانۆیەکی تێلەفزیۆنی BBC بوو. شانۆیی تیلەفزیۆنی "کڵۆ- Lump ' کە لە بارەی ( چەوساندنەوەی) کارگەرانی بیناسازی بوو و لەلایەن جێك گۆڵد Jack Gold وە لە ساڵی ١٩٦٧دا دەرهێنرا و یەکەمین سەرکەوتنی بۆ ئەو بەدیهێنا. ' بڵێسەی گەورە - The Big Flame" کە بە دوای ئەودا هات، بەسەرهاتی کارگەرانێك بوو، کە لەنگەرگەکانی 'لیڤەرپول'یان داگیرکردبوو و ئەو چالاکییەیان بووە چەخماخەیەك بۆ ڕووداوەکانی ١٩٦٨.

' ڕۆژانی هیواداری' گرنگترین بەرهەمی ئەو ڕۆژانەی بوو: چوارەم فیلم، کە بەسەرهاتی سێ کەس بوو لە جەنگی گەورەوە تاوەکو مانگرتنی گشتی ١٩٢٦. ئەو بابەتانەی کە لەم بەرهەمەدا کەوتنە بەر باس، مەشخەڵەی سەراپای ژیانی ئەو بوون : فریوکاری بەردەوامی چینی سەروەر، ئایدیالیزمی لاوان، لەسەر دوو پەت یاریکردنی ڕابەراتی کارگەری و وازهێنانیان لە خەباتی کارگەران.

جیم لە کولیهۆرست، ناوچەی کارگەرنشینی مانچستەر لەدایکبووە. کاتێك کە سەرباز بوو، بەهۆی نارەزایەتیدەربڕین لە دەرەوەی فرۆشگەیەکی چیپسدا، زیندانکرا. زیندان پەروەردەی کرد. هاوزیندانییەك ئەوی بە پەرتووکێك ئاشناکرد و هاندا تا بخوێنێتەوە. لەو کاتەوە ئالن

بەتەواوی ژیانی خۆی تەرخانی دەرك و پەیبردن بە کێشمەکێشێکی بێکۆتایی کرد، کە لەنێو کارگەران و چەوسێنەران و دژەخوناندا لەئارادایە.

ئەو لە کاری بیناسازیدا، لە لەنگەرگەکاندا و لە کانەکاندا کاریکرد. ئەو لە ژیانی سەختی کارگەرانی وەرزییەوە فێری ڕامیاریی بوو. ئەو لەتەك کەسانێك ئاشنا بوو کە لە فێرگەی ڕامیاریی شۆڕشگێڕانەدا خوێندبوویان و هەروەك خۆی بەخۆ فێربووبوون. ئەو ئەندامەتی لە پارتی لیبرالْ سۆشیال دیموکراتەکاندا ڕەتکردەوە و لە پارتی کۆمۆنیستی ستالینیستەکاندا کەوتە چالاکی. دەهەکانی حەفتا و هەشتا سەردەمانێکی دژوار بوون. (کانالّی ٤) فیلمنامەی ئەو لە بارەی ئێرلەندە پەسەند نەکرد. تەنانەت ئێنیسیتوتی فیلم لە بریتانیاش دەرگەی بەڕوویدا داخست. لەم ڕۆژانەدا مەرگی هاوسەرەکەی ، کلارا، پشتی ئەو چەماندەوە.

شانۆیی " تیاچوون" بەسەرهاتی ڕێکەوتنی سالّی ١٩٤٤ی کۆمەلّێك زایۆنیستە لەتەك نازییەکان لە هەنگاریا. بەپێی ئەو ڕێکەوتنە ژمارەیەك یەهودی مۆلّەت وەردەگرن و بەرەو فەلەستین هەلّدێن، لە بەرامبەر ئەوەدا زایۆنیستەکان لە ئاست ڕەوانەکردنی یەهودییانێکی دیکە بۆ ئۆردوگەکانی مەرگ چاودەنووقێنن و بێدەنگە دەکەن.

هێرشەکانی پێشووتر لە بەراورد بە تووڕەبوونێك، کە زایۆنیستەکان لەکاتی پرۆڤەی شانۆییەکەدا دەریانبڕی هیچ نەبوون. ئالن بە بێزارییەوە وەلانانی بەرهەمەکی بینی و ئەم کارە پەلّەیەکی ڕەشی بە ڕووخساری (Royal Court) وە جێهێشت.

دواجار دەهەی نەوەد [سەدەی ڕابوردوو] بەرهەمە بەرجەستەکانی ئەوی بەخۆوەبینی. من سیناریۆکانی ئەوم بەناوی " بەرنامەی نهێنی -Hidden Agenda " و " بەرد بارین - Raining Stones" تابلۆی ژیانێکی دژوار، بەلّام لێواولێو لە سۆزی نشینگەی خۆي، هەروەها " ولّات و ئازادی- Land and freedom "م دەرهێنان و کردنە فیلم. جەنگی نێوخۆی ئیسپانیا، سەردەمانێك بوو کە ئالن دەیویست هەمووڵایەنەکانی جەنگ دژی فاشیزم بخاتەڕوو، هاتنی جەنگاوەران لە زۆر وڵاتەوە، سوپای گەلی، هەرەوەزی و کۆمەلّە کارگەرییەکان _ سۆشیالیزم لە پراکتیکدا. دواجار دژەخونی ستالین و سۆشیال دیموکراتەکان، لەبەرئەوەی کە ئەوان جەنرالْ 'فرانکۆ'یان لەبەر ئەگەری هاتنەسەرکاری دەولّەتی کارگەران، لە لا پەسەندتربوو. دەتوانرێت ئەمە لە کرۆکی نووسینەکە و بیرکردنەوەی ئالن'دا بەدیبکرێت.

نووسـینەکـانی لـەباشـترین بـاردا دارای توانایـیەکـی دەروونـین، کـە بـەرهـەمـی نووسـەرە هاوچـەرخـەکانی نـاتوانن بـەرامبـەرکێیـان لـەتـەکـدا بکـەن. ئـەو ڕیتمی تێکـشکاند، خـەیـاڵ، گاڵتەوگەپ و دەربڕینی زمانی هەر ڕۆژەی بە شێوەیەکی زیندوو بەکارهێنا. ئەو توانی مشتومڕێکی ڕامیـاریی لـە شێوەی خـەبـاتێکی چڕ بخاتـەڕوو. جـیم هـەسـتێکی جـوان و بـەهێزی هـەبـوو و دەقەکانی بە توانایەکی نەخشێنەرانە و تەنزاوییەوە دەنووسن. ئەو لە " وڵات و ئازادی" و لە " فیداکار"دا چەند کۆپلەیەکی لە " ولیەم مۆریس - W Moris " وەرگرتووە. دەکرێت ئەم چەند بەیتە لە نەبوونی خۆیدا بووترێنەوە:

پەیوەست بن بە جەنگێکەوە
کە مرۆڤی تێدا ناڕوخێ
هەرچەند کە ئەو ون ئەبێ و دەمرێ
بەڵام کردەی هێشتا و هەردەم سەرکەوتووە.

جـیم ئـالن لـە ٧ ی ئۆکتۆبـەری ١٩٢٦دا لـەدایکبـووە و لـە ٢٤ی جـونی ١٩٩٩دا مـرد. ئـەو کارگەرێکی سۆشیالیست و ڕێکخەر بوو، کە نێوی ئەو لە لیستی ڕەشی سەرمایەداراندا بوو. کێن لۆچ، دەرهێنەری سۆشیالیست و بەناوبانگ، بەشێکی بەرچاو لە شانۆیی و سیناریۆکانی ئەم نووسەرە گەورەیەی بردۆتە سەر شانۆ یان وەك فیلم دەرهێناون، لەوانە "بڵێسەی گەورە" ( لـە سـاڵی ١٩٦٧دا نووسـراوە و لـە ١٩٦٩دا دەرهێنراوە)، " پلە و پەروەرنـدە" ١٩٧١، " ڕۆژانـی هیوا" ١٩٧٥، " بەرنامەی نهێنی" ١٩٩٠، " بەرد بارین" ١٩٩١، " وڵات و ئازادی" ١٩٩٥. شـانۆیی " تیاچوون"، کە شانۆی (Royal Court) لە بەرنامەی خۆیدا وەلای نا، کە بە دەرهێنانی کێن لۆچ لەژێر پرۆڤەدا بوو. ئەو لە گفتوگۆیەکدا دەڵێت: " تۆنی گارنت، منی بە نووسینەکانی جیم ئـالن ئاشـنا کـرد، کـە ڕابووردوویـەکی دوور و درێژتـری لـە مـن هـەبـوو" و یـادی هاوکاریی خـۆی لەتەك ئەم نووسەرەدا وەك سەردەمێکی شیرین و سوودبەخش لە ژیانیدا دەکاتەوە.

## Jim Alen sînaryonûsî nawaze, fêrbû û perwerdey Zîndan , kesêk ke rîtmekanî qsekirdnî rojane bo derbrrînî xebat çewsawan bekarbird

Ken Loach

Cêm aln, nûser û soşyalîst, paş nexoşîyekî drêjxayen le mallekey xoyda le şarî mançister, le temenî 72 sallîda mird. Şanoyîyekî ew benawî ' tyaçûn - Perdition ' ke le barey reşekujîy yehûdîyekan lelayen nazîyekanewe bo şanoy ' Royal Court Theatre' nûsrawe û ragirtnî le sallî 1997da buwe hoy narrezayetî û dwacar le ragirtin rizgarî bû û birryar dra le ' Gate Theatre ' le lenden bête serşano . Em serkewtne yekêk le dillxoşîyekanî dwasatekanî jyanî ew bû.

Sereta ew le dehey şestda zincîrey têlefzyonî ( Corronation Sitreet)î nûsî. Bellam paşan tonî garnêt Toniy Garnet daway lêkrid bo şanoy rojî çwarşemme Wednesday bnûsêt, ke zincîre şanoyyekî têlefzyonî BiBC bû. Şanoyî tîlefzyonî " kllo- Lump ' ke le barey ( çewsandnewey) kargeranî bînasazî bû û lelayen cêk golld Jack Gold we le sallî 1967da derhênra û yekemîn serkewtinî bo ew bedîhêna. ' bllêsey gewre -The Big Flame" ke be dway ewda hat, beserhatî kargeranêk bû, ke lengergekanî 'lîverpul'yan dagîrkirdbû û ew çalakîyeyan buwe çexmaxeyek bo rûdawekanî 1968.

' rojanî hîwadarî' gringitrîn berhemî ew rojaney bû: çwarem fîlm, ke beserhatî sê kes bû le cengî gewrewe taweku mangirtnî giştî 1926. Ew babetaney ke lem berhemeda kewtne ber bas, meşxelley serapay jyanî ew bûn : frîwkarî berdewamî çînî serwer, aydyalîzmî lawan, leser dû pet yarîkirdnî raberatî kargerî û wazhênanyan le xebatî kargeran.

Cîm le kulîhorsit, nawçey kargerinşînî mançister ledaykbuwe. Katêk ke serbaz bû, behoy narrezayetîderbrrîn le derewey froşgeyekî çîpisda, zîndanîkra. Zîndan perwerdey kird. Hawzîndanîyek ewî be pertûkêk aşnakrid û hanîda ta bixwênêtewe.

Lew katewe aln betewawî jyanî xoy terxanî derk û  peybirdin be kêşmekêşêkî bêkotayî kird, ke lenêw kargeran û  çewsêneran û  djexunanda learadaye.

Ew le karî bînasazîda, le lengergekanda û  le kanekanda karîkrid. Ew le jyanî sextî kargeranî werzîyewe fêrî ramyarîy bû. Ew letek kesanêk aşna bû ke le fêrgey ramyarîy şorrşigêrraneda xwêndibûyan  û  herwek xoy bexo fêrbûbûn. Ew endametî le partî lîbrall soşyal dîmukratekanda retkirdewe û  le partî komonîstî stalînîstekanda kewte çalakî . Dehekanî hefta û  heşta serdemanêkî dijwar bûn. (Kanallî 4) fîlimnamey ew le barey êrlende pesend nekrid. Tenanet ênîsîtutî fîlm le brîtanyaş dergey berrûyda daxsit. Lem rojaneda mergî hawserekey , klara, piştî ew çemandewe.

Şanoyî " tyaçûn" beserhatî rêkewtinî sallî 1944î komellêk zayonîste letek nazîyekan le hengarya. Bepêy ew rêkewtne jmareyek yehudî mollet werdegrin û  berew  felestîn helldên, le beramber eweda zayonîstekan le ast rewanekirdnî yehudîyanêkî dîke bo ordugekanî merg çawdenûqênin û bêdenge deken.

Hêrşekanî pêşûtir le berawrid be tûrebûnêk, ke zayonîstekan lekatî prrovey şanoyîyekeda deryanbrrî hîç nebûn. Aln be bêzarîyewe welananî berhemekî bînî û em kare pelleyekî reşî be rûxsarî (Royal Court) we cêhêşt.

Dwacar dehey newed [sedey raburdû] berheme bercestekanî ewî bexowebînî. Min sînaryokanî ewm benawî " bernamey nhênî Hidden Agenda- "  û  " berd barîn - Raining Stones" tabloy jyanêkî dijwar, bellam lêwawlêw le sozî nşîngey xoy, herweha " wllat  û  azadî- Land and freedom "mi derhênan û kirdne fîlm. Cengî nêwxoy îspanya,  serdemanêk bû ke aln deyuyist hemûlayenekanî ceng djî faşîzm bxaterrû, hatnî cengaweran le zor wllatewe, supay gelî, herewezî û  komelle kargerîyekan _ soşyalîzm le praktîkda. Dwacar djexunî stalîn û  soşyal dîmukratekan, leberewey ke ewan cenrall 'franko'yan leber egerî hatneserkarî dewlletî kargeran, le la pesendtirbû. Detwanrêt eme le krrokî nûsîneke û  bîrkirdnewey aln'da bedîbkirêt.

Nûsînekanî lebaştirîn barda daray twanayyekî derûnîn, ke berhemî nûsere hawçerxekanî natwanin beramberkêyan letekda bken. Ew rîtmî têkişkand, xeyall, galltewgep û derîrrînî zmanî her rojey be şêweyekî zîndû bekarhêna. Ew twanî miştumrrêkî ramyarîy le şêwey xebatêkî çirr bxaterrû. Cîm hestêkî cwan û behêzî hebû û deqekanî be twanayekî nexşênerane û tenzawîyewe denûsîn. Ew le " wllat û azadî" û le " fîdakar "da çend kopleyekî le " wilyem morîs - Wi Moris " wergirtuwe. Dekrêt em çend beyte le nebûnî xoyda bûtrênewe :

Peywest bin be cengêkewe
Ke mrovî têda narruxê
Herçend ke ew win ebê û demrê
Bellam kirdey hêşta û herdem serkewtuwe.

Cîm aln le 7 î oktoberî 1926da ledaykbuwe û le 24î cunî 1999da mird. Ew kargerêkî soşyalîst û rêkxer bû, ke nêwî ew le lîstî reşî sermayedaranda bû. Kên loç, derhênerî soşyalîst û benawbang, beşêkî berçaw le şanoyî û sînaryokanî em nûsere gewreyey birdote ser şano yan wek fîlm derhênawn, lewane "bllêsey gewre " ( le sallî 1967da nûsrawe û le 1969da derhênrawe), " ple û perwerinde " (1971), " rojanî hîwa" (1975), " bernamey nhênî" ( 1990), " berd barîn" ( 1991), " wllat û azadî" (1995). Şanoyî " tyaçûn ", ke şanoy (Royal Court) le bernamey xoyda welay na, ke be derhênanî kên loç lejêr proveda bû. Ew le giftugoyekda dellêt : " tonî garnit, mnî be nûsînekanî cîm aln aşna kird, ke rabûrdûyekî dûr û drrêjtirî le min hebû" û yadî hawkarîy xoy letek em nûsereda wek serdemêkî şîrîn û sûdbexiş le jyanîda dekatewe.

# نان و گوڵ

فیلمی تازەی دەرهێنەری چەپ کێن لۆچ، بەناوی " نان و گوڵ "ە. لەنێو فیلمەکانی پێشووتری ئەودا دەتوانرێت فیلمی بەنێوبانگی "وڵات و ئازادی " لەبارەی جەنگی نێوخۆی ئیسپانیا، فیلمی داهێنراوی نوێ " کێسی بێرەوە ماڵ "Cathy come home" ناوبێنین. بڵاوکراوەی Socialist worker،چاپی لەندەن، لە ژمارە هەشتی مانگی جێنیوەری'دا زۆر بە کورتی ئەم فیلمەی ناساندووە. لەم ناساندنەدا کێن لۆچ پرسیارێکی مارتین سمیت " فیلمی تازەتان لەبارەی چییەوەیە؟ " کە لە ئەوی کردووە، ئاوا وەڵامیداوەتەوە:

"نان و گوڵ " لەبارەی گروپێك لە کارگەرانی کەم کرێ و کۆچەرەوەیە لە لۆس ئانجلۆس، کە بۆ بەدەستهێنانی مافی پێکهێنانی سەندیکا تێدەکۆشن. پاول لاڤێرتیPaul Laverty، نووسەری سیناریۆکە، لە سەرەتای دەهەی نەوەدی سەدەی ڕابوودوودا، ساڵێك لە شارەکەدا ژیاوە و لە کەمپەینی " دادپەروەری بۆ دەرگەوانان " بەشدار بوو. ئەوەی کە سەرنجی منی ڕاکێشا، ئەوە بوو، بەسەرهاتەکە وێنەیەکی ئاوەژوو، کە لە بارەی هۆلیوود و لۆس ئەنجلس لە ئارادایە وەردەگێڕێتەوە.

کارگەران لە نێوەندی دڕندەیی و بێبەزەییدا دەستیاندابووە خەباتێکی دەستەویەخە و منیش دەمویست ئەمە بنوێنم. کارگەرانێك کە بەزۆری ئیسپانیزمان بوون، بە وەلانانی شێوە کۆنەکانی ڕێکخستنی سەندیکا، ڕێکخراوەی خۆیان پێکهێنا. کەمپەینی ئەوان بەزۆری بە کۆمەڵگە پشتئەستوور بوو. ڕێکخستنی کارگەرانی کۆچەر، کە زۆربەیان ئینگلیزی زمانی سەرەکی ئاخاوتنیان نەبوو، ئاسانەبوو. زۆرێك لە چالکوانی ئەم کەمپەینە لە مەترسیدا بوون، چونکە بە "کۆچەری نایاسایی" دەژمێردران. بەم جۆرە ئەوان خەباتیانکرد و سەرکەوتن.

******************************************************************************

* وەرگێڕاو، لە ژمارە ٦٤ی بڵاوکراوەی 'کارگر امروز'. ئۆگوستی ساڵی ٢٠٠٠

** سەرچاوەی دەقە ئینگلیزییەکەی

http://www.theguardian.com/news/1999/jun/25/guardianobituaries2

## Nan û gull

Fîlmî tazey derhênerî çep kên loç, benawî " nan û gull "e. Lenêw fîlmekanî pêşûtrî ewda detwanrêt fîlmî benêwbangî "wllat û azadî " lebarey cengî nêwxoy îspanya, fîlmî dahênrawî nwê " kêsî bêrewe mall Cathiy come home" nawbênîn. Bllawkrawey Socialist worker,çapî lenden, le jmare heştî mangî cênîwerî'da zor be kurtî em fîlmey nasanduwe. Lem nasandneda kên loç pirsyarêkî martîn smît " fîlmî tazetan lebarey çîyeweye? " Ke le ewî kirduwe, awa wellamîdawetewe:

"nan û gull " lebarey grupêk le kargeranî kem krê û koçereweye le los anclos, ke bo bedestihênanî mafî pêkhênanî sendîka têdekoşn. Pawl lavêrtîPaul Lavertiy, nûserî sînaryoke, le seretay dehey newedî sedey rabûdûda, sallêk le şarekeda jyawe û le kempeynî " dadperwerî bo dergewanan " beşdar bû. Ewey ke sernicî mnî rakêşa, ewe bû, beserhateke wêneyekî awejû, ke le barey holîwud û los enclis le aradaye werdegêrrêtewe.

Kargeran le nêwendî drrindeyî û bêbezeyîda destyandabuwe xebatêkî destewyexe û mnîş demuyist eme binwênim. Kargeranêk ke bezorî îspanîzman bûn, be welananî şêwe konekanî rêkxistinî sendîka, rêkixrawey xoyan pêkhêna. Kempeynî ewan bezorî be komellge piştestûr bû. Rêkxistinî kargeranî koçer, ke zorbeyan îngilîzî zmanî serekî axawtinyan nebû, asannebû. Zorêk le çalkwanî em kempeyne le metrisîda bûn, çunke be "koçerî nayasayî" dejmêrdran. Bem core ewan xebatyankird û serkewtin.

*************************************************************************

*** wergîrraw, le jmare 64î bllawkrawey ' kargir amruz ', ogustî sallî 2000**

**** serçawey deqe îngilîzîyekey**

**http://www.theguardian.com/news/1999/jun/25/guardianobituaries2**



Alexander Aleksandrovich Bogdanov

ئەلیکساندەر باگدانۆڤ

# ئەلیکساندەر باگدانۆڤ

ئەلیکساندەر ئەلیکساندرۆڤیچ مالینڤسکی باگدانۆڤ Alexander Aleksandrovich Bogdanov لە (١٠ی ئۆگوستی ١٨٧٣) لە خێزانێکی شەش کەسیدا لەدایکبووە. ئەم ساوای دووەمی خێزانەکەی بوو، ڕۆژانی منداڵی و ئامادەیی خۆی لە شاری تولا (Tula) بردەسەر و دواتر چووە فێرگەی پزیشکی زانکۆی مۆسکۆ. لە زانکۆ (ڤ. بازارۆڤ Vladimir Bazarov) و (ئیڤان. ستێپانۆڤ Ivan Stepanov )ی ناسی کە بەرهەمی ئەم وتووێژانە، بۆ خوێندکارانی لاو، ڕەتکردنەوەی تێڕوانینی نادرۆنیکەکان بوو. ساڵی ١٨٩٦ لەتەك ڕەتکردنەوەی پۆپۆلیزم ڕووی لە سۆشیال دیموکراسی نا. لەم ڕۆژانەدا لە 'مۆسکۆ'وە بۆ تولا دوورخرایەوە. گەڕانەوەی ئەو بۆ تولا، ئەوی بەیەکێك لە کاراترین کەسایەتییەکانی نێوژیانی خۆی ئاشناکرد؛ ئەوی بە کارگەرێك کە لە کارخانەی چەکسازیی تولا کاریدەکرد ناساند. (ئیڤان ساڤێلیڤ Ivan Saveliev)ی کارگەر لەژێر کارایی هزری سۆشیالیستی و سەندیکالیستیدا بوو، باگدانۆڤ'ی بردە نێو کارگەرانی هوشیاری کارخانەی چەکسازی تولا. بەرهەمی یەکخستنی باگدانۆڤ بەم کۆمەڵە کارگەرییەوە دوو شت بوو: یەکەم، بەدوای کۆبونەوەکانی لێکۆڵینەوە و وتارەکانی باگدانۆڤ'دا لەبارەی ئابووری ڕامیاییەوە، کارگەران بە ڕەخنەی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان تیایاندا بەشداریاندەکرد. لە ساڵی١٨٩٧دا یەکەمین بەرهەمی ئەو بەناونیشانی ( وانە کورتەکانی زانستی ئابووری ) چاپکرا، کە لێنین بەگەرمی پێشوازی لێکرد و سەرنجی خۆی لە شێوەی وتارێکی دەستخۆشانەدا، لە ژمارە (٤)ی بڵاوکراوەی (میربوزشی)دا لە ساڵی ١٨٩٨دا لەسەر نووسی. بەڵام خاڵی دووەم: لە ژیانی باگدانۆڤ'دا کارایی زۆرتری دانا؛ لەژێر کارایی دەستەی کارگەرانی تولا و بەتایبەت تایبەتمەندییەکانی کەسێتی 'ئیڤان ساڤێلیڤ'، باگدانۆڤ گەیشتە ئەو بڕوایەی کە کارگەران توانای بەدەستهێنانی هوشیاری کۆمەڵایەتییان هەیە و ڕزگاری ئەوان تەنیا بەدەستی خۆیان مەیسەردەبێت. ئەنجامی پێشووتری ئەم تێڕوانینە باوەڕی باگدانۆڤ بوو بە تێکهەڵکێشانی مارکسیزم و سەندیکالیزم کە بەر لەو (ئەنتۆن پانەکۆك) و (ئەنتۆنیۆ گرامیشی) بە تێکهەڵکێشانی 'کۆمۆنیزمی شورایی'یان پیکەوەنا.

لەتەك دووبارە گەڕانەوەی بۆ مۆسکۆ، بەشێوەیەکی چالاك لە بازنەی سۆشیال دیوکراتەکان'دا کەوتە چالاکی و ئەنجامی ئەم وتوێژ و هەوڵە ڕۆژانەییانە، یەکەمین بەرهەمی فیلۆسۆفی ئەو (هۆکارە بنچینەییەکانی تێروانینێکی مێژوویی لە سروشت) بوو، کە لە ساڵی ١٨٩٨دا نووسی.

لەتەك تەواوكردنی خولی پزیشكیی زانكۆی مۆسكۆ، دووباره دەستبەسەركرایەوە. شەش مانگ له مۆسكۆ سێ ساڵ له 'ڤۆلگاڤا'. لەم ڕۆژانەدا لێكۆڵینەوەكانی ئەو و كۆمەڵێك له فیلۆسۆفه لاوه سۆشیال دیموكراتەكان، كه هاریكاریی ئەویان دەكرد، توانیان كۆمەڵەیەكی فیلۆسۆفی له ڕەتدانەوەی تێگەیشتنه فیلۆسۆفییەكانی گروپی فیلۆسۆفه ئایدیالیست - لیبراڵەكانی ڕووسیه (گروپی نوێنەر) لەوانه 'بێردیایڤ Nikolai Berdyaev' ، ' سیمۆن فرانك Semyon Frank'، 'پێتەر ستروڤه Peter Struve' و ... چاپ بگەن.

ئەم كۆمەڵه فیلۆسۆفییه، كه لەلایەن باگدانۆڤ'وه ئامادەكرابوو، لەژێر ناوی ( پێشەكی پێشنیاری فیلۆسۆفەیەكی ڕیالیستی له ژیان) له ساڵی ١٩٠٢دا چاپكرا. پاش هەژده مانگ پراكتیكی ئەركه پزیشكییەكان، له نەخوشخانەی دەروونناسیی مۆسكۆ باگدانۆڤ'ی دەروونناس لەتەك سوشیال دیموكراتەكان لەوانه ' لۆناچارسكی Anatoly Lunacharsky '، (پۆكرۆڤسكی Mikhail Pokrovsky)، (بازارۆڤ) و هیدیكه ... یەكێ بوو لەدامەزرێنەرانی بڵاوكراوەی (پراڤدا). خولی یەكەمی پراڤدا له ١٩٠٣هەتاكو ساڵی ١٩٠٥ باگدانۆڤ سەرنووسەری بوو.

پاییزی ساڵی ١٩٠٣ له ناكۆكی بۆلشەڤیك و مەنشەڤیكەكاندا, باگدانۆڤ له ڕیزی بۆلشەڤیكەكاندا مایەوە. بەهاری ساڵی ١٩٠٤ له ڕووسیەوە چووه سویسرا و لەوێندەرێ به لێنین'ەوه پەیوەستبوو. له كۆنفرانسی ٢٢ی 'پارتی سوشیالدیموكرات'دا باگدانۆڤ وەك یەكێك له ئەندامانی نێوەندی گروپی بۆلشەڤییەكان هەڵبژێردرا. بەم بۆنەیەوە ئەو یەكێك له یەكەمین دامەزرێنەرانی نێوەندی بۆلشەڤی بوو. لەم ڕۆژانەدا مەنشەڤیكەكان هێرشی ڕاستەوخۆ و فیلۆسۆفیان له دژی ئەو دەستپێكرد. پلیخانۆڤ Georgi Plekhanov و لەو سەرسەختتر ئێكسلرۆد Pavel Axelrod . بەناوی خوازراوی 'ئورتودوكس'ەوه باگدانۆڤ'یان وەك كادری نێوەندی بۆلشەڤییەكان لەبەر بیرۆكه فەلسەڤییەكانی وەبەر هێرشی توندوتیژ دا، نێوەڕۆكی هێرشی مەنشەڤیكەكان لەو ڕووەوه بوو، كه باگدانۆڤ لهماركسیزم دابڕاوه. بڵاوكراوەی ' ئیسكرا Iskra '، كه كەوتبووه ژێردەستی مەنشەڤیكەكان، له ژماره حەفتای ئەم بڵاوكراوەیەدا نامەیەكی تایبەتیان دژی بیرۆكه فیلۆسۆفییەكانی باگدانۆڤ بڵاوكردەوە.

لەم تایبەتنامەیەدا باگدانۆڤ به ئایدیالیزمی فیلۆسۆفی و ڕەتدانەوەی فیلۆسۆفی ماركسیستی

تاوانبارکرابوو. ڕەخنەش لە لێنین گیرابوو، کە چۆن باگدانۆڤ و دارودەستەی ئەویان لە نێوەندی بۆلشەڤییەکاندا ڕاگرتووە.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٠٥دا باگدانۆڤ گەڕایەوە ڕوسیە و بەشێوەیەکی چالاك لە بەشە نێوخۆییە بۆلشەڤییەکاندا لە شاری سانپترسبۆرگ'دا کەوتە چالاکی و لەم ڕووەوە سانپترزبورگ بووە ڕادیکاڵترین بەشی پارتی بۆلشەڤیك. بەهاری ساڵی ١٩٠٥ لە سێیەمین کۆنگرەی پارتدا لە لەندەن، ڕاپۆرتێکی لەسەر پێویستبوونی ڕێکخستنی چەکدارانەی پارت پێشنیارکرد. لەم کونگرەیەدا ئەو وەك یەکێك لە یەکەمین ئەندامانی کۆمیتەی نێوەندی پارتی بۆلشەڤیك هەڵبژێردرا. لەم پەیوەندەدا ئەو وەك یەکێك لە نوێنەرانی بیریاریی بۆلشەڤیکەکان لە ڕێکخستنی کرێکاریی سانپترزبۆرگ'دا بۆ وەستانەوە دژبە مەنشەڤیکەکان دەستنیشانکرا.

دواتر لە ٢ی دێسەمبەری ١٩٠٥دا دووبارە دەستگیرکرایەوە، بەڵام بە بارمتە ئازاد کرا؛ بەئازادبوونی ئەو دەستبەجێ لە کۆلگا بە لێنین'ەوە پەیوەستبوو و هەردووکیان پیکەوە لەسەر پێشنیاری بۆلشەڤیکەکان لە 'دوما' دەستبەکاربوون. ئەو یەکێك لە پێشڕەوانی بایکۆتکردنی دوما'ی سێیەم بوو. ئا لەوێدا بوو ناکۆکی ڕامیاریی و دواتر فیلۆسۆفی ئەو و لێنین ڕیشەی داکوتا. لەو ڕۆژانەدا دژایەتی توندوتیژی نێوان لێنین و باگدانۆڤیستەکان دەستپێکرد و بەرهەمی ئەم دژایەتییە پەیدابوونی گروپی بۆپێشەوە Vperedی بوو. لۆناچارسکی، ' ماکسیم گۆرگی Maxim Gorky' و تەنانەت بوخارین Nikolai Bukharin لە لایەنگرانی باگدانۆڤ بوون. لە ساڵی ١٩٠٧دا چووە هەندەران و وەك یەکێك لە سێ ئەندامانی دەستەی نووسەرانی بڵاوکراوەی 'پرۆلیتێری' (ئۆرگانی بۆلشەڤیکەکان) لەتەك لێنین و (اینوکنی**) دەستبەکاربوو. لە ساڵی ١٩٠٩دا ناکۆکییە ڕامیاریی و فیلۆسۆفییەکانی لەتەك لێنین گەیشتنە لووتکە. لەم سەردەمەدا باگدانۆڤ و 'لیۆنید کراسین Leonid Krasin' وەك چەپرەوەکان لە نێوەندیی پارتی بۆلشەڤیك کرانەدەرەوە. لە ساڵی١٩١٠دا پاش پێشنیاری لێنین لەسەر هاریکاری لەتەك مەنشەڤیکەکان بەتایبەت گروپەکەی پلیخانوف (گروپی یەکێتی خەباتی ئازادی کار)، کە لە ئێکسلرۆد، دێڤید ڕیازانۆڤ، 'نیکۆلای م.دبورین' وەك پێشرەوانی تیئۆریکی، پێکهاتبوو، باگدانۆڤ لە ' کاپری ' لەتەك لێنین کەوتە مشتومڕێکی توندوتیژ، کە بەدوای ئەوەدا لە کۆمیتەی پارتیش کرایەدەرەوە. ساڵی ١٩٠٩ پاش دەرکردنی لە نێوەندی پارت، باگدانۆڤ لەتەك هاوڕێ هاوگروپەکانی [گروپی بۆپێشەوە] دەستیاندایە ڕێکخستنی فێرگە کارگەرییەکانی کاپری و بۆلۆنیا. کە لە ڕێکخستنی ئەم فێرگانەدا

لۆناچارسکی، پۆکرۆڤسکی، گۆرگی، ئێستپانۆڤ و بازارۆڤ چالاکبوون. ترۆتسکی، کولونتای و ... و کۆمەڵێکی دیکە لە کادرە بۆلشەڤیکەکان لەلایەنگرانی ئەم فێرگانە دادەنرێن.

لەم ڕۆژانەدا گروپی ' بۆپێشەوە ' بەرنامەیەکیان بەرزکردەوە، کە تێیدا گرنگی ڕێکخستنە سۆڤیەتییەکانی کارگەران و ڕاهینانی کارگەران لە سەرووی هێڵی ئامانجە پارتییەکاندا دانابوو. لەو کاتەوە باگدانۆڤ ژیانی خۆی کردە پێناوی ڕاهێنانی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتی کارگەران و بەتەنیا لە بڵاوکراوە کارگەرییەکان و پراڤدا'دا دەستیدایە نووسینی گوتاری هەڵخڕێنەرانە بۆ کارگەران. ساڵی ١٩١٤ بە گەڕانەوەی بۆ ڕوسیە لە بەرەی شەڕدا وەك پزیشکێك کەوتە پروپاگەندەی بۆلشەڤیکی. دواتر لەتەك شۆڕشی ١٩١٧دا وەك یەکەمین دامەزرێنەرانی ئەکادیمیای زانستی سوشیالیستی لە بزووتنەوەی پرۆلیتێرییدا دەرکەت.

لە ساڵی ١٩٢٢دا بە فەرمانی لێنین، باگدانۆڤ خرایە سەر دووریانی، یان ڕاگرتنی چالاکی وەك ڕابەری بزووتنەوەی پرۆلیتێرَی وەیان هەڵبژاردنی دوورخرانەوە بۆ دەرەوەی ڕوسیە، کە ئەو یەکەمیانی هەڵبژارد. بەڕاگرتنی چالاکییەکانی ئەو لە بزووتنەوەی ڕۆشنبیری پرۆلیتاریدا، ئەم بزووتنەوەیە دواتر لە ساڵی ١٩٢٤دا ناوەکەی گۆڕا بە ئەکادیمیای زانستە کۆمۆنیستییەکان و تا ساڵی ١٩٢٩دا، لەلایەن ستالین'ەوە ڕیشەکێشکرا ! لە ساڵی ١٩٢٣دا باگدانۆڤ بەپێی پیشە پزیشکییەکەی دەستیدایە دامەزراندنی یەکەمین دامەزراوەی گواستنەوە و هەڵگرتنی خوێن لە دونیادا. ساڵی ١٩٢٨ ئەو دەستی بە تاقیکردنەوەیەکی زۆر پڕ مەترسی کرد. خوێنی خۆی لەتەك خوێنی نەخۆشێکی مەلاریایی، کە مەرگی ئەو بێگەڕانەوە بوو، گۆڕیەوە و ئەنجامەکەی بە مردنی باگدانۆڤ تەواوبوو. لە بارەی مەرگی ئەوەوە، بوخارین لە پراڤدا'دا گوتارێکی زۆر بەپێزی نووسی. بەڵام پرسیاری سەرەکی گوتارەکەی بوخارین و ڕۆشنبیرانی چەپی ئەو کات، هۆی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی مەرگئاوەری ئاوا بوو لەلایەن باگدانۆڤ'ەوە. کە زۆربە ئەمەیان بەخۆکوژیی ئەو دەچواند. لەو بارەوە، لە چیرۆکێکی خەیاڵی-زانستی (ئەستێرەی سوور بەئاسمانی ڕوسیەوە) کە باگدانۆڤ لە ساڵی ١٩٠٨دا نووسیبووی، لەو چیرۆکەدا باگدانۆڤ خۆکوژی بەهوشمەندترین ئامراز بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لە کۆمەڵگەی سوشیالیستیدا دەربڕیبوو. لە هەمان پەرتووکدا گۆڕینەوەی خوێن، بە بەسۆزترین سروشتی ئەوینی مرۆیی بۆ هاوجۆری خۆی، چوێندرابوو. لەم ڕووەوە بەبێ دوودڵی دەتوانرێت مەرگی ئەو بەخۆکوژیی فیلۆسۆفی لێکبدرێتەوە.

## Alexander Bogdanov

Elîksander elîksandrovîç malînviskî bagdanov lexander Aleksandrovich Bogdanov le (10î ogustî 1873) le xêzanêkî şeş kesîda ledaykbuwe. Em saway duwemmî xêzanekey bû, rojanî mindallî û amadeyî xoy le şarî tula (Tula) birdeser û dwatir çuwe fêrgey pzîşkî zankoy mosko. Le zanko (v. Bazarov Vladimir Bazarov) û (îvan. Stêpanov Ivan Stepanov)î nasî ke berhemî em wtuwêjane, bo xwêndkaranî law, retkirdnewey têrrwanînî nadronîkekan bû. Sallî 1896 letek retkirdnewey popolîzm rûy le soşyal dîmukrasî na. Lem rojaneda le 'mosko'we bo tula dûrixrayewe. Gerranewey ew bo tula, ewî beyekêk le karatrîn kesayetîyekanî nêwjyanî xoy aşnakrid; ewî be kargerêk ke le karxaney çeksazîy tula karîdekrid nasand. (Îvan savêlîv Ivan Saveliev)î karger lejêr karayî hizrî soşyalîstî û sendîkalîstîda bû, bagdanov'î birde nêw kargeranî huşyarî karxaney çeksazî tula. Berhemî yekxistinî bagdanov bem komelle kargerîyewe dû şit bû: yekem, bedway kobunewekanî lêkollênewe û wtarekanî bagdanov'da lebarey abûrî ramyayyewe, kargeran be rexney jyanî rojaney xoyan tyayanda beşdarîyandekrid. Le sallî1897da yekemîn berhemî ew benawnîşanî ( wane kurtekanî zansitî abûrî ) çapkra, ke lênîn begermî pêşwazî lêkrid û sernicî xoy le şêwey wtarêkî destxoşaneda, le jmare (4)î bllawkrawey (mîrbuzşî)da le sallî 1898da leser nûsî. Bellam xallî duwem: le jyanî bagdanov'da karayî zortirî dana; lejêr karayî destey kargeranî tula û betaybet taybetmendîyekanî kesêtî 'îvan savêlîv', bagdanov geyişte ew birrwayey ke kargeran twanay bedestihênanî huşyarî komellayetîyan heye û rizgarî ewan tenya bedestî xoyan meyserdebêt. Encamî pêşûtrî em têrrwanîne bawerrî bagdanov bû be têkhellkêşanî markisîzm û sendîkalîzm ke ber lew (enton panekok) û (entonyo gramîşî) be têkhellkêşanî 'komonîzmî şurayî'yan pîkewena.

Letek dûbare gerranewey bo mosko, beşêweyekî çalak le bazney soşyal dîwkratekan'da kewte çalakî û encamî em witwêj û hewlle rojaneyyane, yekemîn berhemî fîlosofî ew (hokare binçîneyîyekanî têrwanînêkî mêjûîy le sruşt) bû, ke le sallî 1898da nûsî.

Letek tewawkirdnî xulî pzîşkîy zankoy mosko, dûbare destbeserkrayewe. Şeş mang le mosko sê sall le 'volgava'. Lem rojaneda lêkollînewekanî ew û komellêk le fîlosofe lawe soşyal dîmukratekan, ke harîkarîy ewyan dekrid, twanyan komelleyekî fîlosofî le retdanewey têgeyiştne fîlosofîyekanî grupî fîlosofe aydyalîst - lîbrallekanî rûsye (grupî nwêner) lewane 'bêrdyayv Nikolai Berdyaev' , ' sîmon frank Semyon Frank', 'pêter sitruve Peter Sitruve' û ... çap bgen.

Em komelle fîlosofîye, ke lelayen bagdanov'we amadekrabû, lejêr nawî ( pêşekî pêşnyarî fîlosofeyekî ryalîstî le jyan) le sallî 1902da çapkra. Dway hejde mang praktîkî erke pzîşkîyekan, le nexuşxaney derûnnasîy mosko bagdanov'î derûnnas letek suşyal dîmukratekan lewane ' lonaçarsikî Anatoly Lunachariskiy ', (pokrovsikî Mikhail Pokroviskiy), (bazarov) û hîdîke ... yekê bû ledamezrêneranî bllawkrawey (pravda). Xulî yekemî pravda le 1903hetaku sallî 1905 bagdanov sernûserî bû.

Payîzî sallî 1903 le nakokî bolşevîk û menşevîkekanda, bagdanov le rîzî bolşevîkekanda mayewe. Beharî sallî 1904 le rûsyewe çuwe suyisra û lewênderê be lênîn'ewe peywestibû. Le konifransî 22î 'partî suşyaldîmukrat'da bagdanov wek yekêk le endamanî nêwendî grupî bolşevîyekan hellbijêrdra. Bem boneyewe ew yekêk le yekemîn damezrêneranî nêwendî bolşevî bû. Lem rojaneda menşevîkekan hêrşî rastewxo û fîlosofyan le djî ew destipêkrid. Plîxanof Georgi Plekhanov û lew sersexttir êksilrod Pavel Axelrod benawî xwazrawî 'urtudukis'ewe bagdanov'yan wek kadrî nêwendî bolşevîyekan leber bîroke felsevîyekanî weber hêrşî tundiwtîj da, nêwerrokî hêrşî menşevîkekan lew ruwewe bû, ke bagdanov le markisîzm dabrrawe. Bllawkrawey ' îskra Iskra ', ke kewtbuwe jêrdestî menşevîkekan, le jmare heftay em bllawkraweyeda nameyekî taybetyan djî bîroke fîlosofîyekanî bagdanov bllawkirdewe.

Lem taybetnameyeda bagdanov be aydyalîzmî fîlosofî û retdanewey fîlosofî

markisîstî tawanbarkrabû. Rexneş le lênîn gîrabû, ke çon bagdanov û darudestey ewyan le nêwendî bolşevîyekanda ragirtuwe.

Le kotayî sallî 1905da bagdanov gerrayewe rusye û beşêweyekî çalak le beşe nêwxoyye bolşevîyekanda le şarî sanpitrisborg'da kewte çalakî û lem ruwewe sanpitrizburg buwe radîkalltirîn beşî partî bolşevîk. Beharî sallî 1905 le sêyemîn kongrey partda le lenden, raportêkî leser pêwîstibûnî rêkxistinî çekdaraney part pêşnyarkird. Lem kungreyeda ew wek yekêk le yekemîn endamanî komîtey nêwendî partî bolşevîk hellbijêrdra. Lem peywendeda ew wek yekêk le nwêneranî bîryarîy bolşevîkekan le rêkxistinî krêkarîy sanpitrizborg'da bo westanewe dijbe menşevîkekan destinîşankra.

Dwatir le 2î dêsemberî 1905da dûbare destigîrkrayewe, bellam be barimte azad kra; beazadbûnî ew destbecê le kolga be lênîn'ewe peywestibû û herdûkyan pîkewe leser pêşnyarî bolşevîkekan le 'duma' destbekarbûn. Ew yekêk le pêşrrewanî baykotkirdnî duma'î sêyem bû. A lewêda bû nakokî ramyarîy û dwatir fîlosofî ew û lênîn rîşey dakuta. Lew rojaneda djayetî tundutîjî nêwan lênîn û bagdanovîstekan destîpêkrid û berhemî em djayetîye peydabûnî grupî bopêşewe Vperedî bû. Lonaçarsikî, ' maksîm gorgî Maxim Gorkiy' û tenanet buxarîn Nikolai Bukharin le layengranî bagdanov bûn. Le sallî 1907da çuwe henderan û wek yekêk le sê  endamanî destey nûseranî bllawkrawey 'prolîtêrî' (organî bolşevîkekan) letek lênîn û (aynuknî*) destbekarbû. Le sallî 1909da nakokîye ramyarîy û fîlosofîyekanî letek lênîn geyiştne lûtke. Lem serdemeda bagdanov û 'lyonîd krasîn Leonid Krasin' wek çeprewekan le nêwendîy partî bolşevîk kranederewe. Le sallî1910da paş pêşnyarî lênîn leser harîkarî letek menşevîkekan betaybet grupekey plîxanuf (grupî yekêtî xebatî azadî kar), ke le êksilrod, dêvîd ryazanov, 'nîkolay m.dburîn' wek pêşrewanî tîorîkî, pêkhatbû, bagdanov le ' kaprî ' letek lênîn kewte miştumrrêkî tundutîj, ke bedway eweda le komîtey partîş krayederewe. Sallî 1909 paş derkirdnî le nêwendî part, bagdanov letek

hawrrê hawgrupekanî [grupî bopêşewe] destyandaye rêkxistinî fêrge kargerîyekanî kaprî û bolonya. Ke le rêkxistinî em fêrganeda lonaçarsikî, pokrovsikî, gorgî, êstpanov û bazarov çalakbûn. Trotsikî, kuluntay û ... û komellêkî dîke le kadre bolşevîkekan lelayengranî em fêrgane dadenrên.

Lem rojaneda grupî ' bopêşewe ' bernameyekyan berizkirdewe, ke têyda gringî rêkxistne sovyetîyekanî kargeran û rahînanî kargeran le serûy hêllî amance partîyekanda danabû. Lew katewe bagdanov jyanî xoy kirde pênawî rahênanî ramyarîy û komellayetî kargeran û betenya le bllawkrawe kargerîyekan û pravda'da destîdaye nûsînî gutarî hellixrrênerane bo kargeran. Sallî 1914 be gerranewey bo rusye le berey şerrda wek pzîşkêk kewte prupagendey bolşevîkî. Dwatir letek şorrşî 1917da wek yekemîn damezrêneranî ekadîmyay zansitî suşyalîstî le bzûtnewey prolîtêrîyda derket.

Le sallî 1922da be fermanî lênîn, bagdanov xraye ser dûryanî, yan ragirtnî çalakî wek raberî bzûtnewey prolîtîrî weyan hellbjardinî dûrixranewe bo derewey rusye, ke ew yekemyanî hellbjard. Berragirtnî çalakîyekanî ew le bzûtnewey roşnibîrî prolîtarîda, em bzûtneweye dwatir le sallî 1924da nawekey gorra be ekadîmyay zaniste komonîstîyekan û ta sallî 1929da, lelayen stalîn'ewe rîşekêşkra ! Le sallî 1923da bagdanov bepêy pîşe pzîşkîyekey destîdaye damezrandinî yekemîn damezrawey gwastnewe û hellgirtnî xwên le dunyada. Sallî 1928 ew destî be taqîkirdneweyekî zor pirr metrisî kird. Xwênî xoy letek xwênî nexoşêkî melaryayî, ke mergî ew bêgerranewe bû, gorryewe û encamekey be mirdnî bagdanov tewawbû. Le barey mergî ewewe, buxarîn le pravda'da gutarêkî zor bepêzî nûsî. Bellam pirsyarî serekî gutarekey buxarîn û roşnibîranî çepî ew kat, hoy encamdanî taqîkirdnewey mergawerî awa bû lelayen bagdanov'ewe. Ke zorbe emeyan bexokujîy ew deçwand. Lew barewe, le çîrokêkî xeyallî-zansitî (estêrey sûr beasmanî rusyewe) ke bagdanov le sallî 1908da nûsîbûy, lew çîrokeda bagdanov xokujî behuşmenditrîn amraz bo derbrrînî narrezayetî le komellgey suşyalîstîda derbrrîbû. Le heman pertûkda gorrînewey xwên, be besoztirîn sruştî ewînî mroyî bo hawcorî xoy, çwêndrabû. Lem ruwewe bebê dûdllî detwanrêt mergî ew bexokujîy fîlosofî lêkbidrêtewe.

# مەزهەب، هونەرو مارکسیزم *

بۆ پرۆلیتاریا لە مەیدانی هونەردا دوو پرسی گرنگ هەبوون، کە دەبوو چارەسەربکرێن؛ پرسی یەکەم: داهێنانی سەربەخۆییە، کە هوشیاری لەبارەی خۆ و دەوروبەر لە شێوەی تەنی زیندوو هاوئاهەنگ، بواری بیرو هۆشمەندی لە شێوەی هونەرییەکاندا.
پرسی دووەم: بەدەستهینانی لەبۆماوە [کەلەپوور] و دەستگرتن بەسەر ئەو گەنجینە هونەرییانەی، کە لە ڕابووردوودا داهێنراون و هەوڵدان بۆ گونجاندنی گشت جوانی و پشکوتووییەکانیان، بەبێ دەستەمۆبوونی ناوەڕۆکە بۆرجوازی و فیئۆداڵییەکەی، کە تێیدا ڕەنگیداوەتەوە.

چارەسەری پرسی دووەمیش وەك پرسی یەکەم، هەروا ئاسان نەبووە و ئێمە هەوڵدەدەین، کە لایەنی گشتی بۆ چارەسەری ئەم بابەتانە بدۆزینەوە.

کەسێکی مەزهەبی کە بە سووربوون و وردەکاریی تەواوەوە لە باوەڕێکی دیکە دەکۆڵێتەوە، بەردەوام خۆی دەخاتە بەردەم مەترسی وەرگرتنی ئەو کێش و باوەڕە یان وەرگرتنی بەشێك لەو باوەڕانەی، کە لە ڕوانگەی مەزهەبەوە بە وەرگۆڕان [کفر] دەژمێردرێن؛ مەسیحیگەلێك هەبوون، کە بە لێکۆڵینەوەی مەزهەبی بودا، مەزهەبی خۆیان گۆڕیوە یان کەوتوونەتە بەرکارایی یان بەپێچەوانەشەوە: هەمان سیستەمی مەزهەبیش دەتوانرێ لەلایەن کەسێکی ئازادئەندێشەوە لێی بکۆڵرێتەوە، کە لە تەواوی مەزهەبەکاندا تەنیا سروشی شاعیرانەی خەڵك دەبینێ ( ئەمە تەواوی ڕاستی لەبارەی مەزهەبەوە نییە، بەڵکو تەنیا لایەنێکی دەگرێتەوە). لەم بارێکدا، ئایا وەها کەسێك بەهەمان ئەندازە لەبەردەم هەمان مەترسیدایە، کە لێکۆڵەرێکی مەزهەبی ڕووبەڕوویەتی؟ هەڵبەتە نەخێر! لەوانەیە ئەو لەبەر جوانی و قوڵی یادگیرییەکانەوە، کە سەدان ملیۆن کەسیان بۆ خۆیان ڕاکێشاوە، خۆشی لێبێت. بەڵام دەرك و تێڕوانینی ئەو لەڕوانگەیەکی تەواو نائایینی و جیاوازەوە سەرچاوە دەگرێت. دەوڵەمەندێتی لەڕادەبەدەری هەستەکی و هزریی، کە لە بودیزمدا هەیە، زیاتر دڵ و بیری ئەو ڕاکێشدەکات، تا کەسێکی ئایینی کە هیچکات ناتوانێت خۆی لە بەرگریی کیش و ئایینی خۆی، ڕزگار بکات و هەمیشە لەتەك دڵەڕاوکێی ئاینە نامۆکان ڕووبەڕووی دەبێتەوە و دەرگیردەبێت. ڕاستی پرسەکە ئەوەیە،

کە بۆ ئازادئەندێشێك ئەگەری دڵەڕاوکێی گۆڕان بۆ سەر ئایینی بودایی لەئارادابێت.

بیرکردنەوەی ئەو وەها سەریهەڵداوە، کە دەتوانێت لە چوارچێوەی هەمان ئاییندا، ئایین بداتە بەر لێکۆڵینەوە و ئەم گونجاندنە بۆ خۆی دەستەبەربکات. مەسیحییەك و ئازادئەندێشێك لە ڕوانگەیەکی ڕەخنگرانەوە لە بودیزم دەکۆڵنەوە، بەڵام جیاوازی بنچینەیی ئەوان لە جۆر و شێوەی ڕەخنەگریی، زەمینەکان و پێوەرەکانیاندایە. باوەڕدارێك هەمیشە ڕەخنەکانی خۆی لە دەریچەی دۆگم و هەستی خۆوە بەرتەسکدەکاتەوە و لەسەر ئەو بنچینەیە هەوڵدەدات، کە لەبارەی بابەتی لیکۆڵینەوەکەی خۆی ئەو ناکۆکییانەی کە پەیوەندییان بە بەها (معنوی)یەکانییەوە هەیە، بخاتەڕوو. کاتێك کە ئەو توانی ئەمە بەدەستبێنێت، ئیدی توانای دەرککردنی ڕاستییەکی هۆنەرانە و بنەڕەتی کە تێیدایە، نییە.

لەکاتی گەیشتن بەم ڕاستییە بەشێوەیەکی ناکۆك بە خۆی، بۆی دەڕوانێت و ئەو ساتەیە کە ئیدی کاتی "خۆدانە دەستی دڕدۆنگی" دێت.

ئەو توانای دەرککردنی ئەوەی، کە بودیزم لە شێوەی کەلەپوری فەرهەنگی دونیایەکی دیکە وەربگرێت، نەبووە و کاتێك بەتێڕوانینێکی خوازیارەوە بۆ ئەم نەگونجانە بنوارێت، ئەوە ئەو کاتەیە کە ئەو بەخۆبەدەستەوەدانی لە ئایین و باوەڕی خۆی هەڵدەگەڕێتەوە. ڕێوشوێنی بێباوەڕی توندڕەو ئاوەهایە. ئەو نیشاندەری پێشکەوتووترین، بەڵام نەك بە ئەندازەی پێویستی ئاستی گەشەکردوویی هوشیاری بۆرجوازی، کە لە هەر ئایینێکدا تەنیا خەیاڵپەرستی و فڕوفێڵ، دەبینێت. لە ڕاستیدا ئەو باوەڕدارێك بەولاوەتر نییە. ئەو بەو ئەندازە دژی ئایین وەستاوە، کە تەنیا نکۆڵی لێبکات، بەڵام نە بەو ڕادەیەی کە لێی تێگەیشتبێت. بۆ ئەو ئایین کەلەپور نییە و تەنانەت هەندێك جار تووشی دڕدۆنگی دەبێت. هەندێك جاریش ئەم هەستە بەسەریدا زاڵدەبێت، کە ئایین تەنیا لە خەیاڵپەرەستی و فڕوفێڵدا بەرتەسکنابێتەوە بەڵام هیچکات پەی بە کەتواری ئەم پرسە نابات.

لە ڕێوشوێنێکی تەواو جیاوازدا ئازادئەندێشەکەی ئێمە دەربڕی بەرزترین سەردەمێکە، کە هوشیاری و دەرکی بۆرجوازی دەستی پێڕاگەیشتووە.

ڕوانگەی ئەو سەبارەت بە ئایین وەك بەرهەمی داهێنانی هۆنەرانەی خەڵك ئەو مۆڵەتە بەو دەدات، کە لە چوارچێوەی بیری خۆیدا بابەتی لێکۆڵینەوەکە بەبێ هیچ دەمارگیرییەك و بە جۆرێکی ئازادانە دەرکبکات. بۆ ئەو هیچ دژوار و ناکۆك نییە، کە بۆ نموونە فێرببێت، کە یاساکانی ئایینی 'مانی' لەنێوان ئارییاییەکانی هیندی کۆندا، کە بۆچوونی زۆر قوڵیان هەبووە، بەپلەیەك لە ئایینی مەسیحی هاوچەرخ یا ڕەسەن پێشکەوتووترە، یان هەڵهێنجان و دەرکی ئەوان لە مەرگ بەو جۆرەی کە لە ئاهەنگی بەخاکسپاردنیاندا، وەها پرسێك بەرچاودەکەوێت، کە لە ڕەسەنێتی و بەرزی و جوانیدا لەچاو ئایینی مەسیحی لە ئاستێکی باڵاتردایە.

ئازادئەندێشی ئێمە، کە لە هەر جۆرە ڕێگریی و هەستێکی ئایینی ڕزگاری بووە و هەر کاتێك بیرکردنەوەی ئایینی ببێتە هۆی ناڕۆشنی لە بیرکردنەوەی ئەودا یان ببێتە هۆی بەلاڕێدابردنی خواستە مرۆییەکانی ئەو، بەرهەڵستی دەکات و هەروا لە بارودۆخێکدا دەمێنێتەوە، کە لە ئایین کەلەپورێکی بەنرخ بۆ خۆی و کەسانیدیکە پێکەوەبنێت.

بەرخوردی پرۆلیتاریا لەتەك گشت کولتووره کۆنەکان چ بۆرجوازی چ فیئۆداڵیدا، بەگشتی وەك یەکە. کارگەر، لە سەرەتادا ئەم پرسە تەنیا لە شێوەی کولتووردا وێنادەکات، کولتوور لە ئاستێکی گشتیدا، بەڵام ئەم لایەنەی لەبەرچاو نییە، کە نێوەڕۆکی کولتوور شتێکی جیاوازە لەوەی کە ئەو وێنایدەکات.

لە فیلۆسۆفی و زانستی هەر کولتوورێکدا بۆی هەیە هەڵەی گەورە هەبێت، بەو جۆرەرەی کە لە هونەریشدا چەندین هەڵە و لە (معنویات) و یاساشدا نادادوەریی هەیە. بەڵام ئەمانە خاڵگەلێك نین، کە پەیوەندیان بە نێوەڕۆکی ئەو کولتوورەوە بێت و تەنیا هەڵە و لادان و کەموکوڕییەکن، کە دەتوانرێت لەتەك بەرەوپێشچوونەکانی داهاتوو قەرەبووبکرێن.

دواتر ئەو بۆی دەردەکەوێت، کە ئەم کولتوورەش هەڵگری تایبەتمەندیی بۆرجوازی و ئۆرۆستۆکراتی بووە، کە دەبێتە هۆی پتەوی بەرژەوەندی چینە سەروەرەکان، ئەو خۆگرتنانەی کە دەبنە هۆی بەلاریدابردنی کولتوورەکە، بەڵام ئەو هەروا هیچ جۆرە دوودڵییەکی لە نێوەڕۆکی ئەو کولتووره (شێواز و ڕوانگەی) نییە.

ئەو وەها خۆی لە ئاستی ئەو کولتوورەدا داناوە، لە کاتێکدا هەوڵ بۆ گونجاندنی گشت خاڵە باش و پۆزۆتیڤەکانی دەدات، بەڵام لە دڕدۆنگییەکی پارێزگارانە کە 'براهمان 'ێك یان ' بودایی 'یەك لە بەرامبەر مەسیحییەتدا هەیانە یان بەپێچەوانەوە لێی بەهرەمەندن، بەهرەمەند نییە. ئەو کە شێوەی بیرکردنەوە و هەستە ڕابوردووەکان ڕاکێشیانکردووە و گشت بەرخوردەکانی لەتەك دونیای دەوروبەری لە جەمسەری شێوە کۆنەکانەوە سەرچاوەدەگرن، کاتێك بە ڕوانگەی چینایەتی پرۆلیتێری چەکداردەبێت، دەستبەجێ ڕووبەڕووی دەنگی فەرماندەرانەی بەرژەوەندی چینایەتی کە لەتەك ئەودا دەدوێت، دەبێتەوە. بەڵام لە کاتێکدا کە هەموو پرسەکان بە ڕۆشنییەکی چاوەڕوانکراو نەبن و پرسە زۆر ئاڵۆزەکانی ژیان و بەتایبەت پرسی تازەتر هاتبنە گۆڕێ، ئیدی ئەو توانای چارەسەری سەربەخۆی پرسگەلی ئاوای نییە. یان سوود لە ڕێگەچارەیەکی پێشتر ئامادەکراوی دەوروبەری خۆی وەردەگرێت یان ئەوەتا بەرژەوەندی چینایەتی پرۆلیتێری ئەو، ڕوانگەیەکی بێگانە بۆ خۆی ڕادەکێشێت. هەر دوو ئەو ئاراستانەی کە لە سەرەوە باسکران، لە ڕەفتاری ڕۆشنبیرانی چینی کرێکاری ئەوروپادا لەبارەی جەنگەوە دەرکەوتن. هەندێك بەبێ هیچ جۆرە سەرنجێك لەسەر ئەم پرسە، کە کەسانی دیکەیش 'توانای دەرکی' ئەم پرسەیان هەبووە، کە " بەرژەوەندی فراوانتر "ی چینی کرێکار خوازیاری یەکگرتن لەتەك بۆرجوازیدا بۆ پارێزگاری لە خاکی باپیران و سامانەکەی دەبێت و لە "نێوچوونی دەبێتە هۆی تێکشکانی چینی کرێکار و بەرەودواگێڕانەوەی گشت شارستانییەت " ڕەوتی خۆیان بە شەپۆلی نیشتمانپەروەری سپارد. ئەم ئەزموونە گەورە و ستەمکارانەیە ئەم کەتوارەی تەواو دەرخست، کە تاوەکو پرۆلیتاریا ڕوانگە و شێوەی بیرکردنەوەی خۆی ڕۆشننەکاتەوە، هیچ کات توانای زاڵبوونی بەسەر کەلەپوری کولتووریدا نییە. بەڵام ئەوە کولتووری بەسەرچوو نییە، کە زاڵبوونی خۆی هەروا لەسەر ئەو پاراستبێت و هەروەك ئامرازێکی مرۆیی بۆ ئامانجەکانی خۆی سوودی لێ وەرگرتبێت.

ئەگەر پرۆلیتاریا لەبارەی ئەم پرسەوە باوەڕیهێنابێت، تەنیا بەڕەتکردنەوەی بێکەڵکیی کولتووری کۆنە دەگات. ئەگەر نکۆڵی لە وەها کەلەپورێك بکات، ئەو کات بەرخودێکی سەرەڕۆیانە لەمەڕ کەلەپوری ئایینی، خۆی خستووەتە جێی بێباوەڕێکی تونڕەو. بەڵام لەتەك گشت ئەمانەدا ئەو تەنانەت دەکەوێتە ڕێوشوێنێکی خراپتر، چونکە بۆ بێباوەڕانی بۆرجوا وەها توانایەك بەبێ ئاشنایەتی لە ئایین هەبووە و بۆ ئەوان بەهای کولتووریی دیکەیش دەبن، کە پشتیان پێببەستن.

بەڵام کرێکار لە بارودۆخێکدا نییە، شتێك ڕۆبنێت، کە ببێتە هۆی هاوتایی کولتووری دەوڵەمەند و گەشەکردووی بەرەی نەیار. ئەو توانای داهێنانی هەر شتێکی نوێی لە هەمان ئاستدا، کە بتوانێت ئامرازێکی شکۆدار دژی خۆی لە دەستی دژکانیدا بێت، نییە. سەرئەنجامی وەها پرسێك زۆر ئاشکرایە. چینی کرێکار دەبێت لە پەیداکردنی گەشەکردووترین ڕوانگە لە بەرفراوانترین ئاستی لواودا، کە پایەدار و لێهاتووتر لەکولتووری کۆن بێت، بەو جۆرەی کە ڕوانگەی ئازادئەندیشێك لە ئاستێکی بەرزتر لە دونیای ئایینە.

لە ژێرکارایی وەها هەلومەرجێکدایە، کە توانای زاڵبوون بەسەر کولتووری کۆندا بەبێ دەستەمۆبوونی هەیە، کە بتوانێت وەك ئامرازێك بۆ دروستکردنی ژیانێکی نوێ سوودی لێ وەربگیردرێت و وەك چەکێك بۆ خەبات دژی کۆمەڵی کۆن، کە ئەم کولتوورەی لێوەزاوە بەکاربهێنرێت.

کارڵ مارکس بۆ زاڵبوون بەسەر هێزە بیریارەکانی دونیای کۆندا، دەستپێکەری وەها بزووتنەوەیەك بوو. شۆڕشێك کە ئەو لە بواری زانستی کۆمەڵایەتی و فیلۆسۆفی کۆمەڵایەتییدا دەستپێکرد، لەڕاستیدا دەرخەری ئەم شتە بوو، کە ئەو، شێوازە سەرەتاییەکان و ئەنجامەکانی لە ڕوانگەیەکی تەواو نوێوە، کە هەمان ڕوانگەی پڕۆلیتێرییە خستیە بەر پێداچوونەوە. مارکس بۆ وەها ڕۆنانێکی گەورە بە زۆری سوودی لە سەرچاوە بۆرجوازییەکانی وەك ئابووریزانە کلاسیکە بۆرجواکان، ڕاپۆرتی پشکنێنەرانی کارخانە بریتانییەکان، ڕەخنەی وردەبۆرجوازی* لە سەرمایەداری لەلایەن ' سیسمۆند ' و ' پرۆدۆن ' و ڕۆشنبیرانی سۆشیالیزمی خەیاڵی، دیالەکتیکە ئایدیالیستەکانی ئاڵمانیا، ماتریالیزمی (کۆمەڵەی زانستنووسان)ی فەڕەنسی و فۆیێرباخ، تیئۆری چینە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن مێژوو نووسانی فەرەنسی و شتاییشی دەروونناسیی چینایەتی لەلایەن بالزاك و ئەوانی دیکەوە، وەرگرت. تەواوی زانیارییەکان بەرێکخستنەوەیەکی نوێ گۆڕان بە ئامرازێك بۆ دروستکردنی ڕێکخراوەیەکی پرۆلیتێری. چەکێك بۆ خەبات دژی فەرمانڕەوایی سەرمایە.

بەڵام ئەم کەتوارە سەرسوورهێنەرە چۆن بە ئاکام گەیشت ؟

مارکس ئەم پرسەی وەها دەستپێکرد، کە کۆمەڵگە لە یەکەم لیکدانەوەیدا جۆرە ڕێکخستنێکە بۆ بەرهەمەهێنان و ئەمە بنەمای گشت یاسا و گەشەی شێوەکانی‌یەتی. ئەمە خاڵی دەستپێکردنی چینی بەرهەمهینەری کۆمەڵایەتی و خاڵی دەستپێکردنی گەلکارییە. بە سوودوەرگرتن لەم پرسە بۆ دەستبەکاربوون خودی مارکس بە ڕەخنەگرتن لە زانستی پێش خۆی دەستیپێکرد و بەپوختەکردنی کەرەستەکانی و تێکهەڵکێشکردنی لەتەك بۆچوونەکانی خۆی زانستی پرۆلیتێری یان هەمان سۆشیالیزمی زانستی لێ بەدیهێنا. ئاوەها بووە، کە دەستکەوتە کولتوورییەکانی ڕابووردوو گۆڕدراون بۆ کەلەپورێکی کەتواریی بۆ چینی کرێکار و ئەوەش لە شێوەی نوێکردنەوەی نەزمێك لە ڕوانگەی گەلکارییەوە. بەم جۆرە بوو، کە مارکس دەرکی بە ئامانجەکانی خۆی کرد و ئەم پرسە تەنیا ڕێکەوت نەبوو، کە ئەو بەرهەمی سەرەکی خۆی ' سەرمایە 'ی بە ڕەخنەیەك لە ئابووری ناودەبرد. ئەم شێوازە تەنیا لە چوارچێوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا نەگیرسایەوە و بەڵکو لە گشت لایەنێکەوە پەلهاویشت، مەبەستمان شێوازی بەدەستهێنان و گونجاندنی کەلەپوری پێشینە و ڕەخنە لێگرتنی، ڕەخنەی پرۆلیتێرییە.

ئیستا هەوڵی تێروانینێکی قوڵتر لە زەمینەی ڕەخنەکانی خۆمان دەدەین. سەرەتا دەبوو کرۆکی خاڵی تێروانینی "گەلکاری" بۆمان ڕۆشبێتەوە. لە سەرهەڵدانی پرۆسەی کۆمەڵایەتییدا دەتوانرێت سێ قۆناخ دەستنیشانبکرێن، یان ئەگەر بمانەوێت وردتر لەتەك ئەم پرسەدا مامەڵەبکەین دەکرێت بووترێت، کە پرۆسەی کۆمەڵایەتی سێ لایەنی هەیە:

١– تەکنیکی

٢– ئابووری

٣– ئایدیلۆجیکی.

لەلایەنی تەکنیکییەوە کۆمەڵگە لە بەرهەڵستی سرووشتدایە بۆ دەستەمۆکردنی، ڕێکخستنی دونیای دەرەوە بۆ بەرژەوەندی ژیان و گەشەپێدانی، لەلایەنی ئابوورییەوە پەیوەندی هاریکاری و دابەشکردن لەنێوان مرۆڤەکاندا و ڕێکخستنی کۆمەڵگە بۆ بەرامبەرکێ لەتەك سروشت. لەلایەنی ئایدیلۆجییەوە، کۆمەڵگە ئەزموونەکانی خۆی ڕێکدەخات، تا لەم ئەزموونانە ئامرازێك بەدیبێنێت، کە بتوانێت بەهۆی ئەوەوە ژیان و گەشەی خۆی ڕێکبخات. لە ئاکامدا هەر

ئامانجێك لەلایەنی تەكنیكییەوە یان ئابووریی و هزرییەوە بۆ خۆی ئامانجێكی ڕێكخەرانە دەبێت : كاری ڕێكخستنی كۆمەڵایەتی.

ئەم یاسایانە بەتەواوی بەم جۆرە بوون و هەڵاوێری وەرناگرن. لەشكرێك بۆ ئامانجەكانی دەتوانێت خراپكاری و لەنێوبردن و تێكدان لەبەرچاو بگرێت، بەڵام دوا ئامانجی نین. چونكە لەشكر خۆی ئامرازێكە بۆ نوێكردنەوەی ڕێكخستنی دونیا لەپێناو ئەو بەرژەوەندییە كۆمەڵایەتییەی كە لەشكر پێوەی پەیوەستە.

لەبارەی هونەرمەندێكەوە، تاكگەرایێك بۆی هەیە ئەم پرسە ئاوا وێنابكات، كە ئەو بۆ خۆیی و بۆ خۆیەتی كە شتێك دائەهێنێت. بەڵام ئەگەر ئەو بەڕاستی بۆ خۆی كاربكات، داهێنانی ئەو بۆ هیچ كەس بێجگە لەخۆی سەرنجڕاكێشنابێت. ئەو كات هیچ جۆرە پەیوەندییەكی لەتەك كولتووری هزرییدا بێجگە لە خەونی تەمەن كورت و ناپەیوەست ( بەڵام جوان) نابێت. ئەگەر ئەو هەوڵبدات كە شتێك لە خۆوە دابهێنێت، بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە سوودێك لە كەرەستە و یان شێوەكار و داهێنان و توانایی دەوروبەری كۆمەڵایەتیی خۆی ببینێت، ئیدی لە ڕاستیدا ئەو شتێكی دانەهێناوە. ڕوانگەی گەلكاری تەواو ڕێكخراوەییە. وەها پرسێك هەروا لەبارەی چینی كرێكاریشەوە دروستە. بە جۆرێك كە مادەی دەرەكی لە شێوەی كاڵا بەگەلكاری خۆی ڕێكدەخات و خۆی لە شێوەی كۆمەڵێكی داهێنەر و جەنگاوەر و ماریكار لە خەباتی چینایەتییدا ڕێكدەخات. سەرئەنجام ئەزموونەكانی خۆی لە شێوەی هوشیارییدا لەتەك گشتێتی شێوەی ژیان و كاری داهێنەرانەی ڕێكدەخات. بۆ چینێك كە دەیەوێت ئامانجی مێژوویی خۆی، كە ڕێكخستنی تەواوی ژیانی مرۆڤایەتییە بێجگە، لەمە ناتوانێت شتێكیدیكە بێت.

ئێستا دووبارە دەگەڕێینەوە سەر نموونە یەكەمەكەی خۆمان. ئایا ئایین دەتوانێت كەلەپورێك بێت بۆ پرۆلیتاریا، كە تاوەكو ئێستا دژ بە هەر كەسێك، تەنیا چەكێك بووە بۆ دەستبەسەرداگرتنی. ئەم كەلەپورە دەتوانێت چ سوودێكی هەبێت و دەتوانرێت چ كارێكی پێئەنجامبدرێت؟

ڕەخنەی ئێمە وەڵامێكی تەواو ڕۆشن و پوخت بەم پرسیارە دەداتەوە. ئایین ڕێگەچارەی پرسێكی

ئایدیلۆجیاییە لە جۆرێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە، کە هەر هەمان کۆمەڵگەی سەرکوتگەرانەیە. ئایین پەیوەستە بە پێکهاتەی کۆمەڵێکەوە، کە بە هاریکاریی زۆرەملێیانە و سەرکوتگەرانە پشتئەستوورە، تێیدا هێندێك ڕۆڵی ڕابەریی و ئەوانی دیکە ڕۆڵی فەرمانبەریی دەگێڕن. کۆمەڵگەیەك کە پەیوەندی بڕیاردەر و فەرمانبەریی بەسەریدا زاڵە، ئەم جۆرە کۆمەڵگانە، کە پەیوەندی بابسالارانە تیایاندا فەرمانڕەوایە، دەتوانرێت لە کۆمەڵگە فیئۆداڵی و پێکهاتە ڕەنجبەری و کۆیلەکان، دەوڵەتە بۆرۆکراتییە پۆلیسی‌یەکانی ئەوڕۆ و پەیوەندی‌یەك کە لەنێو سوپاکانی ئەمڕۆدا هەیە، ببیندرێن. لە ئاستێکی گچکەتری‌دا پێکهاتەی خێزانی بۆرجوایی و سەرئەنجام ئەو پەیوەندییەی، کە سەرمایە ڕێکخستنی خۆی لەسەر  جەمسەری ئەوەوە، بەپێی بنەماکانی بڕیاردان و فەرمانبەری دادەڕێژێت.

لە کۆمەڵێك باوەڕگەلی پەسەندکراو، دەتوانرێت چ سوودێکی ڕێکخەرانە بەدەستبهێنرێت؟ بۆ ڕێکخستنی هاوکێشیی ئەزموونەکانی کۆمەڵگە بەشێوەیەك، کە لەتەك سەراپای ئەو ڕێکخستنەدا گونجاوبێت، بەو جۆرەی کە دەستکەوتە کولتوورییەکان، بەنۆرەی خۆیان دەتوانن لە خزمەت و چەکێك بۆ ڕێکخستن بەمەبەستی پاراستن و پتەوکردنی شێوە و فراوانکردنی ئەو ڕێکخستنە گشتییە بن. وێناکردنی ئەوەی کە چۆن ئەمانە لە شێوەیەکی سەرکوتگەرانەی ژیاندا ڕێکخراون، زۆر ئاسانە. وەها نەزمێك بە سادەیی لە چوارچێوەی ئەزموون و بیرکردنەوەدا موتوربە دەکرێت. هەر کردارێك چ بەشێوەی مرۆیی یان توخمی و هەر دیاردەیەك دەربڕی پێکهاتەیەکی دوو پەیوەندە: یەکێك خواستی چالاکانەی ڕێکخستن و ئەوی دیکە جێبەجێکردنی دەستەمۆیانەیە. تەواوی دونیا وەك گشتێکی سەرکوتگەرانە وێناکراوە، کە لە لووتکەیدا بڕیاردەری باڵا، خوا، یان بە ئاڵۆزیی پێکهاتەی سەرکوتگەرانە وەك زنجیرەیەك لە لێپرسراوانی وابەستەی لوتکەوە، کە بۆ بەڕێوەبردنی لایەنەکانی دیکەی ژیان هەڵبژێردراون، بنیاتنراوە. تەواوی ئەم نواندنەش شان بە شان لەتەك هەست و ڕەوشتی سەرکوتگەرانە هەروەك پیاداهەڵگووتن و  ملکەچی و ترس ئابڕومەندانەیە و بەم جۆرەیە، کە پەیوەندیگەلێك لە ئاییندا هەبووە، کە ئەوە بە تەواوی ئایدئۆلۆجی‌یەکی سەرکوتگەرانەیە.

ئەم پرسە تەواو ڕۆشن و ئاشکرایە، کە وەها پەیوەندی‌یەك چەندە چەکێکی زۆر نایابە بۆ

نەزمی ژیانێکی سەرکوتگەرانە. ئایین لە ڕاستیدا مرۆڤی بە وەها نەزمێك ئاشناکردووە و شوێنی لە وەها سیستەمێکدا بەپێی پلەبەندی ئەو بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی کە پێیسپێردراون، ڕۆشندەکاتەوە. لە هەست و بیرکردنەوە و ئەزموون و کەسایەتیدا بەتەواوی بەدەوروبەری کومەڵایەتییەوە لکێنراوە و یەکە و شێوەیەکی ناجێگیر و شیاوی تێداچوون، دەگرێتەخۆی.

شێوەی ئافەراندن و داهێنانی ئایینی لە بەشی هەرە زۆریدا فرە هۆنەرانەیە. ئەم خاڵە ئازادئەندێشی ئێمە بە دروستی لێیتێگەیشتووە، ئەگەرچی پەی بە پرسە سەرەکییەکە، کە نێوەڕۆکی کۆمەڵایەتیی ئایینە نەبردووە. بە درێژایی قۆناخەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی، کە ئایین خۆی بەرجەستەکردووە، هۆنینەوەی هۆنراوە لە ڕووی تیئۆریی و کارەوە جیانەکراوە بووە و لە ڕێڕەوی خۆیدا ئەوانیشی گرتۆتە خۆی. ئایین کاتێك کە تەواوی دەرك و ئەزموونە مرۆییەکانی ڕێکخستووە، ئەو کاتەیە ناسین تەنها لەسروشەوە (کە تەنیا لە خواوە سەرچاوە دەگرێت) بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان لەلایەن هۆکارێکی میانجیکارەوە، توانای دەرککردنی هەیە.

ئێستا ئەم کولتووورە ئایینییە چ کەلەپورێکی بۆ پرۆلیتاریا هەیە ؟ کەلەپورێکی بەنرخ و گرنگ. کەلەپورێك، کاتێك بکەوێتە بەر ڕەخنەی کرێکاران، ئەو کات هەروەك چەکێك لە دەستیاندا دەتوانرێت بۆ ناسینی گشت لایەنە سەرکوتگەرەکان لە ژیاندا سوودی لێوەربگیردرێت. دونیای سەرکوت ڕوو لە ڕووخانە، بەڵام هێشتا نەمردووە، پاشماوەکانی ئێمەی لە هەموو لایەکەوە ئابڵۆقەداوە و هەندێك جار زۆر ئاشکرا، بەڵام بەزۆری لە پۆشاکی جۆراوجۆر و چاوەڕواننەکراودا، دەمانخاتە تەنگەنەکانی ئابڵۆقەی خۆی. لەبەرئەوە بۆ سەرکەوتن بەسەر وەها دوژمنێکدا، ئاشنابوون پێی بە شێوەیەکی تەواو، زۆر پێویستە. کەواتە پرسەکە تەنیا ئەوە نییە، کە تاکەکەسێك نکۆڵی لە ئایین بکات. چونکە لە وەها بارێکدا کرێکارێك کە لەبەرخوردێکی ڕەخنەگرانەی نوێ بەهرەمەندە، بەپلەیەکی باشتر پێشکەوتنی دەبێت، تاوەکو ئەو بێباوەڕە بێفێڵەی، کە نکۆڵی لە هەر جۆرە کێش و باوەڕێك دەکات. چونکە نکۆڵیلێکردنی ئایین بۆ بێباوەڕە بێئایینەکەی ئێمە، تەنیا لەبەر پێداگرتن لەسەر ئەوەی کە ئایین داهێنراوی کەشیشانە بۆ بەهرەکێشیی لە خەڵك، نەك نکۆڵیکردن لە چیەتی کارکردی ئایین. بەڵام لە هەموو گرنگتر ئەوەیە، کە بەرخورد لەتەک وەها کەلەپورێك، ئەو توانایەمان دەداتێ، کە خەملاندنێکی دروستمان لەمەڕ واتای توخمە سەرکوتگەرەکانی کۆمەڵگەی ئەوڕۆکەیی و

پەیوەندی دوولایەنەیان لە پەیوەند بە گەشەی کۆمەڵایەتییەوە، هەبێت.

ئەگەر ئایین چەکێکە بۆ ڕاگرتن و هێشتنەوەی ڕێکخستنی سەرکوتگەرانە. ئیدی ئەوە ڕۆشنەبێتەوە، کە لە پەیوەندی چینەکاندا، ئایین بۆ کرێکاران شتێك نییە بێجگە لە دڵنیایی و دەستەبەرکرنی هەلومەرجێك بۆ ملدانی ئەوان بە سەروەری و چەکێك بە مەبەستی پەسەندکردن و ملدان بەو نەزم و مۆڕاڵانەی، کە چینە سەروەرەکان بە مەبەستی بەهرەکێشی کرێکاران، خوازیاریانن.

سەرەڕای هەر شتێك کە سوشیالیستە ئایینییە ڕەنگا و ڕەنگەکان بیانەوێت بیڵێن، زۆر ڕۆشنە دەربڕینێك کە پارتە کرێکارییە جیاوازەکان هەڵیانبژاردووە، کە ئایین پرسێکی کەسییە، بێجگە لە سازشێکی ڕامیاریی کاتی، کە ئێمە ناتوانین پشتیپێببەستین، هیچی دیکە نییە.

ئێستاکە ئیدی ڕۆشنەبێتەوە، کە چ پەیوەندییەك لەنێوان سوپا و ئاییندا هەیە. چونکە هەردووکیان ڕێکخستنێکی سەرکوتگەرانەن و ڕۆشنە کە بۆچی وردەبۆرجوا بابسالارەکان و خێزانە جوتیارییەکان، ئەوەندە هۆگری ئایین و یاساکانی خوا'ن و مەترسییەك کە دەتوانێت ئەم کرۆکە سرکوتگەرانە کارایە لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییدا هەیبێت، ببینین. ڕوناکییەکی نوێ بەسەر ڕابەرە پارتییەکاندا، بەسەر لێپرسراوان و چەمکی کۆنترۆڵی بەکۆمەڵ، کە بەسەر ئەواندا بەکار براوە، باڵیکێشاوە!

هەرچەند زیاتر گەنجینەی هونەری و ئەزموونگەری خەڵك، کە لە نووسین و نیگارەکاندا بپارێزرێت، بە نۆرەی خۆی دەبێتە هۆی فروانتربوونی هوشیاریی کۆمەڵایەتییان و پێگەی داهێنانی سەربەخۆ، کە ملکەچی خو و ڕێسا جێکەوتەکان نییە، دەستەبەردەکات. ئەگەر ئاوەهایە، ئایا دەبێت چینی کرێکار میراتبەری کەلەپوری ئایینی خۆی بێت ؟

***************

پەراوێز:

* وەرگێڕانی ئەم بابەتە و چەند بابەتێکی دیکە، بۆ هاوبۆچوونی من لەتەك بیرۆکەکانی نێویان ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ هاندەرێك دەگەڕێتەوە، کە ئەو ڕۆژانە وەك شێوازێك پەنام بۆ دەبرد، ئەویش نیشاندان و خستنەڕووی ڕاستی ڕەخنەی سۆشیالیستە ئازادیخوازەکان بوو لە دەمی خودی مارکسیستەکان و لایەنگرانی بۆلشەڤیزمەوە، یەکێك لەو کارانەی کە کاتێکی زۆم بۆ تەرخانکرد، وەرگێڕانی شانۆگەریی "ترۆتسکی لە دوورخراوگە " بوو، کە لە گۆڤاری ' هونەریی ژیلەمۆ'دا بڵاوکرایەوە، تەنیا ئامانجم نیشاندانی چۆنیەتی سەرکوتی بزووتنەوەی کرێکاریی و ئۆپۆزسیۆنی کرێکاریی نێوخۆی پارتی بۆلشەڤیك و چۆنیەتی وەڵامدانەوەی نوێنەرانی کرێکارانی مانگرتووی پترۆگراد و ڕاپەڕیوانی کرۆنشتات بوو، هەروەك لەم وەرگێڕانەشدا دەبینن، چۆن خودی ' لێنین ' بەبێ پەردە و ئاشکرا " بزووتنەوەی پرۆلیتێری " و ' باگدانۆڤ ' ناچار بە بێدەنگبوون و وازهێنان دەکات !

** هەرچەندە بە دوای واژەی (اینوکنی)دا گەڕام، بە هیچ شێوەیەك ناوێکی ئاوا پەیدانەبوو، ڕاستییەکەی ئەوەندەی کاتم بۆ دۆزینەوەی واژە و ناوەکان بە زمانی ڕوسی یا ئینگلیزی بەسەربردووە، ئەوەندە وەرگێڕانی بابەتەکان کاتیان نەبردووە. بەداخەوە لە وەرگێڕەرانی زمانی فارسی و عەرەبیدا، هاوشانی نووسینی ناوەکان بە زمانی خۆیان، ناوەکان بە ئینگلیزی یا لاتینی نانووسنەوە، لەبەرئەوە مەگەر ئەهریمەن یا ڕێکەوت لە دۆزینەوەی ناوەکان لە زمانی سەرەکیی نووسینەکەدا، کۆمەککەربێت. هەروەها بەداخەوە زۆربەی وەرگێڕەرانی کورد'یش بە هەمان شێوەی نادەربەستانەی وەرگێڕەرانی فارس و عەرەب، ناوەکان دەشێوێنن و بواری خوێندنەوەی زیاتر لە بابەتی ئەو نووسەرانە یان لەبارەیانەوە، لە خوێنەری کورد دەگرن و بێبەشیدەکەن. لێرەدا چەند بارەی دەکەمەوە، هیوادارم وەرگێڕەرانی کورد لە کاتی دانانی ناو و واژە زانستیی و ڕامیاریی و فیلۆسۆفییەکاندا، هەوڵبدەن ناو و واژەکان بە زمانی بنەڕەتی دەقەکە یا بە ڕێنووسە لاتینییەکەی دابنێن، تاوەکو خوێنەری کورد دەستی بە سەرەداوی دیکە لەمەڕ خودی نووسەر و هزریی نووسەر، دەستبکەوێت.
سەرچاوەی فارسی بابەتەکە: نشریەی کرگر سوسیالیست ضمیمەی شمارە ٦٠ دی ماە ١٩٧٧

http://www.marxists.org/farsi/archive/bogdanov/works/1924/mazhab.pdf

## Mezheb, Huner û Markisîzm

Bo prolîtarya le meydanî hunerda dû pirsî gring hebûn, ke debû çareserbikrên; pirsî yekem: dahênanî serbexoyye, ke huşyarî lebarey xo û dewruber le şêwey tenî zîndû hawaheng, bwarî bîru hoşmendî le şêwey hunerîyekanda.
Pirsî duwem: bedestihînanî lebomawe [kelepûr] û destgirtin beser ew gencîne hunerîyaney, ke le rabûrdûda dahênrawn û hewilldan bo guncandinî gişt cwanî û pişkutûyyekanyan, bebê destemobûnî nawerroke borcwazî û fîodallîyekey, ke têyda rengîdawetewe.

Çareserî pirsî duwemîş wek pirsî yekem, herwa asan nebuwe û ême hewilldedeyn, ke layenî giştî bo çareserî em babetane bdozînewe.

Kesêkî mezhebî ke be sûrbûn û wirdekarîy tewawewe le bawerrêkî dîke dekollêtewe, berdewam xoy dexate berdem metrisî wergirtnî ew kêş û bawerre yan wergirtnî beşêk lew bawerraney, ke le rwangey mezhebewe be wergorran [kfir] dejmêrdirên; mesîhîgelêk hebûn, ke be lêkollînewey mezhebî buda, mezhebî xoyan gorrîwe yan kewtûnete berkarayî yan bepêçewaneşewe: heman sîstemî mezhebîş detwanrê lelayen kesêkî azadendêşewe lêy bkollrêtewe, ke le tewawî mezhebekanda tenya sruşî şa'îraney xellk debînê ( eme tewawî rastî lebarey mezhebewe nîye, bellku tenya layenêkî degrêtewe). Lem barêkda, aya weha kesêk beheman endaze leberdem heman metrisîdaye, ke lêkollerêkî mezhebî rûberrûyetî? Hellbete nexêr ! Lewaneye ew leber cwanî û qullî yadgîrîyekanewe, ke sedan milyon kesyan bo xoyan rakêşawe, xoşî lêbêt. Bellam derk û têrrwanînî ew lerrwangeyekî tewaw naayînî û cyawazewe serçawe degrêt. Dewllemendêtî lerradebederî hestekî û hizrîy, ke le budîyizmda heye, zyatir dill û bîrî ew rakêşdekat, ta kesêkî ayînî ke hîçkat natwanêt xoy le bergirîy kîş û ayînî xoy, rizgar bkat û hemîşe letek dllerrawkêy ayîne namokan rûberrûy debêtewe

û dergîrdebêt. Rastî pirseke eweye, ke bo azadendêşêk egerî dllerrawkêy gorran bo ser ayînî budayî learadabêt.

Bîrkirdnewey ew weha serîhelldawe, ke detwanêt le çwarçêwey heman ayînda, ayîn bdate ber lêkollînewe û em guncandne bo xoy desteberbkat. Mesîhîyek û azadendêşêk le rwangeyekî rexingranewe le budîzm dekollnewe, bellam cyawazî binçîneyî ewan le cor û şêwey rexnegrîy, zemînekan û pêwerekanyandaye. Bawerrdarêk hemîşe rexnekanî xoy le derîçey dogim û hestî xowe berteskdekatewe û leser ew binçîneye hewilldedat, ke lebarey babetî lîkollînewekey xoy ew nakokîyaney ke peywendîyan be beha (m'nuy)yekanîyewe heye, bxaterrû. Katêk ke ew twanî eme bedestibênêt, îdî twanay derkkirdnî rastîyekî honerane û bnerretî ke têydaye, nîye.

Lekatî geyiştin bem rastîye beşêweyekî nakok be xoy, boy derrwanêt û ew sateye ke îdî katî "xodane destî dirrdongî" dêt.

Ew twanay derkkirdnî ewey, ke budîzm le şêwey kelepurî ferhengî dunyayekî dîke werbigrêt, nebuwe û katêk betêrrwanînêkî xwazyarewe bo em neguncane binwarrêt, ewe ew kateye ke ew bexobedestewedanî le ayîn û bawerrî xoy helldegerrêtewe. Rêwşiwênî bêbawerrî tundirrew awehaye. Ew nîşanderî pêşkewtûtrîn, bellam nek be endazey pêwîstî astî geşekridûîy huşyarî borcwazî, ke le her ayînêkda tenya xeyallpersitî û frrufêl, debînt. Le rastîda ew bawerrdarêk bewlawetir nîye. Ew bew endaze djî ayîn westawe, ke tenya nkollî lêbkat, bellam ne bew radeyey ke lêy têgeyiştbêt. Bo ew ayîn kelepur nîye û tenanet hendêk car tûşî dirrdongî debêt. Hendêk carîş em heste beserîda zalldebêt, ke ayîn tenya le xeyallperestî û frrufêllda bertesknabêtewe bellam hîçkat pey be ketwarî em pirse nabat.
Le rêwşiwênêkî tewaw cyawazda azadendêşekey ême derbrrî beriztrîn serdemêke, ke huşyarî û derkî borcwazî destî pêrageyiştuwe.

Rwangey ew sebaret be ayîn wek berhemî dahênanî honeraney xellk ew mollete bew dedat, ke le çwarçêwey bîrî xoyda babetî lêkollîneweke bebê hîç demargîrîyek û be corêkî azadane derkibkat. Bo ew hîç dijwar û nakok nîye, ke bo nmûne fêrbibêt, ke yasakanî ayînî 'manî' lenêwan aryayîyekanî hîndî konda, ke boçûnî zor qullyan hebuwe, bepleyek le ayînî mesîhî hawçerx ya resen pêşkewtûtre, yan hellhêncan û derkî ewan le merg bew corey ke le ahengî bexakispardinyanda, weha pirsêk berçawdekewêt, ke le resenêtî û berzî û cwanîda leçaw ayînî mesîhî le astêkî ballatirdaye.

Azadendêşî ême, ke le her core rêgrîy û hestêkî ayînî rizgarî buwe û her katêk bîrkirdnewey ayînî bbête hoy narroşnî le bîrkirdnewey ewda yan bbête hoy belarrêdabirdnî xwaste mroyîyekanî ew, berhellsitî dekat û herwa le barudoxêkda demênêtewe, ke le ayîn kelepurêkî benrix bo xoy û kesanîdîke pêkewebnêt.

Berxurdî prolîtarya letek giştkultûre konekan çi borcwazî çi fîodallîda, begşitî wek yeke. Karger, le seretada em pirse tenya le şêwey kultûrda wênadekat, kultûr le astêkî giştîda, bellam em layeney leberçaw nîye, ke nêwerrokî kultûr ştêkî cyawaze lewey ke ew wênaydekat.

Le fîlosofî û zansitî her kultûrêkda boy heye helley gewre hebêt, bew corerey ke le hunerîşda çendîn helle û le (m'nuyat) û yasaşda nadadwerîy heye. Bellam emane xallgelêk nîn, ke peywendyan be nêwerrokî ew kultûrewe bêt û tenya helle û ladan û kemukurrîyekin, ke detwanrêt letek berewpêşçûnekanî dahatû qerebûbkirên.

Dwatir ew boy derdekewêt, ke em kultûreş hellgirî taybetmendîy borcwazî û orostokratî buwe, ke debête hoy ptewî berjewendî çîne serwerekan, ew xogirtnaney ke debne hoy belarîdabirdnî kultûreke, bellam ew herwa hîç core dûdllîyekî le nêwerrokî ew kultûre (şêwaz û rwangey) nîye.

Ew weha xoy le astî ew kultûreda danawe, le katêkda hewll bo guncandinî gişt xalle baş û pozotîvekanî dedat, bellam le dirrdongîyekî parêzgarane ke 'brahman 'êk yan ' budayî 'yek le beramber mesîhîyetda heyane yan bepêçewanewe lêy behremendin, behremend nîye. Ew ke şêwey bîrkirdnewe û heste raburduwekan rakêşyankirduwe û gişt berxurdekanî letek dunyay dewruberî le cemserî şêwe konekanewe serçawedegrin, katêk be rwangey çînayetî prolîtêrî çekdardebêt, destbecê rûberrûy dengî fermanderaney berjewendî çînayetî ke letek ewda dedwêt, debêtewe. Bellam le katêkda ke hemû pirsekan be roşnîyekî çawerrwankraw nebin û pirse zor allozekanî jyan û betaybet pirsî tazetir hatbne gorrê, îdî ew twanay çareserî serbexoy prisgelî away nîye. Yan  sûd le rêgeçareyekî pêştir amadekrawî dewruberî xoy werdegrêt yan eweta berjewendî çînayetî prolîtêrî ew, rwangeyekî bêgane bo xoy radekêşêt. Her dû ew arastaney ke le serewe baskran, le reftarî roşnibîranî çînî krêkarî ewrupada lebarey cengewe derkewtin. Hendêk bebê hîç core sernicêk leser em pirse, ke kesanî dîkeyş 'twanay derkî' em pirseyan hebuwe, ke " berjewendî frawantir "î çînî krêkar xwazyarî yekgirtin letek borcwazîda bo parêzgarî le xakî bapîran û samanekey debêt û le "nêwçûnî debête hoy têkişkanî çînî krêkar û berewdwagêrranewey gişt şaristanîyet " rewtî xoyan be şepolî nîştmanperwerî spard. Em ezmûne gewre û stemkaraneye em ketwarey tewaw derxist, ke taweku prolîtarya rwange û şêwey bîrkirdnewey xoy roşinnekatewe, hîç kat twanay zallbûnî beser kelepurî kultûrîda nîye. Bellam ewe kultûrî beserçû nîye, ke zallbûnî xoy herwa leser ew parastibêt û herwek amrazêkî mroyî bo amancekanî xoy sûdî lê wergirtbêt.

Eger prolîtarya lebarey em pirsewe bawerrîhênabêt, tenya berretkirdnewey
bêkellkîy kultûrî kone degat. Eger nkollî le weha kelepurêk bkat, ew kat berxudêkî sererroyane lemerr kelepurî ayînî, xoy xistuwete cêy bêbawerrêkî tunrrew. Bellam letek gişt emaneda ew tenanet dekewête rêwşiwênêkî xraptir, çunke bo bêbawerranî borcwa weha twanayek bebê aşnayetî le ayîn hebuwe û bo ewan behay kultûrîy dîkeyş debin, ke piştyan pêbbestin. Bellam krêkar le barudoxêkda nîye, ştêk robnêt,

ke bbête hoy hawtayî kultûrî dewllemend û geşekridûy berey neyar. Ew twanay dahênanî her ştêkî nwêy le heman astda, ke bitwanêt amrazêkî şkodar djî xoy le destî dijkanîda bêt, nîye. Serencamî weha pirsêk zor aşkraye. Çînî krêkar debêt le peydakirdnî geşekridûtrîn rwange le berifrawantirîn astî lwawda, ke payedar û lêhatûtir lekultûrî kon bêt, bew corey ke rwangey azadendîşêk le astêkî beriztir le dunyay ayîne.

Le jêrkarayî weha helumercêkdaye, ke twanay zallbûn beser kultûrî konda bebê destemobûnî heye, ke bitwanêt wek amrazêk bo drustkirdnî jyanêkî nwê sûdî lê werbigîrdirêt û wek çekêk bo xebat djî komellî kon, ke em kultûrey lêwezawe bekarbihênrêt.

Karll markis bo zallbûn beser hêze bîryarekanî dunyay konda, destipêkerî weha bzûtneweyek bû. Şorrşêk ke ew le bwarî zansitî komellayetî û fîlosofî komellayetîyda destîpêkrid, lerrastîda derxerî em şte bû, ke ew, şêwaze seretayîyekan û encamekanî le rwangeyekî tewaw nwêwe, ke heman rwangey prrolîtêrîye xistîye ber pêdaçûnewe. Markis bo weha ronanêkî gewre be zorî sûdî le serçawe borcwazîyekanî wek abûrîzane klasîke borcwakan, raportî pişknêneranî karxane brîtanîyekan, rexney wirdeborcwazî* le sermayedarî lelayen ' sîsmond ' û ' prodon ' û roşnibîranî soşyalîzmî xeyallîy, dyalektîke aydyalîstekanî allmanya, matiryalîzmî (komelley zanistnûsan)î ferrensî û foyêrbax, tîorî çîne komellayetîyekan lelayen mêjû nûsanî ferensî û ştayîşî derûnnasîy çînayetî lelayen balzak û ewanî dîkewe, wergirt. Tewawî zanyarîyekan berêkxistneweyekî nwê gorran be amrazêk bo drustkirdnî rêkixraweyekî prolîtêrî. Çekêk bo xebat djî fermanrrewayî sermaye.

Bellam em ketware sersûrhênere çon be akam geyîşt ?

Markis em pirsey weha destipêkrid, ke komellge le yekem lîkdaneweyda core rêkxistinêke bo berhemeênan û eme bnemay gişt yasa û geşey şêwekanîyetî. Eme xallî destipêkirdnî çînî berhemhînerî komellayetî û xallî destipêkirdnî gelkarîye. Be sûdwergirtin lem pirse bo destbekarbûn xudî markis be rexnegirtin le zansitî pêş xoy destîpêkrid û bepuxtekirdnî kerestekanî û têkhellkêşkirdnî letek boçûnekanî xoy zansitî prrolîtêrî yan heman soşyalîzmî zansitî lê bedîhêna. Aweha buwe, ke destkewte kultûrîyekanî rabûrdû gorrdrawn bo kelepurêkî ketwarîy bo çînî krêkar û eweş le şêwey nwêkirdnewey nezmêk le rwangey gelkarîyewe. Bem core bû, ke markis derkî be amancekanî xoy kird û em pirse tenya rêkewt nebû, ke ew berhemî serekî xoy ' sermaye 'î be rexneyek le abûrî nawdebrid. Em şêwaze tenya le çwarçêwey zaniste komellayetîyekanda negîrsayewe û bellku le giştî layenêkewe pelîhawîşt, mebestman şêwazî bedestihênan û guncandinî kelepurî pêşîne û rexne lêgirtnî, rexney prolîtêrîye.

Îsta hewllî têrwanînêkî qulltir le zemîney rexnekanî xoman dedeyn. Sereta debû krrokî xallî têrwanînî "gelkarî" boman roşbêtewe. Le serhelldanî prosey komellayetîyda detwanrêt sê qonax destinîşanbikrên, yan eger bmanewêt wirdtir letek em pirseda mamellebkeyn dekrêt bûtrêt, ke prosey komellayetî sê layenî heye :

1– teknîkî

2– abûrî

3– aydîlocîkî.

Lelayenî teknîkîyewe komellge le berhellsitî srûşitdaye bo destemokirdnî, rêkxistinî dunyay derewe bo berjewendî jyan û geşepêdanî, lelayenî abûrîyewe peywendî harîkarî û dabeşkirdin lenêwan mrovekanda û rêkxistinî komellge bo beramberkê letek sruşt. Lelayenî aydîlocîyewe, komellge ezmûnekanî xoy rêkdexat, ta lem ezmûnane amrazêk bedîbênêt, ke bitwanêt behoy ewewe jyan û geşey xoy rêkbxat. Le akamda her amancêk lelayenî teknîkîyewe yan abûrîy û hizrîyewe bo xoy

amancêkî rêkxerane debêt : karî rêkxistinî komellayetî.

Em yasayane betewawî bem core bûn û hellawêrî wernagrin. Leşkirêk bo amancekanî detwanêt xrapkarî û lenêwbirdin û têkdan leberçaw bigrêt, bellam dwa amancî nîn. Çunke leşkir xoy amrazêke bo nwêkirdnewey rêkxistinî dunya lepênaw ew berjewendîye komellayetîyey ke leşkir pêwey peyweste.

Lebarey hunermendêkewe, takgeraêk boy heye em pirse awa wênabkat, ke ew bo xoyî û bo xoyetî ke ştêk daehênêt. Bellam eger ew berrastî bo xoy karbkat, dahênanî ew bo hîç kes bêcge lexoy sernicrrakêşnabêt. Ew kat hîç core peywendîyekî letek kultûrî hizrîyda bêcge le xewnî temen kurt û napeywest ( bellam cwan) nabêt. Eger ew hewillbdat ke ştêk le xowe dabhênêt, bebê ewey hîç core sûdêk le kereste û yan şêwekar û dahênan û twanayî dewruberî komellayetîy xoy bbînêt, îdî le rastîda ew ştêkî danehênawe. Rwangey gelkarî tewaw rêkixraweyîye. Weha pirsêk herwa lebarey çînî krêkarîşewe druste. Be corêk ke madey derekî le şêwey kalla begelkarî xoy rêkdexat û xoy le şêwey komellêkî dahêner û cengawer û harîkar le xebatî çînayetîyda rêkdexat. Serencam ezmûnekanî xoy le şêwey huşyarîyda letek giştêtî şêwey jyan û karî dahêneraney rêkdexat. Bo çînêk ke deyewêt amancî mêjûîy xoy, ke rêkxistinî tewawî jyanî mrovayetîye bêcge, leme natwanêt ştêkîdîke bêt.

Êsta dûbare degerrêynewe ser nmûne yekemekey xoman. Aya ayîn detwanêt kelepurêk bêt bo prolîtarya, ke taweku êsta dij be her kesêk, tenya çekêk buwe bo destbeserdagirtnî. Em kelepure detwanêt çi sûdêkî hebêt û detwanrêt çi karêkî pêencambidrêt?

Rexney ême wellamêkî tewaw roşn û puxt bem pirsyare dedatewe. Ayîn rêgeçarey pirsêkî aydîlocyayîye le corêkî dyarîkrawî komellge, ke her heman komellgey

serkutgeraneye. Ayîn peyweste be pêkhatey komellêkewe, ke be harîkarîy zoremlêyane û serkutgerane piştestûre, têyda hêndêk rollî raberîy û ewanî dîke rollî fermanberîy degêrrn. Komellgeyek ke peywendî birryarder û fermanberîy beserîda zalle, em core komellgane, ke peywendî babsalarane tyayanda fermanrrewaye, detwanrêt le komellge fîodallî û pêkhate rencberî û koylekan, dewllete borokratîye polîsîyekanî ewrro û peywendîyek ke lenêw supakanî emrroda heye, bbîndirên. Le astêkî giçketrîda pêkhatey xêzanî borcwayî û serencam ew peywendîyey, ke sermaye rêkxistinî xoy leser cemserî ewewe, bepêyî bnemakanî birryardan û fermanberî daderrêjêt.

Le komellêk bawerrgelî pesendikraw, detwanrêt çi sûdêkî rêkxerane bedestibhênrêt? Bo rêkxistinî hawkêşîy ezmûnekanî komellge beşyoeyek, ke letek serapay ew rêkxistneda guncawbêt, bew corey ke destkewte kultûrîyekan, benorey xoyan detwanin le xizmet û çekêk bo rêkxistin bemebestî parastin û ptewkirdnî şêwe û frawankirdnî ew rêkxistne giştîye bin. Wênakirdnî ewey ke çon emane le şêweyekî serkutgeraney jyanda rêkixrawn, zor asane. Weha nezmêk be sadeyî le çwarçêwey ezmûn û bîrkirdneweda muturbe dekrêt. Her kirdarêk çi beşêwey mroyî yan tuxmî û her dyardeyek derbrrî pêkhateyekî dû peywende: yekêk xwastî çalakaney rêkxistin û ewî dîke cêbecêkirdnî destemoyaneye. Tewawî dunya wek giştêkî serkutgerane wênakrawe, ke le lûtkeyda birryarderî balla, xwa, yan be alozî pêkhatey serkutgerane wek zincîreyek le lêprisrawanî wabeste lutkewe, ke bo berrêwebirdnî layenekanî dîkey jyan hellbijêrdrawn, binyatinrawe. Tewawî em nwandneş şan be şan letek hest û rewşitî serkutgerane herwek pyadahellgûtin û milkeçî û tris abrrumendaneye û bem coreye, ke peywendîgelêk le ayînda hebuwe, ke ewe be tewawî aydolocîyekî serkutgeraneye.

Em pirse tewaw roşn û aşkraye, ke weha peywendîyek çende çekêkî zor nayabe bo

nezmî jyanêkî serkutgerane. Ayîn le rastîda mrovî be weha nezmêk aşnakirduwe û şwênî le weha sîstemêkda bepêy plebendî ew bo cêbecêkirdnî ew erkaney ke pêyispêrdrawn, roşindekatewe. Le hest û bîrkirdnewe û ezmûn û kesayetîda betewawî bedewruberî kumellayetîyewe lkênrawe û yeke û şêweyekî nacêgîr û şyawî têdaçûn, degrêtexoy.

Şêwey aferandin û dahênanî ayînî le beşî here zorîda fre honeraneye. Em xalle azadendêşî ême be drustî lêytêgeyiştuwe, egerçî pey be pirse serekîyeke, ke nêwerrokî komellayetîy ayîne nebirduwe. Be drêjayî qonaxekanî geşey komellayetî, ke ayîn xoy bercestekirduwe, honînewey honrawe le rûy tîorîy û karewe cyanekrawe buwe û le rêrrewî xoyda ewanîşî girtote xoy. Ayîn katêk ke tewawî derk û ezmûne mroyîyekanî rêkxistuwe, ew kateye nasîn tenha lesruşewe (ke tenya le xwawe serçawe degrêt) be şêweyekî rastewxo  yan lelayen hokarêkî myancîkarewe, twanay derkkirdnî heye.

Êsta em kultûre ayînîye çi kelepurêkî bo prrolîtarya heye ? Kelepurêkî benrix û gring. Kelepurêk,  katêk bkewête ber rexney krêkaran, ew kat herwek çekêk le destyanda detwanrêt bo nasînî gişt layene serkutgerekan le jyanda sûdî lêwerbigîrdirêt. Dunyay serkut rû le rûxane, bellam hêşta nemirduwe, paşmawekanî êmey le hemû layekewe ablloqedawe û hendêk car zor aşkra, bellam bezorî le poşakî corawcor û çawerrwannekrawda, demanxate tengenekanî ablloqey xoy. Leberewe bo serkewtin beser weha dujminêkda, aşnabûn pêy be şêweyekî tewaw, zor pêwîste. Kewate pirseke tenya ewe nîye, ke takekesêk nkollî le ayîn bkat. Çunke le weha barêkda krêkarêk ke leberxurdêkî rexnegraney nwê behremende, bepleyekî baştir pêşkewtinî debêt, taweku ew bêbawerre bêfêlley, ke nkollî le her core kêş û bawerrêk dekat. Çunke nkollîlêkirdnî ayîn bo bêbawerre bêayînekey ême, tenya leber pêdagirtin leser ewey ke ayîn dahênrawî keşîşane bo behrekêşîy le xellk, nek nkollîkirdin le çyetî

karkirdî ayîn. Bellam le hemû gringtir eweye, ke berxurd letek weha kelepurêk, ew twanayeman dedatê, ke xemllandinêkî drustman lemerr watay tuxme serkutgerekanî komellgey ewrrokeyî û peywendî dûlayeneyan le peywend be geşey komellayetîyewe, hebêt.

Eger ayîn çekêke bo ragirtin û hêştnewey rêkxistinî serkutgerane. Îdî ewe roşindebêtewe, ke le peywendî çînekanda, ayîn bo krêkaran ştêk nîye bêcge le dillnyayî û desteberkirnî helumercêk bo mildanî ewan be serwerî û çekêk be mebestî pesendkirdin û mildan bew nezm û morrallaney, ke çîne serwerekan be mebestî behrekêşî krêkaran, xwazyaryanin.

Sererray her ştêk ke suşyalîste renga û renge ayînîyekan byanewêt bîllên, zor roşne derbrrînêk ke parte krêkarîye cyawazekan hellyanbjarduwe, ke ayîn pirsêkî kesîye, bêcge le sazşêkî ramyarîy katî, ke ême natwanîn piştîpêbbestîn, hîçî dîke nîye.

Êstake îdî roşindebêtewe, ke çi peywendîyek lenêwan supa û ayînda heye. Çunke herdûkyan rêkxistinêkî serkutgeranen û roşne ke boçî wirdeborcwa babsalarekan û xêzane cutyarîyyekan, ewende hogrî ayîn û yasakanî xwa'ni û metrisîyek ke detwanêt em krroke sirkutgerane karaye le pêşkewtinî komellayetîyda heybêt, bbînîn. Runakîyekî nwê beser rabere partîyekanda, beser lêprisrawan û çemkî kontrollî bekomell, ke beser ewanda bekar brawe, ballîkêşawe !

Herçend zyatir gencîney hunerî û ezmûngerî xellk, ke le nûsîn û nîgarekanda bparêzrêt, be norey xoy debête hoy firwantirbûnî huşyarîy komellayetîyan û pêgey dahênanî serbexo, ke milkeçî xu û rêsa cêkewtekan nîye, desteberdekat. Eger awehaye, aya debêt çînî krêkar mîratberî kelepurî ayînî xoy bêt ?

****************

Perawêz:

*** wergêrranî em babete û çend babetêkî dîke, bo hawboçûnî min letek bîrokekanî nêwyan nagerrêtewe, bellku bo handerêk degerrêtewe, ke ew rojane wek şêwazêk penam bo debrid, ewîş nîşandan û xistnerrûy rastî rexney soşyalîste azadîxwazekan bû le demî xudî markisîstekan û layengranî bolşevîzmewe, yekêk lew karaney ke katêkî zom bo terxankird, wergêranî şanogerîy "trotsikî le dûrixrawge " bû, ke le govarî ' hunerîy jîlemo'da bllawkrayewe, tenya amancim nîşandanî çonyetî serkutî bzûtnewey krêkarîy û opozsyonî krêkarîy nêwxoy partî bolşevîk û çonyetî wellamdanewey nwêneranî krêkaranî mangirtûy pitrograd û raperrîwanî krroniştat bû, herwek lem wergêrraneşda debînin, çon xudî ' lênîn ' bebê perde û aşkra " bzûtnewey prolîtêrî " û ' bagdanov ' naçar be bêdengibûn û wazhênan dekat !**

**** herçende be dway wajey (aynuknî)da gerram, be hîç şêweyek nawêkî awa peydanebû, rastîyekey ewendey katim bo dozînewey waje û nawekan be zmanî rusî ya îngilîzî beserbirduwe, ewende wergêrranî babetekan katyan nebirduwe. Bedaxewe le wergêrreranî zmanî farsî û 'erebîda, hawşanî nûsînî nawekan be zmanî xoyan, nawekan be îngilîzî ya latînî nanûsnewe, leberewe meger ehrîmen ya rêkewt le dozînewey nawekan le zmanî serekîy nûsînekeda, komekkerbêt. Herweha bedaxewe zorbey wergêrreranî kurd'îş be heman şêwey naderbestaney wergêrreranî fars û 'ereb, nawekan deşêwênin û bwarî xwêndnewey zyatir le babetî ew nûserane yan lebareyanewe, le xwênerî kurd degrin û bêbeşîdeken. Lêreda çend barey dekemewe, hîwadarm wergêrreranî kurd le katî dananî naw û waje zansitîy û ramyarîy û fîlosofîyekanda, hewillbden naw û wajekan be zmanî bnerretî deqeke ya be rênûse latînîyekey dabnên, taweku xwênerî kurd destî be seredawî dîke lemerr xudî nûser û hizrîy nûser, destibkewêt.**

**Serçawey farsî babeteke: nişryey kirgir susyalîst çmîmey şmare 60 dî mae 1977**

**http://www.marxists.org/farsi/archive/bogdanov/works/1924/mazhab.pdf**



# Terry Eagleton

# تێری ئێگڵتن

## ئەدەبیات و ئایدیۆلۆژیـا

تێری ئێگڵتن

فریدریك ئەنگلس لە پەرتووکی ' لویدڤیك فۆیرباخ و کۆتایی فیلۆسۆفی کلاسیکی ئاڵمانی'دا، ساڵی ١٨١٨ ڕۆشنیدەکاتەوە، کە هونەر لە تیئۆری ئابووری و ڕامیاری زۆر دەوڵەمەندتر و هەمەلایەنترە. چونکە کەمتر بە شێوەی ئایدیۆلۆجی پوختە دەخرێتەڕوو. لێرەدا پێویستە واتای دروستی " ئایدیۆلۆجی" لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە بەدەستبهێنین.

ئایدیۆلۆجی لە پلەی یەکەمدا، کۆمەڵە ڕێسا و بۆچوونێك (ڕێباز / دۆکترین) نییە، بەڵکو ڕێگەی ژیانی مروڤەکان و ڕۆڵیان لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا دیاریدەکات.

ئایدیۆلۆجی، نرخ و بۆچوون و پاساوێك بۆ پەسەندکردنی ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی مروڤەکان دەخاتەڕوو، بەم جۆرە، زانیاریی ڕاستەقینە لەبارەی کۆمەڵگەوە، هەروەك یەك گشت، بەرجەستەناکات. لەم تێڕوانینەوە هۆنراوەی "سەر زەمین وێران"[١]، بەرهەمێکی ئایدیولۆجییە ئەم هۆنراوە نیشاندەری مرۆڤێکە، کە دەیەوێت بە شێوەی پێچەوانەی تیگەیشتنی (بە ڕواڵەت) دروستی کۆمەڵگەی خۆی [ ئەو شێوانەی کە لە دوالێکدانەوەدا پوچ و درۆزنانەن ] واتا بە ئەزموونەکانی ببەخشێت. هەموو هونەرەکان لە چەمکێکی ئایدیۆلۆجییەوە یا بەهرەوەری ئایدیۆلۆجیانەوە لە جیهان، سەرچاوەدەگرن. هونەرێك کە بە تەواوی لە نێوەڕۆکی ئایدیولوجیانە خاڵی بێت، پلێخانۆڤ واتەنی، لە بنەرەتدا بوونی نییە. بەڵام مەبەستی ئەنگلس، ئەوە دەگەیێنێت، کە پەیوەندی هونەر و ئایدیۆلۆجی ئالۆزترە لەو پەیوەندییەی کە لەنێوان تیئۆری ڕامیاریی و ماف (کە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی بەرژەوەندی چینی سەرەوە) و ئایدیۆلۆجیدا هەیە، کەواتە پرسەکە ئەوەیە، کە پەیوەندی هونەر و ئایدیۆلۆجی چۆنە؟

ئەمە پرسیارێکی سادە نییە. دەتوانرێت بە دوو شێوەی سنووربەزین، وەڵام بەم پرسیارە بدرێتەوە : یەکەم ئەوەی کە هونەر و ئەدەبیات بە شتێك بێجگە لە " ئایدیۆلۆجی خراوەڕوو لە چوارچێوەی هونەریدا" نەزانین. [ لەسەر بنەمای ئەم تێڕوانینە، بەرهەمی ئەدەبی تەنیا

وێنەگرتنەوەی ئایدیۆلۆجی سەردەمی خۆمان و زیندانی "هەستی درۆزنانە"ی سەردەمی خۆمان و توانای تیپەربوون لێوەی و گەیشتن بەڕاستییان نییە].

ئەم جۆرە بەرخوردە بەرهەمی ئەو ڕەخنە مارکسیستییە نەزانانەیە، کە بەرهەمی ئەدەبی سەراپا وەك ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆجییە زاڵەکان لەبەرچاودەگرن و سەرەنجام توانای ڕۆشنکردنەوەی ئەم خاڵەی نییە، کە بۆچی ئەدەبیات لە کردەوەدا، ئەم گشتە لە بەرامبەر گریمانە ئایدیۆلۆجییەکانی سەردەمی خۆی ڕادەوەستێت.

بەرخوردی دووەم : ئەوەیە کە باوەڕی بە بەرامبەرکێ یان نەگونجاوییەك لەنێوان ئایدیۆلۆجی و هونەردا هەیە و بەشێوەیەك بیکەینە بەشێك لە پێناسەی هونەر. لە ڕوانگەی ' ئێرنست فیشەر'دا [ لە پەرتووکی هونەر لە بەرامبەر ئیادیۆلۆجیدا] هونەری ڕەسەن، هەردەم لە سنوورەکانی ئایدیۆلۆجی سەردەمی خۆی واوەتر دەڕوات و سەرمان دەکێشێتە نێو کەتوارەکان، کە ئایدیۆلۆجی لە ئێمەیان دەشارێتەوە.

هەر دوو ئەم لێکدانەوانە بە بۆچوونی من تەواو سەرپێیانەن. ' لوئی پییەر ئالتوسێر Louis Pierre Althusser' بیریاری فەرەنسی. پەیوەندی هونەر و ئایدیولوجی بەشێوەیەکی جوانتر [هەر چەندە تێروتەسەلتر نا] خستوویەتییە بەرلێدوان و لێکۆلینەوە. ئەو دیاریدەکات، کە ناتوانرێت هونەر تا ئاستی ئایدیۆلۆجی دابەزێندرێت: هونەر پەیوەندییەکی تاڕادەیەك تایبەتی لەتەك ئایدیۆلۆجیدا هەیە. ئایدیۆلۆجی، مەهانەیەکی ناڕۆشن دەخاتەڕوو، کە مرۆڤەکان لە سەربنەمای ئەوە [ هەروەها لەنێویدا ] جیهانی کەتواریی ئەزموونیدەکەن. هونەریش وەها ئەزموونێك پێشکەش بە ئێمە دەکات، لەتەك هەموو ئەوانە، هونەر زیاتر نیشاندەری ژیانە لە هەلومەرجێکی تایبەتدا، تاوەکو لێکدانەوەی ئاوەزپەسەندی هەلومەرجەکە. لەتەك ئەوەشدا، کاری هونەر لە ڕەنگدانەوەی هەڵچوونی و ئەو ئەزموونانە هەندێك واوەتر دەڕوات. هونەر لەتەك ئەوەشدا کە لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆجیشدا دەگونجێت، هەوڵیشدەدات، کە لێی جیابێتەوە و دووری لێبگرێت و بگاتە خاڵێك کە بە 'هەست' و 'دەرك'ی ئایدیولوجی دروستکراو، خۆی توانادارمان بکات. بەپێی ئەوە، هونەر ئەو زانیارییەی کە ئایدیۆلۆجی لە ئێمەی دەشارێتەوە، ناخاتە بەردەستمان، چونکە 'ئالتوسێر' واتەنی " زانیاری بە تێگەیشتنە

وردەکەی، هەمان ناسینی زانستییە " بۆ نموونە لە پەرتووکی 'سەرمایە'دا دەتوانرێت زیاتر لەبارەی سەرمایەدارییەوە شت فێرببین، تاوەکو لە ' ژیانی دژوار' بەرهەمی 'چارلز دیکنز'دا. جیاوازی هونەر و زانست لەوەدانییە، کە ئەم دوو گوتارە لەتەك بابەتی جیاجیادا سەروکاریان هەیە، بەڵکو جیاوازیان ڕێك لەوەدایە، کە بەشێوەی جۆراوجۆر خۆ لە بابەتێك دەدەن. زانست لەبارەی بابەتێکی دیاریکراوەوە، زانینێکی ئاوەزپەسەندانە بە ئێمە دەدات، بەڵام هونەر دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو بابەتە ئەزموونبکەین، هەروەها لەم خاڵی تێڕوانینەوە هاوشێوەی ئایدیۆلۆجیایە. لەتەك ئەوەشدا، نایێت بەوە بەرتەسکی بکەینەوە : هونەر ئەو توانایەمان دەداتێ، کە سروشتی ئەو ئایدیۆلۆجیایە بەدیبکەین و بەرەو ناسینی تەواوەتی [ کە هەمان ناسینی زانستییە] بەرەوپێش بڕۆین. ئەوەی کە هونەر چۆن ئەم کارە ئەنجامدەدات، پرسێکە کە یەکێك لە هاوبیرانی ئالتوسێر (پییەر ماشێری Pierre Macherey) بەتەواوی بۆیچووە. ئەو لە پەرتووکی ' گەڕان لە تیئۆری ئافراندنی ئەدەبی'دا ١٩٦٦نێوان چێرۆك و ئەوەی ئەو بەخۆشباوەڕی [وهم] دادەنێت [چونکە لە ڕوانگەی ئەوەوە ئایدیۆلۆجی بەپێی پێویست شتێکی ئاوایە] باوەڕی بە هەڵاوێریی هەیە.  خۆشباوەڕی [واتە ئەزموونی ئایدیۆلۆجیکی ڕۆژانەی مرۆڤەکان] ماددەیەکی سەرەتایە کە نووسەر سوودی لێوەردەگرێت، بەڵام بەکارکردن لەسەری، دەیگۆڕێت بەشتیکی دیکە و سەر و سیمای پێدەبەخشیت، هونەر بەدیاریکردنی ئایدیۆلۆجی، بەشێوەپێدانی و گونجاندنی گیانی لە تان و پۆی چیروکێکدا، دەتوانێت لە ئایدیۆلۆجی دووربکەویتەوە و لە ئەنجامدا سنوور و بەرتەسکییەکانی ئاشکرابکات. بە بۆچوونی 'ماشێری'، هونەر بۆ ڕزگاربوون لە چنگی خۆشباوەری ئایدیۆلۆجییانە، بەم کارە یارمەتیماندەدات.

بە بۆچوونی من لەتەك ئەوەی کە ڕوونکردنەوەکانی 'ئالتوسێر' و 'ماشێری' لە هەندێك ڕووەوە ناڕۆشنن، ئەو پەیوەندییانەی کە ئەوان لەنێوان هونەر و ئایدیۆلۆجیدا پێشنیاریاندەکەن، تەواو دروستن. ئایدیۆلۆجی بۆ هەردووکیان لە کۆمەڵەیەکی بێشێوەی بۆچوون و وێنە ناجێگیرەکان، واوەترە. ئەم کۆمەلە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا تان و پۆ و نەزمی دەروونی تایبەتی خۆی هەیە و هەر بەهۆی بوونی ئەم نەزمە ڕێژەییەوە، کە دەتوانرێت ببێتە بابەتی شیکردنەوەی زانستیانە. ڕەخنەی زانستییانە هەوڵدەدات تاوەکو بەرهەمی ئەدەبی لەسەر بنەمای پێکهاتە ئایدیۆلۆجییەکەی، کە ئەنجامی بەرجەستەبوونە هونەرییەکەیەتی، ڕۆشنبکاتەوە. ئەم جۆرە

ڕەخنەیە هەوڵدەدات ئەوەی هۆی هاوبەشی هونەر و ئایدیۆلۆجییە لە هەمان کاتدا جیاییانە لەیەکدی بەدەستبهێنێت. ئەمە کارێکە کە لەچەند نموونەیەك لە جوانترین ڕەخنە ئەدەبییەکاندا ئەنجامدراوە.

شیکردنەوەیەکی درەوشاوە، کە لێنین لە بەرهەمەکانی تۆلستۆی کردوویەتی، لەڕاستیدا بە ڕەخنەی بزووتنەوەی 'ماشەری' دەژمێردرێت. لەتەك ئەوەشدا، گەیشتن بەم جۆرە ڕەخنە، پایەندی ئەوەیە کە بەرهەمی ئەدەبی هەروەك ڕووبینای شێوەیی [رووبینای فورم پێکهینەر] بدەینە بەرلێدوان و لێکۆلینەوە.

*****************************************************************************

[١] مۆنراوەی بەناوبانگی " تی. اس.الیوت " کە بە "هرزئاباد" وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی.

* لە پاشکوی ژمارە (٦٠)ی ساڵی نۆهەم، خولی دووەم، فیبریوەری. بلاوکراوەی 'کارگر سوسیالیست' وەرگیراوە.

سەرچاوەیەک بۆ دەقە فارسییەکەی : http://www.nashr.de/n/k_s/zks60.pdf

## Edebîat û Aaydyolojîa

Terry Eagleton

Frîdrîk englis le pertûkî ' luydvîk foyirbax û kotayî fîlosofî klasîkî allmanî'da, sallî 1818 roşnîdekatewe, ke huner le tîorî abûrî û ramyarî zor dewllemendtir û hemelayentre. Çunke kemtir be şêwey aydyolocî puxte dexrêterrû. Lêreda pêwîste watay drustî " aydyolocî" le rwangey markisîzmewe bedestibhênîn.

Aydyolocî le pley yekemda, komelle rêsa û boçûnêk (rêbaz / doktirîn) nîye, bellku rêgey jyanî mruvekan û rollyan le komellgey çînayetîda dyarîdekat.

Aydyolocî, nrix û boçûn û pasawêk bo pesendkirdnî rollî komellayetîy mruvekan dexaterrû, bem core, zanyarîy rasteqîne lebarey komellgewe, herwek yek gişt, bercestenakat. Lem têrrwanînewe honrawey "ser zemîn wêran"[1], berhemêkî aydîwlocîye em honrawe nîşanderî mrovêke, ke deyewêt be şêwey pêçewaney tîgeyiştnî (be rwallet) drustî komellgey xoy [ ew şêwaney ke le dwalêkdaneweda puç û droznanen ] wata be ezmûnekanî bbexşêt. Hemû hunerekan le çemkêkî aydyolocîyewe ya behrewerî aydyolocyanewe le cîhan, serçawedegrin. Hunerêk ke be tewawî le nêwerrokî aydîwlucyane xallî bêt, plêxanov watenî, le bneretda bûnî nîye. Bellam mebestî englis, ewe degeyênêt, ke peywendî huner û aydyolocî aloztre lew peywendîyey ke lenêwan tîorî ramyarîy û maf (ke rengdanewey rastewxoy berjewendî çînî serewe) û aydyolocîda heye, kewate pirseke eweye, ke peywendî huner û aydyolocî çone ?

Eme pirsyarêkî sade nîye. Detwanrêt be dû şêwey snûrbezîn, wellam bem pirsyare bidrêtewe : yekem ewey ke huner û edebyat be ştêk bêcge le " aydyolocî xrawerrû le çwarçêwey hunerîda" nezanîn. [ Leser bnemay em têrrwanîne, berhemî edebî tenya

wênegirtnewey aydyolocî serdemî xoman û zîndanî "hestî droznane"î serdemî xoman û twanay tîperbûn lêwey û geyiştin berrastîyan nîye.[

Em core berxurde berhemî ew rexne markisîstîye nezananeye, ke berhemî edebî serapa wek rengdanewey aydyolocîye zallekan leberçawdegrin û serencam twanay roşinkirdnewey em xalley nîye, ke boçî edebyat le kirdeweda, em gişte le beramber grîmane aydyolocîyekanî serdemî xoy radewestêt.

Berxurdî duwem : eweye ke bawerrî be beramberkê yan neguncawîyek lenêwan aydyolocî û hunerda heye û beşêweyek bîkeyne beşêk le pênasey huner. Le rwangey ' îrnist fîşer'da [ le pertûkî huner le beramber yadyolocîda] hunerî resen, herdem le snûrekanî aydyolocî serdemî xoy wawetir derrwat û serman dekêşête nêw ketwarekan, ke aydyolocî le êmeyan deşarêtewe .

Her dû em lêkdanewane be boçûnî min tewaw serpêyanen. ' luî pîyer altusêr Louis Pierre Althusser' bîryarî ferensî peywendî huner û aydîwlucî beşêweyekî cwantir [her çende têruteseltir na] xistûyetîye berlêdwan û lêkolînewe. Ew dyarîdekat, ke natwanrêt huner ta astî aydyolocî dabezêndirêt: huner peywendîyekî tarradeyek taybetî letek aydyolocîda heye. Aydyolocî, mehaneyekî narroşn dexaterrû, ke mrovekan le serbnemay ewe [ herweha lenêwîda ] cîhanî ketwarîy ezmûndeken. Hunerîş ûeha ezmûnêk pêşkeş be ême dekat, letek hemû ewane, huner zyatir nîşanderî jyane le helumercêkî taybetda, taweku lêkdanewey awezpesendî helumerceke. Letek eweşda, karî huner le rengdanewey hellçûnî û ew ezmuwnane hendêk wawetir derrwat. Huner letek eweşda ke le çwarçêwey aydyolocîşda deguncêt, hewllîşdedat, ke lêy cyabêtewe û dûrî lêbgirêt û bgate xallêk ke be 'hest' û 'derk'î aydîwlucî drustikraw, xoy twanadarman bkat. Bepêy ewe, huner ew zanyarîyey ke aydyolocî le êmey deşarêtewe, naxate berdestman, çunke 'altusêr'

watenî " zanyarî be têgeyiştne wirdekey, heman nasînî zansitîye " bo nmûne le pertûkî 'sermaye'da detwanrêt zyatir lebarey sermayedarîyewe şit fêrbibîn, taweku le ' jyanî dijwar' berhemî 'çarliz dîkniz'da. Cyawazî huner û zansit lewedanîye, ke em dû gutare letek babetî cyacyada serukaryan heye, bellku cyawazyan rêk lewedaye, ke beşêwey corawcor xo le babetêk deden. Zansit lebarey babetêkî dyarîkrawewe, zanînêkî awezpesendane be ême dedat, bellam huner debête hoy ewey ke ew babete ezmûnibkeyn, herweha lem xallî têrrwanînewe hawşêwey aydyolocyaye. Letek eweşda, naêyt bewe berteskî bkeynewe : huner ew twanayeman dedatê, ke sruştî ew aydyolocyaye bedîbkeyn û berew nasînî tewawetî [ ke heman nasînî zansitîye] berewpêş brroyn. Ewey ke huner çon em kare encamdedat, pirsêke ke yekêk le hawbîranî altusêr (pîyer maşêrî Pierre Macherey) betewawî boyçuwe. Ew le pertûkî ' gerran le tîorî afrandinî edebî'da 1966nêwan çêrok û ewey ew bexoşbawerrîy [whim] dadenêt [çunke le rwangey ewewe aydyolocî bepêy pêwîst ştêkî awaye] bawerrî be hellawêrîy heye. Xoşbawerrîy [wate ezmûnî aydyolocîkî rojaney mrovekan] maddeyekî seretaye ke nûser sûdî lêwerdegrêt, bellam bekarkirdin leserî, deygorrêt beştîkî dîke û ser û sîmaî pêdebexşît, huner bedyarîkirdnî aydyolocî, beşêwepêdanî û guncandinî gyanî le tan û poy çîrukêkda, detwanêt le aydyolocî dûribkewîtewe û le encamda snûr û berteskîyekanî aşkrabkat. Be boçûnî 'maşêrî', huner bo rizgarbûn le çingî xoşbawerîy aydyolocîyane, bem kare yarmetîmandedat.

Be boçûnî min letek ewey ke rûnkirdnewekanî 'altusêr' û 'maşêrî' le hendêk ruwewe narroşnin, ew peywendîyaney ke ewan lenêwan huner û aydyolocîda pêşnyaryandeken, tewaw drustin. Aydyolocî bo herdûkyan le komelleyekî bêşêwey boçûn û wêne nacêgîrekan, wawetre. Em komele le her komellgeyekda tan û po û nezmî derûnî taybetî xoy heye û her behoy bûnî em nezme rêjeyyewe, ke detwanrêt bbête babetî şîkirdnewey zansitîyane. Rexney zansitîyane hewilldedat taweku berhemî edebî leser bnemay pêkhate aydyolocîyekey, ke encamî bercestebûne

hunerîyekeyetî, roşinbkatewe. Em core rexneye hewilldedat ewey hoy hawbeşî huner û aydyolocîye le heman katda cyayîyane leyekdî bedestibhênêt. Eme karêke ke leçend nmûneyek le cwantirîn rexne edebîyekanda encamdrawe .

Şîkirdneweyekî drewşawe, ke lênîn le berhemekanî tolistoy kirdûyetî, lerrastîda be rexney bzûtnewey 'maşerî' dejmêrdirêt. Letek eweşda, geyiştin bem core rexne, payendî eweye ke berhemî edebî herwek rûbînay şêweyî [rûbînay furm pêkhîner] bdeyne berlêdwan û lyêkolînewe .

*****************************************************************************

**[١]honrawey benawbangî " tî. As.alîwt " ke be "hirzabad" wergêrrdrawete ser zmanî farsî.**

***le paşkuy jmare (60)î sallî nohem, xulî duwem, fîbrîwerî. Blawkrawey ' kargir susyalîst' wergîrawe .**

**Serçaweyek bo deqe farsîyekey: http://www.nashr.de/n/k_s/zks60.pdf**

# ژیاننامه و یاداوەریی

# Jyanname û Yadawerîy

# ژیاننامەی لاریسا ڕایزنەر

لاریسا ڕایسنەر (Larissa Reisner)، ژنێکی سەرنجڕاکیش و بەرچاو بوو، تەنانەت بۆ ئەو سەردەمە سەرنجڕاکێشترەی کە ئەوی تێدا دەژیا. ژنێکی کەموێنە کە گومناو مایەوە. کێسی پورتەر (Cathy purter) ناسینەری لاریسا، نەك تەنیا ئەومان وەك یەکێ لە ڕوخسارە ئەدەبییە زۆر درەوشاوە و بە بەهرەکانی سەردەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەر پێدەناسێنێت، بەڵکو لەتەك سۆوشیالیستێکی شۆڕشگێڕ و فەرماندەیەکی (نیزامی) لێهاتوو و بەتوانا و ورەبەرز لە شەڕی نێوخۆودا، هەروەها دواجار لەتەك کۆمۆنیستێکی ئینتەرناسیونالیستدا ئاشنامانده‌کات.

هەر سەردەمێك کەسایەتی و پاڵەوانانی خۆی دەپەروەرێنێت، لەوانەش سەردەمە ڕەخساوەکانی مێژوو، بەڵام لە سەردەمە ڕەخساوەکاندا هەژمارەی کەسایەتییە هەڵکەوتووەکان بەجۆرێك نایابدەبن، زۆربەی ئەو ڕوخسارە هەڵکەوتووانە بەهۆی هاوسەردەمبوونیان لەتەك ڕوخساری هەڵکەوتوتر لە چەوتی ڕووداوەکان و لە کەتوارە ئاوەژووەکاندا، ناویان وندەبێت . ئاوازدانەرانی هاوچەرخی مۆزارت لەو بابەتە زۆر ناسراوانەن، کە لەم ستەمەی مێژوو بێبەشنەبوون .

سەردەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەریش لەو جۆرە سەردەمانە بوو. بەجەسارەتەوە دەتوانرێت بوترێت لە هەموو بوارەکانی داهێناندا، هیچ کات مێژووی مرۆڤایەتی دەوڵەمەندی و گەورەیی ئەم سەردەمەی بەخۆەنەدیوە. ڕوخسارەکانی ناسراوەکانی وەك ( ڕوزا لۆکسومبورگ، ئەلیکساندرا کۆلۆنتای و کلارا زتکین)یش، لاریسا و کەسانی وەك ئەویان خستە ژێر درەوشاوەیی خۆیانەوە.

سەردەمی منالێ لاریسا هاوکاتی سەردەمی کۆنەپەرستی تزاری و ئەشکەنجە و ئازاری سۆشیالیستەکان بوو. ئاوارەیی و دوورخستنەوەی خێزانەکەی لە وڵاتەکانی ئەوروپادا ئەویان لەتەك کۆڕ و کۆمەڵی ڕۆشنبیری ئەوروپایی، سۆشیالیزم و شۆڕش و ئینتەرناسیونالیزم ئاشناکرد. ئەویش وەك گشت منالانێك کە لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی و خێزانی چوونیەکدا پەروەردەدەکران، فێربوو کە سەربەخۆبێت، ڕەخنەگرانە بیربکاتەوە، جەربەزە بێت و لە سەرکۆنەکردن نەترسێت، مێژوو، ڕامیاری، زانست، هوڵەکانی شانۆ و ئۆپێرا، سەرقاڵی سەرەکی سەردەمی لاوێتی ئەو بوون. لەتەك ئەوەی کە سروشتێکی جوانی هەبوو، بەڵام، سەربەخۆ و لە

باوەڕپەخۆبوونێکی سەرسوڕهێنەر بەهرەمەند بوو. زیرەکی گرنگترین تایبەتمەندی ئەو بوو. ئەو گشت تایبەتمەندییەکی کۆمەڵگەی ڕۆشنبیری و تەنانەت سۆشیالیستی (پترسبورگ)ی پێش شۆڕشی تێدابوو.

فێبریوەری ١٩١٧ ' لاریسا ' لە هەوەڵین هۆگری خۆی، واتە ئەدەبیات و هۆنەری، دەڕفێنێت و دەیداتە پاڵ شۆڕش، ئۆکتۆبەر بوو، کە هۆشی لەبەربرد و بوو بە دواین هۆگری ئەو.

لە بیستودوو ساڵیدا لە مانگەکانی سەرەتای شۆڕشی ئۆکتۆبەردا بە بۆلشەڤیکەکانەوە پەیوەست بوو. لە ماوەی شەڕی نێوخۆدا چووە شەڕی دژە-شۆڕشان و هەوەڵین ژنێك بوو، کە گەیشتە پلەی کۆمیساری سەربازی. لەکاتێکدا کە لەسەر تەختی گەلەکەشی لە دەریای خەزەردا جلوبەرگی جەنگاوەری لەبەردابوو، ئەرکی زۆر ترسناکی وەك دەسنیشانکردنی دوژمنی لە پلەی کۆمیساری هێزی دەریاییدا بە ئازایەتییەکی بێوێنەوە ئەنجامدەدا و بۆ مەلەوانان ئەدەبیات و هۆنراوەی شۆڕشگێڕانەی دەگێڕایەوە. لە هەوەڵین کەسانێك بوو، کە پیرۆزی و شکست و کارەسات و ورە و پاڵەوانییەکانی شەڕی نێوخۆی تۆماردەکرد. ئەو ڕەسەنترین ڕووداونووسی شۆڕش بوو.

پاش سەرکەوتنی شۆڕش، لەتەك هاوسەرەکەی کە [ لە ئەفگانستان شالیاری دەوڵەتی سۆڤیەتەکان بوو، ساڵەکانی ٢١-١٩٢٢ لە کابول بەسەربرد. ئەو لەوێ ڕاپۆرتی لەسەر کێشە و گرفتەکانی ژنانی ئەفگانی، خەباتی ڕزگاریخوازانەی هۆزەکانی ئەفگان و مەلومەرجی کارگەران لە کارخانەکانی کابول بۆ بڵاوکراوەکانی ڕوسیەی شۆڕشگێڕ، وتاری دەنارد. لە ساڵی ١٩٢٣دا وەك پەیوەندی نهێنی کۆمینتێرن نێردرایە ئاڵمانیا، تاوەکو بە بەشداریکردنی لە شۆڕشدا ڕاپۆرت بۆ نیونەتەوەیی کۆمۆنیست (کۆمینتێرن) ئامادەبکات. لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا وەك هەواڵنێری تایبەتی ' ئیزڤیستیا ' بۆ گشت لایەکی ڕوسیە سەردانیدەکرد، تا لەبارەی چۆنیەتی ژیانی کارگەران لە ناوچە پیشەسازییەکاندا ڕاپۆڕت ئامادەبکات .

لاریسا بەهۆی تووشبوونی بە نەخۆشی مەلاریا لە جەنگی نێوخۆدا، لە دەست لاوازی

لەڕادەبەدەری جەستەی ئازاری دەکێشا. دواجار لە فێبریوەری ١٩٢٦دا لەژێر کارایی نەخۆشی (تیفوس)دا ماڵئاواییکرد. بە مردنی ئەو شۆڕشی ئۆکتۆبەر یەکێك لە ژنە هەڵکەوتوو و کەموێنەکانی لە تەمەنی (٣٠) ساڵیدا لەدەستدا.

لەتەك ئەوەی کە سی ساڵ زیاتر نەژیا، بەڵام لە بەرهەمە ئەدەبییە لە پاشماوەکانی پێنج پەرتووك و ژمارەیەکی زۆر وتار، کە بەداخەوە زۆربەیان بۆ سەر هیچ زمانێك وەرنەگێڕدراون، چاپکران. تەنیا دوو پەرتووکی لە ڕابووردا وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی ئینگلیزی کە زۆر نایابن. با ژیاننامەی ئەو بەپێنووسی 'کێسسی پورتەر ' هەنگاوێك بێت لە ناساندنی پەرتووکی ئەم ژنە سۆشیالیستە، شۆڕشگێڕ و پەنجەڕەنگین و بەهرە جوانەی، کە نەك تەنیا ژیانی خۆی کردە پێناوی ئامانجی سۆشیالیزم و ژیانێکی شیاو بۆ مرۆڤایەتی، بەڵکو بە تۆمارکردنی ڕووداوەکانی هەوەڵین ساڵەکانی شۆڕش، گەنجینەیەکی زۆر بە نرخی بۆ پێداچوونەوەی ئەم ڕووداوە گرنگانە خستۆتە بەردەستی ئێمە.

شێوەی وتار و بەرهەمەکانی زۆر گەش و ڕەنگینن، پەخشانەکانی هەندێك جار پڕن لە سۆز و هەستی ناسك، هەندێك جاریش تیژ و پێوەدەرن، بەڵام هەردەم شادومانبوون و بۆنی شۆڕشیان لێوەدێت.

بەم شێوەیە، شێوازی هۆنەرانە و جوانی، تەواوکەری شیکردنەوەی ڕامیارییانەی وشك و نائەدەبییانەی ئەو ساڵانەی دەبێت. چ لە سەردەمی ژیانیدا و چ لە ساڵانی پاش بەرهەمەکانی لەنێوان جەماوەردا زۆر دڵگیربوون و خوێنەری زۆریان هەبوو. لەتەك ئەوەشدا، هاوڕێ پیاوە ڕامیارەکانی وەها بەرخوردێکیان نەبوو و هەندێك جار بە گومان و دوودڵییەوە تەنانەت دوژمنانە دەیانڕوانییە بەرهەمەکانی ئەو. لەوانەیە لەبەر پێشینەی فەرهەنگی بۆرجوازییانەی بێت! لەوانەشە شێوەی نووسینی [هۆنینەوەی] زیاتر هۆنەرانە بووبێت تا ئەوەی کە توانیبێتی مارکسیستی بێت! بەڵام بۆ کەسانی دیکە، ئەو " ژنە نووسەرێکی سۆڤیەتی"بوو، کە لەودا کەسایەتی ڕزگاربووی کۆتەکانی خێزان و هاوسەریان دەبینی. ئاوا دێتە بەرچاو، کە تێڕوانینەکانی بۆ پرسە هەستەوەرییەکانی ژنان چ لە کۆمەڵگەی سۆڤیەتی ئەوسا و چ لەنێو پارتی بۆلشەڤیکدا، بەپێچەوانەی (کۆلۆنتای)، لەدووی ڕووداو و تاڕادەیەك لە کەتواری ئەو کات

دوور بووبێت. هەلومەرجی خێزانیی و نشینگەیەك كە تێیدا گەورە بووە، دیارە كە لەم ڕووەوە بێكاراییی نەبووە لەسەری .

ئەمڕۆ، لەتەك زیندووكردنەوەی بیرەوەری ئەم ڕوخسارە بەرجەستەیەی بزووتنەوەی ژنان و سۆشیالیزم، پێش هەموو شتێك دەبێت لە ئەودا و نووسینەوەی ڕاستگۆیانەی شۆڕشی ئۆكتۆبەردا بگەڕێین، شۆڕشێك كە تەواوی داهێنان و ژیانی خۆی خستە پێناوی .

كێسی پورتەر پێش ئەم كارە، ژیاننامەی (ئەلیكساندرا كۆلۆنتا)شی نووسیوە، بەناساندنی ژنانی نەوەی شۆڕشی ئۆكتۆبەر، نەك تەنیا خزمەتێكی بەرچاوی بە بزووتنەوەی ژنان و سۆشیالیزم دەكات، بەڵكو ڕوخساری كەتواریی شۆڕشی ئۆكتۆبەریشمان پێدەناسێنێت.



****************************************************************************

نووسینی:Cathy Porter Larissa Reisner A.biograph Virago Pionees,1988

وەرگێراو لە بڵاوكراوەی (در دفاع از ماركسیزم )

* پێشتر لە ژمارە ٦ی گۆڤاری هونەریی 'ژیلەمۆ' ساڵی دووەم، ساڵی ١٩٩٩دا بڵاوكراوەتەوە.

## Jîannamey Larissa Reisner

larîsa rayisner (Larissa Reisner), jnêkî sernicrrakîş û berçaw bû, tenanet bo ew serdeme sernicrrakêştrey ke ewî têda dejya. Jnêkî kemwêne ke gumnaw mayewe. Kêsî purter (Cathiy purter) nasînerî larîsa, nek tenya ewman wek yekê le ruxsare edebîye zor drewşawe û be behrekanî serdemî şorrşî oktober pêdenasênêt, bellku letek sowşyalîstêkî şorrşigêrr û fermandeyekî (nîzamî) lêhatû û betwana û wreberz le şerrî nêwxowda, herweha dwacar letek komonîstêkî înternasîwnalîstda aşnamandekat.

Her serdemêk kesayetî û pallewananî xoy deperwerênêt, lewaneş serdeme rexsawekanî mêjû, bellam le serdeme rexsawekanda hejmarey kesayetîye hellkewtuwekan becorêk nayabdebin, zorbey ew ruxsare hellkewtuwane behoy hawserdembûnyan letek ruxsarî hellkewtûtir le çewtî rûdawekan û le ketware awejuwekanda, nawyan windebêt . Awazdanerانî hawçerxî mozart lew babete zor nasrawanen, ke lem stemey mêjû bêbeşnebûn.

Serdemî şorrşî oktoberîş lew core serdemane bû. Becesaretewe detwanrêt butrêt le hemû bwarekanî dahênanda, hîç kat mêjûy mrovayetî dewllemendî û gewreyî em serdemey bexoenedîwe. Ruxsarekanî nasrawekanî wek ( ruza loksumburg, elîksandra kolontay û klara zitkîn)îş, larîsa û kesanî wek ewyan xiste jêr drewşaweyî xoyanewe .

Serdemî mnallî larîsa hawkatî serdemî konepersitî tzarî û eşkence û azarî soşyalîstekan bû. Awareyî û dûrxistnewey xêzanekey le wllatekanî ewrupada ewyan letek korr û komellî roşnibîrî ewrupayî, soşyalîzm û şorrş û înternasîwnalîzm aşnakrid. Ewîş wek gişt mnallanêk ke le helumercî komellayetîy û xêzanî çûnyekda

perwerdedekran, fêrbû ke serbexobêt, rexnegrane bîrbkatewe, cerbeze bêt û le serkonekirdin netrisêt, mêjû, ramyarî, zansit, hullekanî şano û opêra, serqallî serekî serdemî lawêtî ew bûn. Letek ewey ke sruştêkî cwanî hebû, bellam, serbexo û le bawerrbexobûnêkî sersurrhêner behremend bû. Zîrekî gringitrîn taybetmendî ew bû. Ew gişt taybetmendîyekî komellgey roşnibîrîy û tenanet soşyalîstîy (pitrisburg)î pêş şorrşî têdabû.

Fêbrîwerî 1917 ' larîsa ' le hewellîn hogrîy xoy, wate edebyat û honerîy, derrfênêt û deydate pall şorrş, oktober bû, ke hoşî leberbird û bû be dwayn hogrîy ew.

Le bîstiwdû sallîda le mangekanî seretay şorrşî oktoberda be bolşevîkekanewe peywest bû. Le mawey şerrî nêwxoda çuwe şerrî dje-şorrşan û hewellîn jnêk bû, ke geyişte pley komîsarî serbazîy. Lekatêkda ke leser textî gelekeşî le deryay xezerda clubergî cengawerîy leberdabû, erkî zor trisnakî wek desnîşankirdnî dujminî le pley komîsarî hêzî deryayîda be azayetîyekî bêwênewe encamdeda û bo melewanan edebyat û honrawey şorrşigêrraney degêrrayewe. Le hewellîn kesanêk bû, ke pîrozî û şkist û karesat û wre û pallewanîyekanî şerrî nêwxoy tomardekrid. Ew resentirîn rûdawnûsî şorrş bû.

Paş serkewtinî şorrş, letek hawserekey ke [ le efganistan şalyarî dewlletî sovyetekan bû, sallekanî 21- 1922 le kabul beserbird. Ew lewê raportî leser kêşe û griftekanî jnanî efganî, xebatî rizgarîxwazaney hozekanî efgan û helumercî kargeran le karxanekanî kabul bo bllawkrawekanî rusyey şorrşigêrr, wtarî denard. Le sallî 1923da wek peywendî nhênî komîntêrn nêrdraye allmanya, taweku be beşdarîkirdnî le şorrişda raport bo nîwneteweyî komonîst (komîntêrn) amadebkat. Le dwa sallekanî jyanîda wek hewallnêrî taybetî ' îzvîstya ' bo gişt layekî rusye serdanîdekrid, ta lebarey çonyetî jyanî kargeran le nawçe pîşesazîyekanda raporrt amadebkat.

Larîsa behoy tûşbûnî be nexoşî melarya le cengî nêwxoda, le dest lawazî lerradebederî cestey azarî dekêşa. Dwacar le fêbrîwerî 1926da lejêr karayî nexoşî (tîfus)da malawayîkrid. Be mirdnî ew şorrşî oktober yekêk le jne hellkewtû û kemwênekanî le temenî (30) sallîda ledestda.

Letek ewey ke sî sall zyatir nejya, bellam le berheme edebîye le paşmawekanî pênc pertûk û jmareyekî zor wtar, ke bedaxewe zorbeyan bo ser hîç zmanêk wernegêrrdrawn, çapkran. Tenya dû pertûkî le rabûrda wergêrrdrawnete ser zmanî îngilîzî ke zor nayabin. Ba jyannamey ew bepênûsî 'kêssî purter ' hengawêk bêt le nasandinî pertûkî em jne soşyalîste, şorrşigêrr û pencerrengîn û behre cwaney, ke nek tenya jyanî xoy kirde pênawî amancî soşyalîzm û jyanêkî şyaw bo mrovayetî, bellku be tomarkirdnî rûdawekanî hewellîn sallekanî şorrş, gencîneyekî zor be nirxî bo pêdaçûnewey em rûdawe gringane xistote berdestî ême.

Şêwey wtar û berhemekanî zor geş û rengînin, pexşanekanî hendêk car prrin le soz û hestî nask, hendêk carîş tîj û pêwedern, bellam herdem şadumanbûn û bonî şorrşyan lêwedêt.

Bem şêweye, şêwazî honerane û cwanî, tewawkerî şîkirdnewey ramyarîyaney wişk û naedebîyaney ew sallaney debêt. Çi le serdemî jyanîda û çi le sallanî paş berhemekanî lenêwan cemawerda zor dillgîrbûn û xwênerî zoryan hebû. Letek eweşda, hawrrê pyawe ramyarekanî weha berxurdêkyan nebû û hendêk car be guman û dûdllîyewe tenanet dujimnane deyanirrwanîye berhemekanî ew. Lewaneye leber pêşîney ferhengî borcwazîyaney bêt! Lewaneşe şêwey nûsînî [honînewey] zyatir honerane bûbêt ta ewey ke twanîbêtî markisîstî bêt! Bellam bo kesanî dîke, ew " jne nûserêkî sovyetî"bû, ke lewda kesayetî rizgarbûy kotekanî xêzan û hawseryan debînî. Awa dête berçaw, ke têrrwanînekanî bo pirse hestewerîyekanî jnan çi le

komellgey sovyetî ewsa û çi lenêw partî bolşevîkda, bepêçewaney (kolontay), ledûy rûdaw û tarradeyek le ketwarî ew kat dûr bûbêt. Helumercî xêzanîy û nşîngeyek ke têyda gewre buwe, dyare ke lem ruwewe bêkarayî nebuwe leserî.

Emrro, letek zîndûkirdnewey bîrewerî em ruxsare bercesteyey bzûtnewey jnan û soşyalîzm, pêş hemû ştêk debêt le ewda û nûsînewey rastgoyaney şorrşî oktoberda bgerrêyn, şorrşêk ke tewawî dahênan û jyanî xoy xiste pênawî .

Kêsî purter pêş em kare, jyannamey (elîksandra kolonta)şî nûsîwe, benasandinî jnanî newey şorrşî oktober, nek tenya xizmetêkî berçawî be bzûtnewey jnan û soşyalîzm dekat, bellku ruxsarî ketwarîy şorrşî oktoberîşman pêdenasênêt.



*****************************************************************************

**Nûsînî: Cathiy Porter Larissa Reisner A.biograph Virago Pionees,1988**

**Wergîraw le bllawkrawey (dir dfa' az markisîzm)**

***pêştir le jmare 6î govarî hunerîy 'jîlemo' sallî duwem, sallî 1999da bllawkrawetewe.**

# یاداوەری نووسەرێکی دژە فاشیزم و دژە ستالینیزم

' ئیگنازیۆ سیلۆنە **Ignazio Silone** ' لە ساڵی ١٩٠٠زاییینیدا لە ' پسینا 'ی ئیتالیا لەدایکبووە و لە لاویدا بە بزووتنەوەی سۆسیالیستییەوە پەیوەستبووە، لەتەك بەدەسەڵاتگەیشتنی فاسیستەکانی ئیتالیا [مۆسۆلۆنی و تاقمەکەی] ناچار هەڵهات و ساڵی ١٩٤٤دا دووبارە گەڕایەوە ئیتالیا و بوو بە سەرنووسەری ڕۆژنامەی ' بۆپێشەوە Avanti ' بەشی زۆری بەرهەمەکانی ئەو تایبەتن بە پێداگریی لە سوشیالیزم و هێرشی لێبراوانە بۆ سەر فاشیزم. ' سیلۆنە ' یەکێکە لە پێکهێنەرانی پارتی کۆمۆنیستی ئیتالیا و یەکەمین ڕابەری کۆمۆنیستی بوو، کە لە دژایەتی بێچەندوچوونیدا لەتەك ستالینیزم، لە پارتی کۆمۆنیست کشایەوە و دوورکەوتەوە. پاش جیابوونەوەی لە پارتی ناوبراو، بۆ وەستانەوە دژی کەسایەتی سەرکوتکەرانەی سەردەمی خۆی، کە لەلایەن دەوڵەتی دەستی ڕاستی و پارتی کۆمۆنیستی ستالینیستەوە بەسەر ئیتالیادا سەپێنرابوو؛ لە چوارچێوەیەکی تازەتردا درێژەی بە نووسەریی خۆی دا. بەرهەمگەلی وەك: ' فۆنتامارا ' ١٩٣٣، ' نان و شەراب ' ١٩٣٤، ' دان لەژێر بەفردا ' ١٩٤٣، ئەویان بێجگە لە بەناوبانگی لە ئیتالیا و جیهاندا، گەیاندیانە پلەی ئەدیبیی هەڵکەوتە و ئەفسانەی دەستپێڕانەگەیشتوو. دواجار، ' سیلۆنە ' ئەم نووسەرە خەباتگەر و ماندوونەناسە . کەسێك کە لە بەرامبەر ' فاشیزم ' و 'ستالینیزم 'دا سەری دانەنواند، لە ٢٢ی سیپتەمبەری ١٩٧٨دا لە نەخۆشخانەیەکی 'گێنەڤا 'ی ئیتالیا مرد.



* لە پاشکۆی ژمارە ٦٠ی (نشریە کارگر سوسیالیست-ویژە نویسندگان و رۆشنفکران) وەرگیراوە
**http://www.nashr.de/n/k_s/zks60.pdf**

## Yadawerî Nûserêkî dje Faşîzm û dje Stalînîzm

' îgnazyo sîlone Ignazio Silone ' le sallî 1900zayînîda le ' psîna 'î îtalya ledaykbuwe û le lawîda be bzûtnewey sosyalîstîyewe peywestbuwe, letek bedesellatgeyiştnî fasîstekanî îtalya [mosolonî û taqmekey] naçar hellhat û sallî 1944da dûbare gerrayewe îtalya û bû be sernûserî rojnamey ' bopêşewe Avanti ' beşî zorî berhemekanî ew taybetin be pêdagrîy le suşyalîzm û hêrşî lêbrawane bo ser faşîzm. ' sîlone ' yekêke le pêkhêneranî partî komonîstî îtalya û yekemîn raberî komonîstî bû, ke le djayetî bêçenduçûnîda letek stalînîzm, le partî komonîst kşayewe û dûrkewtewe. Paş cyabûnewey le partî nawbraw, bo westanewe djî kesayetî serkutkeraney serdemî xoy, ke lelayen dewlletî destî rastî û partî komonîstî stalînîstewe beser îtalyada sepênrabû; le çwarçêweyekî tazetirda drêjey be nûserîy xoy da. Berhemgelî wek: ' fontamara ' 1933, ' nan û şerab ' 1934, ' dan lejêr befirda ' 1943, ewyan bêcge le benawbangî le îtalya û cîhanda, geyandyane pley edîbîy hellkewte û efsaney destipêrranegeyiştû. Dwacar, ' sîlone ' em nûsere xebatger û mandûnenase kesêk ke le beramber ' faşîzm ' û 'stalînîzm 'da serî danenwand, le 22î sîptemberî 1978da le nexoşxaneyekî ' gêneva 'î îtalya mird.



*** le paşkoy jmare 60î (nişrye kargir susyalîst - wîje nuyisnidgan û roşnifkran) wergîrawe: http://www.nashr.de/n/k_s/zks60.pdf**

# Dîmane    دیمانە

# دیمانە لەتەك هونەرمەندی نووسەر و كاریكاتێریست

# كلاوس بێرگمایەر Klaus Bergmayr



كلاوس بێرگمایەر، تەمەنی (٥٢) ساڵە و لە شاری میونشن'ی ئاڵمانیا لەدایكبووە و (٣٥) ساڵە لە شاری كۆڵن دەژی. كلاوس نووسەر و كاریكاتێریست و دەستپێكەر و سەرنووسەری 'ڕۆژنامەی لانەوازان'ی شاری كۆڵن بەناوی "سەركێش Querkopf" بوو.

بۆ ئەوەی خوێنەرانی فارسیزمان و كوردیزمانی گۆڤاری هونەریی 'ژیلەمۆ' لە نزیكەوە ئەم هونەرمەندە بناسن، لە نووسینگەی ڕۆژنامەكەدا ئەم دیمانەمان لەتەكی هونەرمەنددا ئەنجامدا و چەند پرسیارێكمان ئاراستەكرد و ئەویش بەم جۆرە وەڵامی دایەوە.

**ژیلەمۆ : چۆن هۆگری كاریكاتێر و وێنەكێشان بوویت ؟**

كلاوس : زۆربەی ناسراوەكانم، خزم و نزیكەكانم و ئەو كەسانەی كە كاراییان لەسەر ژیانم هەبوو، كاریكاتێركێش یا كاریكاتێریست بوون. سەرەتا خۆم بە نووسین بۆ ڕۆژنامەكان دەستبەكاربووم، بەڵام زۆر جار نووسینەكان نەیاندەتوانی ڕەنگدانەوەی بۆچوونەكانی من بن، لەبەرئەوە پێویست بوو، پەنا بۆ شتێكی دیكە بەرم، كە بابەتەكان و بیركردنەوەی من بە باشترین شێوە ڕەنگپێبداتەوە.

كاریكاتێركێشان ئەو شتە بوو، كە لەلایەكەوە بۆ خۆم سەرگەرمی بوو، هەروەها لەلایەكی دیكەشەوە زمانی نووسینەكانمی ڕەوانتر و باشتر مەبەستەكانمی دەگەیاند، هەندێك جاریش بۆ پڕكردنەوەی گۆشەكانی ڕۆژنامە وەك ڕۆژنامەی " لە خوارەوە / لە ژێردەستانەوە / von unge

von unten" هەروا هێلکاریی شتێکم دەکێشا و لە خۆوە چاکدەردەچوو. هەڵبەتە من هیچ کات وەك کار سوودم لەم شتە وەرنەگرتووە، بەڵکو هەمیشە وەك سەرگەرمی واتای بۆ من هەبووە.

**ژیلەمۆ : لە دەرەوەی کاریکاتێرکێشان کار و فەرمانت چییە ؟**

کلاوس : من هونەرمەندم، ڕۆژنامەنووسم، کاریکاتێریستم، بۆ ڕۆژنامە دەنووسم، بە تەنیا ڕۆژنامەی "سەرکێش Querkopf" دەردەکەم، لەبەرئەمە، شوێنە خاڵییەکانی ڕۆژنامەکە بە کاریکاتێر پڕدەکەمەوە.

**ژیلەمۆ : تۆ مۆڵەتت بە گۆڤاری هونەریی 'ژیلەمۆ' داوە، کە بەبێ تێبینی، لە هەموو کاریکاتێرەکانت سوودوەربگرێت . گۆڤاری ژیلەمۆ'ش هۆگریی بۆ کاریکاتێرەکانی تۆ هەیە. تۆ (٣٠) ساڵە وێنە و کاریکاتێر دەکێشیت، بەو پێیە، دەبێت بەرهەمگەلێکی زۆرت هەبن. من بۆ خۆم دەمەوێت لە پرۆسەی مێژووی کاریکاتێرەکانت شتێك تێبگەم، ئایا ئەرشیڤێکت لەبەردەستدا هەیە ؟**

کلاوس : سەرنجی گۆڤاری 'ژیلەمۆ'م دا، تەنیا توانیم لە کاریکاتێرەکانی خۆم و ئەو بابەتانەی کە بە زمانی ئاڵمانی نووسرابوون، تێبگەم و بخوێنمەوە، بەڵێ پێمباشبوو.

لەبارەی ئەرشیڤەوە، ناچارم بڵێم کە ئەرشیڤم نییە، هەڵبەتە ئەرشیڤم هەبوو، بەڵام ساڵی ڕابردوو، کاتێك کە ڕێپێوانی ئۆروپا (Euromarsch) ڕێکخرا، من لە تەواوی ڕێپێوانەکانیدا، کە دژی بێکاری لە سەرتاسەریی ئەوروپادا ڕێکخران، بەشداریمکرد، واتە دوو مانگی تەواو لە ماڵەوە نەبووم، لەم ماوەدا تەواوی ئەرشیڤەکەم و هەر شتێك کە لە ماڵەوە هەمبوو، لەوانە کۆمپیوتەر و ....تد دزران. ئەو شتانەی کە من هەمن و ئێوەش هەتانن، یەك بە یەك لە ڕۆژنامەکانی دیکەوە دووبارە کۆمکردوونەتەوە. ئەم ڕووداوە زۆر ئازاریدام، بەڵام ناچارم دەبێت قوتبدەم و لە بەرامبەریدا ناتوانرێت هیچ بکرێت. هەندێك جار ئارەزووی دووبارە سەیرکردنەوەی وێنە کۆنەکانم دەکەم، بەڵام بەداخەوە ... .

**ژیلەمۆ : چۆن بە چ شێوازێك بیرۆکەکانت فۆرمۆڵە دەکەیت ؟**

کلاوس : من لە شەقامەکاندا دەژیم و لە شەقامەکانیشدا بیرۆکەکانم فۆرمۆڵەدەکەم، هەندێك جاریش شتی زۆر ئاسایی یارمەتی زۆر گەورەم دەدات.

**ژیلەمۆ : چۆن بیردەکەیتەوە یا چۆن دونیا دەبینیت ؟**

کلاوس : بە بۆچوونی من، زۆربەی مرۆڤەکانی سەر زەوی لەلایەن کەمایەتییەوە ڕەنجیان دەخورێت و بەهرەکێشییان لێدەکرێت، زۆربەی مرۆڤەکان مافیان نییە، ئەو شتانەی کە لە هەندێك شوێندا لەسەر کاخەز نووسراون، پێیاننادرێن.

کۆمەڵگەیێك کە تێیدا دەژین، پڕە لە نایەکسانی و بەهرەکێشیی. لە ڕەوتە کۆمونیستەکان [کۆمونخوازەکان]دا دەستپێکی زۆر باش هەن، کە درێژەیان پێنەدرا، ئەزموونەکان نیشانیاندا، کە مێژوو زۆر چەوت بەرەوپێشەوە چوو.

**ژیلەمۆ : ئەی مێژووی کۆمونیزمی ڕوسی چی ؟**

کلاوس : من لە کۆمونیزم [کۆمونەخوازی] شتێکی دیکە تێگەییشتبووم، شتێك کە لە ڕوسیە ڕوویدا لەتەك شتێك کە ئەوەی کارڵ مارکس نووسیویەتی پەیوەستنەبوو، مارکس (٣٦) پەرتووکی نووسیون، لە سەراپای مێژووی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر، کارایی پیادەکردنی هیچ یەك لە پەرتووکەکانی ئەو نابینرێت.

هێرشی دە ساڵی ڕابوردوو دەریدەخات، کە چەندە پێویستە کە وەها سیستەمێك تێدابچێ و کۆمونیزم پیادەبکرێت، بەڵام ئەمەش هەروا ئاسان نییە.

**ژیلەمۆ : داهاتوو چۆن دەبینیت ؟**

کلاوس : لە ئێستادا ئەو گروپانەی کە هەن، هیوابەخشی سبەینێ نین، خەباتی کرێکاریی لەباری بەرگریکردندایە، بێ ڕابەر و بێ ڕێکخراوە، بۆ نموونە یەکێتی یەکێتییە کرێکارییەکانی ئاڵمانیا (DGB) نوێنەرایەتی کرێکاران دەکات. بەڵام کرێکاری بێکار وەك ئەندام و لەبەر هەمان هۆ وەك فەرمانبەری کۆمەڵگە ناناسێت.

ئەگەر چی هەر ئێستا ڕێکخراوی کۆمونیستی ڕابەر و چالاك لە ئارادانییە، بەڵام خەباتی دەورانی پێشوو نیشانیدا، کە ڕێکخراویش دێتەئاراوە، دەبێت دەمێکی دیکە هەلومەرج بگۆڕدرێت، واتە کرێکاران کەمێکی دیکە ببزوێن، ئەو کات بەخێرایی هەلومەرجەکە لە بەرژەوەندی ئێمەدا دەبێت.

***************************************************************************

**ئامادەکردنی: وریا ئەحمەدی**

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە : هەژێن**

*** پێشتر لە بەشی فارسی ژمارە (٣)ی گۆڤاری هونەریی 'ژیلەمۆ'دا بڵاوکراوەتەوە و دواتر وەرگێڕانەکەی لە ژمارە (٥) هەمان گۆڤاردا بڵاوکراوەتەوە. وەرگێڕی کوردی**

**** بەداخێکی فراوابەوە چەند ساڵێك لەمەوبەر، کلاوس لە ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠دا لە تەمەنی ٦٤ ساڵیدا ] پاش نەخۆشکەوتن و کەوتنی لە نەخحشخانەدا مرد، بەڵام گۆڤارەکەی تا ئێستاکەش هەر بەدەوامە و بێسەرپەنایان لە مێترۆ و شەقامەکاندا دەیفرۆشن. وەرگێڕی کوردی**

***** لەم بەستەرەدا دەتوانن کورتە فیلمێك لەمەڕ هونەرمەند کلاوس بێرگمایەر و دیمانەی ئەو و چەند لانەوازێك لەمەڕ بێسەرپەنایان (لانەوازان) ببینن، بەڵام بەداخەوە تەنیا بە زمانی ئاڵمانییە. و. کوردی**

**http://strassenseiten.blogspot.com/2013/01/klaus-bergmayr-uber-obdachlosigkeit.html**

## Dîmane letek hunermendî nûser û karîkatêrîst Klaus Bergmayr

Klaws bêrgmayer, temenî (52) salle û le şarî mîwnişn'î allmanya ledaykbuwe û (35) salle le şarî kolln dejî. Klaws nûser û karîkatêrîst û destipêker û sernûserî 'rojnamey lanewazan'î şarî kolln benawî "serkêş Querkopif" bû.

Bo ewey xwêneranî farsîzman û kurdîzmanî govarî hunerîy 'jîlemo' le nzîkewe em hunermende bnasn, le nûsîngey rojnamekeda em dîmaneman letekî hunermendda encamda û çend pirsyarêkman arastekrid û ewîş bem core wellamî dayewe.

**Jîlemo : çon hogrî karîkatêr û wênekêşan bûyt ?**

Klaws : zorbey nasrawekanim, xzim û nzîkekanim û ew kesaney ke karayyan leser jyanim hebû, karîkatêrkêş ya karîkatêrîst bûn. Sereta xom be nûsîn bo rojnamekan destbekarbûm, bellam zor car nûsînekan neyandetwanî rengdanewey boçûnekanî min bin, leberewe pêwîst bû, pena bo ştêkî dîke berm, ke babetekan û bîrkirdnewey min be baştirîn şêwe rengipêbdatewe.

Karîkatêrkêşan ew şte bû, ke lelayekewe bo xom sergermî bû, herweha lelayekî dîkeşewe zmanî nûsînekanmî rewantir û baştir mebestekanmî degeyand, hendêk carîş bo pirrkirdnewey goşekanî rojname wek rojnamey " le xwarewe / le jêrdestanewe von unge / von unten" herwa hêlkarîy ştêkim dekêşa û le xowe çakderdeçû. Hellbete min hîç kat wek kar sûdim lem şte wernegirtuwe, bellku hemîşe wek sergermî watay bo min hebuwe.

**Jîlemo : le derewey karîkatêrkêşan kar û fermant çîye ?**

Klaws : min hunermendim, rojnamenûsim, karîkatêrîstim, bo rojname denûsim, be tenya rojnamey "serkêş Querkopif" derdekem, lebereme, şwêne xallîyekanî rojnameke be karîkatêr pirrdekemewe.

**Jîlemo : to mollett be govarî hunerîy 'jîlemo' dawe, ke bebê têbînî, le hemû karîkatêrekant sûdwerbigrêt . Govarî jîlemo'şi hogrîy bo karîkatêrekanî to heye. To (30) salle wêne û karîkatêr dekêşît, bew pêyye, debêt berhemgelêkî zort hebin. Min bo xom demewêt le prosey mêjûy karîkatêrekant ştêk têbgem, aya erşîvêkt leberdestda heye ?**

Klaws : sernicî govarî 'jîlemo'mi da, tenya twanîm le karîkatêrekanî xom û ew babetaney ke be zmanî allmanî nûsrabûn, têbgem û bixwênmewe, bellê pêmbaşbû.

Lebarey erşîvewe, naçarm bllêm ke erşîvim nîye, hellbete erşîvim hebû, bellam sallî rabridû, katêk ke rêpêwanî orupa (Euromariscih) rêkixra, min le tewawî rêpêwanekanîda, ke djî bêkarî le sertaserîy ewrupada rêkixran, beşdarîmkird, wate dû mangî tewaw le mallewe nebûm, lem maweda tewawî erşîvekem û her ştêk ke le mallewe hembû, lewane kompîwter û ....tid dizran. Ew ştaney ke min hemin û êweş hetanin, yek be yek le rojnamekanî dîkewe dûbare komkirdûnetewe. Em rûdawe zor azarîdam, bellam naçarm debêt qutbdem û le beramberîda natwanrêt hîç bikrêt. Hendêk car arezûy dûbare seyirkirdnewey wêne konekanim dekem, bellam bedaxewe ... .

**Jîlemo : çon be çi şêwazêk bîrokekant formolle dekeyt ?**

Klaws : min le şeqamekanda dejîm û le şeqamekanîşda bîrokekanim formolledekem, hendêk carîş ştî zor asayî yarmetî zor gewrem dedat.

**Jîlemo : çon bîrdekeytewe ya çon dunya debînît ?**

Klaws : be boçûnî min, zorbey mrovekanî ser zewî lelayen kemayetîyewe rencyan dexurêt û behrekêşîyan lêdekrêt, zorbey mrovekan mafyan nîye, ew ştaney ke le hendêk şwênda leser kaxez nûsrawn, pêyannadrên.

Komellgeyêk ke têyda dejîn, prre le nayeksanî û behrekêşîy. Le rewte komunîstekan [komunixwazekan]da destipêkî zor baş hen, ke drêjeyan pênedra, ezmûnekan nîşanyanda, ke mêjû zor çewt berewpêşewe çû.

**Jîlemo : ey mêjûy komunîzmî rusî çî ?**

Klaws : min le komunîzm [komunexwazî] ştêkî dîke têgeyîştibûm, ştêk ke le rusye rûyda letek ştêk ke ewey karll markis nûsîwyetî peywestnebû, markis (36) pertûkî nûsîwn, le serapay mêjûy paş şorrşî oktober, karayî pyadekirdnî hîç yek le pertûkekanî ew nabînrêt.

Hêrşî de sallî raburdû derîdexat, ke çende pêwîste ke weha sîstemêk têdabçê û komunîzm pyadebkirêt, bellam emeş herwa asan nîye.

**Jîlemo : dahatû çon debînît ?**

Klaws : le êstada ew grupaney ke hen, hîwabexşî sbeynê nîn, xebatî krêkarîy lebarî bergirîkirdindaye, bê raber û bê rêkixrawe, bo nmûne yekêtî yekêtîye krêkarîyekanî allmanya (DiGB) nwênerayetî krêkaran dekat. Bellam krêkarî bêkar wek endam û leber heman ho wek fermanberî komellge nanasêt.

Eger çî  her êsta rêkixrawî komunîstî raber û çalak le aradanîye, bellam xebatî dewranî pêşû nîşanîda, ke rêkixrawîş dêtearawe, debêt demêkî dîke helumerc bgorrdirêt, wate krêkaran kemêkî dîke bbizwên, ew kat bexêrayî helumerceke le berjewendî êmeda debêt.

*****************************************************************************

Amadekirdnî: wirya ehmedî

Wergêrranî le farsîyewe : hejên

*** pêştir le beşî farsî jmare (3)î govarî hunerîy 'jîlemo'da bllawkrawetewe û dwatir wergêranekey le jmare (5) heman govarda bllawkrawetewe.**

**** bedaxêkî frawabewe çend sallêk lemewber,  klaws le 10î oktoberî 2010da le temenî 64 sallîda ] paş nexoşkewtin û kewtinî le nexhişxaneda mird, bellam govarekey ta êstakeş her bedewame û bêserpenayan le mêtro û şeqamekanda deyifroşn.**

***** lem bestereda detwanin kurte fîlmêk lemerr hunermend klaws bêrgmayer û dîmaney ew û çend lanewazêk lemerr bêserpenayan (lanewazan) bbînin, bellam bedaxewe tenya be zmanî allmanîye.**

**http://strassenseiten.blogspot.com/2013/01/klaus-bergmayr-uber-obdachlosigkeit.html**

# دیمانە لەتەك موزیكژەنی خیابانی كلاوس دێرگایگەر Klaus der Geiger



كاتێك لە دەرگەی پاڵاخانەكە وەژووركەوتین، دیمەنی داڵانەكە، ڕوخساری پێپلیكانەكان ئەو سات و خۆزگە كفنكراوانەیان دەمێنایە بەرچاو، كە باوك و باپیرانی كلاوس بە لەسەریەك هەڵچنینیان كۆشك و باڵاخانە و كانەكانیان پێسازكردوون. گۆشەی نێوان پێپلیكانەكان وەك گۆشەی پێشانگایەك دەهاتەبەرچاو، وەها بە كاری هونەریی هەڵكۆڵین و تابلۆ و نووسینی جوان و وێنە فۆتۆگرافییەكانی هونەرمەند لەكاتی 'كۆنسێرت'دا، لەتەك گوڵ و سەوزایی ڕازابوونەوە. تامەزرویی بینینی ئەم هونەرمەندە لە نزیكەوە، لەتەك كەوتنەبەرگوێی دەنگی كەمانچەیەك وەهای لێكردبووین، كە ٣٠ تا ٤٠ پێپلیكانە لە چاوتروكانێكدا ببڕین. ئارەزووی نزیكبوونەوە لە دەنگی موزیكەكە و سەرنجڕاكێشانی تابلۆ و وێنە و كارە هونەرییەكانی نێو ڕاڕەوەكە دەستبەردارمان نەدەبوون. كاتێك كلاوس بەپیرمانەوە هات، ئەو هەستە بەسەرماندا زاڵبوو، كە سەردەمانێكە یەكدی دەناسین، شوێنی كارەكەی سەرنجڕاكیشتر و پرواتاتر لە تابلۆ و كارە هونەرییەكان. كەرەستە و پێداویستییەكانی، تەمەنی ئاپارتمانەكە لەتەك دونیای كۆشك و تەلارەكانی دەرەوە، تەنیا و تەنیا نیشاندەری ناوەڕۆك و كەتواری كۆمەڵگەی سەرمایەداری بوون. چاوەڕوانیم وابوو، لایەنیكەم ژیانی ئەم هونەرمەندە شۆڕشگێڕە وەك ژیانی مروڤێكی ئاسایی بێت، بەڵام ڕاستی ئەمەی دەسەلماند، كە لە كۆمەڵگەی چینایەتیدا هەمووشتێك دوو دیوی هەیە، ژیان، هونەر، كار، ئامانجی خودی مرۆڤ، لە سایەی دیموكراسی پارلەمانیدا دەتوانێت زۆر شت بكەی، بەمەرجێك زۆرشت لەدەست بدەی، بەڵام گەر لە ڕاستی چاوبپۆشیت، ئەوا لە سایەی سەروەرییدا مەی دەنۆشیت. هەر بەم پێیەش هونەرمەندانی شۆڕشگێڕ بێبەش دەكرێن و هونەرفرۆشانیش بەخشیشدەكرین.

بۆ ئەوەی ژیان و تێكۆشانی هونەرمەند پەر پەر هەڵدینەوە، ڕوودەكەینە كلاوس'ی كەمانچەژەن،

تاوەکو خۆی بۆمان بدوێت ...

**ژیلەمۆ : داوات لێدەکەین، سەرەتا خۆت بەخوێنەران بناسینە ؟**

کلاوس دێر گایگەر : من ناوم کلاوس ڤۆن ڤۆرخیم (Klaus von Worchem)، لە گەرمەی جەنگی جیهانی دووەمدا سالی ١٩٤٠ لە 'دۆپۆڵدیسڤادە Doppoldiswade ' لەدایکبووم ، ئێستا لەشاری کۆڵن نیشتەجێم.

**ژیلەمۆ : سەرەتای هۆگربوونت بە موزیك و چوونە نێو دونیای موزیکەوە دەگەڕێتەوە بۆکەی؟**

کلاوس دێر گایگەر : هەشت نۆساڵان بووم، واتە پاش شەڕی جیهانی دووەم، دەستم بۆ موزیك برد. ئەوکات باوکم دیلی سەربازی بوو لە ڕوسیا، لە دوازدە ساڵیدا باشتر بە بیرم دێت کە موزیکم دەژەنی.

**ژیلەمۆ : ئایا بۆ تۆ موزیك وەك پیشەیەکە یان کارێکی دیکەت لەپاڵیدا هەیە ؟**

کلاوس دێر گایگەر: من وەکو پیشەیەك سەیری موزیك ناکەم، هەرگیز ئاوا سەیری موزیکم نەکردووە، کە پێیبژیم، بەڵکو بەهۆی ڕامیارییەوە ئەم کارەمکردوە و درێژەمپێداوە، لە هەمان کاتیشدا بەهۆی ئەمەوە زۆر جار میوانییکراووم. ئەمەش بۆم بووە بە مایەیەك . من بەزۆری لەسەر دەرامەتێك کە لە خیابانەوە بەدەستیدێنم، گوزەراندەکەم، ئەمەش زۆر زۆر سەختە، دەبێت ماوەیەکی زۆر لەسەر شەقامەکان بمێنیتەوە موزیکبژەنی، لە هەمان کاتدا من هیچ کاتێك ئەم موزیکە خیابانییەم وەك کارێك سەیرنەکردوە. من پێشتر لە کارخانەیەکدا کارمدەکرد، تەنیا لە کۆتایی هەفتەکاندا موزیکمدەژەنی.

**ژیلەمۆ: پاش هۆگربوونت بە موزیك، ئایا لەو پێناوەدا چوویتە فێرگەی موزیك یان وەك هوگرییەکی کەسیی درێژەتپێداوە ؟**

کلاوس دێر گایگەر : پاش ئەوەی کە تەمەنم ١٢ – ١٣ ساڵان بوو، هاتینە شاری کۆڵن، لەلای ماوریسیۆ کارگل Mauricio Kagel و هاینتس شتۆکهاوزن Karl Heinz Stockhausen مۆوزیك

فێربووم. پاشان بۆ خوێندنی باڵا لە بواری موزیك، چوومە ئەمەریکا و ویستم لەم بوارەدا دکتۆرا بهێنم.

من لە ئەمریکا بەزۆر وەدەرنرام، چونکە وەك کەسێکی میوان و نامۆ نەدەبوو، چالاکی ڕامیاریی ئەنجامبدەم. من لەتەك کۆڕ و کۆمەڵی خوێندکاران و ڕەشەکاندا کارمدەکرد، کە ئەو کات دژی جەنگی ڤیتنام و بار و دۆخی ڕەشەکان خەباتیاندەکرد، وەك گروپی بلێك پێنتەر Black penter، کە گروپێکی ڕەشپێست بوون لە دژی ئەمەریکا. ئەم گروپە کۆمۆنیست بوون، زۆر بەهێز بوون و خاوەنی چەکیش بوون. من حەزمدەکرد، کە لە ئەمەریکا بمێنمەوە.

**ژیلەمۆ : وەك گوتت تۆ وەك کار و پیشە سەیری موزیك ناکەیت، لە هەمان کاتیشدا بەو پارەیە گوزەران دەکەی، کە لە خیاباندا پەیدایدەکەیت، ئایا فەرمانگەی کولتووریی Kulturamt شاری کۆڵن وەکو هونەرمەندانی دیکە، کۆمەکی نەکردوویت ؟**

کلاوس دێر گایگەر : نەخێر من لەلایەن نێوەندی کولتوورییەوە هیچ کۆمەکێکم پێنەکراوە، بەڵکو بەپێچەوانەشەوە زۆرجار سکاڵایان لەسەر تۆمارکردووم. ماوەیەك لەمەوبەر هەوڵیاندا بمخەنە زیندانەوە، بەڵام سەرکەوتوونەبوون. لە شاری دویسبورگ Duisbug لە یەکێك لە زانکۆکاندا، کە بە زیاتر لە شازدە زمان تێیدا دەخوێندرێت، ئەمەش گرنگییەکی تایبەتی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە دەتوانیت بە زمانی دایك یان بەزمانێك کە دەیزانیت و ئارەزوودەکەیت، بخوێنیت و بڕوانامەیەك بەدەستبێنیت، بەتایبەت ئەو کەسانەی کە گرفتی زمانی ئاڵمانیان هەیە، دەتوانن پاش بەدەستهێنانی بڕوانامەکە گرفتی زمانی ئاڵمانیش چارەسەربکەن. ئێستا پارتی فەرمانڕەوا ' پارتی سۆشیال دێمۆکراتی ئاڵمان (SPD) دەیەوێت دایبخات. ئەو بڕیارە خوێندکاران و مامۆستایان و کەسوکاری خوێندکارەکانی زۆر هەراسان و بێزارکردووە. بۆ ئەم مەبەستە خۆپیشاندانێکیان بەڕێخست، کە منیش تێیدا بەشداریمکرد. لە نێوەندی شاری دیوسبورگ'دا لە بەرامبەر خۆپیشاندانەکەدا پۆلیس بۆ هێرشکردنە سەرمان، ئامادەییەکی زۆری وەرگرتبوو، بۆ بیانوویەك دەگەڕان. لەنێو خۆپیشاندەرەکاندا کۆمەڵێك لاو (پ. ك, ك) نەبوون، بەڵام وەك ئەوان دەهۆڵیان هێنابوو، خەریکی دەهۆڵلێدان بوون و سەمایاندەکرد. ئەمە بووە هۆی ئەوەی، کە پۆلیسەکان ئەم بیانووە بقۆزنەوە و هێرش بکەنە سەرمان. لە وێنە لە نێوەندی شار، من خەریکی موزیکژەنین بووم. پێمگوتن ئارام بن، چونکە هیچ و پووچەکان

هێرشیانکردووە، بزانین چی بەسەردێ. لەسەر ئەم قسەیە، پۆلیسەکان بەمنیان گوت "دەبێت بێیتەخوارەوە". منیش پێمگوتن ناتوانم، منخەریکم موزیکدەژەنم. لە بەرامبەر ئەوەدا منیان دەستگیرکرد و داوای شوناسنامەیەیان لێکردم. منیش شوناسنامەکەم پێیاننەدا، منیان دەستبەسەر برد و خوێندکارەکان کەوتنە شوێنم تا من ئازاد بکرێم.

کاتێك کە منیان برد، کیشەکە بوو بەدوو کێشە [ قاقای پێکەنێنێك لە ناخەوە ها. ها. ها] لە ئۆتۆمەبێلەکەدا گوێم لەبێتەلەکانیان بوو، قسەیاندەکرد، دەیانگوت ئەو کەسە زوو بەردەنن، لەوانەیە کێشەی گەورەتر دروستببێت، چونکە تەواوی خوێندکارەکان هاتوونەتە نێوەندی شار و شارێگەکانیان گرتوون. بەڵام لەبەر نەدانی شوناسنامە نەیاندەتوانی من ئازادبکەن. پاش نیو ساتێك خوێندکارەکان وەها کارێکیان کردبوو، کە بارەکە تەواو خراپ بووبوو، بۆیە پۆلیسەکان ناچاربوون، بمخەنە تاکسییەکەوە و بمبەنەوە بۆ شوێنی خۆم، ئەو شوێنەی کە موزیکم لێدەژەنی. کابرا دەرگەی تاکسییەکەی بۆ کردمەوە و گوتی: فەرموو لەسەر جێگەی خۆت دابنیشەوە ...( ها. ها. ها) دەستمکردەوە بە موزیکژەنین.

من هەمیشە وابووم، چەندین جار لەسەر موزیکی خیابانی و شتگەلی ڕامیاریی کەوتوومەتە زیندانەوە. لە ڕاستیدا هەر ئەوەی لەسەر شەقامێك موزیکبژەنی، وەکو نارەزایەتی نیشاندانە و بەرهەمی دەساڵ خەباتی بێوچانە، کە لەو دەساڵەدا چەندین کەسمان تووشی دەردیسەری بووین. موزیکی خیابانی لە ڕووی یاساییەوە موڵەتی پێنەدراوە، بۆیە هەر کات بیانەوێت دەتوانن هێرش بێنن و بڵێن لێرە برۆ و ڕامەوەستە.

**ژیلەمۆ : تۆ چ شێوازێك یان دروستر بڵێم چ مەکتەبێکی موزیکیت هەڵبژاردووە و بۆچی؟**

کلاوس دێر گایگەر : من لە سەردەمێکدا گەورەبووم، کە موزیك بەگشتی کلاسیك بوو، موزیکی کلاسیك، واتە بۆ چینەکانی سەرەوە تەماشا بکەی، واتە بۆرجوازی .

من موزیکی هاوچەرخم هەڵبژارد، لەبەرئەوەی کە دەمویست لە موزیکی کلاسیك بێمەدەرەوە، موزیکی هاوچەرخیش شێوازی جیاجیای هەیە، لەوانە موزیکی پێشڕەو Avantgarde music ئەڤانگارتیستیش ڕامیاری چالاك نییە، بەڵام لە ڕووی موزیکییەوە بەگشتی هی چینی خوارەوەیە، لە ئەڤانگارتیستە بەناوبانگەکان دەتوانین (ماوریسیۆ کارگل) و ( کارل هاینتز

شتۆکهاوزن) بەنموونە بهێنینەوە .

من کاتێك لە ئەمەریکا بووم، بەڕاستی ئازادبووم و خۆم بە تەواوی ئازادکردبوو، لە تڕادسیۆن [سونەت]ی میللی، بەڵام من لەوێ نامۆ بووم و خودی نامۆیی خۆم، بووە هۆی ئەوەی من زۆرتر ترادیسیۆنی میللی بەگاڵتەگرم و کینەی لێهەڵگرم. بۆ ئەوەی لەو بارە ئازادبیت، دەبێت جەنگی لەتەکدا بکەیت. ئەوسا خەریکبووم دکتۆرا بهێنم بەڵام لە نیوەی ڕێدا گەڕامە دواوە و هاتمەوە لێرە وەك کەسێك کە لە خیاباندا موژیکبژەنم، نەچوومە هیچ زانکۆ و نێوەندێك. هەر بەم بۆنەوە کاتێك دستبەکاربوومەوە، لە ئاڵماندا من بەکەمانچە دستمپێکرد، بە کۆمەڵە شتێك؛ هۆنراوە بۆ مناڵان بە کەمانچە لە خیاباندا بە میلۆدی سادە بۆ مناڵان وەك " کار مروڤ شاددەکات، کار مروڤ ئازاددەکات" زۆر سادە و ئاسان شیاوی تێگەیشتن " دارا راری راری راری " لە هەمان کاتدا زۆر سەرنجڕاکیش، موزیکێکی سادە و واتادار، تەواو دژی بۆرجوازی و سیستەمەکەی. من ئەوەندە هۆنراوەم هۆنیوەتەوە، ئیدی پێویستم نییە، هەزار و ئەوەندە هۆنراوەم نووسیوە، بە هەر بارێکدا، ئیدی کاتێکیش دێت، کە نامێنیت، بەڵام ئێستاکە لەتەك ئەوەشدا خۆم سەیردەکەم، دەکرێت و دەبێت جۆرێکی دیکە بیاننووسم و موزیکەکان و هۆنراوەکان و سروودەکانم جۆرێکی دیکە بن. بەڵام ناکرێت هەر هەموویان بگۆڕدرێن. گەر بمەوێت شتێکی تازە بەرهەمبێنم، پێویستە بچم لە خیاباندا لەتەك خەڵکدا قسەبکەم، پێویستە شتەکان هەمیشە تازە بن. لە دەرەوەی ئەم شێوازە دەبیتە جادووگەری.

**ژیلەمۆ : ئایا موزیکێك کە تۆ دەیژەنیت، بۆ چینێکی دیاریکراوی نێو کۆمەڵە، یان ئاراستەی گشت چین و توێژەکانە ؟**

کلاوس دێر گایگەر : موزیك شتێکە هەر کەس پێویستی پێیەتی، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕێوشوێنی ئەو کەسە لە کۆمەڵگەدا. موزیك شتێکە لەتەك مرۆڤدا دەدوێت. لێرە زۆربەی مرۆڤەکان کرێکارن، هەر لەبەر ئەوەشە هیچ جیاوازییەك لە نێوان مرۆڤەکاندا دانانیم. بەڵام من خەریکم سەیری ئەم کۆمەڵگەیە دەکەم، دەبێت قسەیەك بکەم، کە بەکەڵکی زۆربەی مرۆڤەکان بێت. وەك دیارە من بەشێوەیەکی ئاسایی و سروشتی بە کرێکارانەوە پەیوەستم، چونکە زۆربەی مرۆڤەکان کرێکارن. ئەمە لە کاتێکدا کاری موزیکی ئاوایە، کە من لەنێو کرێکاراندا بارێکی ئاسایی و پەیگیرانە وەردەگرم. ئەگەر لەتەك شوێنێکدا بەراووردیبکەم، کە مرۆڤی جۆرا و جۆری

دێنە نێو بەرنامەکەم و ئاوا نیشاندەدەن، کە هەموو شتی تێگەیشتوون و زۆریان پێخوشبووە. بەڵام لە هەمان کاتدا ئاوانییە. ئەو کەسانە بەتەواوی درۆزنن. ئەو کەسانەی کە سەروەری کۆمەڵگەن، هەمیشە درۆدەکەن و ئاوا نیشاندەدەن، کە تێدەگەن. بەپێچەوانەوە لە نێو کرێکاران و کەسانی ستەمدیدەدا کاردانەوەی سروشتی نیشانئەدەن و زۆریش ڕاستگۆن، کاتێك کە داوای ئەو ئەو شتە دەکەن و کاتێك شتێك تێناگەن بە ڕاستی دەڵێن تێنەگەیشتووین، توانای تێگەیشتنمان لەم شتە نییە ، ئیدی ئەوەندە بەسەکە تۆزێك پشووی پێبدەیت و خۆشت هەست بە پشوو دەکەیت. ئەگەر بزانیت ڕێگەی پێدەدەیت، دەپرسێت گوتت چی ؟ مەبەستت چیبوو؟ بۆ منی ڕۆشنبکەرەوە، با منیش لێت تێبگەم. ژیانی خودی ئەوانەی لە سەرەوەی کۆمەڵگەن واتە چینی سەروەر، لە ڕاستیدا ژیانیان شانۆگەرییە، خۆیان خەریکن ڕۆڵێك دەبینن، کە بەڕاستی خۆیان نین و لە ڕاستیدا ئاوا نییە. ئیدی تۆ چاوەڕوانی چی لەوانە هەیە ؟ چونکە ئەوان بۆیان هەیە، هەر جۆرێك خۆیان دەیانەوێت ڕۆڵببینن و هەر جۆرێك بیانەوێت قسەبکەن، بەڵام بەبێ من. لە هەمان کاتدا ئەوان توانای ئەوەیان هەیە، کە هەستی مرۆڤ و هونەرمەندەکان ڕابکێشن، بۆ خۆیان. هەروەها ئەوەش شەڕێکە و کە دەبێت ئێمەش لەتەکیاندا بیکەین.

**ژیلەمۆ : وەك لە وەڵامەکانتدا دەردەکەوێت، تۆ تەنیا موزیکژەن نیت، بەڵکو هەڵبەست و هۆنراوەش دەهۆنیتەوە ؟ ئایا تۆ بەکامیان، موزیکژەن یان هۆنەر خۆتدەناسێنیت ؟**

کلاوس دێر گایگەر : دەتوانی بە هەردووکیان ناومبهێنیت، لەم کاتەدا هەم دەنووسم و هەم موزیکیشدەژەنم. دیارە من ئەگەر بار و تەندروستیم باشبێت، زۆر هەڵبەست و هۆنراوە نانووسم. کاتێك گرفتێکی دڵدارانە ناچارمبکات، کە بگەڕێمەوە نێو ناخی خۆم، ئیدی هەموو شتەکانی دیکەم لەبیردەچینەوە.

**ژیلەمۆ : ئایا ئەوەی دەینوسیت، هەر بە زمانی ئەڵمانییە، یان بە زمانی دیکەش بەرهەمت هەیە ؟**

کلاوس دێر گایگەر : من بە ئاڵمانی و ئینگلیزی دەنووسم، کاتێك لە ئەمەریکا بووم، زیاتر بەئینگلیزی دەمنووسی. بەڵام کە گەڕامەوە ئاڵمانیا، ئیدی لەو کاتەوە زیاتر بەئەڵمانی دەنووسم.

**ژیلەمۆ : ئایا تۆ زیاتر لە خیاباندا موزیك دەژەنیت یان شوێنی تایبەت هەیە ؟**

کلاوس دێر گایگەر : من زیاتر لە خیاباندا کاردەکەم. کاتێك کە لەسەر خیابان کاربکەم، ئەوا کۆمەڵێك شتی سادە، کە زیاتر لە چوار تا پێنج کۆپلە پێکدێن. زیاتر شتەکان ڕامیارین، مەگەر هەندێك جار وەك گوتم، بارم تەواو نەبێت و شتی دڵدارانە بڵێم و بگەڕێمەوە نێو ناخی خۆم. زۆر جاریش وەك گوتم یان لەتەك تیپێکدا بەشداردەبم، یان کۆنسێرت پێشکەشدەکەم، وەك ئەم شەو کە کۆنسێرتێکمان هەیە. کەسانی دیکەی موزیکژەن دێن. کاتێك کەسانی دیکە بێن، منیش ڕێوشوێنیکی دیکە وەردەگرم، موزیکەکەی خۆم تێکەڵ موزیکی ئەوان دەکەم، بۆ نموونە کەسێك دیت دیجێریدو Didgeridoo، کە ئامێرێکی موزیکی ئوسترالییە کایەدەکات، ئەوا منیش دەبێت موزیکێکی گونجاو لەتەك ئەوەی ئەو دەدۆزمەوە و بەم جۆرە کایەی لەتەکدا دەکەم. واتە من دەبمە تەواوگەری ئەوان یان ئەوان تەواوگەری من دەبن. من لە هەمان کاتدا لە شاری کۆڵن'دا ڕێوشوێنی تایبەتی خۆم هەیە ، سەرپەرشتگەری نێوەندی هونەرمەندانی شاری کۆڵن'م و لە نێویاندا کاردەکەم. هەم وەك سەرپەرشتیکارێك و هەم وەك ئەندامێك موزیك کایەدەکەم. هەر ڕۆڵێك بە ڕێوشوێنی ئەو موزیکە کەوتووە، کە کایەی دەکەی. زۆر جار پەیوەندیم بەدەرەوە هەیە، بۆ نموونە: میوانیکرام بۆ سوید ، بۆ بەرنامەیەکی شانۆیی چوار پەردە، کە دیمەنەکانی لەسەر باران و ئاگر و ئاو و با بوون. هەر ئەکتەرێك و موزیکژەنێك پێکەوە کایەماندەکرد. کۆنسێپتەکە دیاریکرا، کە چۆن چۆنی بێت. من خۆم موزیکم کایەکردەوە. چواردە ڕۆژ ماوەم هەبوو، کە لەتەك موزیکژەنەکان پێکەوە یەکدی ببینین و بەپێی ئەو شانۆییەی کە ئەوان دایانڕشتبوو، توانیمان ڕێکیبخەین. من خۆم نازانم ئەم جۆرە موزیکە ناوبنێم چی ؟ ئەم کارە چواردە ڕۆژ لە باشووری سوید دەرهێنرا. دواتر ئەوە میوانیانکردم بۆ یابان دە (١٠) ڕۆژ لەوێندەرێ بووم، شەش کۆنسێرتم کایەکرد. لە ڕاستیدا شەش تیپی موزیکی جیاجیا بووین. لەپانکەوە تا ئاڤانگاردیست، موزیکی ئاسایی ڕەیپ و ڕۆك. ئێمە بە ڕاستی هەموو کارێکمانکرد. دیارە کە من میوان بووم، بەڵام ڕۆڵی گەورەم هەبوو. بەتایبەتی لە داستان و مێژووی یاباندا. ئێستا لەلایەن کاناڵی تەلەفزیونی(arte)ەوە بۆ ئەفریکا میوانداریکراوم ، وەك تەپل لێدەر Trommler. من وەك کەسێك کە لەتەك ئەواندا نامۆم و زیاتر بە کولتووری ئاڵمان و ئەوروپا ئاشنام، میوانداریکراوم، تا لەتەك ئەواندا کاربکەم. من دەبێت لەبواری موزیکیدا بتوانم پەیوەندی ئەوانە هەمووی پێکەوە گرێبدەم و بەیەکەوە پەیوەندیانبدەم. بە جۆرێك بێت لە نێوەوە شیاوی تێگەیشتن بێت و هەموو کەسێك بتوانیت لێی تێبگات.

**ژیلەمۆ : ئایا تۆ تەنیا کاردەکەیت یان لەتەك تیپێکی موزیکیدا هاوکاریت ؟**

کلاوس دێر گایگەر : ئەگەر بە تەنیا موزیکبژەنی، ئەوا لەدرێژماوەدا دەمریت. لەهەمان کاتیشدا ئەگەر ماوەیەکی زۆر لەنێو تیپێکیشدا کاربکەیت، ئەوا هەر دەمریت. بۆ کەسێك کە بە تەنیا کار بکات، ئەوا لەلایەکەوە تەواو ئازادە، لەلایەکی دیکەشەوە ئازاد نییە. وەکو پیشە مرۆڤ بەتەنیا ئازاددەبیت و لەتەك ئەوانەشدا دەبێت، پشوو بدەیت. بۆ نموونە گەر بمەویت بە تەنیا کار بکەم و کارم بەسەر هیچ کەسێکەوە دیکەوە نەبێت، ئەوا دەبینم کە بابەتەکانم وردە وردە دەمرن و بەکەڵکی خەڵکی نایێن. پاش ئەوە دەیێت، بچم لەتەك کەسانێك کاربکەم، بو ئەوەی خەڵکی وەرسنەبێت. ئێستا من دوو هاوکارم لە خیاباندا هەن، من کەسێکم وەك موزیکژەنی خیابانی ناسراوم. هەر کەسیکمان لە هەمان کاتدا دەتوانین بەجیا کاربکەین و هەم پێکەوە. بۆ نموونە ئەو کەسەی کە دیجێریدو Didgeridoo کایەدەکا، خۆی بە تەنیا سیدی'یەکی دەرهێناوە و دەیەوێت لە کاتی ساڵیادی مەسیح ڤایناختن'دا بیفروشێت.

ژیلەمۆ : لەکاتی 'جەنگی دووەمی جیهانی'دا بەتایبەت جەنگی نێوخۆی ئیسپانیا، هونەرمەندان وەك پاڵپشتی لە هاورێکانیان کاریاندەکرد، بە شانۆ و هۆنراوە و تەنانەت بە بەشداری ڕاستەوخۆش ئەرکی نێونەتەوەییان ئەنجامدەدا. لەوانە بێرتۆلد برێخت، ئایا لە ئێستا نێوەندێك یان هەوڵیکی ئاوا لە ئارادا هەیە، بەتایبەت کە سەرتاسەری دونیا جەنگ و وێرانکارییە،وەك جەنگی ئەمەریکا - عیراق، ئەفگانستان، ئەمەریکا ، ئەوروپای خۆرهەڵات؟ کلاوس دێر گایگەر : لەم کات و سەردەمەدا، خەریکە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان لە ڕووی بیر و گیانییەوە لێکهەڵدەوەشێتەوە و مرۆڤەکان لە ڕووی هوشیارییەوە لاوازن. تۆ لە ڕووی داراییەوە سەیریانمەکە، لە ڕووی گیانی و هزرییەوە زۆر هەژارن. ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی، ئەم شتەی کە خەریکی تۆ باسیدەکەی، لەم هەلومەرجەدا سەرنەگرێت. شتێکی دیکەش، ئەوەندە کولتووری دواکەوتووانە بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵبووە، ئەگەر من بچمە خیابانەوە و کارێکی ئاوا بکەم، شتەکە بە ژیانی خەڵکەکەوە پەیوەستنەبێت، ئەوا گوێم بۆ ڕانادێرن. لە ئێستا خەریکە پەیوەندی مرۆڤەکان، لە ڕووی هزریی و گیانییەوە لاوازدەبێت. بە ڕاستی ئەو کەسانەی کە بیردەکەنەوە، کەمن و هەژارن. هەروا خودی ئەمە هونەرمەندەکان بەوە ناچاردەکات، کە زیاتر لە بارەی ژیانی ئەمانەوە قسەبکەن، تا گوێیان بۆ ڕادێرن. ئەوە گرفتی تەنیا من نییە، بەڵکو لە

ڕاستیدا گرفتی تەواوی هونەرمەندانێکە، کە خۆیان لەسەر ئەم زەوییە، لە دەرەوەی سنوورەکانی ناسیونالیزمەوە بۆ شتەکان دەڕوانن. بۆ نموونە تەماشاکە تەلەفزیۆن هەرچی شتی دروست و کەتوارییە، تیایدا نییە، بەڵام گشت مرۆڤەکان تەماشای دەکەن٠ هەروەها شانوگەرییەکان واتیان نەماوە، بۆ هەر شوێنێك دەچیت، پرە و هەمووان دەچن. بەڵام بیوماتاترین شانۆگەریین، کە لەم سەردەمەدا خەریکن دەردەهێنرێن. تەنیا شانۆگەرییەك کە لەم ماوەیەدا دیومە و سەرنجیڕاکیشاوم، لە ئاڵتە فۆیەر ڤاخەalte feuer Wahche پێشکەشکرا. کە ئەکتەرەکانی لە تورك و کورد و ئاڵمانی و بەنگلادیشی و ئەفریکی و پورتگالی پێکهاتبوون و ڕۆڵیاندەگێڕا. ئەمانەش بۆ خۆیان بابەتیکن، کە لێرە هیچ کەس یارمەتییاننادا، تەنیا ئەوانە نەبێت، کە خۆیان برسین و خەڵك کۆمەکیان پێدەکات. ئەگەر کەسێك بیەوێت لەم بوارەدا کاربکات، ئەوا لە برسا دەیکوژن. لەم ولاتە دەوەمەندەدا، ئەگەر بتەوێت پێشکەوتووانە کاربکەیت، ئەوا لە برسا دەمریت. چونکە کولتووری مرۆڤی برسی، کەس یارمەتینادات. ئەوانیش وەکو موزیکژەنە خیابانییەکان، هیچ کەس کۆمەکیاناکات.

**ژیلەمۆ : باشە ئەی لە ڕووی بیرو باوەڕەوە چون بیردەکەیتەوە، زۆر جار لە قسەکانتاندا باسی پانکیست، مارکسیست، ئەرناشیست [ئەنارکیست] دەکەیت. ئایا سەر بە کامە هێل و سەر بەکام بزوتنەوەی لەنێو ئەمانەدا ؟**

کلاوس دێر گایگەر : من ئەرناشیستەکانم لە هەموویان خۆشتردەوێن. من خۆشم لە ڕووی بیروباوەڕەوە (ئەنارشیزم)م زۆرتر پێخوشە. شتێکی دیکەش کە لەنێو قسەکانمدا کەمە، ئەویش چۆنیەتی بیرکردنەوەمە. دیارە هەر کەسێك بۆ خۆی جۆرێك بیرکردنەوەی هەیە. کەسێك بە عیسا و کریسمس، کەسێك بەمحەمەد و هەرك ەسێك بەشتیك باوەری هەیە. من بە سروشت باوەرم هەیە، بە هیچ شتێکی دی باوەرم نییە. ئەگەر تۆ بتەوێت یاسای سروشت تەماشاکەی، بەڕاستی یاسای سروشت زۆر شتێکی جوانە. ئەگەر ئەو یاسایەی سروشت بکەیتە (ئەلتەرناتیف) بۆ ژیانی مرۆڤەکان، ئەوا ژیان زۆر ئاسایی و سادەدەبێتەوە. ئەگەر بتەوێت مرۆڤەکان ئازادبکەیت، زۆر زوو شت فێردەبن. مەگەر مرۆڤەکان هەڵەیەکی زۆر ترسناك بکەن. ئەوەندەی گروپەکان و ئیدەکان گەرەکیانە و جیاوازی لەنێوان مرۆڤەکاندا دەکەن، خودی مرۆڤەکان ئەوەندە جیاوازییان لەنێواندا نییە. بو نموونە بتەوێت بڵێت تەنیا عیسا و هیچ کەسی دیکە نا، کەسێکی دیکە بڵێت محەمەد و کەسی دیکە نا. ئەگەر ئاوا سەیربکەیت،

گرفتەکان تەواو گەورە دەبنەوە. بەڵام ئەگەر پێچەوانەی ئەمە بیربکەیتەوە و بڵێیت من ئەمەم و هەموو شتیکی دیکەش دەتوانێت بوونی هەبێت. ئەوا ئەو کاتە ژیان ئاسانتر دەبێتەوە، بەمەرجێك نەڵێیت تەنیا خۆم و تەواو.

لە بارەی ئەو لێکوڵێنەوە و توێژینەوانەی کە تا ئێستا کراون، لە نێویاندا ئەو نووسین و توێژینەوانەی کە مارکس کردوونی، لە گشتی تەواوتر و دروستترن. یاسامەندی مارکس یاسایەکی جیهانی بوو. توێژینەوەکانی لەبارەی سەرمایەداریی ئەو کاتە و لەبارەی ئەوروپا و نێوەندێتی سەرمایە لە ئەوروپاوە بۆ جیهان، ئەمانە تەواون. کە مارکس دەڵێت سەرمایە جیهانییە و نێوەندێکی جیهانی هەیە. لە جیهاندا لە نێوەندێکەوە خەریکە بەرهەمدەهێنرێت، بو تەواوی دونیا. ئەمە شتیکە کە هەتا ئێستا لەم ئەوروپا بوونی هەیە و لە ئەوروپاوە بۆ ئەفریکا و ئاسیا و تەواوی جیهان بەرهەم دەهێێرێت. مادام بەرهەمهێنان بۆ مرۆڤەکان نێوەندیتی هەیە، کەواتە لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانرێت کێشە و گرفتی ژیانی مرۆڤەکانیش بە نێوەندیتی چارەسەر بکرێت. هەروەها ئەمە ئێستا لە هەر کاتێك بوونی پێویستترە. مێژووی مرۆڤایەتی مێژوویەکە، مرۆڤ بۆ خۆی دەتوانێت بەتەواوی تەماشایبکات. بۆ نموونە 'کریسمس' سەرەتا ئەمە شتێکە لە مێژوودا دروستکراوە. بەجۆرێك بوونی هەبووە، کارمان بە بوون و نەبوونییەوە نییە، بەڵام (٤٠٠) ساڵ پاش تەمەنی خۆی لە دونیادا گرنگکراوە. لە ڕاستیدا ڕۆڵەکان خۆیان دروستیانکردوون، دژی ئەو سیستەمەی کە لە سەرووی خۆیانەوە بووە و بەو شێوە تێکۆشاون. یان محەمەد لە کاتی خۆیدا، من نازانم لەوانەیە زۆر زۆر گرنگ بووبێت. بەڵام کارێك کە خەریکن ئێستا دەیکەن، تەواو دژی مرۆڤە. من بۆ 'بۆسنیە' میوانییکرام، دە (١٠)ڕۆژ لە وێندرێ بووم. لە وێندەرێ هەر هەموو شتەکان بەهۆی جەنگەوە تێکچوون وێرانبوون. کاسولیکەکانی ئەوێندەرێ میوانیانکردم. ئێستا ئەوان لەوێندەرێ خەریکی کاری مرۆیین، خۆیان ڕاستەوخۆ نایکەن، یان ئەنجامینادەن. بەڵام ئەوان خەریکن ڕێکیدەخەن. لە هەمان کاتدا خەریکی پێرۆز کردنی پیاوە ئایینییەکان و خوداپەرستین. من شتێکم بۆ نێو کلیساکەیان برد، یەکی لە گۆرانییەکانی خۆم. کلیساکە پربوو، هەموویان پێیانخۆشبوو، لە کاتێکدا کلیسا هەزار ساڵە خەریکە شتێك دووبارە دەکاتەوە. لەتەك ئەوەشدا من چووم لە کلیسا موزیکمژەنی، بەڵام شتی تازەم دەرهێنا. دیارە خەڵك شتێکی پێویستە. ئەگەر خەڵك بەڕاستی پێویستیان پێیەتی، منیش پێرازیدەبم و با برون لەوێندەرێ بۆ خوا لاژە لاژ بکەن. من کارم بەسەر ئەوەوە نییە، برۆن نوێژ بکەن و بپەرستن . ئەگەر بەم جۆرە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان و ژیانیان باشتردەبێت، با برۆن

تا ئێواره نوێژ بکەن.

**ژیلەمۆ : ئایا تەنیا دەژیت، یان کەسێکی دیکە وەك هاوسەر و منداڵ لە ژیانتدا بوونیان هەیە؟**

کلاوس دێر گایگەر : نەخێر تەنیا ناژیم، ساڵی ١٩٦٤هاوسەریمکردوە و هاوسەرەکەم ناوی 'کریستل' بوو و هێشتا هەر پەیوەندیمان ماوە، بەڵام پێکەوە ناژین. لەتەك ئەودا سێ منداڵمان هەن و منداڵەکان بۆ خۆیان گەورە بوون و خۆیان منداڵیان هەیە، تەمەنیان لە سی ساڵ زیاترە. ئێستا لەتەك کەسێکی دیکە ژیاندەکەم، کە ناوی ' ئولا 'یە، بەڵام تەنیا هاوەڵین و هاوسەریماننەکردووە. لەتەك ' ئولا ' دوو منداڵمان هەن، ئەوانیش تەمەنیان هەژدە و نۆزدە ساڵانە. ئێمە لەتەك خیزاندا بارێکی تایبەتیمان هەیە، پاش ئەوەی کە لە ئەمەریکا گەڕامەوە. وەك باسمکرد، شێوەی کۆمونیمان وەرگرتبوو، وەك ناڕەزاییەك بەم کۆمەڵگەیە و لەبەر ئەم هۆیانە:

یەکەم : ئەم کۆمەڵگەیە، کە ئاوا ڕێکخراوە، پێیڕازینین.

دووەم : ڕێوشوێنی کار، ئەوەی بتوانی بەهۆی ڕێوشوێنی کارەوە، لەم کۆمەڵگەیەدا شتێك بگۆڕیت یان تەکانبدەیت، ئەوەشمان لەلا دروستنییە.

سێیەم : هاوسەریی و یاسا و خێزان بەشێوەیەکی فەرمی پەسەندیانناکەین، هەروەها هەر شتێکیش، کە ببێتە هۆی لێسەندنەوەی ئازادی مرۆڤەکان. لە دژی ئەوانە، ئێمە خەریکی پیادەکردنی ئەم بیرۆکانەین. زۆر زۆر دژوارە، لەبەرئەوەی ئێمە تەواو دژی شێوە و ڕێکخستنی کۆمەڵگەن. بەتایبەت کە ئێمە منداڵمان هەبوو، زۆر ئاڵۆزتر بوو، بەڵام ئەو کەسانەی وەك ئێمە کە باوەرمان بە ژیانی کۆمونی بۆ هەموو مرۆڤەکان هەبووە، ئەوا سەختییەکانی بۆ هەر کەسێکمان بە جۆریك بووە و تایبەتمەندییەکی هەبووە، تیایدا بمێنیتەوە و ژیانی تێدابکات. لەبەرئەوەی لە لایکەوە فشار هەبوو و لە لایەکی دیکەوە ژیانی کۆمونەیی و پێکەوەژیان ئەوەندە لە ڕووی دەروونی و گیانییەوە، پێداویستییەکانی ئێمەی دابیندەکرد، کە دڵمان پێیخوشبێت و ئەمە ئەو شتە بوو، کە بووە هۆی ئەوەی ئێمە درێژەی پێبدەین.

زۆرێك لە لاوەکانی ئەمەریکا ئەم شێوە ژیانەیان هەبوو، بەشێوەی کۆمونی و بەکۆمەڵ دەژیان. بەڵام بەداخەوە ئێمە لێرە نموونەی ئاوا هاوشێوەمان زۆر زۆر کەم بوو. ئەو کات کۆمەڵە

موزیکییەکانی وودستۆوك Woodstock نازانم ناوتان بیسنوون یان نا، زۆرێك لە موزیکژەنەکان لەنێو ئەو گروپانەدا بوون. بەتایبەت لە سەردەمی جەنگی ڤیتنام'دا ڕۆڵی گەورە و بەرچاویان هەبوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا زۆر شت لەنێویاندا هەبوو؛ لەوامە حەشیشکێشان و ئەمانە، بەڵام لەتەك ئەوەشدا کاریکی زۆر باش بوو .

ژیلەمۆ: دوا پرسیار یان دروستر بڵێن دوا وشە و پەیامتان بۆ خوێنەرانی گۆڤاری ژیلەمۆ چییە؟

کلاوس دێر گایگەر : ناوی گۆڤارەکەتان زۆر جوان و زۆر گرنگە، پێویستە ئەم ناوە بپارێزن، من زۆر دڵخۆشم کە ئەم دیمانەیەی من لەنێو گۆڤارەکەی ئێوەدا بڵاودەبێتەوە، هەروەها ئەو کەسانەی کە خەریکن ئەم گۆڤارە دەدەنەدەرەوە، دەبێت بیربکەنەوە کە ناویکی زۆر بەواتایان هەڵبژاردووە و پێویستە دەستبەرداری نەبن . دوا دەستەواژەم، زۆر سوپاستان دەکەم، بۆ ئەم هەڵەی کە بۆتانڕەخساندنم، تاوەکو لەم ڕێگەیەوە بۆ خوێنەرانی گۆڤارەکەتان بدوێم.

ژیلەمۆ: ئیمەش زۆر سوپاسی تۆ دەکەین، بۆ ئەم کاتەی بە ئێمەت بەخشی، هیوادارین لە هەلێکی دیکەدا بتوانین لەسەر کارەکانی دیکەت بدوێن و بە خوێنەرانی فارسیزمان و کوردیزمانیان بناسێنین .

*************************************************************************

**ئامادەکردنی: وریا ئەحمەدی**

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە : هەژێن**

*** پێشتر لە ژمارە ( ٦ و ٧)ی زستان و بەهاری ساڵی ١٩٩٩ی گۆڤاری هونەریی ژیلەمۆ'دا بڵاوکراەتەوە.**

## Dîmane letek Muzîkjenî Xyabanî klaws Gayger Klaus der Geiger

Katêk le dergey pallaxaneke wejûrkewtîn, dîmenî dallaneke, ruxsarî pêplîkanekan eû sat û xozge kfinkrawaneyan dehênaye berçaw, ke bawk û bapîranî klaws be leseryek helliçnînyan koşk û ballaxane û kanekanyan pêsazkirdûn. Goşey nêwan pêplîkanekan wek goşeî pêşangayek dehateberçaw, weha be karî hunerîy hellkollîn û tabllo û nûsînî cwan û wêne fotografîyyekanî hunermenid lekatî 'konsêrt'da, letek gull û sewzayî razabûnewe. Tamezruîy bînînî emi hunermende le nzîkewe, letek kewtneberigwêy dengî kemançeyek wehaî lêkirdbûyn, ke 30 ta 40 pêplîkane le çawtrukanêkda bibrrîn. Arezûy nzîkbûnewe le dengî muzîkeke û sernicrrakêşanî tablo û wêne û kare hunerîyekanî nêw rarreweke desitberdarman nedebûn. Katêk klaws bepîrmanewe hat, eû heste besermanda zallbû, ke serdemanêke yekdî denasîn, şwênî karekey sernicrrakîştir û pirwatatir le tablo û kare hunerîyekan. Kereste û pêdawîstîyekanî, temenî apartmaneke letek dunyay koşk û telarekanî derewe, tenya û tenya nîşanderî naweroki û  ketwarî komellgey sermayedarî bûn. Çawerwanîm wabû, layenîkemi jyanî emi hunermende şorrşigêrre wek jyanî mruvêkî asayî bêt, bellam rastî emeî deselmand, ke le komellgey çînayetîda hemûştêk dû dîwî heye, jyan, huner, kar, amancî xudî mrov, le sayey dîmukrasî parlemanîda detwanêt zor şit bkeî, bemercêk zorşit ledesit bdeî, bellam geri le rastî çawbpoşît, ewa le sayeî serwerîyda meî denoşît. Her bemi pêyeşi hunermendanî şorrşigêr bêbeşi dekrên û hunerifroşanîş bexşîşdekrîn.

Bo ewey jyan û têkoşanî hunermenid peri peri helldînewe, rûdekeîne klaws'î kemançejen, taweku xoy boman bidwêt ...

**Jîlemo : dawat lêdekeîn, sereta xot bexwêneran bnasîne ?**

Klaus der Geiger : min nawm Klaus von vorxîm (von Worchem), le germeî cengî cîhanî duwemda salî1940 le 'dopolldîsڤade Doppoldiswade '

ledaykbûm , êsta leşarî kolln nîştecêm.

**Jîlemo : seretay hogirbûnit be muzîk û çûne nêw dunyay muzîkewe degerêtewe bokey ?**

Klaus der Geiger : heşit nosallani bûm, wate paş şerî cyehanî duwem, destim bo muzîk bird. Ewkat bawkim dîlî serbazî bû le rusya, le dwazde sallîda baştir be bîrm dêt ke muzîkim dejenî.

**Jîlemo : aya bo to muzîk wek pîşeyeke yan karêkî dîketi lepallîda heye ?**

Klaus der Geiger : min weku pîşeyek seîrî muzîk nakem, hergîz awa seîrî muzîkim nekirduwe, ke pêybjîm, bellku behoy ramyarîyewe emi karemkirdwe û drêjempêdawe, le heman katîşda behoy emewe zor car mîwanîykrawum. Emeşi bom buwe be mayeyek . Min bezorî leser derametêk ke le xyabanewe bedestîdênim, guzerandekem, emeşi zor zor sexte, debêt maweyekî zor leser şeqamekan bmênîtewe muzîkbjenî, le heman katda min hîç katêk emi muzîke xyabanîyemi wek karêk seîrnekirdwe. Min pêştir le karxaneyekda karimdekird, tenya le kotayî heftekanda muzîkimdejenî.

**Jîlemo: paş hogribûnit be muzîk, aya lew pênaweda çûyte fêrgey muzîk yan wek hugrîyekî kesîy drêjetpêdawe ?**

Klaus der Geiger : paş ewey ke temenim 12— 13 sallan buû, hatîne şarî kolln, lelay mawrîsyo kargil Mauricio Kagel û hayintis ştokhawzin Karl Heiniz Stockhausen mowzîk fêrbûm. Paşan bo xwêndinî balla le bwarî muzîk, çûme emerîka û wîstim lemi bwareda diktora bhênim.

Min le emrîka bezor wederinram, çunke wek kesêkî mîwan û namo nedebû, çalakî ramyarîy encambdem. Min letek korr û komellî xwêndkaran û reşekanda

karimdekird, ke eû kat djî cengî vîtnam û bar û doxî reşekan xebatyandekird, wek grupî blêk pênter Black penter, ke grupêkî reşpêst bûn le djî emerîka. Emi grupe komonîst bûn, zor behêz bûn û xawenî çekîş bûn. Min hezimdekird, ke le emerîka bmênmewe.

**Jîlemo : wek gutt to wek kar û pîşe seîrî muzîk nakeît, le heman katîşda beû pareye guzeran dekey, ke le xyabanda peîdaydekeît, aya fermangey kultûrîy Kulturamt şarî kolln weku hunermendanî dîke, komekî nekirdûyt ?**

Klaus der Geiger : nexêr min lelayeni nêwendî kultûrîyewe hîç komekêkim pênekrawe, bellku bepêçewaneşewe zorcar skallayan leser tomarkirdûm. Maweyek lemewberi hewillyanda bimxene zîndanewe, bellam serkewtûnebûn. Le şarî duyisburg Duisbug le yekêk le zankokanda, ke be zyatir le şazde zman têyda dexwêndirêt, emeşi gringîyekî taybetî heye, ewîş eweye ke detwanît be zmanî dayk yan bezmanêk ke deyzanît û arezûdekeyt, bixwênît û birrwanameyek bedesitbênît, betaybeti eû kesaneî ke griftî zmanî allmanyan heye, detwanin paş bedesithênanî birrwanameke griftî zmanî allmanîş çareserbken. Êsta partî fermanrrewa ' partî soşyal dêmokratî allman (SiPD) deyewêt daybxat. Eû birryare xwêndkaran û mamostayan û kesukarî xwêndkarekanî zor herasan û bêzarkirduwe. Bo emi mebeste xopîşandanêkyan berêxsit, ke mnîş têyda beşdarîmkird. Le nêwendî şarî dîwisburg'da le beramberi xopîşandanekeda polîs bo hêrişkirdne serman, amadeyyekî zorî wergirtbû, bo byanûyek degerran. lenêw xopîşanderekanda komellîk law (p. K, k) nebûn, bellam wek ewan dehollyan hênabû, xerîkî deholllêdan bûn û semayandekird. Eme buwe hoy ewey, ke polîsekan emi byanuwe bqoznewe û hêrş bkene serman. Le wêne le nêwendî şar, min xerîkî muzîkjenîn bûm. Pêmgutin aram bin, çunke hîç û pûçekan hêrşyankirduwe, bzanîn çî beserdê. Leser emi qseye, polîsekan beminyan gut "debêt bêytexwarewe". Mnîş pêmgutin natwanim, minxerîkim muzîkdejenim. Le beramber eweda minyan desitgîrkird û daway

şunasnameyeyan lêkirdim. Mnîş şunasnamekem pêyanneda, minyan desitbeser bird û xwêndkarekan kewtne şwênim ta min azad bikrêm.

Katêk ke minyan bird, kîşeke bû bedû kêşe [ qaqay pêkenênêk le naxewe ha. Ha. Ha] le otomebêlekeda gwêm lebêtelekanyan bû, qseyandekird, deyangut eû kese zû berdenin, lewaneye kêşeî gewretir drustibbêt, çunke tewawî xwêndkarekan hatûnete nêwendî şar û şarrêgekanyan girtûn. Bellam leberi nedanî şunasname neyandetwanî min azadbken. Paş nîw satêk xwêndkarekan weha karêkyan kirdbû, ke bareke tewaw xrap buwbû, boye polîsekan naçarbûn, bimxene taksîyekewe û bimbenewe bo şwênî xom, eû şwêneî ke muzîkim lêdejenî. Kabra dergey taksîyekeî bo kirdmewe û gutî: fermû leser cêgey xot dabnîşewe ...( ha. Ha. Ha) destimkirdewe be muzîkjenîn.

Min hemîşe wabûm, çendîn car leser muzîkî xyabanî û şitgelî ramyarîy kewtûmete zîndanewe. Le rastîda her ewey leser şeqamêk muzîkbjenî, weku narrezayetî nîşandane û berhemî desall xebatî bêwçane, ke leû desalleda çendîn kesman tûşî derdîserî bûyn. Muzîkî xyabanî le rûy yasayyewe mulletî pênedrawe, boye her kat byanewêt detwanin hêrş bênin û bllên lêre brro û rameweste.

Jîlemo : to çi şêwazêk yan drustir bllêm çi mektebêkî muzîkît hellibjarduwe û boçî ?

Klaus der Geiger.: min le serdemêkda gewrebûm, ke muzîk begşitî klasîk bû, muzîkî klasîk, wate bo çînekanî serewe temaşa bkeî, wate borcwazî .

Min muzîkî hawçerxim hellibjard, leberewey ke demuyist le muzîkî klasîk bêmederewe, muzîkî hawçerxîş şêwazî cyacyay heye, lewane muzîkî pêşrrew Avantgarde music evangartîstîş ramyarî çalak nîye, bellam le rûy muzîkîyewe begiştî hî çînî xwareweye, le evangartîste benawbangekan detwanîn (mawrîsyo kargil) û ( karl hayintiz ştokhawzin) benmûne bhênînewe .

Min katêk le emerîka bûm, berastî azadbûm û xom be tewawî azadkirdbû, le trradisyon [sunet]î mîllî, bellam min lewê namo bûm û xudî namoyî xom, buwe hoy ewey min zortir tradîsyonî mîllî begalltegrim û kîneî lêhelligrim. Bo ewey leû bare azadbît, debêt cengî letekda bkeît. Ewsa xerîkbûm diktora bhênim bellam le nîwey rêda gerame dwawe û hatmewe lêre wek kesêk ke le xyabanda mujîkbjenim, neçûme hîç zanko û nêwendêk. Her bemi bonewe katêk distbekarbûmewe, le allmanda min bekemançe distimpêkrid, be komelle ştêk; honrawe bo mnallan be kemançe le xyabanda be mîlodî sade bo mnallan wek " kar mruv şaddekat, kar mruv azaddekat" zor sade û asan şyawî têgeyiştin " dara rarî rarî rarî " le heman katda zor sernicrrakîş, muzîkêkî sade û watadar, tewaw djî borcwazî û sîstemekeî. Min ewende honrawemi honîwetewe, îdî pêwîstim nîye, hezar û ewende honrawem nûsîwe, be her barêkda, îdî katêkîş dêt, ke namênît, bellam êstake letek eweşda xom seîrdekem, dekrêt û debêt corêkî dîke byannûsim û muzîkekan û honrawekan û srûdekanim corêkî dîke bin. Bellam nakrêt her hemûyan bgorrdirên. Geri bmewêt ştêkî taze berhembênim, pêwîste bçim le xyabanda letek xellikda qsebkem, pêwîste ştekan hemîşe taze bin. Le derewey emi şêwaze debîte cadûgerî.

**Jîlemo : aya muzîkêk ke to deyjenît, bo çînêkî dyarîkrawî nêw komelle, yan arastey gişt çîn û tuyjekane ?**

Klaus der Geiger : muzîk ştîke her kes pêwîstî pêyetî, bebê leberçawgirtnî rêwşiwênî ew kese le komellgeda. Muzîk ştêke letek mrovda dedwêt. Lêre zorbey mrovekan krêkarn, her leber eweşe hîç cyawazîyek le nêwan mrovekanda dananîm. Bellam min xerîkim seyrî em komellgeye dekem, debêt qseyek bkem, ke bekellkî zorbey mrovekan bêt. Wek dyare min beşêweyekî asayî û sruştî be krêkaranewe peywestim, çunke zorbey mrovekan krêkarn. Eme le katêkda karî muzîkî awaye, ke min lenêw krêkaranda barêkî asayî û peygîrane werdegrim. Eger letek şwênêkda berawurdîbkem, ke mrovî cora û corî dêne nêw bernamekem û awa nîşandeden, ke

hemû ştî têgeyiştûn û zoryan pêxuşbuwe. Bellam le heman katda awanîye. Ew kesane betewawî droznin. Ew kesaney ke serwerî komellgen, hemîşe drodeken û awa nîşandeden, ke têdegen. Bepêçewanewe le nêw krêkaran û kesanî stemdîdeda kardanewey sruştî nîşaneden û zorîş rastgon, katêk ke daway ew ew şte deken û katêk ştêk tênagen be rastî dellên tênegeyiştûîn, twanay têgeyiştinman lem şte nîye , îdî ewende beseke tozêk pşûy pêbdeyt û xoşt hest be pşû dekeyt. Eger bzanît rêgey pêdedeyt, deprisêt gutt çî ? Mebestit çîbû? Bo mnî roşinbkerewe, ba mnîş lêt têbgem. Jyanî xudî ewaney le serewey komellgen wate çînî serwer, le rastîda jyanyan şanogerîye, xoyan xerîkin rolêk debînin, ke berrastî xoyan nîn û le rastîda awa nîye. Îdî to çawerrwanî çî lewane heye ? Çunke ewan boyan heye, her corêk xoyan deyanewêt rollbibînin û her corêk byanewêt qsebken, bellam bebê min. Le heman katda ewan twanay eweyan heye, ke hestî mrov û hunermendekan rabkêşn, bo xoyan. Herweha eweş şerrêke û ke debêt êmeş letekyanda bîkeyn.

**Jîlemo : wek le wellamekantda derdekewêt, to tenya muzîkjen nît, bellku hellbest û honraweş dehonîtewe ? Aya to bekamyan, muzîkjen yan honer xotdenasênît ?**

Klaus der gayger : detwanî be herdûkyan nawimbhênît, lem kateda hem denûsim û hem muzîkîşdejenim. Dyare min eger bar û tendrustîm başbêt, zor hellbest û honrawe nanûsim. Katêk griftêkî dilldarane naçarimbkat, ke bgerrêmewe nêw naxî xom, îdî hemû ştekanî dîkem lebîrdeçînewe.

**Jîlemo : aya ewey deynusît, her be zmanî ellmanîye, yan be zmanî dîkeş berhemt heye ?**

Klaus der gayger : min be allmanî û îngilîzî denûsim, katêk le emerîka bûm, zyatir beîngilîzî demnûsî. Bellam ke gerramewe allmanya, îdî lew katewe zyatir beellmanî denûsim.

**Jîlemo : aya to zyatir le xyabanda muzîk dejenît yan şwênî taybet heye ?**

Klaus der Geiger : min zyatir le xyabanda kardekem. Katêk ke leser xyaban karbkem, ewa komellêk ştî sade, ke zyatir le çwar ta pênc kople pêkdên. Zyatir ştekan ramyarîn, meger hendêk car wek gutim, barm tewaw nebêt û ştî dilldarane bllêm û bgerrêmewe nêw naxî xom. Zor carîş wek gutim yan letek tîpêkda beşdardebim, yan konsêrt pêşkeşdekem, wek em şew ke konsêrtêkman heye. Kesanî dîkey muzîkjen dên. Katêk kesanî dîke bên, mnîş rêwşiwênîkî dîke werdegrim, muzîkekey xom têkell muzîkî ewan dekem, bo nmûne kesêk dît dîcêrîdu Didgeridoo, ke amêrêkî muzîkî ustralîye kayedekat, ewa mnîş debêt muzîkêkî guncaw letek ewey ew dedozmewe û bem core kayey letekda dekem. Wate min debme tewawgerî ewan yan ewan tewawgerî min debin. Min le heman katda le şarî kolln'da rêwşiwênî taybetî xom heye , serperiştgerî nêwendî hunermendanî şarî kolln'mi û le nêwyanda kardekem. Hem wek serperşitîkarêk û hem wek endamêk muzîk kayedekem. Her rollêk be rêwşiwênî ew muzîke kewtuwe, ke kayey dekey. Zor car peywendîm bederewe heye, bo nmûne: mîwanîkram bo suyd , bo bernameyekî şanoyî çwar perde, ke dîmenekanî leser baran û agir û aw û ba bûn. Her ekterêk û muzîkjenêk pêkewe kayemandekrid. Konisyêteke dyarîkra, ke çon çonî bêt. Min xom muzîkim kayekirdewe. Çwarde roj mawem hebû, ke letek muzîkjenekan pêkewe yekdî bbînîn û bepêy ew şanoyyey ke ewan dayanrriştibû, twanîman rêkîbxeyn. Min xom nazanim em core muzîke nawbinêm çî ? Em kare çwarde roj le başûrî suyd derhênra. Dwatir ewe mîwanyankirdim bo yaban de (10) roj lewênderê bûm, şeş konsêrtim kayekrid. Le rastîda şeş tîpî muzîkî cyacya bûyn. Lepankewe ta avangardîst, muzîkî asayî reyp û rok. Ême be rastî hemû karêkmankird. Dyare ke min mîwan bûm, bellam rollî gewrem hebû. Betaybetî le dastan û mêjûy yabanda. Êsta lelayen kanallî telefzîwnîy(arte)ewe bo efrîka mîwandarîkrawm , wek tepil lêder Tromimler. Min wek kesêk ke letek ewanda namom û zyatir be kultûrî allman û ewrupa aşnam, mîwandarîykrawm, ta letek ewanda karbkem. Min debêt lebwarî muzîkîda bitwanim

peywendî ewane hemûy pêkewe grêbdem û beyekewe peywendyanbdem. Be corêk bêt le nêwewe şyawî têgeyiştin bêt û hemû kesêk bitwanît lêy têbgat.

**Jîlemo : aya to tenya kardekeyt yan letek tîpêkî muzîkîda hawkarît ?**

Klaus der Geiger : eger be tenya muzîkbjenî, ewa ledrêjmaweda demrît. Leheman katîşda eger maweyekî zor lenêw tîpêkîşda karbkeyt, ewa her demrît. Bo kesêk ke be tenya kar bkat, ewa lelayekewe tewaw azade, lelayekî dîkeşewe azad nîye. Weku pîşe mrov betenya azaddebît û letek ewaneşda debêt, pşû bdeyt. Bo nmûne ger bmewît be tenya kar bkem û karm beser hîç kesêkewe dîkewe nebêt, ewa debînim ke babetekanim wirde wirde demrin û bekellkî xellkî nayên. Paş ewe deêyt, bçim letek kesanêk karbkem, bu ewey xellkî werisnebêt. Êsta min dû hawkarm le xyabanda hen, min kesêkim wek muzîkjenî xyabanî nasrawm. Her kesîkman le heman katda detwanîn becya karbkeyn û hem pêkewe. Bo nmûne ew kesey ke dîcêrîdu Didgeridoo kayedeka, xoy be tenya sîdî'yekî derhênawe û deyewêt le katî sallyadî mesîh vaynaxtin'da bîfruşêt.

**Jîlemo : lekatî 'cengî duwemî cîhanî'da betaybet cengî nêwxoy îspanya, hunermendan wek pallpiştî le hawrrêkanyan karyandekrid, be şano û honrawe û tenanet be beşdarî rastewxoş erkî nêwneteweyyan encamdeda. Lewane bêrtold brêxt, aya le êsta nêwendêk yan hewllîkî awa le arada heye, betaybet ke sertaserî dunya ceng û wêrankarîye,wek cengî emerîka - 'îraq, efganistan, emerîka , ewrupay xorhellat?**

Klaus der Geiger : lem kat û serdemeda, xerîke peywendî nêwan mrovekan le rûy bîr û gyanîyewe lêkhelldeweşêtewe û mrovekan le rûy huşyarîyewe lawazn. To le rûy darayyewe seyryanmeke, le rûy gyanî û hizrîyewe zor hejarn. Eme buwete hoy ewey, em ştey ke xerîkî to basîdekey, lem helumerceda sernegrêt. Ştêkî dîkeş, ewende kultûrî dwakewtuwane beser komellgeda zallbuwe, eger min biçme xyabanewe û

karêkî awa bkem, şteke be jyanî xellkekewe peywestnebêt, ewa gwêm bo ranadêrn. Le êsta xerîke peywendî mrovekan, le rûy hizrîy û gyanîyewe lawazdebêt. Be rastî ew kesaney ke bîrdekenewe, kemin û hejarn. Herwa xudî eme hunermendekan bewe naçardekat, ke zyatir le barey jyanî emanewe qsebken, ta gwêyan bo radêrn. Ewe griftî tenya min nîye, bellku le rastîda griftî tewawî hunermendanêke, ke xoyan leser em zewîye, le derewey snûrekanî nasîwnalîzmewe bo ştekan derrwanin. Bo nmûne temaşake telefzyon herçî ştî drust û ketwarîye, tyayda nîye, bellam gişt mrovekan temaşay deken0 herweha şanugerîyekan watyan nemawe, bo her şwênêk deçît, pre û hemuwan deçin. Bellam bîwmatatrîn şanogerîyn, ke lem serdemeda xerîkin derdehênrên. Tenya şanogerîyek ke lem maweyeda dîwme û sernicîrrakîşawm, le allte foyer vaxealte feuer Wahche pêşkeşkra. Ke ekterekanî le turk û kurd û allmanî û bengladîşî û efrîkî û purtgalî pêkhatbûn û rollyandegêrra. Emaneş bo xoyan babetîkin, ke lêre hîç kes yarmetîyannada, tenya ewane nebêt, ke xoyan birsîn û xellk komekyan pêdekat. Eger kesêk byewêt lem bwareda karbkat, ewa le birsa deykujn. Lem wlate dewemendeda, eger btewêt pêşkewtuwane karbkeyt, ewa le birsa demrît. Çunke kultûrî mrovî birsî, kes yarmetînadat. Ewanîş weku muzîkjene xyabanîyekan, hîç kes komekyannakat.

**Jîlemo : başe ey le rûy bîru bawerewe çun bîrdekeytewe, zor car le qsekantanda basî pankîst, markisîst, ernaşîst [enarkîst] dekeyt. Aya ser be kame hêl û ser bekam bzutnewey lenêw emaneda ?**

Klaus der Geiger : min ernaşîstekanim le hemûyan xoştirdewên. Min xoşm le rûy bîrubawerrewe (enarşîzm)mi zortir pêxuşe. Ştêkî dîkeş ke lenêw qsekanimda keme, ewîş çonyetî bîrkirdneweme. Dyare her kesêk bo xoy corêk bîrkirdnewey heye. Kesêk be 'îsa û krîsmis, kesêk bemhemed û herk esêk beştîk bawerî heye. Min be sruşt bawerm heye, be hîç ştêkî dî bawerm nîye. Eger to btewêt yasay sruşt temaşakey, berrastî yasay sruşt zor ştêkî cwane. Eger ew yasayey sruşt bkeyte (elternatîf) bo jyanî

mrovekan, ewa jyan zor asayî û sadedebêtewe. Eger btewêt mrovekan azadbkeyt, zor zû şit fêrdebin. Meger mrovekan helleyekî zor trisnak bken. Ewendey grupekan û îdekan gerekyane û cyawazî lenêwan mrovekanda deken, xudî mrovekan ewende cyawazîyan lenêwanda nîye. Bu nmûne btewêt bllêt tenya 'îsa û hîç kesî dîke na, kesêkî dîke bllêt mhemed û kesî dîke na. Eger awa seyirbkeyt, griftekan tewaw gewre debnewe. Bellam eger pêçewaney eme bîrbkeytewe û bllêyt min emem û hemû ştîkî dîkeş detwanêt bûnî hebêt. Ewa ew kate jyan asantir debêtewe, bemercêk nellêyt tenya xom û tewaw.

Le barey ew lêkullênewe û twêjînewaney ke ta êsta krawn, le nêwyanda ew nûsîn û twêjînewaney ke markis kirdûnî, le giştî tewawtir û drustitrin. Yasamendî markis yasayekî cîhanî bû. Twêjînewekanî lebarey sermayedarîy ew kate û lebarey ewrupa û nêwendêtî sermaye le ewrupawe bo cîhan, emane tewawn. Ke markis dellêt sermaye cîhanîye û nêwendêkî cîhanî heye. Le cîhanda le nêwendêkewe xerîke berhemdehênrêt, bu tewawî dunya. Eme ştîke ke heta êsta lem ewrupa bûnî heye û le ewrupawe bo efrîka û asya û tewawî cîhan berhem dehyêrêt. Madam berhemhênan bo mrovekan nêwendîtî heye, kewate leser em bnemaye detwanrêt kêşe û griftî jyanî mrovekanîş be nêwendîtî çareser bikrêt. Herweha eme êsta le her katêk bûnî pêwîstitre. Mêjûy mrovayetî mêjûyeke, mrov bo xoy detwanêt betewawî temaşaybkat. Bo nmûne 'krîsmis' sereta eme ştêke le mêjûda drustikrawe. Becorêk bûnî hebuwe, karman be bûn û nebûnîyewe nîye, bellam (400) sall paş temenî xoy le dunyada gringikrawe. Le rastîda rollekan xoyan drustyankirdûn, djî ew sîstemey ke le serûy xoyanewe buwe û bew şêwe têkoşawn. Yan mhemed le katî xoyda, min nazanim lewaneye zor zor gring bûbêt. Bellam karêk ke xerîkin êsta deyken, tewaw djî mrove. Min bo 'bosnye' mîwanîykram, de (10)roj le wêndirê bûm. Le wênderê her hemû ştekan behoy cengewe têkçûn wêranbûn. Kasulîkekanî ewênderê mîwanyankirdim. Êsta ewan lewênderê xerîkî karî mroyîn, xoyan rastewxo nayken, yan encamînaden. Bellam ewan xerîkin rêkîdexen. Le heman katda xerîkî pêroz kirdnî pyawe

ayînîyekan û xudapersitîn. Min ştêkim bo nêw klîsakeyan bird, yekî le goranîyekanî xom. Klîsake pirbû, hemûyan pêyanxuşbû, le katêkda klîsa hezar salle xerîke ştêk dûbare dekatewe. Letek eweşda min çûm le klîsa muzîkimjenî, bellam ştî tazem derhêna. Dyare xellk ştêkî pêwîste. Eger xellk  berrastî pêwîstyan pêyetî, mnîş pêrazîdebim û ba brun lewênderê bo xwa laje laj bken. Min karm beser ewewe nîye, bron nwêj bken û bperistin . Eger bem core peywendî nêwan mrovekan û jyanyan baştirdebêt, ba brron ta êware nwêj bken.

**Jîlemo : aya tenya dejît, yan kesêkî dîke wek hawser û mindall le jyantda bûnyan heye?**

Klaus der Geiger : nexêr tenya najîm, sallî 1964hawserîmkirdwe û hawserekem nawî 'krîstil' bû û hêşta her peywendîman mawe, bellam pêkewe najîn0 letek ewda sê mindallman hen û mindallekan bo xoyan gewre bûn û xoyan mindallyan heye, temenyan le sî sall zyatre. Êsta letek kesêkî dîke jyandekem, ke nawî ' ula 'ye, bellam tenya hawellîn û hawserîmannekirduwe0 letek ' ula ' dû mindallman hen, ewanîş temenyan hejde û nozde sallane0 ême letek xîzanda barêkî taybetîman heye, paş ewey ke le emerîka gerramewe. Wek basimkird, şêwey komunîman wergirtbû, wek narrezayîyek bem komellgeye û leber em hoyane:
Yekem : em komellgeye, ke awa rêkixrawe, pêyrrazînîn.
Duwem : rêwşiwênî kar, ewey bitwanî behoy rêwşiwênî karewe, lem komellgeyeda ştêk bgorrît yan tekanbdeyt, eweşman  lela drustinîye.
Sêyem : hawserîy û yasa û xêzan beşêweyekî ferrmî pesendyannakeyn, herweha her ştêkîş, ke bbête hoy lêsendnewey azadî mrovekan. Le djî ewane, ême xerîkî pyadekirdnî em bîrokaneyn. Zor zor dijware, leberewey ême tewaw djî şêwe û rêkxistinî komellgen. Betaybet ke ême mindallman hebû, zor alloztir bû, bellam ew kesaney wek ême ke bawerman be jyanî komunî bo hemû mrovekan hebuwe, ewa sextîyekanî bo her kesêkman be corîk buwe û taybetmendîyekî hebuwe, tyayda bmênîtewe û jyanî têdabkat. Leberewey le laykewe fşar hebû û le layekî dîkewe jyanî komuneyî û

pêkewejyan ewende le rûy derûnî û gyanîyewe, pêdawîstîyekanî êmey dabîndekrid, ke dillman pêyxuşbêt û eme ew şte bû, ke buwe hoy ewey ême drêjey pêbdeyn.

Zorêk le lawekanî emerîka em şêwe jyaneyan hebû, beşêwey komunî û bekomell dejyan. Bellam bedaxewe ême lêre nmûney awa hawşêweman zor zor kem bû. Ew kat komelle muzîkîyekanî wudistowk Woodistock nazanim nawtan bîsnûn yan na, zorêk le muzîkjenekan lenêw ew grupaneda bûn. Betaybet le serdemî cengî vîtnam'da rollî gewre û berçawyan hebû, bellam le heman katîşda zor şit lenêwyanda hebû; lewame heşîşkêşan û emane, bellam letek eweşda karîkî zor baş bû .

**Jîlemo: dwa pirsyar yan drustir bllên dwa wşe û peyamtan bo xwêneranî govarî jîlemo çîye?**

Klaus der Geiger : nawî govareketan zor cwan û zor gringe, pêwîste em nawe bparêzn, min zor dillxoşm ke em dîmaneyey min lenêw govarekey êweda bllawdebêtewe, herweha ew kesaney ke xerîkin em govare dedenederewe, debêt bîrbkenewe ke nawîkî zor bewatayan hellbjarduwe û pêwîste destberdarî nebin . Dwa destewajem, zor supastan dekem, bo em helley ke botanrrexsandnim, taweku lem rêgeyewe bo xwêneranî govareketan bidwêm.

Jîlemo: îmeş zor supasî to dekeyn, bo em katey be êmet bexşî, hîwadarîn le helêkî dîkeda bitwanîn leser karekanî dîket bidwên û be xwêneranî farsîzman û kurdîzmanyan bnasênîn .

*****************************************************************************

**Amadekirdnî: wirya ehmedî**

**Wergêrranî le farsîyewe : hejên**

**pêştir le jmare ( 6 û 7)î zistan û beharî sallî 1999î govarî hunerîy jîlemo'da bllawkraetewe.**

Honrawe هۆنراوە

Hellbest هەڵبەست

Pexşan پەخشان

# تــزار

لەتەك ئەوان
بە زاری تفەنگ و قامچی
لە یەکشەممەی خوێناویا
دوابوو.
پاشان
لەتەك ئەوان
بە زمانی تفەنگ و قامچی
گشت ڕۆژانی هەفتە
گشت ڕۆژانی کار
جەلادی شایستەی گەل
دوا.
خۆری گەلان
پەرستیارانی خۆی سووتان.
فێرگەری گەورەی جیهان
مانیفێستی کۆمونیستی فەرامۆشکرد.
هوشمەندترین شاگردی لێنین
مستی کوتایە ناودەمی ئەو
لە لاویدا کارامە و چالاك بوو،
بەڵام لە پیریدا بێبەزەیی
ئەوەی ببێتە خوا
گەوج دەبێ .

*****

تای تەرازوو لارەسەنگە
لە تای دیکەی تەرازووودا،
هوشیاری
دادەنێن،
وەك سەنگی پێویست، بۆ هاوتایی،
دڵڕەقی
دەخەنەسەری.
پەرستیاران لە خۆ دەپرسن :
چی هەڵەبوو ؟
خوا ؟ یان نزا ؟
ئەی ئامێرەکان ؟
ئەی سەرکەوتنی درەخشان ؟
ئەی ساوای بێنان ؟
ئەی هاواری ترسی نەبیستراوی
هاوڕێیانی لەخوێناگەوزاو ؟
ئەوی کە فەرمانی گشت شتێکی دا.
گشت کارەکانی ڕانەپەڕان.
بەڵێنی سێویان دابوو
بەڵام هەتا هەواڵێ لە نانیش نییە.

*****

خوا لە بۆگەنبووندایە.
پەرستیاران
ئاوا بە چێژەوە
لە سنگیان دەدەن
هەروەك لە سمتی ژنانیان.
*****

بۆ کشتی گەنمی زستانی
شارەزای زۆر بەکاردەگرن
ئایا دەبێ، بینای سۆشیالیزم
بەهۆی هەندێکەوە
لە تاریکیدا
لەسەریەك ڕۆنرێ ؟
ئایا ڕابەر
مرۆڤەکانی ژێر سایەی خۆی
لەتەك خۆی دەکێشێتە لوتکەیەك
کە تەنیا خۆی دەیناسێ؟
مرۆڤەکانی ژێر ڕابەری
لایەنیکەم بەهۆی ئامارەوە
ڕابەریدەکەن،
بەو ڕێگەیە
یا خۆیان دەستبەکاردەبن،
یا مۆڵەتی ئەوە دەدەن.

بێرتۆڵد برێشت

## Tzar

letek ewan
be Zarî Tfeng û Qamçî
le Yekşemmey xwênawya
dwabû.
paşan
letek ewan
be Zmanî Tfeng û Qamçî
gişt Rojanî Hefte
gişt Rojanî Kar
Celadî şayistey Gel
dwa.
Xorî Gelan
Peristyaranî xoy sûtan.
Fêrgerî gewrey Cîhan
Manîfêstî Komunîstî feramoşkird.
Huşmenditrîn şagridî Lênîn
Mistî kutaye nawdemî ew
le lawîda karame û çalak bû,
bellam le pîrîda bêbezeyî
ewey bbête Xwa
gewc debê .

*****

Tay Terazû laresenge
le Tay dîkey Terazûda,
huşyarî
dadenên,
wek Sengî pêwîst, bo hawtayî,
dillrreqî
dexeneserî.
Peristyaran le xo deprisn :
çî hellebû ?
Xwa ? yan nza ?
ey Amêrekan ?
ey Serkewtinî drexşan ?
ey Saway bênan ?
ey Hawarî Tirsî nebîstrawî
Hawrrêyanî lexwênagewzaw ?
ewy ke fermanî gişt Ştêkî da.
gişt Karekanî raneperran.
bellênî Sêwyan dabû
bellam heta hewallê le Nanîş nîye.

*****

Xwa le bogenbûndaye.
Peristyaran
awa be çêjewe
le Singyan deden
herwek le Simtî Jnanyan.

*****

bo kiştî Genmî zistanî
Şarezay zor bekardegrin
aya debê, bînay Soşyalîzm
behoy hendêkewe
le tarîkîda
leseryek ronrê ?
aya Raber
Mrovekanî jêr Sayey xoy
letek xoy dekêşête Lutkeyek
ke tenya xoy deynasê ?
Mrovekanî jêr Raberî
layenîkem behoy Amarewe
raberîdeken,
bew Rêgeye
ya xoyan destbekardebin,
ya molletî ewe deden.

Bêrtolld Brêşt

## سروودی هاوپشتی*

ده هەستە، لەبیرتبێ !
کە هێزت لە چیدایە
گەر تێری یا برسی
ده هەستە، لەبیرتبێ !
هێزلە هاوپشتیدایە

ئەی ڕەش! سپی! سوور و زەرد !
ئەو شەڕە فرێدە لاوە
شەڕی گەلان لە پێناو چییە؟
سوودی دوژمن بەولاوە

ده هەستە، لەبیرتبێ !
کە هێزت لە چیدایە
گەر تێری یا برسی
ده هەستە، لەبیرتبێ !
هێزلە هاوپشتیدایە

گەرلەنێوچێت شیوی خەم
لە هەوڵی من و تۆیە
کە تۆ ببیتە نەیارم
بۆ ڕیزی خۆت بێهێزییە

ده هەستە، لەبیرتبێ !
کە هێزت لە چیدایە
گەر تێری یا برسی

دە هەستە، لەبیرتبێ !
هێز لە هاوپشتیدایە

شادن بە ناکۆکیمان
خاوەنکار و سەروەران
تا دووبەرەکی هەبێت
فەرمانڕەوا دەبن ئەوان

دە هەستە، لەبیرتبێ !
کە هێزت لە چیدایە
گەر تێری یا برسی
دە هەستە، لەبیرتبێ !
هێز لە هاوپشتیدایە

یەکگرن ئەی کارگەران
تا ئازاد بن لە زیندان
سوپای زۆرینە، بجەنگە
دژی سەرکوتی سەروەران

دە هەستە، لەبیرتبێ !
کە هێزت لە چیدایە
گەر تێری یا برسی
دە هەستە، لەبیرتبێ !
هێز لە هاوپشتیدایە

بێرتۆڵد برێشت

************************************************************************

* لەسەر ئاوازی بنەڕەتی سرروودەکە وتراوە، کە دانراوی «ئایسلەر»ە و لە (سرودەای در ستایش و اشعار دیگر) وەرگیراوە و لە فارسییەوە وەرگێڕدراوە. پێشتر لە ژمارە (٦)ی «گۆڤاری هونەری ژیلەمۆ»دا بڵاوکراوەتەوە

## Srûdî Hawpiştî *

de heste, lebîrtibê !
ke Hêzt le çîdaye
ger Têrî ya Birsî
de heste, lebîrtibê !
Hêz le Hawpiştîdaye

ey Reş! Spî! Sûr û Zerd !
ew Şerre frrêde lawe
Şerrî Gelan le pênaw çîye?
Sûdî Dujmin bewlawe

de heste, lebîrtibê !
ke Hêzt le çîdaye
ger Têrî ya Birsî
de heste, lebîrtibê !
Hêz le Hawpiştîdaye

ger lenêwçêt Şîwî Xem
le hewllî min û toye
ke to bibîte Neyarm
bo Rîzî xot bêhêzîye

de heste, lebîrtibê !
ke Hêzt le çîdaye
ger Têrî ya Birsî
de heste, lebîrtibê !
Hêz le Hawpiştîdaye

Şadin be Nakokîman
Xawenkar û Serweran
ta Dûberekî hebêt
Fermanrrewa debin ewan

de heste, lebîrtibê !
ke Hêzt le çîdaye
ger Têrî ya Birsî
de heste, lebîrtibê !
Hêz le Hawpiştîdaye

yekgrin ey Kargeran
ta azadbin le Zîndan
Supay zorîne, bcenge
djî Serkutî Serweran

de heste, lebîrtibê !
ke Hêzt le çîdaye
ger Têrî ya Birsî
de heste, lebîrtibê !
Hêz le Hawpiştîdaye

*******************************************************************************

*** leser awazî bnerretî srûdeke witrawe, ke danrawî "ayisler"e û le (srudeay dir stayş û aş'ar dîgir) wergîrawe û le farsîyewe wergêrrdrawe. Pêştir le jmare (6)î "govarî hunerî jîlemo"da bllawkrawetewe**

## نازم بۆ مردیت ؟

بۆ مردیت نازم ؟
ئێستا، چی بکەین
بەبێ سروودەکانی تۆ
لە کوێ چاوگێك پەیداکەم کە تێیدا
هەمان خەندە بێ، کە لەکاتی پێشوازی ئێمەدا لە ڕوخساری تۆدا بوو
نیگایەك وێنەی نیگای تۆ
تێکەڵەبێ لە ئاو و ئاگر
لێوانلێو لە ئازار و شادی
نیگایەك کە ئێمەی بۆ ڕاستی دەچڕی، لە کوێ پەیداکەین ؟
برای من
هەست و ئەندێشەگەلێکی وەها تازەت لە مندا ئافەراندن
ئەگەر بایەکی توند،کە لە دەریاوە هەڵدەکا
بیانبا
هەر وەك هەورێ، وەك گەڵایێ دەخلیسکێن و
دەچنە شوێنێ، لەسەر زەمینێکی دووردەست دەکەونەخوارێ
کە تۆ لە ژیانتا هەڵتبژاردبوو و
پاش مردنیش پەناگەی تۆیە
ئەمە بۆ تۆ، چەپکە گوڵێکی داودیی چیلی
بۆ تۆ، جەنگی گەلان و مشتومڕی من و
دەنگی کپکراوی تەپڵە خەمبارەکانی سەرزەمینی من
برام، بێ تۆ لە دونیادا، زۆر تەنیام.
لە تاسەی ڕوخساری تۆدا دامام
کە وەك درەختی گوڵکردووی گێلاس، زێڕین بوو
لە هاوەڵی تۆدا کە بۆم نان بوو، کە بۆم شکانی تینوویەتی بوو و
وزەی دەدایە خوێنم، بێبەش بووم

یەکەم جار کە لەتەك تۆ ڕووبەڕووبووم، کاتێ بوو کە لە زیندان دەرچووبووی
لە زیندانێکی نیوە تاریك، کە وەك چاڵی ستەم و ئازار بوو
نیشانەی ستەمم لە دەستەکانی تۆدا دی
لە نیگای تۆدا لەدووی تیری کینە گەڕام
بەڵام دڵێکی پاکت هەبوو
دڵێ پڕ لە زام و ڕۆشنایی
ئێستاکە من چی بکەم ؟
ئایا دەتوانرێ دونیا بەبێ ئەو گوڵانە وێنابکرێ
کە تۆ لە گشت لایێ چاندبووتن ؟
چۆن دەتوانم بژێم، بێ ئەوەی تۆ ڕێنوێیگەر بی ؟
بێ هەستی سوارچاکانەی گەلیی تۆ و توانای هۆنەریی تۆ؟
سوپاس بۆ تۆ کە وەها بووی
سوپاس بۆ تۆ، بۆ ئەو ئاگرەی کە بە سروودەکانت هەڵتگیرساند ...

پابلۆ نیرۆدا

## Nazm bo mirdît ?

bo mirdît Nazm ?
êsta, çî bkeyn
bebê Srûdekanî to
le kwê Çawgêk peydakem ke têyda
heman Xende bê, ke le katî pêşwazî êmeda le Ruxsarî toda bû
Nîgayek wêney Nîgay to
têkelleyê le Aw û Agir
lêwanlêw le Azar û Şadî
Nîgayek ke êmey bo Rastî deçrrî, le kwê peydakeyn ?
Bray min
Hest û Endêşegelêkî weha tazet le minda aferandin
eger Bayekî tund,ke le Deryawe helldeka
byanba
her wek Hewrê, wek Gellayê dexlîskên û
deçne Şwênê, leser Zemînêkî dûrdest dekewnexwarê
ke to le Jyanta helltibjardibû û
paş mirdnîş Penagey toye
eme bo to, Çepke Gullêkî Dawdîy Çîlî
bo to, cengî gelan û miştumrrî min û
Dengî kipkrawî Teplle xembarekanî Serzemînî min
Bram, bê to le Dunyada, zor tenyam.
le tasey Ruxsarî toda damam
ke wek Drextî Gullkirdûy Gêlas, zêrrîn bû
le Hawellî toda ke bom Nan bû, ke bom şkanî tînûyetî bû û
Wzey dedaye Xwênim, bêbeş bûm

yekem car ke letek to rûberrûbûm, katê bû ke le Zîndan derçûbûy
le Zîndanêkî nîwe tarîk, ke wek Şallî Stem û Azar bû
nîşaney Stemim le Destekanî toda dî
le Nîgay toda ledûy Tîrî Kîne gerram
bellam Dllêkî pakt hebû
Dllê pirr le Zam û Roşnayî
êstake min çî bkem ?
aya detwanrê Dunya bebê ew Gullane wênabkrê
ke to le gşit layê çandibûtin ?
çon detwanim bjêm, bê ewey to rênwêyger bî ?
bê Hestî Swarçakaney Gelîy to û Twanay Honerîy to?
supas bo to ke weha bûy
supas bo to, bo ew Agrey ke be srûdekant helltigîrsand ...

Pablo Nîroda

# نورجەهان *

نورجەهانیان ناچارکرد، بوەستێ لە چاڵێکا، لە نێوەندی مەیدان
لەوێنە وەستا، سەری خوار، تا نێوقەد لە نێو چاڵ
ئەوان نورجەهان بەردبارانەدەکەن،
بەر جەستەی من دەکەون، بەردەکان.
بەردەکان بەر سەرم ، نێوچەوانم، سنگم و پشتم دەکەون
ئەوان بەرد دەگرن و قاقا پێدەکەنن
پێدەکەنن و بە هەراوە سووکایەتی دەکەن.
لە نێوچەوانی لۆچاوی نورجەهان خوێن دەچۆڕێ، لە نێوچەوانی منیش.
چاوانی نورجەهان هەڵقلێشاون، چاوانی منیش
کەپووی نورجەهان پلیشاوە، کەپووی منیش
لە سنگی پارچە پارچەکراوی نورجەهانا دڵێ بریندارە، دڵی منیش
ئەی بەر تۆ ناکەون، ئەو بەردانە؟
ئەوان قاقا پێدەکەنین،
پێدەکەنن و پێکەنین ڕدێنەکانیان دەلەرێنێ.
ئارەقەی نێوچەوانیان لەتاو پێکەنین دەبزوێ.
ئەوان پێدەکەنن و کوتەکەکانی دەستیان هەڵدەبڕن.
لە نیگای بێبەزەییانەی چاوانیانیا، تیرەکان تیژ دەردەپەڕن،
بۆ برینداركردنی جەستەی نورجەهان و جەستەی من
ئەی ئەو تیرانە بەرتۆ ناکەون؟

تەسلیمە نەسرین

*************************************************************************

* نورجەهان کچە جوتیارێکی هەژاری ناوچەی سیلهێت **Sylhet** بوو، کە دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی بەنگلادش. نورجەهان لە هاوسەری یەکەمی جیادەبێتەوە و لە جێنیوەری ١٩٩٣دا دووبارە هاوسەرییدەکاتەوە، کە ڕوداوێکی سادە و دانپێدانراوی نێوان موسوڵمانانە. مەلای گەڕەك، هاوسەرگیریی دووەمی نورجەهان بە ناڕەوا ( ناشەرعی ) دادەنێت. چەند ڕۆژ دواتر لە بەرەبەیاندا، نورجەهان دەبەنە شوێنێك و تا نێوقەد دەینێننە چاڵێك و موریدانی مەلا بە تاوانی زینا بەردبارانیدەکەن.

ئەم هۆنراوە لە پێگەی ئینتەرنێتی کۆمەڵەی ژنانی ئەفگانستان www.rawa.org وەرگیراوە

## Nurcehan*

Nurcehanyan naçarkird, bwestê le Çallêka, le nêwendî Meydan
lewêne westa, Serî xwar, ta Nêwqed le nêw Çall
ewan Nurcehan berdbarandeken,
ber Cestey min dekewn, Berdekan.
Berdekan ber Serm , Nêwçewanim, Singim û Piştim dekewn
ewan Berd degrin û qaqa pêdekenin
pêdekenin û be herawe sûkayetî deken.
le Nêwçewanî loçawî nNurcehan Xwên deçorrê, le Nêwçewanî mnîş.
Çawanî Nurcehan hellqllîşawn, Çawanî mnîş
Kepûy Nurcehan pllîşawe, Kepûy mnîş
le Singî parçe parçekrawî Nurcehana Dllê brîndare, Dllî mnîş
ey ber to nakewn, ew Berdane?
ewan qaqa pêdekenîn,
pêdekenin û pêkenîn Rdênekanyan delerênê.
Areqey Nêwçewanyan letaw pêkenîn debziwê.
ewan pêdekenin û Kutekekanî Destyan helldebrrin.
le Nîgay bêbezeyyaney Çawanyanya, Tîrekan tîj derdeperrn,
bo brîndarkirdnî Cestey Nurcehan û Cestey min
ey berto nakewn, ew Tîrane ?

Teslîme Nesrîn

*****************************************************************************

***Nurcehan Kçe Cutyarêkî hejarî Nawçey Sîlhêt (Syilhet) bû, ke dekewête Bakûrî Xorhellatî Bengladiş. Nurcehan le Hawserî yekemî cyadebêtewe û le Cênîwerî 1993da dûbare hawserîydekatewe, ke Rudawêkî sade û danpêdanrawî nêwan Musullmanane. Melay Gerrek, hawsergîrîy duwemî Nurcehan be narrewa ( naşer'î ) dadenêt. Çend Roj dwatir le Berebeyanda, Nurcehan debene şwênêk û ta Nêwqed deynênne Çallêk û Murîdanî Mela be tawanî Zîna berdbaranîdeken.**
**em Honrawe le pêgey înternêtî Komelley Jnanî Efganistan www.rawa.org wergîrawe .**

## ماڵئاوا جوانێ *

ژیانێکی ڕەنگین
ئەوەی کە دەبێ هەمان بێ
بێ بەهرەکێشی و سەرمایە و سەروەری
ژیانێکی ڕەنگین
ئەوەی کە دەبێ هەمان بێ
ئەوەی هەنووکە لە گشت لاوە بۆی دەجەنگین

دەڕژێینە سەر شەقامەکان
بۆ ناڕەزایی و خۆپیشاندان
ئیدی بەو جۆرەی کە هەیە، ناتوانێ بمێنێ،
کەمە دەوڵەمەندێ
هەردەم دەوڵەمەندتر و
هەژارانیش، ملیۆنێ جار، هەژارتر،
ئیدی ڕۆشنە مەبەستمان چییە لە ژیان!

هەر بۆیە ژنانیش وەك پیاوان
پێکەوە دەجەنگن:
دوژمنی هاوبەشمان سیستمی سەرمایەدارە
لە پێناو کەڵەکەی پاشەکەوتی دەوڵەمەندان
لە گشت لایێ مرۆڤەکان دەکاتە بێکارە

هەر بۆیە ژنانیش وەك پیاوان
پێکەوە دەجەنگن:
دوژمنی هاوبەشمان سیستمی باوکسالار
ئەوەی کە بۆ بەرزکردنەوەی پیاوان
دەخوازێ ژنان لە گشت لایێ بێنێتە خوار

بۆیە ئەوڕۆکە دیسانەوە
پێکەوە دەڕۆین بۆ خۆپیشاندان؛
کار، کە مافێکی مرۆییە
ئێمە ملیۆنان
هەمووان بێکار
ئەوە ژیان نییە
ئەوە ڕەوا نییە !

ژیانێکی ڕەنگین
ئەوەی کە دەبێ هەمان بێ
سەراپا بێ بەهرەکێشی و سەرمایە و سەروەری
ژیانێکی ڕەنگین
ئەوەی کە دەبێ هەمان بێ
ئەوەی کە لە گشت لایێ بۆی دەجەنگین.

**کای**

**٠٦ی جێنیوەری ١٩٩٧**

*****************************************************************************

* پێشتر لە ژمارە (١)ی گۆڤاری هونەریی 'ژیلەمۆ'دا بە ئاڵمانی بڵاوکراوەتەوە و لەسەر بنەمای سروودی **Bella ciao**" دانراوە.

## Mallawa Cwanê *

Jyanêkî rengîn
ewey ke debê heman bê
bê Behrekêşî û Sermaye û Serwerî
Jyanêkî rengîn
ewey ke debê heman bê
ewey henûke le gişt lawe boy decengîn

*****

derrjêyne ser Şeqamekan
bo narrezayî û Xopîşandan
îdî bew corey ke heye, natwanê bmênê,
keme Dewllemendê
herdem dewllemendtir û
Hejaranîş, Milyonê car, hejartir,
îdî roşne mebestman çîye le Jyan !

her boye Jnanîş wek Pyawan
pêkewe decengin;
Dujminî hawbeşman Sîstimî Sermayedare
le pênaw kellekey Paşekewtî Dewllemendan
le gişt layê Mrovekan dekate Bêkare

her boye Jnanîş wek Pyawan
pêkewe decengin;
Dujminî hawbeşman Sîstimî Bawksalar
ewey ke bo berizkirdnewey Pyawan
dexwazê Jnan le gişt layê bênête xwar

boye ewrroke dîsanewe
pêkewe derroyn bo Xopîşandan;
Kar, ke Mafêkî Mroyye
ême Milyonan
hemuwan Bêkar
ewe Jyan nîye
ewe rewa nîye !

Jyanêkî rengîn
ewey ke debê heman bê
serapa bê Behrekêşî û Sermaye û Serwerî
Jyanêkî rengîn
ewey ke debê heman bê
ewey ke le gişt layê boy decengîn.

Kay
06. Januar 1997

*****************************************************************

*** pêştir le Jmare (1)î Govarî huneryî ' Jîlemo 'da be Allmanî bllawkrawetewe û leser bnemay Srûdî " Bella ciao " danrawe.**

## هەستانەوە

من دەمەوێ بمرم
من دەمەوێ ملیاردێ جار بمرم و
لە دونیایەکا زیندووببمەوە،
کە هاوسێکان بەیەك ئاشنا بن و
خەڵکیش
گشت ڕەنگەکانیان خوشبوێن.

دەمەوێ لە جیهانێکا زیندووببمەوە
کە ئەڤین، بە نرخی خەندە بێ
پیاوان، نەمرن
ژنان، نەگرین
مناڵان گشت باوکی خۆیان نازبکەن.
دادپەروەری باخێ بێ،
خەڵك تێیدا سێوی یەکسان بخۆن
یەکسان بژین و
یەکسان بمرن.
من دەمەوێ لە جیهانێکا
هەستمەوە
کەس لە جارێك زیاتر نەمرێ

ژاك پرێڤەر

*************************************************************************

* لە پەرتووکی ( " همچون کوچەای بی انتها" ترجمه : احمد شاملو) وەرگیراوە و پێشتر لە ژمارە (٩)ی پاییزی ١٩٩٩ی گۆڤاری هونەریی ' ژیلەمۆ 'دا بڵاوکراوەتەوە. لێرەدا بە کەمێك چاکسازی لە داڕشتن و ڕێنووسدا دووبارە بڵاویدەکەمەوە.

## Hestanewe

min demewê bmirm
min demewê Milyardê car bmirm û
le Dunyayeka zîndûbibmewe,
ke Hawsêkan beyek Aşna bin û
Xellkîş
gişt Rengekanyan xuşbiwên.

demewê le Cîhanêka zîndûbibmewe
ke Evîn, be nirxî Xende bê
Pyawan, nemrin
Jnan, negrîn
Mnallan gişt Bawkî xoyan nazbken.
Dadperwerî Baxê bê,
Xellk têyda Sêwî yeksan bxon
Yeksan bjîn û
Yeksan bmirn.
min demewê le Cîhanêka
hestmewe
Kes le carêk zyatir nemrê

Jacques Prévert

*****************************************************************************

*** le Pertûkî ( " Himçun Kuçeay be întha" tircme : Ahmid Şamlu) wergîrawe û pêştir le Jmare (9)î Payîzî 1999î Govarî hunerîy ' Jîlemo 'da bllawkrawetewe. Lêreda be kemêk çaksazî le Darriştin û Rênûsda dûbare bllawîdekemewe.**

# بهێنە پێشچاو

بێنە پێشچاو، ئەگەر چی وێناکردنیشی دژوارە
جیهانێ کە تێیدا هەموو مرۆڤێ شاد و بەختیارە
جیهانێ کە تێیدا پارە و نەژاد و دەسەڵات بەها نییە
وەڵامی هاودەنگییەکان، پۆلیسی دژەشۆڕش نییە

نە بۆمبی ئەتۆمی هەیە، نە فڕۆکەی جەنگی و هاوەن
چیدی منداڵان، پێیان لە سەر مین جێناهێڵن
هەمووان ئازادی ئازادن، هەمووان بێدەردی بێدەردن
لە ڕۆژنامەدا ناخوێنیتەوە، نەهەنگەکان خۆکوژییکردبن

جیهانێ بێنە پێشچاو، بێ کینە و باروت
بێ ستەم و ملهوڕی، بێ ترس و تابوت
جیهانێ بێنە پێشچاو، پڕ لە خەندە و ئازادی
لێوانلێو لە گوڵ و ماچ، تژی لە چەندبارەی ئاوەدانی

بێنە پێشچاو، ئەگەر چی وێناکردنیشی تاوانە
هەرچەند بە ناوهێنانی گەرو پڕ دەبێ لە سورمە
وێنای کە جیهانێ، تێیدا زیندان دەبێتە ئەفسانە
جەنگەکانی دونیا گشت، ڕادەوەستن بە ئاشتییانە

کەس سەروەری کەس نییە، خەڵکی هەموو یەکسان
ئیدی پشکی هەر مرۆڤێکە، هەر دانە گەنمێ لەبۆ نان
بەبێ سنوور و ڕێگریی، نیشتمان واتە سەراپا جیهان
بێنە پێشچاو، تۆ دەتوانی، ببیتە دەربڕی ئەم خەونانە

**یغما گلرویی**

## Bihêne pêşçaw *

bêne Pêşçaw, eger çî wênakirdnîşî dijware
Cîhanê ke têyda hemû Mrovê şad û bextyare
Cîhanê ke têyda Pare û Nejad û Desellat beha nîye
Wellamî Hawdengîyekan, Polîsî Djeşorrş nîye

ne Bombî Etomî heye, ne Frrokey cengî û Hawen
çîdî Mindallan, Pêyan le ser Mîn cênahêlln
hemuwan Azadî azadin, hemuwan Bêderdî bêderdin
le Rojnama naxwênîtewe, Nehengekan xokujîykirdbin

Cîhanê bêne Pêşçaw, bê Kîne û Barut
bê Stem û Milhurrî, bê Tris û Tabut
Cîhanê bêne Pêşçaw, pirr le Xende û Azadî
lêwanlêw le Gull û Maç, tjî le çendbarey Awedanî

bêne Pêşçaw, eger çî wênakirdnîşî Tawane
herçend be nawhênanî Geru pirr debê le Surme
wênay ke Cîhanê, têyda Zîndan debête Efsane
Cengekanî dunya gişt, radewestin be Aştîyane

Kes Serwerî Kes nîye, Xellkî hemû Yeksan
îdî Pişkî her Mrovêke, her dane Genmê lebo Nan
bebê Snûr û rêgrîy, Nîştman wate serapa Cîhan
bêne Pêşçaw, to detwanî, bbîte derbrrî em Xewnane

Yeghma Gilruîy

## هەر دەڕۆم

دەڕۆمە دوورگەیەك
جێیەك كە خۆر هەردەم درەخشانە و
مانگ لە بان پشتی دەریا سوارە
كاتێك كە دەڕۆم، ئەو زنجیرانەی لە ڕۆیشتن دەمگێڕنەوە
فڕێیاندەدەم
كاتی ئەوە هاتووە، كە گیانم ئازادكەم
بەڵێ ... هەر دەڕۆم

لەوێ لە كن جۆگەلەیەكی كوێستانی
خانوویەكی بەردین چێدەكەم و
بە داری سەرو و كاج و سنەوبەر دەیڕازێنمەوە
باخێك چێدەكەم و
كێڵگەیەك لە گەنمەشامی و
خاكی دایكە زەمینیش لە نێو دەستانما دەگوشم

ئەرێ ... دەڕۆم
بەڵێ هەر دەڕۆم
تەنیا بۆ ئەوەی ببمەوە بەشێك لە سروشت
بەڵێ دەمەوێ جارێكی دی بەشێكبم لە سروشت

ئەوسا مناڵانم فێری ئەوین دەكەم
لەبەرئەوەی ئەركی هەموو باوكێكە
چونكە هەموومان بەشێك لە بوونەوەرانی زیندووین و
بە واژە هەند لەبیركراوەكان قساندەكەم
لەوانە ئەوین و شادی و چاكە
چونكە جیهان تەنیا بە سروودی ئەوین زیندوو و پاكە

ئەرێ دەڕۆم
هەر دەڕۆم و
ئەوانەش دەبنە بەشێك لە سروشت و
بەشبوون لە سروشت بە سەراپای بوونمەوە هەستپێدەکەم
دووبارە کاتی،
گەڕانەوە بۆ سروشت هاتووە
ئەرێ هەر دەڕۆم، ڕۆژێ لە ڕۆژان هەر دەڕۆم (ڕۆژێك هەر.)

CHRIS DE BURGH

*******************************************************************************

سەرچاوە: I will lyrics

http://www.lyricsforsong.net/artist/chris-de-burgh-lyrics_kkmk.html

## her derrom

derrome Dûrgeyek
Cêyek ke Xor herdem drexşane û
Mang le ban Piştî Derya sware
katêk  ke derrom, ew Zincîraney le royiştin demgêrrnewe
frrêyandedem
katî ewe hatuwe, ke Gyanim azadkem
bellê ... her derrom

lewê le kin Cogeleyekî Kwêstanî
Xanûyekî Berdîn çêdekem û
be Darî Seru û Kac û Snewber deyrrazênmewe
Baxêk çêdekem û
Kêllgeyek le Genmeşanmî û
Xakî Dayke Zemînîş le nêw Destanma deguşm

erê ... derrom
bellê her derrom
tenya bo ewey bibmewe beşêk le Sruşt
bellê demewê carêkî dî beşêkbim le Sruşt

ewsa Mnallanim fêrî Ewîn dekem
leberewey erkî hemû Bawkêke
çunke hemûman beşêk le Bûneweranî zîndûyn û
be Waje hend lebîrkrawekan qsandekem
lewane Ewîn û Şadî û Çake
çunke Cîhan tenya be Srûdî Ewîn Zîndû û Pake

erê derrom

her derrom û

ewaneş debne beşêk le Sruşt û

beşbûn le Sruşt be serapay bûnmewe hestipêdekem

dûbare katî,

gerranewe bo Sruşt hatuwe

erê her derrom, Rojê le Rojan her derrom (Rojêk her ....)

Hellbestî : CiHRIS DE BURGiH

****************************************************************************

Serçawe : I will lyrics

http://www.lyricsforsong.net/artist/chris-de-burgh-lyrics_kkmk.html

# ڕێژەنابەستم *

ئاخ لە ڕێژەبەستنم لە جەنگی نوێدا
لە کۆتایی جەنگەکانی پێشووی بریتانیادا
وڵاتێکی تازە هاتە پەیدابوون
خوێنێکی تازە کەوتە بزووتن
بەڵام من چیدی ڕێژەنابەستم

منیش بەشی خۆم لە هیندۆسەکانم کوشتوون
لە هەزاران جەنگی جیاوازا
لەوێ بووم لە چاخە گەڕۆکەکانا
درۆی زۆرێك لە پیاوانم ژنەوت
مەرگی زۆرێکم بەرچاوکەوت
بەڵام من چیدی ڕێژەنابەستم

هەمیشە پیرەکانن بەرەو جەنگ ڕاماندەپێچن
هەمیشەش هەر لاوەکانن لەنێودەچن
بنوارە ئەو هەمووەی، ئێمە بە شمشێر و تفەنگ بەدەسمانهێنا
پێمبڵێ هەموو ئەو گشتەی دەهێنا ؟

بۆ دزینی کالیفۆرنیا لە وڵاتی مەکسیکان
لە جەنگێکی نێوخۆی خوێناویدا جەنگیم
بەڵێ تەنانەت برای خۆمم کوشت
هەروا چەندانی دیکەش
چیدی ڕێژەنابەستم

هێرشم بردە سەر سەنگەرەکانی ئاڵمان
لە جەنگێکدا کە کۆتایی بەگشت جەنگەکان هێنا
ئاخ دەبوو ملیۆنێ مرۆڤم کوشتبا
هەنووکە دەیانەوێت دیسانەوە بمبەنەوە
بەڵام من چیدی ڕێژەنابەستم

هەمیشە پیرەکانن بەرەو جەنگ ڕاماندەپێچن
هەمیشەش هەر لاوەکانن لەنێودەچن
بنوارە ئەو هەمووەی، ئێمە بە شمشێر و تفەنگ بەدەسمانهێنا
پێمبڵێ ئەو هەمووە شتەی دەهێنا ؟

بۆ دوا فەرمان بە ئاسمانی یاباندا فڕیم
چاندنی قارچکی ژەهراوی بێئەژمار
کاتێ سووتانی شارەکانم دیت
زانیم کە خەریکە فێردەبم
کە چیدیکە ڕێژەنەبەستم

هەر ئێستا هاواری ڕابەرانی کارگەران، کارگەکانی موشەك دادەخەن
هاواری یەکگرتووی میوەچنان لە کەنارەکانی کوبا
"ئاشتی" پێدەڵێن یا " دژەخونی"
"ئەوین"ی پێدەڵێن یا "هۆکار"
بەڵام من چیدیکە ڕێژە نابەستم

Phil Ochs

****************************************************************************

* ڕێژەنەبەستن بە واتای نەچوونە شەڕ و جەنگین

## Rêjenabestim *

ax le rêjebestnim le Cengî nwêda
le kotayî Cengekanî pêşûy Brîtanyada
Wllatêkî taze hate peydabûn
Xwênêkî taze kewte bzûtin
bellam min çîdî rêjenabestim

mnîş beşî xom le Hîndosekanim kuştûn
le hezaran Cengî cyawaza
lewê bûm le Çaxe gerrokekana
Droy zorêk le Pyawanim jnewt
Mergî zorêkim berçawkewt
bellam min çîdî rêjenabestim

hemîşe Pîrekanin berew Ceng ramandepêçin
hemîşeş her Lawekanin lenêwdeçin
binwarre ew hemuwey, ême be Şimşêr û Tfeng bedesmanhêna
pêmbllê hemû ew giştey dehêna ?

bo dzînî Kalîfornya le Wllatî Meksîkan
le Cengêkî nêwxoy xwênawîda cengîm
bellê tenanet Bray xomim kuşt
herwa çendanî dîkeş
çîdî rêjenabestim

hêrşim birde ser Sengerekanî Allman
le Cengêkda ke kotayî begşit Cengekan hêna
ax debû Milyonê Mrovim kuştba
henûke deyanewêt dîsanewe bimbenewe
bellam min çîdî rêjenabestim

hemîşe Pîrekanin berew Ceng ramandepêçin
hemîşeş her Lawekanin lenêwdeçin
binwarre ew hemuwey, ême be Şimşêr û Tfeng bedesmanhêna
pêmbllê hemû ew giştey dehêna ?

bo dwa ferman be Asmanî Yabanda frrîm
çandinî Qarçikî jehrawî bêejmar
katê sûtanî Şarekanim dît
zanîm xerîke fêrdebim
ke çîdîke rêjenebestim

her êsta Hawarî Raberanî Kargeran, Kargekanî Muşek dadexen
Hawarî Yekgirtûy Mîweçnan le Kenarekanî Kuba
"Aştî" pêdellên ya " Djexunî"
"Ewîn"î pêdellên ya "Hokar"
bellam min çîdîke rêje nabestim

Phil Ochis

*****************************************************************************

* rêjenebestin be watay neçûne Şerr û cengîn

# سروودی جەنگ *

من نیمە
سروودێك بۆ جەنگ،
نە وڵات و
نە سەرۆككۆمار
بێجگە لە لەشكرێ كە دەخوازێ لەپێناو ئەوین
دژی یاسای پارە بجەنگێ، هیچ لەشكرێكم نییە
من هیچ كەسێكم نییە بۆ بەهرەكێشی و
سامانێكیشم بۆ چێكردنی هەژماری بانكی نییە
من نیشتمانم نییە بۆ وەستانەوە دژی هەژارانێ
كە لە هەموو لایەكی جیهانەوە دێن
ئەگەر خوازیارین پێكەوە برسیەتی لەنێوبەرین
بەخێربێن
دانیشتوانی جیهان،
تێكۆشەرانی جیهانێكی بێسنوور

***************************************************************************

خوێنەری هێژا، بەداخەوە ناوی نووسەری زمانی فارسی ئەم هۆنراوەی " " م بۆ نەدۆزرایەوە و لەبیریشمنەماوە كە لە ڕووپەڕی چ ماوەڵێكی فەیسبووك وەرمگرتووە.

## Srûdî Ceng *

min nîme
Srûdêk bo Ceng,
ne Wllat û
ne Serokkomar
bêcge le Leşkirê ke dexwazê lepênaw Ewîn
djî Yasay Pare bcengê, hîç Leşkirêkim nîye
min hîç Kesêkim nîye bo behrekêşî û
Samanêkîşm bo çêkirdnî Hejmarî Bankî nîye
min Nîştmanim nîye bo westanewe djî Hejaranê
ke le hemû layekî Cîhanewe dên
eger xwazyarîn pêkewe Birsîyetî lenêwberîn
bexêrbên
Danîştwanî Cîhan,
Têkoşeranî Cîhanêkî bêsnûr

***************************************************************************

**Xwênerî hêja, bedaxewe Nawî Nûserî Farsîzmanî em Honraweyem bo nedozrayewe û lebîrîşimnemawe ke le Rûperrî çi Hawellêkî Feyisbûk werimgirtuwe.**

# دڵۆپەی هۆش

تۆ هەر خەریکی
" مارەبڕین ..." بە و
لە بۆ داگیرکردنی جەستەم
بە سەمای نەزانیت
شاباشی دونیا کە ..
بەڵام من
لە نەوەی ئەو حەوا'یەم
کە بە سێوێ
بەهەشتی
بە ڕووی خوا'دا
دادایەوە
من کە نەمەوێت،
هێزی هیچ خوایەك ناتوانێ
هەستی من
لە تۆ
مارە بکا

سین میم

## Dllopey Hoş

to her xerîkî
" marebrrîn ..." be û
le bo dagîrkirdnî Cestem
be Semay nezanît
şabaşî Dunya ke ..
bellam min
le Newey ew Hewa'yem
ke be Sêwê
Beheştî
be Rûy Xwa'da
dadayewe
min ke nemewêt,
Hêzî hîç Xwayek natwanê
Hestî min
le to
mare bka

Sîn Mîm

من خزمی هەر مرۆڤێکم، کە نە خەنجەر لە ژێر باسکیدا دەشاردبێتەوە، نە بڕۆکانی بەیەکدا دەدات و نە بزەی فێڵێکە بۆ دزینی ڕەنج و سەرپەنای کەسانی دیکە. من لوڕم، بلوجم، کوردم، فارسم، فارسێکی تورکزمان، من ئەفریکاییم، ئۆروپاییم، ئوسترالیم، ئەمەریکاییم، ئاسیاییم، ڕەشپێستم، زەردپێستم، سوورپێستم، سپیپێشم، کە نەک تەنیا لەتەك خۆم و کەسانی دیکە گرفتم نییە، بەڵکو بەبێ بوونی .... کەسانی دیکە، ترسی مردن لە ژێر پێستمدا هەستپێدەکەم.
من مرۆڤێکم لە نێوان مرۆڤەکانی دیکە، لەسەر گۆی پیرۆزی زەمین، کە بەبێ لەئارادابوونی ئەوانەی دیکە واتایەکی نییە. پێمخۆشە هۆنراوە زوڕنا بێت نەك لایەلایە.

ئەحمەد شاملو

Min xizmî her mrovêkim, ke ne xencer le jêr baskîda deşardibêtewe, ne brrokanî beyekda dedat û ne bzey fêllêke bo dzînî renc û serpenay kesanî dîke. Min lurrm, blucim, kurdim, farsim, farsêkî turkizman, min efrîkayîm, orupayîm, ustralîm, emerîkayîm, asyayîm, reşpêstim, zerdipêstim, sûrpêstim, spîpêşm, ke nek tenya letek xom û kesanî dîke griftim nîye, bellku bebê bûnî .... Kesanî dîke, tirsî mirdin le jêr pêstimda hestipêdekem.

Min mrovêkim le nêwan mrovekanî dîke, leser goy pîrozî zemîn, ke bebê learadabûnî ewaney dîke watayekî nîye. Pêmxoşe honrawe zurrna bêt nek layelaye.

Ehmed şamlu

## ڕابوون

کۆرکۆرانە
دەستی بەسەرزەمینا خشان
شەمچەیەکی دۆزییەوە
شەمچەیێك داگیرسا
گۆشییەك لە تاریکی ڕۆشنبووەوە

کەسی دووەم لە گۆشەیەکی ڕۆشن، گۆگردی دۆزییەوە
شەمچەیێکی دیکە داگیرسا
چەندین گۆشە ڕۆشنبوونەوە

کەسی سێیەم
کەسی چوارەم
چەندین کەس مەشخەڵیان بە دڵی تاریکییەوە نا
ڕۆشنایی، ڕوخسارکانی دەرخست
دەربازەیەکی گەورە لە تاریکیا دەرکەوت
گشت ڕوخسارەکان
گشت مەشخەڵەکان بەرەو دەربازەکە هەنگاویان نا
هەنگاوگەلی دڵنیا
لە گۆشە تاریکەکانا بایاندایەوە
گۆشەکانی دیکە هاتنەدەنگ
تاریکی کەوتە تیاچوون
دەربازەیەك بە ڕووی شاردا کرایەوە
شەقامی پڕلە ڕوخسارە تاریکەکان بینرا

کەسێك کە کۆرکۆرانە دەستی بەسەرزەمینا دەگێڕا
بە چاوانی بێدارەوە هەنگاوی دەنا
مستەکانی گرمۆڵە کردبوون
کەسێك کە کۆرکۆرانە دەستی بەسەرزەمینا دەگێڕا
هەزاران ڕوخساری بێدار لە پشت سەرییەوە بوون
هەزاران مست گرمۆڵە بووبوون
تاریکی کەوتە تیاچوون

عەلی ڕەسوڵی
و. هەژێن

**************************************************************************

سەرچاوەی لێوەرگیراو : فەیسبووك

## Rabûn

Kor Korane
Destî beser Zemîna xşan
Şemçeyekî dozîyewe
Şemçeyêk dagîrsa
Goşîyek le tarîkî roşnbuwewe

Kesî duwem le Goşeyekî roşn, Gogridî dozîyewe
Şemçeyêkî dîke dagîrsa
çendîn Goşe roşnibûnewe

Kesî sêyem
Kesî çwarem
çendîn Kes Meşxellyan be Dllî tarîkîyewe na
roşnayî, Ruxsarkanî derxist
Derbazeyekî gewre le tarîkya derkewt
gişt Ruxsarekan
gişt Meşxellekan berew Derbazeke hengawyan na
Hengawgelî dillnya
le Goşe tarîkekana bayandayewe
Goşekanî dîke hatnedeng
Tarîkî kewte tyaçûn
Derbazeyek be rûy Şarda krayewe
Şeqamî pirr le Ruxsare tarîkekan bînra

Kesêk ke Kor Korane destî beser Zemîna degêrra
be Çawanî bêdarewe hengawî dena
Mistekanî girmolle kirdbûn
Kesêk ke Kor Korane destî beser Zemîna degêrra
hezaran Ruxsarî bêdar le pişt Serîyewe bûn
hezaran Mist girmolle bûbûn
Tarîkî kewte tyaçûn

'Elî Resullî
Wergêrranî : Hejên

*****************************************************************************

Serçawey lêwergîraw : Facbook

# ئازادی

لەسەر پەڕاوەکانی فێرگەم
لەسەر مێز و درەختان
لەسەر لم و لەسەر بەفر
ناوت دەنووسم

لەسەر گشت پەڕە خوێندراوەکان
لەسەر لاپەڕە سپییەکان
لەسەر بەرد و خوێن و کاخەزیا خۆڵەمێش
ناوت دەنووسم

لەسەر وێنە زێڕینەکان
لەسەر چەکی جەنگاوەران
لەسەر تاجی پاشایان
ناوت دەنووسم

لە دارستان و لە بیابان
لەسەر هێلانە و پووشەڵان
لەسەر دەنگدانەوەی منداڵێم
ناوت دەنووسم

لەسەر سەرنجڕاکێشیی شەوان
لەسەر نانی سپی ڕۆژان
لەسەر وەرزی بووکان
ناوت دەنووسم

لەسەر گشت جلە شینەکانم
لەسەر خۆری نێو گۆمە مەنگەکان

لەسەر تریفەی مانگی  نێو دەریاچەکان
ناوت دەنووسم

لەسەر کێڵگەکانی ئاسۆ
لەسەر باڵی باڵندان
لەسەر سێبەری پەروانەی ئاشان
ناوت دەنووسم

لە ڕووی  گشت سروەیەکی بەرەبەیان
لەسەر  دەریا و لەسەر بەلەمان
لەسەر کێوانی شەیدا
ناوت دەنووسم

لەسەر  نەرمی هەوران
لەسەر  دڵۆپەی زریان
لە ڕووی تیرە بارانی ناسامان
ناوت دەنووسم

لەسەر شێوە درەوشاوەکان
لەسەر زەنگی ڕەنگەکان
لەسەر جەستەی ڕاستی
ناوت دەنووسم

لەسەر بێداریی ڕەوتەکان
لەسەر ڕێگە جەنجاڵەکان
لە مەیدانە قەرەباڵخەکان
ناوت دەنووسم

لەسەر چرایەك كە هەڵدەبێ
لەسەر چرایەك كە خامۆشدەبێ
لەسەر بەڵگە کەڵەکبووەکانم
ناوت دەنووسم

لەسەر میوەی دوولەتكراو
لەسەر ئاوێنە و ژوورەکەم
لەسەر چەرچەفی چرپا خاڵییەکەم
ناوت دەنووسم

لەسەر سەگە نەوسن و نەرمۆڵەکەم
لەسەر گوێچکە قیتەکانی
لەسەر لاقە لەرزۆکەکانی
ناوت دەنووسم

لەسەر شیپانی دەرگەکەم
لەسەر شتە ئاشناکان
لەسەر بڵێسەی ئاگری پیرۆز
ناوت دەنووسم

لەسەر گشت جەستە بەخشراوەکان
لەسەر نێوچەوانی هاوەڵان
لەسەر گشت دەستێکی ئارەزوومەند
ناوت دەنووسم

لەسەر کڵاوڕۆژنەی سەرسووڕمێنەران
لەسەر لێوە لەبارەکان
وێڕای ئەوەش لە بان بێدەنگی
ناوت دەنووسم

لەسەر سەرپەنای وێرانبووم
لەسەر ڕۆشنایی تێکچووم
لەسەر دیوارەکانی وەرسبوونم
ناوت دەنووسم

لەسەر نادیاریی نەخوازراو
لەسەر تەنیایی جلك داماڵڕاو
لە بان هەنگاوەکانی مەرگ
ناوت دەنووسم

لەسەر گەڕانەوەی تەندروستی
لەسەر لەنێوچوونی مەترسی
لەسەر هیوای بێ یاداوەری
ناوت دەنووسم

بە هێزی یەك واژە
ژیانم دەستپێدەکەم
من بۆ ناسینی تۆ لەدایکبووم
بۆ ئەوەی ناوتبنێم
ئازادی

پۆل ئێلوار
هۆنراوە و ڕاستی، ١٩٤٢
****************************************************************************
وەرگێڕدراو لە ئینگلیزییەوە

## Azadî

leser Perrawekanî Fêrgem
leser Mêz û Drextan
leser Lim û leser Befr
Nawt denûsim

leser gişt Perre xwêndrawekan
leser Laperre spîyekan
leser Berd û Xwên û Kaxez ya Xollemêş
Nawt denûsim

leser Wêne zêrrînekan
leser Çekî Cengaweran
leser Tacî Paşayan
Nawt denûsim

le Daristan û le Byaban
leser Hêllane û leser Pûşellan
leser dengdanewey Mindallêm
Nawt denûsim

leser sernicrrakêşîy Şewan
leser Nanî spî Rojan
leser Werzî Bûkan
Nawt denûsim

leser gişt Cle Şînekanim
leser Xorî nêw Gome mengekan

leser Trîfey Mangî  nêw Deryaçekan
Nawt denûsim

leser Kêllgekanî Aso
leser Ballî Ballindan
leser Sêberî Perwaney Aşan
Nawt denûsim

le rûy  giştSrweyekî Berebeyan
leser  Derya û leser Beleman
leser Kêwanî şeyda
Nawt denûsim

leser  nermî Hewran
leser  Dllopey Ziryan
le rûy tîre Baranî nasaman
Nawt denûsim

leser Şêwe drewşawekan
leser Zengî Rengekan
leser Cestey rastî
Nawt denûsim

leser bêdarîy Rewtekan
leser Rêge cencallekan
le Meydane qereballxekan
Nawt denûsim

leser Çrayek ke helldebê
leser Çrayek ke xamoşdebê
leser  Bellge kellekbuwekanim
Nawt denûsim

leser Mîwey dûletkraw
leser Awêne û Jûrekem
leser Çerçefî Çirpa xallîyekem
Nawt denûsim

leser Sege newsin û nermollekem
leser Gwêçke qîtekanî
leser Laqe lerzokekanî
Nawt denûsim

leser Şîpanî Dergekem
leser Şte aşnakan
leser Bllêsey Agrî pîroz
Nawt denûsim

leser gişt Ceste bexişrawekan
leser Nêwçewanî Hawellan
leser gişt Destêkî arezûmend
Nawt denûsim

leser Kllawrrojney sersûrrhêneran
leser Lêwe lebarekan
Wêrray eweş le ban Bêdengî
Nawt denûsim

leser Serpenay wêranbûm
leser Roşnayî têkçûm
leser Dîwarekanî wersibûnim
Nawt denûsim

leser Nadyarîy nexwazraw
leser Tenyayî Cilk damallrraw
le ban Hengawekanî Merg
Nawt denûsim

leser  gerranewey Tendrustî
leser lenêwçûnî Metrisî
leser Hîway bê Yadawerî
Nawt denûsim

Be Hêzî yek Waje
Jyanim destipêdekem
min bo nasînî to ledaykbûm
Bo ewey nawtibnêm
Azadî

Pol êlwar

Honrawe û Rastî, 1942

***********************************************************************

wergêrrdraw le Îngilîzîyewe

## هیچ لەدەستنادەین

لە مەینەتئاواکەی منەوە
تا گوندە لەبیرکراوەکەی تۆ
هەمووان هەمان بارمان هەیە
لە گشت لایێ شۆڕش بەڕێوەیە
ئەم دونیایە بۆ ئێمە پەنایەك نەبوو
کاری گونجاو و بژێودەرمان نەبوو
لە کۆشکاندا لەدایکنەبووین
لە پاشکەوتی بابمان بەهرەمەندنەبووین

لانەوازان ، بێکاران ، کرێکاران
جوتیاران ، کۆچەران ، بێمۆڵەتان
سەروەران دەخوازن تێکدەن ڕیزمان
بەڵێ ئەوان گەییشتن بە ئامانجیان
بەوەی هەر کەس لە خەمی خۆیدا بوو
سیستەمی ئەوان لە پەرەسەندندا بوو
بەڵام ئەو ڕۆژەی کە کۆیلە ڕادەبێ
سەروەری لە سەدا یەکیش لەنێودەچێ

کۆرس :
هیچ لەدەستنادەین، هیچ نییە لەدەستی بدەین
هیچ لەدەستناچێ، هیچ لەدەستنادەین
هیچ لەدەستنادەین
هیچ لەدەستنادەین
هیچ لەدەستناچێ، هیچ لەدەستنادەین

ئەوان لەبارەی یەکسانییەوە دوان
ئێمەش بڕوامانپێکردن وەك گەمژان
پێکەنینم بە "دێمۆکراسی" دێ
ئەگەر توانانی ئێمە هەر بۆ ئەوە بێ
هاوسەنگی دەنگدانمان ڕاگرتبێ
لە بەرامبەر یاسای بازارا،
بەداخەوە هاووڵاتیانی ئازیز، ئێمە فریودراوین
دژی فرۆشتنی فرۆکەییێك، مافەکان مرۆڤ چین
لە بنەڕەتا تەنیا یاسایەکی سادە هەیە
فرۆشی زیاتر لەپێناو فرۆشتنی زیاتر
کۆمار ڕووسپی ڕاڕەوی دیکتاتۆرانە
بەردەوام بڕوا بە گوتاریان دەکرێ،
فریودەرن بۆ ئێمە ئەم ڕابەرانە

کۆرس :
هیچ لەدەستنادەین، هیچ نییە لەدەستی بدەین
هیچ لەدەستناچێ، هیچ لەدەستنادەین
هیچ لەدەستنادەین
هیچ لەدەستنادەین
هیچ لەدەستناچێ، هیچ لەدەستنادەین

زۆر گەمژانە و ڕۆتینە
کە لەمەڕ ئاشتی و برایەتی بدوێین
کاتێ لانەوازان لەسەر شۆستەکان گیاندەدەن
کاتێك کۆچەرانی بێ مۆڵەت ڕاودەکەین
کە پاروەنانێ بۆ پرۆلیتێرەکان فڕێدەدەین
سەراپای مێژوو هەوڵێکە بۆ مێورکردنەوەیان

تاکو یەخەی خاوەنکارانی ملیۆنێر نەگرن
زۆر گرنگن بۆ کۆمەڵگەمان
زۆر سەیر دەپارێزرێن، دەوڵەمەندان و دەسەڵاتدارانمان
نکۆڵی لێناکرێ، کە ئەوان دەتوانن
تەنانەت ببنە هاوەڵی سەرۆککۆمار
هاوڕێیانی ئازیز ، دەنگدەران،
هاوشاریانی ئازیز بەکاربەران
زەنگی داچڵەکان لێدراوە
تا ژمێرەرەکان بگێڕینەوە دواوە

تا خەبات هەبێ ، هیواش هەیە
تا ئەرکی ژیانمان هەبێ، خەباتیش هەیە
تا خەبات بکەین، کەواتە هەین
لە کاتێکا ڕاوەستاوانە هەین،
لە خوێنمانا مروژمدەکا، ئارەزووی سەرکەفتن
هەنووکە دەزانیت، بۆچی ئێمە دەجەنگین
ئامانجی ئێمە لە خەونێك فرەترە
دونیایەکی دیکە، هەڵبژێر نییە

**************************************************************************

وەرگێڕدراو لە ئینگلیزییەوە
سەرچاوە : www.thebrainpolice.blogspot.com/2012/03/on-lache-rien.html

## Hîç ledestnadeyn

le Meynetawakey mnewe
ta Gunde lebîrkrawekey to
hemuwan heman Barman heye
le gişt layê Şorrş berrêweye
em Dunyaye bo ême Penayek nebû
Karî guncaw û bjêwderman nebû
le Koşkanda ledayknebûyn
le Paşkewtî Babman behremendnebûyn

Lanewazan , Bêkaran , Krêkaran
Cutyaran , Koçeran , Bêmolletan
Serweran dexwazn têkden Rîzman
bellê  ewan geyîştin be Amancyan
bewey her Kes le Xemî xoyda bû
Sîstemî ewan le peresendinda bû
bellam ew Rojey ke Koyle radebê
Serwerî le Seda yekîş lenêwdeçê

Kors :
hîç ledestnadeyn, hîç nîye ledestî bdeyn
hîç ledestnaçê, hîç ledestnadeyn
hîç ledestnadeyn
hîç ledestnadeyn
hîç ledestnaçê, hîç ledestnadeyn

ewan lebarey Yeksanîyewe dwan
êmeş birrwamanpêkirdin wek Gemjan
Pêkenînim be "Dêmokrasî" dê
eger Twananî ême her bo ewe bê
Hawsengî Dengdanman ragirtbê
le beramber Yasay Bazara,
bedaxewe Hawullatyanî azîz, ême frîwdrawîn
djî froştinî Frrokeyêk, Mafekan Mrov çîn
le bnerreta tenya Yasayekî sade heye
froşî zyatir lepênaw froştinî zyatir
Komar Rûspî Rarrewî Dîktatorane
berdewam Birrwa be Gutaryan dekrê,
frîwdern bo ême em Raberane

Kors :
hîç ledestnadeyn, hîç nîye ledestî bdeyn
hîç ledestnaçê, hîç ledestnadeyn
hîç ledestnadeyn
hîç ledestnadeyn
hîç ledestnaçê, hîç ledestnadeyn

zor gemjane û rotîne
ke lemerr Aştî û Brayetî bidwêyn
katê Lanewazan leser Şostekan gyandeden
katêk Koçeranî bê Mollet rawdekeyn
ke Paruwenanê bo Prolîtêrekan frrêdedeyn
serapay Mêjû Hewllêke bo hêwirkirdneweyan

taku Yexey Xawenkaranî milyonêr negrin
zor gringin bo Komellgeman
zor seyr deparêzrên, Dewllemendan û Desellatdaranman
nkollî lênakrê, ke ewan detwanin
tenanet bibne Hawellî Serokkomar
Hawrrêyanî azîz , Dengderan,
Hawşaryanî azîz Bekarberan
Zengî daçllekan lêdrawe
ta Jmêrerekan bgêrrînewe dwawe

ta Xebat hebê , Hîwaş heye
ta Erkî Jyanman hebê, Xebatîş heye
ta Xebat bkeyn, kewate heyn
le katêka Rawestawane heyn,
le Xwênmana hrujimdeka, Arezûy serkeftin
henûke dezanît, boçî ême decengîn
Amancî ême le Xewnêk fretre
Dunyayekî dîke, Hellbijêr nîye

*************************************************************************
wergêrrdraw le Îngilîzîyewe
Serçawe : www.thebrainpolice.blogspot.com/2012/03/on-lache-rien.html

## هەڵبەستی "ساکۆ Sacco و ڤانزێتی Vanzetti"




بەڵێ بابە من زیندانیم
مەترسە لە گێڕانەوەی تاوانم
تاوانی خۆشویستنی بێزراوان
تەنیا بێدەنگی نەنگییە

هەنووکە پێتدەڵێم چ شتێك دژی ئێمەیە
جادوویەك کە بەردەوامی چەندان سەدەیە
بەنێو ساڵاندا گوزەر کە، ئەوسا دەزانی
چ شتێکە سەراپای مێژووی ڕەشکردیە
یاسا لە دژی ئێمەیە
بەخۆیی و ملهوڕیی بێسنووری و دەسەڵاتییەوە
یاسا دژی ئێمەیە !
پۆلیس دەزانێ، چۆن لە کەسێك
تاوانبار یا بێتاوان چێبکا
هێزی پۆلیس دژی ئێمەیە
درۆیەکی بێشەرمانەیە، کە ئەوان بڵێن
چیدی زێر وەرناگرین
دەسەڵاتی زێر دژی ئێمە
دژی ئێمەیە کینەی نەژادی
ڕاستییەکی ئاشکرایە، کە ئێمە هەژارین

بابەی بەڕێز، من زیندانیم
شەرمەکە لە گوتنی تاوانم
تاوانی ئەوین و هاوپشتی
تەنیا بێدەنگی نەنگییە

ئەوەی هەمە، خۆشەویستیمە و بێتاوانی
کرێکاران و هەژاران
لە پێناو ئەمانەدا مانەوە و بەهێزیم
هیوایەکن بۆ من
یاخیبوون و شۆڕش پێویستیان بە دۆلار نییە
لەبری ئەوە پێویستیان
بە وێناندنی ناسۆری و ڕۆشنایی و ئەوین و
خەمخۆری هەموو مرۆڤەکان هەیە
تۆ هەرگیز نادزی و هەرگیز ناکوژی
تۆ بەشێکی لە هیوا و ژیان
شۆڕش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە
لە دڵێکەوە بۆ دڵێێکی دیکە دێت و دەچێ
کاتێ کە تەماشای هەسارەکان دەکەم، دەرکدەکەم
کە ئێمە مناڵانی ژیانین و
مردنیش شتێکی گچکە

**دانانی: Joan Baez**

****************************************

ئەم گۆڕانییە بەشی دووەمی هەڵبەستەکەی Joan Baez . THE BALLAD OF SACCO AND VANZETTI,

Lyrics by Joan Baez, Music by Ennio Morricone, 1971, 1978 Edizioni Musicali RCA, S.p.A. (ASCAP)

## Hellbestî "sako Sacco û vanzêtî Vanzetti"




bellê Babe min Zîndanîm
metirse le gêrranewey Tawanim
Tawanî xoşuyistnî Bêzrawan
tenya bêdengî nengîye

henûke pêtdellêm çi ştêk djî êmeye
Cadûyek ke berdewamî çendan sedeye
benêw Sallanda guzer ke, ewsa dezanî
çi ştêke serapay mêjûy reşkirdye
Yasa le djî êmeye
bexoyî û milhurrîy bêsnûrî û desellatîyewe
Yasa djî êmeye !
Polîs dezanê, çon le Kesêk
Tawanbar ya Bêtawan çêbka
Hêzî Polîs djî êmeye
Droyekî bêşermaneye, ke ewan bllên
çîdî Zêrr wernagrîn
Desellatî Zêrr djî ême
Djî êmeye kîney Nejadî
Rastîyekî aşkraye, ke ême hejarîn

Babey berrêz, min zîndanîm
şerimmeke le gutnî Tawanim
Tawanî Ewîn û Hawpiştî
Tenya bêdengî nengîye

ewey heme, Xoşewîstîme û Bêtawanî
Krêkaran û Hejaran
le pênaw emaneda manewe û behêzîm
Hîwayekin bo min
Yaxîbûn û Şorrş pêwîstyan be Dolar nîye
lebrî ewe pêwîstyan
be wênandinî Nasorî û Roşnayî û Ewîn û
Xemxorî hemû Mrovekan heye
to hergîz nadzî û hergîz nakujî
to beşêkî le Hîwa û Jyan
Şorrş le Kesêkewe bo Kesêkî dîke
le Dllêkewe bo Dllêêkî dîke dêt û deçê
katê ke temaşay Hesarekan dekem, peypêdebem
ke ême Mnallanî Jyanîn û
Mirdnîş Ştêkî giçkeye

Dananî: Joan Baez

****************************************

Em gorranîye beşî duwemî hellbestekey tyaçûn

# من وەك فێرکارێك دەمێنمەوە و تۆش وەك زیندانەوان [1]

١٧ی ئایاری ٢٠١٠

زیوس، خوای خوایان فەرمانیدا تاکو پرۆمیتیۆس'ی سەرپێچیگەر زیندانیبکەن و بەم جۆرە بوو، بەسەرهاتی من و تۆ لێرەوە دەستیپێکرد.
تۆ بوویتە میراتگری زیندانەوانانی زیوس، تاکو ڕۆژانە ببیتە پاسەوانی نەوەیەك لە نەوەکانی خۆرەتا و ڕۆشنی، زیندان بۆ من و تۆ، دوو واتای جیاوازی لە خۆ گرت. دوو کەس، لە دوو دیوی دیوارێك بە دەرگەیەکی ئاسنین و ڕۆژنەیەکی گچکە تێیدا، تۆ لە دەرەوەی ژووری زیندان و من لە نێویدا.

هەنووکە باشترە، کە یەکدی باشتر بناسین

من فێرکارم ... نا نا....
من فێریاری [قوتابی] ' سەمەدی بهرەنگی 'م، ئەوەی کە «دوژمنی خوێنڕێز» و« قالاوەکان» و «گچکە ماسی ڕەش»ی نووسی، تاکو هەمووان فێری بزووتن بکات. دەیناسی؟ دەزانم کە نایناسی.

من فێریاری بەردەستی ' خانعەلی 'م، ئەو فێرکارەی کە فێریکردین چۆن نیگاری خۆر لەسەر تەختەڕەشەی پۆلەکەمان بکێشین، تاکو ڕۆشناییەکەی شەمشەمە کوێرەکان ڕاوبنێت.

دەزانی ئەو کێ بوو؟

من هاوکاری ' بەهمەنی عیزەتی 'م، پیاوێك کە هەمیشە بۆنی بارانی لێدەهات و مرۆڤێك کە هێشتاکە خەڵکی کرماشان و دێهاتەکانی لەتەك یەکەمین پاییزە-باران ئەویان بیردەکەوێتەوە، ئەرێ بەڕاست دەزانی ئەو کێ بوو؟ دەزانم کە نازانی.[2]

من فێرکارم، لە فێریارانمەوە خەندە و پرسیارکردنم لەبۆماوەتەوە.

هەنووکە کە منت ناسی، تۆش لە بارەی خۆتەوە بدوێ، هاوکارەکانت کێ بوون، توندوتیژی و

نەفرەتت لە چ کەسێکەوە لەبۆ ماوەتەوە، دەستبەند و پێبەندەکانت (زنجیرەکانت) لە چ کەسێکەوە بۆ بەجێماون؟ لە سیاچاڵەکانی زوحاکەوە؟

لە بارەی خۆتەوە بدوێ، تۆ کێی؟ بەس من لە دەسبەند و زنجیر و شەلاق، لە دیوارە پتەوەکانی ژووری ۲۰۹، لە چاوە ئەلەکترۆنییەکانی زیندان، لە دەرگە پتەوەکانی مەترسێنە، چیدیکە هیچ ترسێك لە مندا دروستناکەن. تورە مەبە، هاوار مەکە، بە مشتەکۆڵە بەسەر دڵمدا مەکێشە، کە بۆچی سەرم بەرز ڕادەگرم، داستانی مشتەکۆڵەی تۆ و سەری ژنە زیندانییەکەم لە یادە.

لە من مەدە، کە بۆچی گۆرانی دەڵێم، من کوردم، باوایانی من ئەویندارییان، دەردەکانیان، خەباتیان و بوونیان لە گۆرانی و سروودەکاندا بۆ من بە یادگاری بەجێهێشتووە. من دەبێت بێژم و تۆ ببیستی. تۆ دەبێت گوێ لە گۆرانییەکەم بگری، دەزانم کە ئازارت دەدات.

من وەبەر کوتەکان مەدە، کە لە کاتی بەڕێڕۆیشتندا دەنگی پێیەکانم دێت، ئاخر دایکم فێریکردووم، کە بە هەنگاوەکانم لەتەك زەمیندا بدوێم، لە نێوان من و زەمیندا پەیمان و پەیوەندییەك هەیە، کە زەمین پڕ لە جوانی و پڕ لە خەندە بکەم. دەی کەواتە بهێڵە با بەڕێدا بڕۆم، بهێڵە با دەنگی پێم ببیسترێت، بهێڵە زەمین بزانێت، کە من هێشتا زیندوو و هیوادارم.

پێنووس و کاخەز لە من یاساخ مەکە، دەمەوێت بۆ منداڵانی سەرزەمینم لایە لایە بهۆنمەوە، لێوانلێو لە هیوا، پڕ لە داستانی سەمەد و ژیانی، خانعەلی و ئارەزووەکانی، لە عیزەتی و فێریارانی، دەمەوێت بنووسم، دەمەوێت لەتەك خەڵك بدوێم، لە نێو بەندیگە (سلول)کەمەوە، لێرەوە، تێدەگەی چی دەڵێم؟ دەزانم فێریانکردووی ڕکت لە ڕۆشنایی و جوانییەکان و لە هزر و بیرکردنەوە بێت.

بەڵام مەترسە وەرە نێو بەندیگەکەوە، میوانی خوانی گچکە و شڕی من بە، ببینە من چۆن هەموو شەوێك فێریارەکانم میوانیدەکەم، چۆن چیرۆکیان بۆ دەگێڕمەوە، بەڵام تۆ مۆڵەتت نییە، کە ببینی، تۆ مۆڵەتت نییە، کە ببیستیت، تۆ دەبێت ئەویندار بیت، دەبێت مرۆڤ بیت، دەبێت لەم دیوی دەربازەکەوە بیت، تاکو تێبگەیت، کە چی دەڵێم.

تەماشای من بکە، تا بزانی جیاوازی من و تۆ لە چیدایە، من هەموو ڕۆژێك لەسەر دیواری بەندیگەکەم، دەستانی دڵدارەکەم، چاوە جوانەکانی نیگاردەکێشم، پەنجەکانی لەنێو دەست دەگرم و گەرمیی ژیان لە دەستەکانیدا و چاوەڕوانی و شەیدایی لە چاوانیدا دەخوێنمەوە، بەڵام تۆ هەموو ڕۆژێك بە کوتەکەکەی دەستت، پەنجە هەڵکۆڵراو و کێشراوەکانی سەر دیوارەکە دەشکێنی و چاوانی چاوەڕوانی ئەو دەردەهێنی و دیوارەکە ڕەشدەکەیتەوە.

دونیای تۆ هەمیشە تاریکی و زیندان دەبێت و "هەستی ڕۆشنایی" ئازارتدەدات، من چەند مانگێکە چاوم چاوەڕێی دیتنی ئاسمانێکی پڕ ئەستێرەیە. پڕ لە ئەستێرە یاخییەکان، کە لە تاریکیدا لەم سەری ئاسمانەوە بۆ ئەو سەری ئاسمان دەکشێن و سنگی تاریکی بە ڕۆشنایی شەقدەکەن. بەڵام تۆ ساڵانێکە لە تاریکیدا دەژیت، شەوی تۆ بێ ئەستێرەیە، دەزانی ئاسمانی بێ ئەستێرە چ واتایەکی هەیە؟ ئاسمانی هەمیشە شەو، چ واتایەکی هەیە؟

ئەم جار کە گەڕامەوە ژووری ٢٠٩، وەرە نێو بەندیگەکەم، من کۆمەڵێك ئارەزوون بۆ تۆ هەن، نەك لە ڕەنگی نزاکانی تۆ، کە سەراپا ئاگرن و ترس لە دۆزەخ، ئارەزووەکانی من پڕن لە هیوا و خەندە و ئەوین. وەرە نێو بەندیگەکەم تاکو نهێنی دوا خەندەی «عیزەتی»ت لەبەردەم سێدارە پێبڵێم، دەزانم کە دووبارە هەر دەبمەوە بە بەندییەکەی بەندیگەی ٢٠٩، لە بارێکدا کە تۆ بە تەواوی بوونی پڕ کینەتەوە بەسەرمدا دەگوڕێنی و من هێشتاکە دڵم بۆ تۆ و دونیایەکی هیچ، کە لە دەورت دروستکراوە، دەسووتێت. من لە بارێکدا دەگەڕێمەوە، کە فێرکارم و هێشتاکە خەندەی مناڵانی نیشتمانەکەم بەسەر لێومەوەیە.

فێرکاری سزادراو بە سێدارە، فەرزادی کەمانگەر
بەندیگەی نەخۆشانی (واگیر و چرکی) زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج ١٣٨٧/١٠/٢٧
***************************************************************************

**١. چەند کەس لە پاسەوانانی بەندیگەی ٢٠٩ (بەپێچەوانەی لێکۆڵەرەکانەوە کە ئەم جارە ئازاریاننەدام) لەسەر ئەوەی کە لە بابەتی بەندیگەی ٢٠٩، ئەوانم بە خێو ناوبردبوو، دڕندانە دامیانە بەر کوتەك و جنێوباران و سوکایەتی.**
**٢. بەهەمەنی عیزەتی فێرکارێك بوو، کە لە سەرەتای شۆڕشدا (مەبەست شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێرانە و. کوردی) لە سێدارە درا، هێشتاکە خەڵکی دێهاتەکانی کرماشان و کامیاران یاداوەری زۆریان لەبارەی ئەوەوە هەیە، دەڵێن لە کاتی لەسێدارەداندا لە وەڵامی لێپرسراواندا، کە لێیانپرسیبوو " لە مردن ناترسێی؟" بە خەندەوە لە وەڵامدا وتویەتی " مەرگ ئەگەر پیاوە، با بێتە لای من، تاکو توند توند لە ئامێزی بگرم."**

## min wek Fêrkarêk demênmewe û toş wek Zîndanewan [1]

17î Ayarî 2010

Zîws, Xway Xwayan fermanîda taku Promîtyos'î Serpêçîger zîndanîbken û bem core bû, beserhatî min û to lêrewe destîpêkrid.
To bûyte Mîratgirî Zîndanewananî Zîws, taku rojane bbîte Pasewanî Neweyek le Newekanî Xoreta û Roşnî, Zîndan bo min û to, dû watay cyawazî le xo girt. Dû kes, le dû dîwî Dîwarêk be Dergeyekî Asnîn û Rojneyekî giçke têyda, to le derewey Jûrî Zîndan û min le nêwîda.

Henûke baştre, ke yekdî baştir bnasîn

Min Fêrkarm ... na na....
Min Fêryarî [Qutabî] ' Semedî Bîhrengî 'm, ewey ke "Dujminî Xwênrrêz" û" Qallawekan" û "giçke Masî reş"î nûsî, taku hemuwan fêrî bzûtin bkat. Deynasî ? Dezanim ke naynasî.

Min Fêryarî berdestî ' Xan'elî 'm, ew Fêrkarey ke fêrîkridîn çon Nîgarî Xor leser Textereşey Polekeman bkêşîn, taku Roşnayyekey Şemşeme kwêrekan rawbinêt.

Dezanî ew kê bû?

Min Hawkarî ' Behmenî 'Îzetî 'm, Pyawêk ke hemîşe bonî Baranî lêdehat û Mrovêk ke hêştake Xellkî Kirmaşan û Dêhatekanî letek yekemîn Payîze-baran ewyan bîrdekewêtewe, erê berrast dezanî ew kê bû? Dezanim ke nazanî.[2]

Min Fêrkarm, le Fêryaranmewe Xende û Pirsyarkirdnim lebomawetewe.

Henûke to mint nasî, dey toş le barey xotewe bidwê, Hawkarekant kê bûn, Tundutîjî û Nefrett le çi Kesêkewe lebo mawetewe, Destbend û Pêbendekant (Zincîrekant) le çi kesêkewe bo becêmawn? Le Syaçallekanî Zuhakewe?

Le barey xotewe bidwê, to kêy? Bes min le Desbend û Zincîr û Şelaq, le Dîware ptewekanî Jûrî 209, le Çawe Elektronîyekanî Zîndan, le Derge ptewekanî metrisêne, çîdîke hîç Tirsêk le minda drustnaken. Turre mebe, Hawar meke, be Miştekolle beser Dllimda mekêşe, ke boçî Serm berz radegrim, Dastanî grmolley to û Serî Jne Zîndanîyekem le yade.

Le min mede, ke boçî Goranî dellêm, min Kurdim, Bawayanî min Ewîndarîyan, Derdekanyan, Xebatyan û bûnyan le Goranî û Srûdekanda bo min be Yadgarî becêhêştuwe. debêt Min bêjm û to bbîstî. debêt To Gwê le Goranîyekey min bigrî, dezanim ke azart dedat.

Min weber Kutekan mede, ke le Katî berrêrroyiştinda Dengî Pêyekanim dêt, axir Daykim fêrîkridûm, ke be Hengawekanim letek Zemînda bidwêm, le nêwan min û Zemînda Peyman û Peywendîyek heye, ke Zemîn pirr le Cwanî û pirr le Xende bkem. Dey kewate bhêlle ba berrêda brrom, bhêlle ba Dengî Pêm bbîstirêt, bhêlle Zemîn bzanêt, ke min hêşta Zîndû û Hîwadarm.

Pênûs û kKaxez le min yasax meke, demewêt bo Mindllanî Serzemînim laye laye bhonmewe, lêwanlêw le Hîwa, pirr le Dastanî Semed û Jyanî, Xan'elî û Arezuwekanî, le 'Îzetî û Fêryaranî, demewêt bnûsim, demewêt letek Xellk bidwêm, le nêw Bendîge kemewe (Silul), lêrewe, têdegey çî dellêm? Dezanim fêryankirdûy Rikt le Roşnayî û Cwanîyekan û le Hzir û bîrkirdnewe bêt.

Bellam metirse were nêw Bendîgekewe, Mîwanî Xwanî giçke û şrrî min be, bbîne min çon hemû Şewêk Fêryarekanim mîwanîdekem, çon Çîrokyan bo degêrrmewe, bellam to mollett nîye, ke bbînî, to mollett nîye, ke bbîstît, to debêt Ewîndar bît, debêt Mrov bît, debêt lem dîwî Derbazekewe bît, taku têbgeyt, ke çî dellêm.

Temaşay min bke, ta bzanî cyawazî min û to le çîdaye, min hemû Rojêk leser Dîwarî Bendîgekem, Destanî Dilldarekem, Çawe Cwanekanî nîgardekêşm, Pencekanî lenêw

Dest degrim û germîy Jyan le Destekanîda û Çawerrwanî û Şeydayî le Çawanîda dexwênmewe, bellam to hemû Rojêk be Kutekekey Destit, Pence hellkollraw û kêşrawekanî ser Dîwareke deşkênî û Çawanî çawerrwanî ew derdehênî û Dîwareke reşdekeytewe.

Dunyay to hemîşe tarîkî û Zîndan debêt û "hestî Roşnayî" azartdedat, min çend Mangêke çawm çawerrêy dîtnî Asmanêkî pirr Estêreye. Pirr le Estêre Yaxîyekan, ke le Tarîkîda lem serî Asmanewe bo ew serî Asman dekşên û Singî Tarîkî be Roşnayî şeqdeken. Bellam to Sallanêke le Tarîkîda dejît, Şewî to bê Estêreye, dezanî Asmanî bê Estêre çi watayekî heye? Asmanî hemîşe Şew, çi watayekî heye?

Em car ke gerramewe Jûrî 209, were nêw Bendîgekem, min komelêk Arezûn bo to hen, nek le Rengî Nzakanî to, ke serapa Agrin û Tris le Dozex, Arezuwekanî min prrin le Hîwa û Xende û Ewîn. Were nêw Bendîgekem taku Nhênî dwa Xendey 'Îzetî"ti leberdem Sêdare pêbllêm, dezanim ke dûbare her debmewe be Bendîyekey Bendîgey 209, le barêkda ke to be tewawî bûnî pirr Kînetewe beserimda degurrênî û min hêştake Dllim bo to û Dunyayekî hîç, ke le dewrit drustikrawe, desûtêt. Min le barêkda degerrêmewe, ke Fêrkarm û hêştake Xendey Mndallanî Nîştmanekem beser Lêwmeweye.

Fêrkarî szadraw be Sêdare, Ferzadî Kemanger
Bendîgey Nexoşanî (Wagîr û Çirkî) Zîndanî Recayî Çarî Kerec 27/10/1387

********************************************************************************

**1. Çend Kes le Pasewananî Bendîgey 209 ( be pêçewaney Lêkollerekanewe ke em care azaryannedam) leser ewey ke le babetî Bendîgey 209, ewanim be Xêw nawbirdbû, Drrindane damyane ber Kutek û Cnêwbaran û Sukayetî.**

**2. Behmenî 'Îzetî Fêrkarîk bû, ke le seretay Şorrişda (mebest Şorrşî 1979î Êrane, W. Kurdî) le Sêdare dra, hêştake Xellkî Dêhatekanî Kirmaşan û Kamyaran Yadawerî zoryan lebarey ewewe heye, dellên le katî lesêdaredanda le wellamî Lêprisrawanda, ke lêyanpirsîbû " le mirdin natrisêy?" be Xendewe le wellamda wtuyetî " Merg eger Pyawe, ba bête lay min, taku tund tund le Amêzî bigrim."**


ماركسیزم و ئەنارکیزم
Daniel Guērin : نووسینی
و. لە فارسییەوە: هەژێن
لە بڵاوکراوەکانی سەکۆی ئەنارکیستانی کوردستان
جانیوەری 2010


گفتوگۆی خەیاڵکردی نێوان
کارڵ مارکس و میخایل باکونین
نووسینی:
مۆریس کرانستۆن
و. لە فارسییەوە:
هەژێن
لە بڵاوکراوەکانی سەکۆی ئەنارکیستانی کوردستان
فێبریوەری 2010


خەباتی ڕاستەوخۆ
Emile Pouget نووسینی
و. لە فارسییەوە: هەژێن
لە بڵاوکراوەکانی سەکۆی ئەنارکیستانی کوردستان
جانیوەری 2010


چاوپۆشینێك لە ئێستا
و
تراجیدیایەك بۆ سبەی
نووسینی: هەژێن
سەرنجدانێکی ڕەخنەییە لە پەرتووکی
"نیگایەك لە ئێستا و خەونێك بۆ سبەی"ی
مەریوان وریا، ئاراس فەتاح،
بەختیار عەلی، ڕێبین هەردی
لە بڵاوکراوەکانی سەکۆی ئەنارکیستانی کوردستان
ئەپریلی ٢٠١١


بەرەو ئەنارکیزم
ئێریکۆ مالاتێستا
و. لە فارسییەوە: هەژێن
لە بڵاوکراوەکانی سەکۆی ئەنارکیستانی کوردستان
ژمارە (٤)، ئایاری ٢٠١٠


ڕەهەندەکانی گۆڕان
سەرنجدانێکی ڕەخنەییە لە پەرتووکی ( گۆران و وەرگۆران )
نووسینی: هەژێن
لە بڵاوکراوەکانی سەکۆی ئەنارکیستانی کوردستان ٢٠١١


ئەنارکیزم، پەرتووکخانەی کوردی و سەرچاوەی ڕەخنەگرانی
نووسینی هەژێن
بابەتێکی ڕەخنەییە لە نووسینێکی
فوئاد قەرەداغی
لەمەڕ ئەنارکیزم


ئەنارکیزم
و
ئەنارکۆسەندیکالیزم
نووسینی: ڕودۆڵف ڕۆکەر
و. لە فارسییەوە: هەژێن
لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی سەکۆی ئەنارکیستانی کوردسان
سێپتەمبەری 2011


پرسیارە بەردەوامکراوە ئەنارکیستییەکان
ئەم پەرتووکۆکە بریتییە لە وەرگێردراوی حەوت وتاری لە بەشی (A)
و. لە فارسییەوە: هەژێن
لە بڵاوکراوەکانی سەکۆی ئەنارکیستانی کوردستان
چاپی یەکەم ئۆگوستی ٢٠١٣


خەمی نان و خەونی ئازادی
کەشکۆڵی یەکەم
کۆمەڵە بابەتێکی هونەری و ئەدەبی
هەژێن
چاپی یەکەم - ئایاری ٢٠١٣


XEMÎ NAN
Û
XEWNÎ AZADÎ
KEŞKOLLÎ YEKEM
KOMELLE BABETÊKÎ
HUNERÎ Û EDEBÎ
HEJÊN
ÇAPÎ YEKEM - AYARÎ 2013

# Xewne yaxîyekan

Keşkollî yekem

Komelle babetêkî hunerî û edebî wergêrrdraw

**Hejên**

**Çapî yekem, Cênîwerî 2014**

# Xewne yaxîyekan

## Keşkollî yekem

Komelle babetêkî Hunerî û Edebî wergêrrdraw

**Hejên**

**Çapî yekem, Cênîwerî 2014**